## لەم ژمارەیەدا

*کلاورۆژنە..............سی ساڵ ئازادی.............................٣

### نمای فیکرو فەلسەفە

* مەولانا ڕابردوو و ئێستا، خۆرهەڵاتو خۆرئاوا..و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان....٥

* «غونچەی بەهارستان»و سەرهەڵدانی گوتاری: د.ئیسماعیل مەحمودی.......٢٦

* هێگل..مامۆستای گیمنازیۆم..............ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل........٤٨

*دیاردەناسیو هێرمێنۆتیك..پۆل ریکۆر..........و: مەسعود بابایی.........٧٢

* شۆڕشو گەڕەیدەیی ئارسەر ڕامبۆ..........ئیسماعیل حەمەئەمین........٩١

* وتوێژ لەگەڵ نووسەری هیندی ئاروندانی رۆی.... و:جەمال پیرە............١٠٤

### نمای ئەدەبی- نسێی نما

* لێکدانەوەی کاریگەریی ڕەگەز لە کەژاڵ ئەحمەد......ن: چنور فەتحی...........١١٨

*شنەی شێدار..............................عەبدولرەحمان فەرهادی..........١٤٢

* لەنگستن هیوز، دەنگێکی ڕەش لە...........و:عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ).....١٤٦

*دیدارێك لەگەڵ پاپلۆ نیرۆدا...ئێریك بۆکستل..و:عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ).....١٥٥

* زۆربای ئێرانی،ناوێك پڕ بەپێستی ڕۆمانەکەی قادر عەبدوڵڵا..کەژاڵ ئەحمەد....١٨٦

* سوڵتان لە نێوان قوولەی قەڵاو کامێرادا..................عەلی مستەفا.....١٧٢

*لە دامێنی فەلسەفەدا، گۆڕانی دۆخی ناشیرینیی بۆ دۆخی...محەمەد هاشم.....١٨٣

*جگە لەکلاوڕۆژنە، نووسینەکانی دیکە ڕاو بۆچوونی نووسەرەکانیانن.

تاوەکو نەوە دوای نەوە کاروانی رزگاری نیشتیمانی رادەستی یەکتر بکەن‌و بە کۆڵنەدان‌و وڵاتپارێزی رایان بێنن. راستە ئەو بەشەی کوردستان‌و بەشی رۆژئاواش تارادەیەك رزگاربوون، بەڵام هێشتا ئێمەی کورد دراوسێی نەتەوە سەردەستەکانین کە لە مێژووی خۆیاندا نەیان ویستووە بەهیچ ئامانجێك بگەین. رۆژانەش گوێمان لە هەرشەو گورەشەیان دەبێت. رۆژێك بەناوی داعش‌و رۆژێکیتر بەناوی حەشدی شەعبی‌و چەندین ناوی تر، مەترسیەکانیان بەدەردەکەون‌و هێشتا چاویان لە خاك‌و ئاووماڵ‌و موڵکی میللەتەکەمانەو تەعریبیش هەر بەردەوامە. بۆیە وا پێویست دەکات هەم حزبەکان پەروەردەی حزبیان بگۆڕن‌و واز لە بەگژیەك داکردنی کورد بەکورد بێنن‌و هەمیش سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەیان یەك بخەن. گوناهێکی گەورەیە دوای سی ساڵ لەوە تێنەگەین کە کورد تەنهاو تەنها بە یەکگرتوویی سەرکەوتووەو پەرتەوازەیی لەنێوماندا دەبێتە هۆی دووبارەکردنەوەی مێژووی تاریك‌و ئەو نەوەیەش بە سەقەتی گۆش دەکرێت. چونکە ئەگەر وا بڕوات ناکۆکیەکان نەوە بۆ نەوە دەگوازرێنەوەو هەموو لایەنەکانیش وەك یەك لێی بەرپرسیارن. پێویستیشە حکومەتی کوردستان بەهۆش خۆی بێتەوەو زەمینەیەکی نوێ بۆ ئەو نەوەیە بێنێتە پێشەوە تاوەکو ئینتیماو هەستی نیشتیمانی لای ئەوە نەوەیە بەهێز بێت، ئەگەرنا رۆژگارێك دێت خەبات‌و تێکۆشان هیچ مانایەکی نامێنێت‌و بەرە بەرەش تێکۆشەران دەبنە کەسانی نامۆو بێزراو لە کۆمەڵگادا.

نما

٢٠٢-٤-١٥



## نمای فیکرو فەلسەفە


* مەولانا ڕابردوو و ئێستا، خۆرهەڵات‌و خۆرئاوا..و: ئاوات ئەحمەد سوڵتان.....٥

* «غونچەی بەهارستان»و سەرهەڵدانی گوتاری: د.ئیسماعیل مەحمودی........٢٦

* هێگل..مامۆستای گیمنازیۆم.............ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل.........٤٨

*دیاردەناسی‌و هێرمێنۆتیك..پۆل ریکۆر.........و: مەسعود بابایی..........٧٢

* شۆڕش‌و گەڕەیدەیی ئارسەر ڕامبۆ...........ئیسماعیل حەمەئەمین........٩١

* وتوێژ لەگەڵ نووسەری هیندی ئاروندانی رۆی.... و:جەمال پیرە.............١٠٤

# مەولانا

## ڕابردوو و ئێستا،
## خۆرهەڵات و خۆرئاوا
## ژیان و وانەو هۆنراوەی جەلالەدینی ڕۆمی



فرانكلین دی. لویس
و: لە ئینگلیزییەوە: ئاوات ئەحمەد سوڵتان

# نەسکی یەکەم
# باوانی ڕۆحیی مەولانا

## (١)
## بەهادین وەلەد
## سوڵتانی زانایان

خۆمم سڕییەوە، شێوەکانم لە خۆم سڕییەوە بۆ ئەوەی بتوانم خوا ببینم. بە خۆمم وت: خۆم لە خوا دەسڕمەوەو خوا لە هەموو شێوەکان لە خوا دەسڕمەوە بۆ ئەوەی خوا ببینمو ڕاستەوخۆتر پێوەستی بەرەکەتی بم. ناوی خوام هێناو هۆشم پەیوەندیی بە خواوە کردو خوام لەژێر پەردەی خوایەتیو سیفەتەکانی کەماڵدا بینی. ئەوەم سەبارەت بە گەوهەرو سیفەتەکانی بینی، چۆنو بۆچی پرسیاری ناپەسەندن. وتم، جیهانی خوا شتێکە غەیری ئەمە، چونکە جیهانی ئەو جیهانی دەرکەوتنو فەوتان نیە. نا، کاتێك گەوهەرو سیفەتە بەدەر لە وەسفەکانی ئەوم بینی، بینیم کە فۆرمەکانو مۆدەکانو ئاراستەکان هەموویان وەکو گەڵاو گوڵ لە پیرۆزیی ئەو دەوەرێن. من دەزانم کە خواو سیفەتەکانی شتێکن غەیری ئەمانە، ئەمان تەنها ئەو دێننە ناو بوونەوە، بەڵام هەرگیز لەو ناچن. کاتێك هۆشم سەرقاڵی خوایە، لە جیهانی بوون تێدەپەڕمو دەچمە پشتەوەی، هەڵدەوەشێمو بوونم لە بۆشایی یان شوێندا نامێنێت، ئیتر لەناو جیهانی بێچووندا دەگەڕێمو دەڕوانم. (بەها ١ / ١٦٩)

دەمووت : "خودایە، من عاشقی تۆمو بۆ تۆ دەگەڕێم. لە کوێ بتبینم؟ لە جیهاندا، لەودیوی جیهانەوە؟"

خودا بیرۆکەی ئەوەی پێدام کە چوار دیواری جەستەتو ئەو بۆشاییەی لەخۆی گرتوویت، ئاگایان لێتەو لەتوێی تۆوە دەژین، بەڵام ناتبینن. هەرچەندە ئەوان تۆ نابینن، نە لەناوەوەو نە لەدەرەوە، بەڵام هەر گەردێکی تۆ پڕە لە بەڵگەی خۆت. بەهەمان شێوە تۆمن لەناو یان دەرەوەی جیهان نابینی، بەڵام گەردەکانی جیهان شتێکیان لەمن تێدایە،

گۆڕان، وەرچەرخان، گەرما، سەرما. گەردەکانت لە تویێی منەوە دەگەشێنەوەو ئاسودەیی لەمندا دەدۆزنەوە. چۆن دەتوانیت نەمبینیت؟

دیسان وتم "ئەی خودایە، کەواتە هەموو بوونەوەرەکان تۆ دەبینن تا ئەو جێگایەی بەڵگەکانت دەڕژێنە ناویانەوە."... (بەها ١/٢١٢-١٢)

ئەم بابەتانە لە یادەوەرییە ڕۆحانیەکانی بەهادین وەرگیراون، پەردە لەسەر ئەو بایەخدانە سۆفییانە لادەدەن کە ئەویان سەرقاڵ کردبوو. ئەوەش دەخەنەڕوو کە بیرکردنەوەی ڕۆمی چەند قەرزاری باوکێتی، کە لە دەوروبەری ساڵی ١١٥٢دا لە خۆراسان لەدایك بووە، ئەوێ زێدی سوفیزمی کلاسیکیی ئێرانییە، ڕەنگە لە ناوچەی دەوروبەری بەڵخ و ترمز، نزیك سنوری ئێستای ئەفغانستان و تاجیکاستان بووبێت.

## ڕاستییەکانی ژیان

محەمەد بەهادی وەلەد، لە وتەیەك یان گفتوگۆیەکی نافەرمیی لەگەڵ موریدەکانیدا، ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی لە یەکەمین ڕۆژی مانگی ڕەمەزاندا، نزیکەی شەشسەدو ئەوەندە ساڵ، دوای کۆچی محەمەد پێغەمبەر بۆ مەدینە، خەریك بوو تەمەنی دەبوو بە پەنجاوپێنج ساڵ.. (بەها ١/٣٥٤) ئەو بە ساڵی قەمەریی حیسابی خۆی کردووە، ساڵنامەی ئیسلامیی وابوو" ئەگەر لە لەڕۆژی ١ی ڕەمەزانی ساڵی ٦٠٠، کە بەرامبەر ڕۆژی ٣ی مایسی ساڵی ١٢٠٤ی ساڵنامەی جولییانە، پەنجاو پێنج ساڵ دەربکەین، دەمانباتەوە بۆ ١ی ڕەمەزانی ساڵی ٥٤٥، بەرامبەر ٢٢ ی کانونی یەکەمی ساڵی ١١٥٠.

ئەم بڕگەیە بەپێی ڕەشنوسە جیاجیاکان دوو لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە. یەکێك لە ڕەشنوسەکان ساڵی ٦٠٠ی چەسپاندووە "ساڵی شەشسەد ئەندێشەم کرد...". ڕەشنوسەکانی دیکە، لەبارەی بەروارەکەوە هێندە ڕاشکاو نەبوون و دەڵێن "شەشسەدو چەند ساڵێك دوای هیجرەتی محەمەد بیستم...." بە گریمانەی ئەوەی ئەم خوێندنەوەیەی دوایی دروستە، ناتوانین لەدایك بوونی بەهادین ببەینەوە بۆ کۆتایی کانونی یەکەمی ١١٥٠ یان کانونی دووهەمی ١١٥١، بەڵکو چەند ساڵێك دواترە، لەوانەیە لە دەوروبەری تشرینی دووهەمی ١١٥٢ یان ١١٥٣دا بێت.

لەو کاتەدا بەهادین چی بیست یان بیری لە چی دەکردەوە؟ کە ئەگەر بەختی هەبێت دە ساڵێکی دیکە تا دەوری شەستو پێنج دەژی، چونکە ئەمە مەودای تەمەنی بەهێزیی و تەندروستییە.(بەها ١/٣٥٤)، بەها بەدەست چەندین نەخۆشییەوە

دەینالآند..(بەها ١/٢، ٤٤..تاد). بەهادین سەرقالّی ئەوە بوو کە چۆن بە باشترین شێوە دەسالّی داهاتووی خۆی بگوزەرێنێت، حیسابی کرد، ڕەنگە ٣٦٠٠ ڕۆژێکی لەژیاندا مابێت. هەروەك لە پیاوچاکێکی وا چاوەڕێ دەکرا، گەیشتە ئەوەی کە باشتر وایە ئەو ماوەیە لە زیکری خواو شوکرانەبژێریی نیعمەتەکانیدا بەسەر ببات، گوێڕایەلّی فەرمانەکانی ببێت..(بەها ١/٣٥٤-٥).

ئەوەی ڕوویدا، بەها نزیکەی چارەکە سەدەیەکی دیکە ژیا، ڕووداوەکانی بیست سالّی کۆتایی ژیانی، لە هی شەست سالّی پێشووتریی زیاتر بوون. بەها یادی تێڕامانی مەرگی کردەوە، کە لە تەمەنی پەنجاو پێنج سالّیدا کردبووی، ئەوکاتە هاوسەرەکەی سکپڕ بوو، یاخود منداڵی دووهەمی بەبەرەوە بوو. ئەم کوڕەیان، محەمەد جەلالەدین، لە ٣٠ی ئەیلولی سالّی ١٢٠٧دا لەدایك بوو، دوایی بوو بە یەکێك لە گەورەترین شاعیری عیرفانیی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. کاتێك جەلالەدینی بچووك لەدایك بوو، بەهادین نزیکی شەست سالّ ببووەوە. هێشتا کوڕەکەی دەسالآن نەدەبوو، کە باوکی لەڕەگەوە هەلّیکێشاو بە خێزانەوە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە ڕوویکردە ناوەڕاستی ئەنادۆلّ. سەرنجام لە سالّی ١٢٣١دا، بەها وەلەد لە قۆنییە، وەك موسولّمانەکان دەلّێن، لەخاکی ڕۆم، ئۆغری کردو بازنەی موریدانی ناو کۆڕو کۆبوونەوەکانی جێهێشت. پێش ئەوەی بمرێت جەلالەدینی لاوی ئامادەکردبوو بۆ ئەوەی شوێنەکەی بگرێتەوەو ببێتە سەرۆکی بازنەکە.

## سەرچاوەو لێکۆڵینەوەکان لەبارەی ژیانی بەهادینەوە

دەتوانین لە کتێبەکەی خۆیەوە (مەعاریف) بڕێکی زۆر زانیاریی ڕاستەقینە لەبارەی ژیانی بەهادین وەلەدەوە کۆبکەینەوە. ناونیشانی کتێبەکە خۆی مانای زانیاریی عاریفان دەگرێتەوە. مەولانا لە وتارەکانی خۆیدا، بڕێکی کەمی ئەو زانیارییانەمان پێشکەش دەکات، بە تایبەتی لە کتێبی (فیهی ما فیهی)دا، ناونیشانێکی نامۆیە، ئاماژەیە بۆ تێکەلّەیەکی سەمەرەی بابەتەکان، ئاماژەیەکی نهێنیشی تێدایە بۆ ئەوەی "لەوێدا ئەوە هەیە کە شایستەیە". سولّتان وەلەدی نەوەی بەهادین، لە مەسنەوییەکەی خۆیدا کە بە دوو ناونیشان ناوی دەرکردووە "ئیبتیدانامە"، واتە (کتێبی سەرەتا)، لەگەلّ وەلەدنامە (کوڕنامە) وەسفێکی چڕی خێزانەکەی خۆی دەکات. ئەم کتێبە گەرچی هەولّ دەدات ڕووداوە واقیعییەکان بگێڕێتەوە، بەلّام لە هەندێك جێگادا باش مەبەستی نەپێکاوەو

مەسەلەکەی یەکلایی کردەوە. ئەو وەسفەی لێرەدا بۆ بەهادین کردوومانە، زۆر پشتی بەم کارەی مایەر بەستووە.

## باوانی بەهادین

باوکی بەهادین ناوی حسێنی خەتیبی بوو، واعیزو زانا، دەڵێن لە بەڵخ ژیاوە. ئیمڕۆ بەڵخ شارێکی بچووکەو دەکەوێتە خۆرئاوای مەزار شەریفی ئەفغانستانەوە، بەڵام لە سەدەی دە تا دوازدەی زایینیدا، لەژێر سایەی سامانییەکانو پاشان غەزنەوییەکانو لەکۆتاییدا سەلجوقییەکان، سەنتەرێکی گەشاوەی کەلتوری ئیسلامیی بوو. شورایەك ئەم شارە گەشاوەیەی دەپاراست، پڕ بوو لە بازاڕ، یەکێکیان بە بازاڕی عاشقان ناسرابوو، کە سوڵتان مەحمودی غەزنەویی نێودار دروستی کردبوو. ماڵەکانی بەڵخ وەك زۆربەی شارەکانی فارس، لە قوڕ دروستکرابوون. لە کۆندا دانیشتوانی بەڵخ ئاگرپارێزو پاشان بوودایی بوونو سەرەنجامیش عەرەبە غازییەکان شارەکەیان وێران کرد، لە سەردەمی ئیسلامییدا، لەپاڵ زۆرینەیەکی موسوڵماندا، گروپێکی جوو لە شارەکە دەژیانو چەند سەدەیەك دەوامیان کرد.

سەدەیەك بەر لە لەدایك بوونی بەهادین، سەلجوقەکان کۆنترۆڵی بەڵخو دەوروبەریان گرتە دەستو لە دەستی غەزنەوییەکان دەریانهێنا. بە هاندانو پشتیوانیی وەزیری ناسراو، نیزامولمولك، کە خۆی لە ساڵی ۱۰۹۲ی زایینیدا کوژرا) قوتابخانەیەکی گەورەیان بەناوی (مەدرەسەی نیزامی) تێدا دروست کرد. لە سەروەختی لەدایکبوونی بەهادیندا، سەلجوقییەکانیش ناوچەکەیان دۆڕاندو سەدەیەك لە سەرولێژبوونەوە دەستیپێکرد. سەرەتا لە ساڵی ۱۱۵۲دا، عەلادین حسێن، کە نازناوی "جیهانسوز" (واتە جیهانسوتێن)ی هەڵگتبوو، بە سوپا گورییەکەیەوە داگیری کرد، دواتر هۆزە ئۆغوزەکان تاڵانیان کرد. لە ساڵی ۱۱۹۸دا، بەڵخ کەوتەوە ژێردەستی سەرکردەیەکی گوریی دیکەوە لە بنەماڵەی قەرەخەتاییەکان، واتە میری بامیان، بەهادین سام. حەوت ساڵ دواتر خوارەزم شا، عەلادین محەمەدی کوڕی تەکش (۱۲۰۰—۱۲۲۰) شارەکەی داگیر کرد، لەماوەی فەرمانڕەوایی ئەمدا، بەهادین لە خۆراسان ڕۆیشت. لە ساڵی ۱۲۲۱یشدا مەغۆلەکان بە سەرۆکایەتی جەنگیزخان بەڵخیان وێران کرد، شارەکە لەم کارەساتەیان چاك نەبۆوە. دەڵێن مەغۆلەکان بە هەزاران کەسیان لە دووسەد هەزار نیشتەجێکەی ئەوکاتی بەڵخ کوشت.

حسێنی باوکی بەهادین مەلایەکی زاهید بوو، وەك ئەحمەدی باوکی وتاربێژی مزگەوت بوو، سەر بە مەزهەبی حەنەفی بوو، کە برێك کراوەتر بوو. وەك ئەفلاکی دەڵێت، حسێن هەر زوو ناوبانگی دەرکرد، ڕەزائودینی نەیسابوریو زانایانی نێوداری دیکە دەهاتنە لای بۆ خوێندن. گێڕانەوەیەکی دیکە دەڵێت کە باپیرەی بەهادین، ئەحمەدی خەتیب، کوڕی فیردەوس خاتوونی کچی شەمسی ئیمامان، ئەبوبەکری سەرخەسی حەنەفیی بووە، کە لە دەوروبەری ساڵی ١٠٨٨دا مردووە. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئاماژەیەکی تێدایە بۆ ئەوەی ئەحمەدی خەتیب، بەر لەوەی خێزانەکە ڕەگی خۆیان ببنەوە بۆ ئەسفەهان، لای شەمسی ئیمامان خوێندوویەتی.

ناوی دایکی بەهادین نازانین، ئەو هەر بە "مەمی" بانگی کردووە، تا دەهەی کۆتایی سەدەی دوازدە ژیاوە. بەهادین خۆی دەڵێت نازناوی "وەلەد"م هەبووە، ئەمەش نیشانەیەکە بۆ ئەوەی تاقانە بووە، هیچ زانیارییەکیش لەبارەی بوونی خوشكو برایەوە نازانین. بەهادین خۆی وێنەیەکی ڕوونی دایکی لەبەرچاو نیە، لە زۆر جێگادا وەها نمایشی دەکات کە جارسو بێزارەو دەبێتە هۆی شێواندنی ئارامییو هێوریی، یاخود نوسینو بیرکردنەوەی ئەو، چونکە دەبێتە هۆی خەمبارێوونی، تەنانەت جاری واش هەیە لەبەردەمی خەڵکدا تووڕەییو غەزەبی لێدەبارێتو جنێو دەدات. هەربۆیە بەهادین هەستی بە نیگەرانی دەکردو دەترسا ئابڕوویان بچێت. هەرچییەك بێت، تا ڕادەیەك ئەگەری ئەوە هەیە بەهادینو دایکی گفتوگۆی فەلسەفیی یان ئاینییان پێکەوە کردبێت.

## هاوسەرو منداڵەکانی بەهادین

شەریعەتی ئیسلام ڕێگەی داوە پیاو لە یەك کاتدا چوار ژنی هەبێت. نازانین بەهادین چەند ژنی مارە کردووە، بەڵام ناوی ژمارەیەك ئافرەت دەهێنێتو لە سەرووی هەموویانەوە موئمینە خاتوونی دایکی مەولانا، لە سەفەرەکەشیدا بە ئاڕاستەی خۆرئاوا، لەگەڵی بووە، تا لە لاریندە (کارەمان)ی تازەو پێش ئەوەی بگەنە قۆنییە، دەمرێت. لە کتێبی مەعاریفدا ناوی بی بی عەلەوی هاتووە، زەرینکوب دەڵێت نازناوی موئمینە خاتوونە، بەڵام مایەر بە هاوسەرێکی دیکەی بەهادینی دادەنێت. لە شوێنێکدا بەهادین بێ سڵەمینەوە باسی ئەوە دەکات کە دەخوازێت کچی شەرەف قازی مارە بکات، دەتوانین ئەمیش بە هاوسەرێکی دیکەی دابنێین. ڕاشکاوانەش حەزدەکات ژنێك

شکۆداریی‌و شەرافەتمەندییە، حەمدی خوا بکە تا هەموو ساتێك بتخاتە ئەو حاڵەوە. هەرکاتێ شتێك لەو دوو حاڵەتەی بەخشییە ڕۆحت، بزانە تۆ بە نووری پێغەمبەرایەتی هەڵبژێدراویت.

لێرەدا بەڕاستی کرژییەك لەنێوان سروشتی ڕۆحی‌و ئارەزووە جەستەییەکانی بەهادین دروست بووە، ئەم کرژییە لەو پرسیارەوە سەرهەڵدەدات کە ئارەزووی دەجولێنێت بۆ هاوسەرێك کە بەشێوەیەکی شەرعیی هێنابووی، بۆچی ئەم حەزە بەسەریدا زاڵ دەبێت‌و لەکاتێکدا کە خەریك بوو نوێژەکەی بکات‌و سەرنجی ناهێڵێت. ئەمە مانایەکی وەها ناگەیەنێت کە بەهادین مۆڵەتی زیناکردن یان پەڕین لە مەحرەمی دابێت. لە جێگایەکی دیکەشدا سەری سوڕدەمێنێت لە بینینی کەشوهەوایەکی هاوشێوەی کەرنەڤاڵ، کە دوای ئاهەنگێکی خەتەنەسوران شوێنەکەی داگرتبوو، ڕەنگە ئەو نەریتە خوتەنییە چینییە کاری تێکردبێت، ژنان سەریان ڕووت کردبوو، بە ئاشکرا دەستی پیاوانیان گرتبوو، شەرابی ساکییان دەخواردەوە، سەمایان کرد، بگرە سنگیشیان ڕووتکرد. بەپێی ئەفلاکی، بەهادین کچێکی هەبوو ناوی فاتیمە خاتوون بوو، لە خۆراسان شووی کردبوو، کە ئەم لەگەڵ خێزانەکەی بەرەو خۆرئاوا ڕەویکرد، ئەو لەگەڵ هاوسەری خۆی مایەوە. لە خێزانەکەی خۆیدا ژنێك شیری پێدابوو ناوی نوسوب خاتوون بوو، ڕەنگە ئەویش لەگەڵ هاوسەرەکەی لە خۆراسان مابێتەوە. کتێبی مەعاریف باسی ئەوە دەکات کوڕێکیشی هەبووە ناوی حسێن بووە، بەناوی باوکی خۆیەوە، ڕەنگە ئەمە نۆبەرەی بووبێت. لەبەر ئەوەی سوپاسالارو ئەفلاکی باسی ناکەن، بۆیە ڕێی تێدەچێت لە خۆراسان لەگەڵ دایکی بەهادین مابێتەوە، یان پێش ڕۆیشتنی خێزانەکە بۆ ئەنادۆڵ مردبێت. سەرچاوەکان دەڵێن عەلادین محەمەد براگەورەی مەولانا بووە، دوو ساڵ لەو گەورەتر بووەو ساڵی ١٢٠٧ی زایینیی لەدایك بووە. ئەمەش ساڵی لەدایکبوونی مەولانامان بۆ دیاریی دەکات بە ١٢٠٥. جووتەبرا لەگەڵ باوکیاندا ڕۆیشتوون، گەرچی مەعاریف بە ناو باسی کەسیان ناکات.

## ڕەوش کارو پیشەی بەهادین وەلەد لە ژیاندا

بەهادین وەلەد نازناوی سوڵتانی زانایانی بەکاردەهێنا، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی لە پیاوانی دینی سەردەمی خۆی لەخوا ترستر یان ڕۆحانیتر بووە. بەپێی ئەم نازناوەو لە کتێبەکانی سەربوردە (مەناقیب)ی سوڵتان وەلەدو سوپاسالارو ئەفلاکی دەیخوێنینەوە،

کە باسی شۆرەتی بەهادین‌و ئاپۆرای زۆری خەڵك دەكات كە لە هەر جێگایەك بوایە، بۆ بیستنی گوتارەكانی دەهاتن، ئەم پیاوە یەكێك بووە لە دانا حەنەفییە زۆر نێودارەكانی سەردەمی خۆی. بەڵام ئەمە وێنەی باوی ناو نوسینەكانی بەهادین یان فەرهەنگە مێژووییە نوسراوەكانی سەدەكانی ناوەڕاست نییەو لەبارەی گەورەپیاوانی ئیسلامەوە، وانالێین. تا ئێستا هیچی وامان دەستنەكەوتووە، ئەمە بسەلمێنێت. خۆ ئەگەر واشمان دانا داناكان هەموو دانیان پێدا نابێت‌و بە "سوڵتان"ی خۆیان لەقەڵەم دابێت، دەبێت پێشنیاری وەزیفەیەكیان بۆ كردبێت لە قوتابخانەیەكی گرنگداو خۆ دەشبوو ناوی لای سەربوردەنوسان هەبێت.

هەرچۆنێك بێت، هەمیشە كە ناوی بەهادین دێت، ئەوە بەهۆی مەولانای كوڕییەوەیە. یەكەمین فەرهەنگی سەربوردەی دانایانی حەنەفی، كە بەدەستی ئێمە گەیشتووە، كتێبی "گەوهەرە ڕۆشنەكانی حەنەفییەكان"ە، كە عەبدولقادری كوڕی ئەبو وەفا (١٢٩٧–١٣٧٣ز) نوسیویەتی‌و جێگەیەك بۆ مەولاناو سوڵتان وەلەدی كوڕی تەرخاندەكات (هەموو هەڵەیە)، بەڵام هیچی لە بارەی بەهادینەوە تۆمار نەكردووە. ئەبو وەفا ئەم زانیارییانەی لە قۆناغێكدا كۆكردۆتەوە كە ١٥٠ ساڵێك دوای مردنی بەهادینەو واشی بۆ دەچین سەرچاوەی كۆنتریشی بەكارهێنابێت، كە ئێستا بەردەست نین.

پیشەی واعیزو مەلا، لەگەڵ ژیانی هاتوچۆدا سازێنراون، ئەوەش دەرفەتی بۆ بەهادین‌و پێشینانی خولقاند كە سەفەرو گەڕان بكەن‌و شوێنكەوتووی نوێ بگرن. لەوانەیە بەهادین لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٢٠٤و ١٢١٠دا، لە بەڵخ لەدایك بووبێت، كاتێكیش مەولانا لەدایكبوو، ئەو لە ماڵێكدا بووە لە وەخش. تا ئەو كاتەی مولانا دەگاتە پێنج ساڵیی، نیشتەجێی هەمیشەیی بەهادین‌و خێزانەكەی لە وەخش بووە نەك لە بەڵخ، لەو كاتەدا، لە دەوروبەری ساڵی ١٢١٢دا، خێزانی وەلەد گوێزرایانەوە بۆ سەمەرقەندو دایكی بەهادینیان جێهێشت كە دەبێت لەو كاتەدا گەیشتبێتە تەمەنی حەفتاو پێنج ساڵی.

## وەخش

ئەم شارە بە شێوەیەكی یەكلایی نەكراوە بە هەمان شاری لاوكەند یان سەنگتودەی سەدەكانی ناوەڕاست لەقەڵەم دراوە، كە لەناو سنوری تاجیكستانی ئێستادایە، ماوەی ٦٥ كیلۆمەتر لە باشوری خۆرهەڵاتی شاری دووشەنبەوە دوورە، ٣٥ كیلۆمەترێك لە

باکوری خۆرهەڵاتی قورغۆنتەپەیەو نزیکەی ٥٠٠ کیلۆمەترێك لە سنوری چینەوە دوورە. ئەم شارە دەکەوێتە سەرووی هێڵی پانیی ٣٨ لە بەری خۆرهەڵاتی ڕووباری وەخشاب، کە زێی سەرەکیی ناوچەکەیەو دەڕژێتە ناو ڕووباری ئامو داریاوە، کە ئەو سەردەمانە بە ڕووباری جەیحون دەناسرا، یۆنانیە کۆنەکانیش ناویان نابوو ئۆکسیۆس. ڕەنگە وشەی ئۆکسوس خۆی لە وشەی وەخشەوە هاتبێت، وەخشابیش ئەو ئاوەیە کە ناوچەی جەیهون پاراو دەکات، یاخود لەوێدا زیاد دەکات، جوگرافیناسە موسوڵمانەکان ڕووباری جەیحونیان بە سنوری مێژوویی نێوان خاکی فارسو تورك داناوە. ئەوەی لە پشتی ڕووبارەکە، یان ڕاستر دوو ڕووبارەکەوەیە، واتە جەیحونو سەیحون (ئۆکسوسو جاخارتێس)ەوەیە، سنورێکی ئەندێشەییە لە نێوان ناوچەی شارنشینو دەشتو دەری فراوانو ڕووتەن. ناوچەی نێوان ئەم دوو ڕووبارە، ژیانێکی شارنشینانەی گەشاوەی بەخۆوە بینیوە، دوو شاری ئیسلامیی زۆر دڵگیری سەدەکانی ناوەڕاستی لێیە: سەمەرقەند و بوخارا.

شاری وەخش، لە ڕووی کەلتوریی یان ژمارەی دانیشتووانەوە، بە یەکێك لە ناوچە گرنگەکانی ناوچەی تارانسۆخانیا (وڵاتی پشتەوەی ڕووبار) دانەدەنرا. هەر خۆی ناوی وەخش ئاماژەیە بۆ هەرێمێك لە نێوان هەردوو ڕووباری ئەخشاواو وەخشابدا، دەکەوێتە لای پردە بەردینە دێرینەکەوە لەسەر ڕوباری وەخشاب کە نزیکەی ٤٥ کیلۆمەتر لە باکوری وەخشەوەیە.

بەپێی ئەستەخەری، لە سەدەی دەهەمدا، ناوچەی وەخش بەپیتو بەرهەمدار بووە، بە ئەسپو چارەوێکانی کە بۆ بارکردن بەکاردەهاتن، پشتیوانی ژمارەیەکی زۆری شارەکانی سەر کەناری ڕووبارو جۆبارەکانی بوو. ناوچەی باشوری، کە لە جەیحونەوە نزیکتر بوو، پێ دەوترا خوتەلو پایتەختی ناوچەیشی هولبوك بوو، لەو ماوەیەدا شارێکی گەورەو خۆش بوو (پێش بەهادین بە نزیکەی دووسەد ساڵ) مزگەوتی گەورەی• هەبوو. هەرچۆنێك بێت، هەردوو شاری مۆردو هەڵاوەرد جوانترین شاری ناوچەکە بوون. ڕەنگە لە قسەی جوگرافیناسەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە ئەوە تێبگەین کە شاری وەخش یان لیوەکەند بچووکترینی شارەکان بوون، گەرچی لەوانەیە لە ماوەی ژیانی بەهادیندا لەوێ، شتەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبێت.

وێڕای بوونی ژمارەیەك شاری مامناوەندی نزیك لێیەوە، وەك قوبادیانو ئەشگەرد، نزیکترین شار لێوەی ترمز بوو لە ناوچەی چاغانیان لەسەر کەناری باکوری ڕووباری

ئەوەی مەغۆلەکان تالانی بکەن، ناوەندێکی کەلتوریی گەورەی ئەو سەدەمە بووە. ئەمە خالێکی باشە بۆ تێگەیشتن (چونکە تا ئێستاش خەلکی لادێو دەشتەکانی جیهان کە سەفەر دەکەنو لە زێدی خۆیان دووردەکەونەوە، دەلێن لە شارە گەورەکانەوە هاتووین)، ئەو قسەیە پایەی ئەوانی زیاتر دەچەسپاند، مادام ئەوانە خەلکی بەلخن، یان پێشینەیەکی ڕۆشنبیریی‌و جیهانیی دەرکەوتووتریان هەیە، زیاد لەوەی ئەگەر لە وەخشەوە هاتبن، پێیانەوە دیار دەبێت. هەرچۆنێك بێت، لەوانەیە بەهادین، یان باوکی یاخود باپیری ماوەیەك لە بەلخ ژیابن.

بۆ شاری سەمەرقەندیش، کە خێزانی وەلەد لە دەوروبەری سالی ۱۲۱۲دا ڕوویان تێکردووە، نزیکەی ۲۵۰ کیلۆمەترێك لەباکووری خۆرئاوای وەخشەوە دوورە، لە جێگایەکدا بووە کە ئیمرۆ بە ئۆزبەکستان دەناسرێت. سەمەرقەند سەنتەرێکی ئاینیی سەرەکی بووە، ڕەنگە ناوەندی ئابوریی هەرە گەورەی ولاتی پشتەوەی رووباریش بووبێت. یاقوتی حەمەویی، کە لەماوەی دەهەیەك دوای سەفەری خێزانەکەدا نوسیویێتی، خەلکی سەمەرقەند بووە، باسی شارەکە دەکات کە ڕووبەرەکەی نزیکەی ۷۵۰ ئیکەر بووە. شارێکی قاییم بوو، شورایەك‌و خەرەندێکی ئاویشی هەبووە کە زۆر قوول بووە. باخچەو بێستانەکانی ناودار بوونو بە بۆریی ئاویان بەناو شاردا دابەش کردبوو تا دەگەیشتە مالان. بەداخەوە مەغۆلەکان لە سالی ۱۲۱۹دا خاپوریان کرد، بەلام نزیکەی سێ سالێك پێش ئەو ڕووداوە تراژیدییە، وەلەد شارەکەی جیهێشتبوو.

## پیشەی بەهادین

بەپێی سوپاسالار بەهادین پۆشاکی زانایانی پۆشیوەو لە بەلخ ژیاوە، لە بەیتولمالیشەوە مووچەیەکی جێگیری هەبووە. بەپێی شەریعەتو بەشێوەیەکی میانڕۆیانە ژیاوە، بەهیچ جۆرێك پارەیەکی دیکەی لە بەیتولمال ڕانەکێشاوە (ڕاکێشانی پارە لە بەیتولمان بێڕەوشتیی‌و بگرە حەرامیش بوو، گەرچی کارێکی نائاشنا نەبووە، چونکە خەلکی تر کردوویانە). لە هەموو لایەکی خۆراسانەوە مەلاو پیاوانی دین دەهاتن تا پرسیار لە بەهادین بکەن بۆ ئەوەی لەبارەی پرسە قورسەکانەوە فەتوایان بۆ بدات. پۆلەکانی کراوەبوونو لەماوەی نێوان نوێژی نیوەڕۆو عەسردا، وانەی گشتیی دەوتەوەو

واعیز (یان وتاربێژ) دەسازێت، گەرچی کاتێك بەهادین خۆی باسی وەعزەکانی خۆی دەکات، بە یادهێنانەوە (تەزکیر)، بەواتایەکی نزیك لە ئامۆژگاریی بەکاریدەهێنێت، کە هەر لە توخمی مەوعیزەیەو ئەسڵەکەی بیرکردنەوەیە لە بکەو مەکەی خوا، خەڵاتی بەهەشت بۆ پیاوچاکانو سزای تایبەتیش بۆ گوناهباران. بەهادین بیر لەم پرسانە دەکاتەوە، کاتێکیش لای موریدەکانی دەبێت بە شێوازی ترساندن لە ئاگری دۆزەخ قسە ناکات، بەڵکو وەك ئامۆژگاریکەرێکی ڕۆحیی کە گرنگییەکی زۆر دەدات بە بەهاداریی کردەوەی چاك. بەهادین دەنوسێت کە چێژی لە پیشەی وەعزدادان وەرگرتووە، وانەکانی زانستەکانی دینی بە چەند پۆلێك وتۆتەوە، وەك وانەی ڕاڤەکردنی قورئان. تواناشی هەبوو هەموو ئەو وانانە بە زمانی عەرەبی بڵێتەوە، بەڵام خۆی زیاتر حەزی لەوە بوو بە فارسی بیانڵێتەوە. بە باشی پارێزگاریی لە پێداویستییەکانی شەریعەتو دین دەکرد، چاوەڕوانیی ئەوەشی لە خەڵکی دیکە دەکرد کە هەمان شت بکەن، بێزاریی خۆشی لەوانە دەردەبڕیی کە وا ناکەن.

ئەفلاکی باسی کەسێك دەکات گوایە قازیی وەخش بووە، جەختیش لەسەر ئەوە دەکات کە وەخش تا ڕادەیەك گەورە بووە، نەك گوندێکی بچووك. بەڵام لەم قسانەوە ناتوانین بزانین کە ئایا ئەوەندە گەورە بووە کە مەدرەسەی تایبەتی خۆی هەبێت. ئەگەر هەشیبووبێت، بەهادین هچ باسی ئەوە ناکات کە لەوێ وانەی وتبێتەوە. بێشك بەهادین لە شوێنێکی دەرەوەی وەخش خوێندوویەتی، ترمز بێت یان بەڵخ، کە مامۆستای ناسراویان هەبوو. ئەگەر لەو ماوەیەدا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتبێت، ئەوە توانای هەبووە خۆی وانە بە شاگردەکان بڵێتەوە. لە قۆناغێکی ژیانیدا وانەی فیقهی وتۆتەوە، هەفتانەش لە شەممەوە تا چوارشەممە وەعزی دەدا، پێنجشەممەو هەینیی بۆ خۆی هێشتبووەوە تا بۆ خۆی تێڕامان بکاتو مۆرکێکی ڕۆحییانە بەکارەکانی ببەخشێت. ئەمەش مانای ئەوەیە وتاری هەینیی دانەداوە. پێناچێت زۆر گرنگیی بە مشتومڕو بێنەوبەرە دابێت، زیاتر خەریکی بابەتەکانی کەلامو ئیلاهییات بووە. بابەتی ڕەخنەگرتن لە سەرچاوەکانی فەرمودە (جەرحو تەعدیل)ی نەخوێندبوو، بەڵام وادیاربوو شتێکی لە بواری پزیشکیو فەلەك دەزانی، ماوەیەکیش بیری لەوە کردبووەوە کە لەگەڵ عیمادەدینی پزیشکدا پەرە بە خوێندن بدات. حەنەفییەکان حەزیان لە زانینی بڕێك لە زانستی پزیشکی هەبوو، بەتایبەتی دەقی پزیشکیی پێغەمبەری ئەبو عەباسی موستەغفیری، بەناونیشانی پزیشکیی پێغەمبەر. فەلەك زۆر گرنگ نەبوو، ئەوەندە بەس

بوو بزانیت قیبلە لەکوێیەو کەی کاتی نوێژە. لەوانەیە بەهادین لە بازنەیەکی بچووکی موریدەکانیدا، سەرپەرشتیی هەندێك کاری خواپەرستیی کردبێت.

تەنانەت ئەگەر لە وەخش مەدرەسەش نەبووبێت، ئەوە خۆ دەشێت مزگەوت پارەی دابێتە مامۆستایەك. ئەگەر شاگردەکانیش هاتبن بۆ مزگەوت یان لە ماڵەوە تا لای بەهادین بخوێنن، پێناچێت ژمارەیان زۆر بووبێت. مەدرەسەکان ڕێوشوینیان بۆ لەخۆگرتنی ژمارەیەك قوتابیی دەگرتە بەر، بەهادین نەیدەتوانی لە سەر حیسابی خۆی ئەو کارە بکات. ئینجا لەوانەش بوو شاگردان لە گوندانی دەوروبەریشەوە بێن" جگە لەوانەی ئومێدی گەورەتریان هەبوو، ڕوویان دەکردە شارە گەورەکان. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، بەلایەنی کەمەوە، وانەی بە یەك دانە مورید یان شاگرد وتۆتەوە: بورهانەدین موحەقیق، خەڵکی شاری ترمزی دراوسێی خۆیان بوو.

باپیرەی بەهادین، ئەحمەدی خەتیب، واعیزو خەتیب بوو، ناوەکەشی ئاماژەیە بۆ ئەوەی وتاری هەینیی داداوە، خەتیب بووە. کاری خەتیب نوێژو وتاری هەینی بووە بۆ موسوڵمانان کە لەو ڕۆژەدا دەهاتنە مزگەوتی جامیع. سەرەتای وتاری هەینی، ستایشکردنو دوعاکردنە بۆ خەلیفە یان فەرمانڕەوای ناوخۆ. لە شارە گەورەکان هەمووان لە یەك مزگەوتدا جێیان نابیتەوە، بۆیە ژمارەی مزگەوتانی نوێژی هەینی زیاتر دەکەن. لە ناوەڕاستی سەدەی یازدەهەمی زاینیدا، شەش مزگەوتی گەورە (هی نوێژی هەینی) لە بەغدا هەبووە، لە بەرامبەریشدا سەدانو بگرە هەزاران (نزیکەی سێ هەزار) مزگەوتی بچووکی لێ بووە. لە قاهیرەش مزگەوتەکانی ڕۆژی هەینی زۆر بوون. جێگای سەرنجە لای شافیعیو مالیکییەکان هەر شارێك یەك خەتیبی هەیە، بەڵام لای حەنەفییەکان بوار دراوە زیاتر بن. هەر بۆیە شارانی وەك بەڵخو بەغدا، ژمارەیەك خەتیبیان هەبوو، قاهیرەش هەروا بوو. لەوانەیە جێگایەکی وەك وەخش هەر یەك تاقە مزگەوتی لێ بووبێت.

ئەگەر بەهادین لە وەخش خوتبەی دابێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە لە پرسە سیاسییەکانیش تێوەگلاوە، بەتایبەتی لە سەروبەندی گۆڕانکاریی لە فەرمانڕەواکاندا. ئەگەر لە خوتبەیەکیدا، خوارەزمشای بە لادەر بیدعەساز دانابێت (دواتر دێینە سەر ئەمە)، ئەوە دوای ئەوەی خوارەزمشا دەچێتە سەر تەخت، کێشەی بۆ دروست کردووە" ئەگەر واش بووبێت، ئەمە لێکدانەوەیەکە بۆ پرسی ئەوەی بۆچی بەهادین وەخشو ناوچەکەی جێهێشتووە. هەرچۆنێك بێت، ئەگەر ڕۆژانی هەینی خەریکی بیرکردنەوەو

تێڕامان بووبێت، ئەوە ئەگەری ئەوەی خوتبەی دابێت، لەگۆڕێ نیە، ئەگەر ئەوەش دروست بێت کە گوایە حەزی لە دیداری میرو پادشایان نەبووە، ئەوە چاوەڕێی ئەوە نین، بەهادین بە ئەرکی خۆی زانیبێت ستایشی فەزڵو چاکەی فەرمانڕەواکان بکات. زیاد لە هەموو ئەمانەش ئەگەر ئەم پیاوە لە ژیانی خوراسانیدا خوتبەی دابێت، ئەوە دەبوو یادەوەریی نوسان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردبێت کە نازناوی خەتیبیشی هەبووە.

زیاتر ڕێی تێدەچێت لەناو مزگەوتێدا وەعزی خەڵکی دادابێت. واعیز مەلایەکە خۆی لە جێگایەکدا بە تەنها ئەو کارە دەکاتو لەکاتی جیاجیادا، ئامۆژگاریی دینیو پەروەردەیی خەڵك دەکات. ئەوە عادەتی کۆبوونەوەکانی مزگەوت، یان مەدرەسە، یاخود خانەقای سۆفییان بوو. هانی جەماوەری دەدا ڕەفتاریان باش بێت، ئەرکە ئایینیو ڕۆحییەکانی بیردەهێنانەوە، دیارە بۆ ئەمەش پێویست بوو توانایەکی باشی لە قسەکردندا هەبێتو زانیاریی فراوان بێت، بە شێوەیەکی بەرچاویش لەخوا ترس بێت، تا بە جۆرێك لە جۆرەکان لە یادەوەریی خەڵکدا بمێنێتەوە. واعیز بەڕێزەوە لە مزگەوت دادەنیشتو خەڵك دەچوونە لای، بەڵام حیکایەتخوان لە بازاڕو شەقامەکان دەوەستاو لە یادەوەریی خۆیەوە چیرۆكو سەرگوزشتەکانی دەگێڕانەوەو هەندێکی لە قورئانو هەندێکی تریشی لە سەربوردەی وەلیو پیاوچاکان وەردەگرت.

بەهادین بە ئاسودەییو هێوریی خەریکی وەعزەکانی نەبووە، بە تەواویی قەناعەتی پێیان نەبووە. هەر خۆی پێمان دەڵێت کە نوسینو دانراوەکانی ئەبوموعینی نەسەفی ماخولی (١١١٥ مردووە) کە مەلایەکی حەنەفی بووەو لە پرسە کەلامییەکاندا شوێنکەوتەی ماتوریدی بووە، وایان لێکردووە بیربکاتەوە تا بزانێ چ سودێکی هەیە خەریکی وەعزدادان و هاندانی خەڵك بێت بۆ ئەوەی کاری چاکە بکەن. ئاخر خۆ ناچارکردنی خەڵكو زۆرلێکردنیان تا گوێڕایەڵ بنو خراپە نەکەن، لە کۆتاییدا نابێتە لەمپەر لەبەردەم ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە خودا خۆی دەزانێت بەندەکانی دەیانکەن. دەسەڵاتی خوا خۆیەتی کە لە گوناهەکان خۆش ببێتو گوناهبارەکان ببەخشێت. ئەو لە بەرامبەری کردەوەی چاکدا بەهەشت نابەخشێت، بەڵکو بەپێی فەزڵی خۆی، ئەو کارە دەکات.

بەهادین بیری لەم مەسەلانە کردەوە، سەری لێ تێچوو، کشایەوەو دەستبەرداری وەعزدادان بوو، گەیشتە ئەو باوەڕەی کە هیچ سودێکی نیە. ئیتر تێڕامانو بیرکردنەوەی زیاتر لە دیدو بۆچوونەکانی موعتەزیلەکان نزیکیان کردەوە، کە دەیانگوت مرۆڤ

بوونەوەرێکی ئازادەو هەرچی بە دڵ بێت ئەوە دەکات. گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە فەرمانکردن بە چاکەو کاری باشو نەهیکردن لە خراپە، ئامۆژگاریی کردنی خەڵكو پێدانی مەشورەت پێیان، ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە. گەیشتە ئەوەی پێویستە مرۆڤ بەپێی بنەماکانی ئەو مەزهەبە بژی کە بەلایەوە دروستترو پەسەندترە. بۆ خۆشی لایەنگیری ئەو لایەنە بوو کە باوەڕی وابوو مرۆڤ سود لە گوێڕایەڵیو خۆلادان لە هەڵە، وەردەگرێت. لەوەش زیاتر، دەبێت ئامۆژگاریی خەڵك بکات تا پێڕەویی لەوە بکەن کە حەڵاڵەو ئاکارییە. لەمەشەوە توانیی لە پیشەکەی خۆیدا بەردەوام ببێت.

بەهادین، بەهۆی ئەو داهاتەوە کە لە وەعزدانەوە دەستی دەکەوت، توانای بەڕێوەبردنی خێزانەکەی هەبوو، بەڵام لەناو پیاوانی دیندا جێگایەکی بەهێزی نەبوو. لەلایەکەوە، هەستی کرد کە نەبوونی دەسەڵات لەوە بەدووری دەگرێت کە سیاسەتو کاروباری دنیا پیسی بکەن" لە لایەکی دیکەشەوە، ناوبەناو حەزی دەکرد ببێتە خاوەنی پێگەو ڕێزی کۆمەڵایەتیو پلەیەکی باڵاتری هەبێت لەوەی هەیەتی، ئەوەتا دەڵێت:

هەندێجار هەست دەکەم شایەکی بێ شانشینم، قازی بێ قەزام خاوەن دڵی بێ مەنزیڵەم، دەوڵەمەندی بێسامانم. لەگەڵ ئەمجۆرە هزرانەدا خۆشەویستیی سامانو پلەو پایە دێن، چاوچنۆکیو ئیرەیی پەیدا دەبن. بە خەریکبوونت بەم شتانەوە، خۆت تووشی خەمۆکی دەکەیت. پێویستە ڕۆحی خۆت لەگەڵ سیفەتەکانی خودادا یەکبخەیت، تا لە ناختدا ئەم جۆرە هزرانە نەمێنن. خەڵك لە بازاڕی دنیادا بۆ سامانو شکۆ تێدەکۆشن، خواستو ئارەزووەکان پەیژەیەکی درێژو بەرزن. ئەوانە پلە بە پلە بەرەو سەرەوە دەڕۆن، بەڵام من دڵنیام لەوەی لە ناوەڕاستی پەیژەکەدا دەکەونە خوارەوە.

## خەوبینین بە سوڵتانی زانایانەوە

سوپاسالار بۆمان دەگێڕێتەوە، پادشایانو شێخانو ئەهلی زانین لە هەموو لایەکەوە گرنگییان بە بەهادین دەداو ئامادەی مەجلیسی وەعزەکانی دەبوون، ژمارەی موریدو شاگردەکانیو ئەوانەی بە باشی باوەڕیان پێی بووە، بە سێسەد کەس دەخەمڵێنێت. لە ڕووی تیۆرییەوە ئەگەری ئەمە هەیە، ئەگەر پۆستێکی وای هەبووایە دەیتوانی لە مزگەوتێکەوە بۆ مزگەوتێکی دیکە لەگەڵ خۆی بیباتو بۆی هەبێت وەعز دابداتو دەرس بڵێتەوەو هەڵقەکانی وانەوتنەوە لە فیقهی ئیسلامیو قورئاندا بەڕێوە ببات.

سوپاسالار ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی لە دوو دامەزراوە یان زیاتردا وەزیفەی وەعزدادان یان وانەوتنەوەی دەستکەوتووە. ڕەنگە ئەم هەوڵە بۆ ئەوە بێت ژمارەی موریدەکانی بباتە ئاستی هاوتاکانییەوە، وەك فەخرەدینی ڕازی. ئیتر جەماوەری بەهادین هەرچۆنێك بێت، دەبێت بەر لە هەموو شت ئامادەی مەوعیزەکانی بن، گەرچی وا دەردەکەوێت کە لە بواری دەربڕینی ڕاو بۆچوونە فیقهییەکان، یان فەتواکانیشدا، نوسینی هەبێت.

نوسەرانی مەناقیبی ئەولیا (یان یادەوەریی نووسان) پێی لێ ڕادەکێشن و دەڵێن گوایە شەوێکیان سێسەد موفتی لەخوا ترسی ناوچەی بەڵخ لە خەویاندا پێغەمبەریان بینیوەو فەرمانی پێکردوون نازناوی "سوڵتانی دانایان" لە بەهادین بنێن. بێشك ئەوانە خەونەکانیان بۆ یەکتریی گێڕاوەتەوەو هەستیان کردووە لێك دەچن، ئیتر ژمارەیەکی زۆری موریدان لە دەوری بەهادین کۆبوونەتەوە. هەردوو سەربوردە نوسەکەمان لە دەمی بەهادینەوە چیرۆکەکەیان بیستووە، کە خەونە ڕاستەقینەکەی خۆی زۆر جێگای سەرنجە، یادەوەرینووسەکانیشی زۆریان پێوە ناوە.

بەهادین بۆمان دەگێڕێتەوە کە کەسێك، تەنها کەسێك، کەسێکی زۆر ڕۆحیی، کەسێك لە کۆمەڵی خاسانی حەق (یەکێك لە ئازیزانی حەق) خەونێکی بینیوە. ئەو کەسە بە ڕوونی ئەوەی دەستنیشان نەکردووە کە پێغەمبەر فەرمانی پێکردبێت بە بەهادین بڵێت "سوڵتانی دانایان"، بەڵکو وتوویەتی کە پیرێکی نورانی، یەکێك لەوانەی لە حەقەوە نزیکن، لەسەر گردێکی زۆر بەرز ڕاوەستاوەو قسەی بۆ بەهادین کردووەو گوتویەتی: "ئەی سوڵتانی دانایان، دەرکەوە تا جیهان پڕ ببێت لە نورو تاریکستانی غەفڵەت بڕەوێتەوە." بەهادینیش ئەم خەونەی بۆ خواجەیەکی شاری مەرو گێڕاوەتەوە، کە خزمەتکاری سوڵتانەکان یان گەورەپیاوان بووە، ئەم خواجەیە بە بەهادینی وتووە کە ئەویش چەندین بەندەی خودای بینیووە کە شایەتی ئەوە دەدەن پێغەمبەر بەهادینی بە "سوڵتانی دانایان" بانگ کردووە. ئەم خواجە مەروییە هاوسۆزی بەهادین بووەو پێی سەیر بووە کەسێك بوێریی ئەوەی تێدا بێت لەم دنیادا نازناوەکەی ڕەش بکاتەوە، لەکاتێکدا کە لەو دنیادا ئەم نازناوەی لێنراوە. مەروزیش دیسان بۆ بەهادینی ڕووندەکاتەوە کە خەونی بینیوە یان کۆمەڵە خەڵکێکی بینووە کە بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن "سڵاو لە هاوەڵانی سوڵتانی دانایان".

بەهادین لەمەوە دەرەنجامی کرد کە نەیارەکانی بە نەفرەت کراون یاخود دووعاکەی گیرا بووە. ڕەنگە ئەم پیاوە مەروزییە، وەك بەهادین لە جێگایەکی دیکەدا ڕوونی

دەکاتەوە، هەر هەمان محەمەد عەبدولڕەزاق بێت کە داوای لە خوا کردبوو لە خەونیدا پێغەمبەر ببینێت، بەڵام لە بری ئەو بەهادینی بینی. لەوانەشە ئەو پیاوە بێت کە ناوی عەبدوڵای هیندیی لێنراوە، کە لە خەونیدا بەهادینی بینیبوو لەسەر عەرشێك بەرامبەر سوڵتانی وەخشو سوپاکەی دانیشتبوو، خەڵکەکە هەموویان چوونە پێشەوە بۆ ئەوەی قاچەکانی بەهادین ماچ بکەن.

بەهۆی نازناوی "سوڵتانی دانایان"وە، بەهادین بووە خاوەنی بڵندترین پایە لە هەرەمی دانایانو زانایانی دییندا. بەڵام بۆ بەدبەختیی ئەم نازناوە کاریگەریی لەسەر خەڵکانی دیکەی خاوەن سوڵتان نەبوو. بەهادین خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە کە قازی نازناوەکەی ئەوی دەسڕییەوە، چونکە حەزی لە چارەی نەبوو. گەرچی بەهادین حەزی لەوە نەبوو لە کاروباری دنیادا هانا بۆ خوا ببات، ئەو دووعای دەکرد کە خوا ئەم بارەی دنیا بگۆڕێت، چونکە پڕە لە ستەمو جەور. قازییش تەنها بۆ زیادبوونی شۆرەتی خۆیو بەدیهاتنی ئارەزووەکانی، ئەو کارە دەکرد. ئەفلاکی ئەم کەسەمان بۆ دەستنیشان دەکاتو دەڵێ کەسەکە: قازی وەخش بوو، پیاویکی بەشەوکەتی ناو دانایانی ئەم جیهانە بوو، هەوڵی دەدا نازناوی "سوڵتانی دانایان" لە فەتواکانی بەهادینو لە پێشەکی کتێبەکەی "مەعاریف" بسڕێتەوە. کۆپییەکی ئەم کتێبەش گەیشتۆتە لای قازی بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە، لەوانەشە ئەفلاکی دەستنوسەکەی بینیبێت کە نازناوی "سوڵتانی دانایان"ی لەسەر بووە، بۆیە وای گریمانە کردبێت کە قازی وەخش هەمان دەسنوسی بینیبێت.

# «غونچەی بەھارستان»و
# سەرھەڵدانی گوتاری مێژوونووسانەی کوردیی
# (حوزنی موکریانیو سەرەتای مێژوونووسی نەتەوە تەوەر)



د.ئیسماعیل مەحموودی
دکتۆرای مێژوو و توێژەری مێژووی ئەندێشە

## پوختەی لێکۆڵینەوە:

هەوڵی یەکەم نەسڵی مونەوەرانی کوردی نیشتەجێی «ئەستەموول»و هەروەها مونەوەرانو دەسەڵاتدارانی «سلێمانی»یە بۆ نەتەوەسازی لە پێناو دامەزرانی دەوڵەت-نەتەوە کە لە «حاجی قادری کوی»یەوە دەستی پێکردو تا سەردەمی «جەمعییەتی تەعالیی کوردستان» (١٩٢٢-١٩١٨)و «ئەنجوومەنی ئیستقیلالی کوردستان» (١٩٢٢) درێژەی کێشا، بە سەرکەوتنی «کەمالیستەکان» و رێکەوتنی «لوزان» (١٩٢٣) کۆتایی پێهات.

بە کۆتایی هاتنو کۆتایی پێهێنانی ئەم هەوڵانە، پرسی نەتەوەسازیو شوناس سازی وەك هەوڵی سەرەکی رۆشنبیران، گواسترایەوە بۆ بواری مێژوونووسیو لەم ڕووەوە رێگە بۆ سەرهەڵدانی گوتاری مێژوونوسانەی کوردی سازبوو.

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت جگە لە ئاماژەکردن بە ڕەوتی دەسپێکردنی پرسی نەتەوەسازیو پێناسەکردنو روونکردنەوەی بەستێنەکانی سەرهەڵدانی گوتاری مێژوونوسانەی کوردی، ڕووبەڕووی ئەم پرسیارەش ببێتەوە کە دەڵێ: ئایا دەکرێت "غونچەی بەهارستان"ی حوزنی موکریانی وەك سەرەتای مێژوونووسی نەتەوە تەوەر پێناسە بکرێت؟

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێوایە نووسینی مێژوو بە زمانی کوردی، بە ئایینی کردنی خۆشەویستی نیشتیمان، رابردووسازی، ستایشی کوردستانی کۆنارا، یادکردنەوەو یادسرینەوە، عەرەب دژیو تورك دژیو روانینی ئەزەلی بۆ کورد وەك نەتەوە، سەرەتای سەرهەڵدانی گوتاری مێژوونوسانەی کوردیو بە واتاییەك مێژوونووسی نەتەوە تەوەری کوردییە کە بە نووسینی «غونچەی بەهارستان» لە ساڵی (١٩٢٥) دەست پێدەکات.

## وشە سەرەکییەکان:

غونچەی بەهارستان، حوزنی موکریانی، گوتاری مێژوونوسانە، مێژوونووسی نەتەوە تەوەر.

## پێشەکی:

سەرەتای هەزارەی دووەم لە ساڵژمێری ئیسلامیو کۆتایی سەدەی شانزدەی زایینی لەساڵ ژمێری زایینی، سەرەتای دەرکەوتنی «مێژوونووسی کوردی»یە، واتە نووسینی مێژووی تایبەت بە کوردو کوردستانە کە بە شەرەفنامەوە دەست پێدەکات. «شەرەفنامە» یەکەمین مێژووی کوردستانە کە لە ساڵی (١٠٠٥/١٥٩٦)و لەسەر دەستی شەرەفخانی بدلیسی (١٦٠٣-١٥٤٣ ) نووسراوە.

رەوتی مێژوونووسی کوردی پاش شەرەفخان نە تەنیا بۆ چەندین سەدە تووشی پچڕانو دابڕان بوو، تەنانەت تووشی داڕمانیش بوو، بۆ وێنە نزیکی «٢٠٠» ساڵ پاش شەرەفنامە دووبارە مێژوونووسی کورستان لە سەردەستی مێژوونووسانی سەر بە دەسەڵاتی ئەردەڵان دەستپێکردەوە، بەڵام ئەمجارەش نووسینی مێژوو بە زمانی فارسی، ناوچەگەرایی، ستایشو شەرعییەت بەخشین بە دەسەڵاتی سیاسی حاکمانی ئەردەڵانو پەراوێزخستنی خەڵك، مێژوونووسی کوردی تووشی دووپاتبوونەوەی کەم بایەخی مێژوونووسی نەریتی بوو، بە واتایەك مێژوونووسی کورتکرایەوە لە نووسینی ڕووداوە سیاسییەکان، ناوچەگەراییو شەرعییەت بەخشین بە دەسەڵاتو ستایشی دەستەڵاداران، ئەمەش لە حاڵێکدا بوو هاوکات مێژوونووسی مۆدێرنو گوتاری مێژوونووسانەی تورکیو فارسی بۆ نەتەوەسازی لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە لە سەرهەڵدانو گەشەسەندندا بوو

مێژوونووسی سەردەمی ئەردەڵان سەرەڕای هەندێ خاڵی ئیجابی، ئیدامەی هەمان سونەتی ڕووداونووسی پێشوو بوو، تەنانەت بۆ ماوەیەکی دیکە دووبارە مێژوونووسی ناوچەگەرایەنەو سیاسی بڵاوکرایەوە بۆیە لە کوردستانی ئێران هەر ئەم سونەتە مێژوونووسیە واتە مێژوونووسی ناوچەگەرایانەو ڕووداونووسی یەك لەو هۆکارە سەرەکییانە بوو کە ڕێگەی بە سەرهەڵدانی گوتاری مێژوونووسانەی کورد نەداو لەم ڕووەوە دەکرێت بڵێین گوتاری مێژوونووسانەی کوردی بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ژێر کاریگەری کەشو هەوای تازەگەریو رۆشنبیری ئەستەمبوڵ گوسترایەوە.

ئەستەمبوڵ لەبەر نزیکیو پێوەندی لەگەڵ رۆژئاوا، یەکەم ناوەندی دنیای ئیسلام بوو هەستی بە پێویستی گۆڕانکاری فەرهەنگیو سیاسی کردو بۆ یەکمجار هەر لەم شارەشدا، دەنگی نۆێخوازی بە شێوازی رۆژئاوایی سەری هەڵدا.

لە بەر ئەوەی بەشێکی زۆری خاکی کورد سەر بە دەسەڵاتی عوسمانی بوو، هەروەها بە هۆی نیشتەجێبوونی هەندێ کاربەدەستی کوردی سەر بە دەسەڵاتی عوسمانیو گرنگتر لە هەمووی بانگهێشتی میرانی کوردو نیشتەجێکردنو کردنەوەی یەکەم مەکتەبی عەشایەری لەسەر دەستی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٩٠٩-١٨٧٦) لە ساڵی (١٨٩٢)، ئەستەمبوڵ بوو بە ناوەندی نوێخوازیو مافخوازی خوێندەوارانو سیاسەتمەدارانی کوردو هەر لەم شارە یەکەم چینی رۆشنبیرو رۆژنامەنووسو سیاسەتمەداری کوردستان-تەوەرو هەروەها یەکەم ناوەندە کوردییەکان، سەریان هەڵدا. (ئەڵا کۆم، ٢٠٠٥ :٥٧ )

لە کۆتایی سەدەی نوزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمو پاش سەرهەڵدانو بڵاوبوونەوەی ویستی چاکسازیو تازەگەریو شوناسخوازی لە نێوان نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیو دواتر سەرهەڵدانی گوتاری تورکخوازی لە لایەن تورکە لاوەکانەوە لە ساڵی (١٩٠٨)، کوردانی ئەستەمبوڵیش کەوتنەژێر کاریگەری ئەو گوتارەو یەکەم دەرکەوتەکانی تازەگەری کوردیو لە سەرووی هەموویان بیرۆکەی نەتەوەسازی لەم شارەدا سەریان هەڵداو ئەستەمبوڵی کۆتایی سەدەی (١٩)و سەرەتای سەدەی (٢٠) هاندەری هەوڵ بوو بۆ بیرکردنەوەی لە شۆناسو نەتەوەسازیو هەر بەم بۆنەوەو هەر لەو سەردەمەشدا بە کاریگەری لە رۆژئاواو دەرکەوتەکانی وەك ناسیۆنالیزم، پرسی نەتەوەسازی بەرجەستەکرایەوە.

بەرزبوونەوە ویستی دامەزرانی یەکەی دەوڵەت-نەتەوە لە نێوان نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیو هەروەها سەرهەڵدانی شوناسی نوێ لە رێگەی پەرەسەندنی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم وەك دیاردەیەکی مودێرنی رۆژئاوایی، پێناسەی «میللەت» بە تەواوەتی تووشی گۆرانکاری بوو، چەمکی میللەت لە پێناسەی شوێنکەوتووانی ئایین بۆ سۆز بۆ خەڵكو زەنجیرە نەتەوەی هاورەگەزو هاوبەشو بە واتایەك بۆ ناسیۆنی رۆژئاوایی گۆڕاو لە گوتاری نوێ کوردیشدا کە دەکرێت سەرەتای بۆ حاجی قادری کۆیی بگەرێتەوە ئەم گۆڕانکاریە دەنگیدایەوەو بە واتاییەك دەستەواژەو چەمکی «میللەتی کورد» بوو بە سەرەتای سەرهەڵدانی گوتاری نوێ کوردیو دواتر لە رۆژنامەی کوردستانو یەکەم بازنەی رۆشنبیرانی کوردو هەروەها یەکەم ناوەندە کوردییەکانی ئەستەمووڵ پەرەی سەندو لە ئەنجامدا لە سەرهەڵدانی گوتاری مێژوونووسانەی کوردی کاریگەری بەرچاوی هەبوو.

مەبەست لە گوتاری مێژوونوسانە واتە بەگوتار کردنی مێژوو. لەم دۆخەشدا مێژوونووس دەیەوێت لە ڕێگەی مێژوونوسیو مێژوونووسیەوە هەوڵ بۆ دروستکردنی شوناس سازیو نەتەوەسازی بداتو لێرەوە ئیتر مانای مێژوو لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانو هەروەها ستایشی دەسەڵاتدارانو شەرعییەت بەخشی بە میرەکان دەگوازرێتەوە بۆ نەتەوەسازیو شوناس سازی لە ڕێگەی مێژووسازیو ژیاندنەوەی رابردوو و کۆنینەسازیو لەم حاڵەتەشدا مێژوونووسی دەبێتە گوتارو دیارە ئەرکی سەرەکی گوتاریش شوناس سازییەو لێرەوە گوتاری مێژوونووسانەی کوردی لە پێناو نەتەوەسازی سەرهەڵدەدات.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدرێت جیا لە باسکردن لە گوتاری مێژوونووسانەی کوردیو هەروەها گوتارناسی «غونچەی بەهارستان» وەك یەکەم هەوڵی گوتاری مێژوونوسانەی کوردی، تیشك بخرێتەسەر ئەو هەوڵانەی بۆ نەتەوەسازی لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە یان لانیکەم ئۆتۆنۆمی لە ئەستەمبوڵو سلێمانی دراون.

## ١) یەکەم هەوڵەکانی مونەوەران و سیاسە تمەدارانی کورد لە پێناو نەتەوەسازی: (لە ئەستەمبوڵەوە تا سلێمانی):

ئەستەمترین پرس سەبارەت بە کورد لە ساڵی (١٩١٨) ئەوە بوو کە ئایا بە راستی ئەمانە نەتەوەن یان وەك نەتەوە خۆیان پێناسەدەکەن، کورد بە پێچەوانەی بەشەکانی دیکەی ئیمپراتۆریەکە نەیان دەتوانی شانازی بە مێژووی راستەقینە یان ئەفسانەیی خۆیانەوە بکەن (لایان، ١٣٩٥: ٥٧)

دەرکەوتنی دیاردەکانی مودێرنیتەو ڕەوتی چاکسازی لە عوسمانی بە تایبەت چاکسازی «سەردەمی تەنزیمات» (١٨٧٦-١٨٣٩)، تێکڕای لەسەر ویستی دەسەڵاتدارانو سیاسەتمەدارانو بەواتاییەکی دیکە لە لایان ناوەندی دەسەڵاتەوە جێبەجی کرا.

یەك لەو دەرکەوتە بەرچاوانەی ڕەوتی چاکسازی سەر بە دەسەڵات، سەرهەڵدانی چینێکی نوێ لە نێوان کەسایەتییەکانی دەرەوەی دەسەڵات بوو کە خوازیاری ڕیفۆرمی سەرەکی لە بواری حکوومەتداریەتی بە شێوازی ڕۆژئاوایی بوون. ئەم چینە واتە «مونەوەرولفیکران»ی تازە سەرهەڵداوی تورك، نزیك بە (٣٠) ساڵ پاش ڕاگەیاندنی «خەتی شەریفی گوڵخانە» لە سەردەمی تەنزیمات، بە فەرمی بوونی خۆیان وەك یەکەم

بەرەی مونەوەرلفیکری تورك لە ساڵی ( ١٨٦٥) بە دامەزراندنی دەزگای «ئیتیفاقی حەمییەت» ڕاگەیاند..(Mardin.2000.11)

تاقمی مونەوەرولفیکری تازە سەرهەڵداوی عوسمانی، خاوەن گوتاری شوناسخوازانەی «توورانی»و «تورکی» بوونو لە ژێر نێوی «جەمعییەتی ئیتحادی عوسمانی» نێوبانگیان دەرکرد.(انتخابی.١٣٩٢: ١٢٤-١١٨) هاوکات لەگەڵ دەسپێکردنی چاکسازیو بەرجەستەکردنەوەی گوتاری شوناسخوازیی لە سەردەستی مونەوەرولفیکرانی تورکو کەمینەکانی دیکەی عوسمانی ئیتر «شاری ئەستەمبولی ئەو ڕۆژە بوو بە جێگەی کۆبوونەوەی هەموو ئازادیخوازەکانی وڵاتانی عوسمانی لە کوردو عەرەبو ئەرمەنو نەتەوەکانی ئورووپای خوارووی ڕۆژهەڵات» (مەلا کەریم، ١٩٦٠: ١٠)و هەر بەم بۆنەوە «کوردێکی زۆر لە ناوچەو پارچە جیاکانی کوردستانەوە ڕویان لە ئەستەمبوڵ کردو پێناسەی عەشایەریو ناوچەیی خۆیان خستە لاوەو کەوتنە پشکنینی ئەتنیکیو گەڕان بە دوای بنچینەی نەتەوەییدا»...(ئەڵاکۆم،٢٠٠٥ : ٨).

بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرچاوی کورد لە ئەستەمبوڵو پەرەسەندنی گوتاری تازەگەریو زاڵ بوونی گوتاری شوناسخوازی، ئەم دۆخە کاریگەریو کارتێکەری کردە سەر کوردانی نیشتەجێی ئەو شارەو هەر لەم شارەشدا بوو کە یەکەم بەرەی مونەوەرلفیکریی کورد، واتە سەید عەبدولقادر، ئەمین عالی بەدرخان، ئەحمەد ڕامز، محەمەد شوکری، پیرەمێردو مەولانزادە ڕەفعەتو لە پێش هەمووشیانەوە حاجی قادر کۆیی سەری هەڵدا.

ئامادەبوونی حاجی لە ئەستەمبوڵ هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکەم بەرەی مونەوەرولفیکرانی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ (١٨٦٥)و هەروەها سەرهەڵدانی مونەوەرولفیکرانی کەمینەکانی نێو ئیمپراتۆریەتەکە لە ژێر کاریگەریی ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاواییی کە کاریگەری بەرچاویان هەبوو لە سەر گوتاری حاجی قادری کۆیی. حاجی قادر بەپێی پێویستیی کۆمەڵگەی کوردی کە کۆمەڵگەیەکی عەشرەتی، نەریتیو شپرزەو لەمانەش گرنگتر بێ دەسەڵاتو ناشارەزا بوو، زەرووڕەتی نەتەوەسازیو دەربازبوونی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی هەست پێکردو بۆ یەکەمجار، لە لایەن ئەوەوە پرسی نەتەوەسازی بەرجەستە کرا .

پاش حاجی هەوڵ بۆ نەتەوە سازی لە لایەن مونەوەرانی کوردی ئەستەمبوڵەوە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان (١٩١٢)، ڕۆژی کورد (١٩١٣)، هەتاوی

کورد (١٩١٣)، ژین (١٩١٨)و هەروەها دامەزرانی چەندین ڕێخراوەو ناوەندی وەك «جەمعییەتی تەعاونو تەرەقی» (١٩٠٨)، «تەعالی کوردستان» (١٩١٨)، «کۆمەڵەی هێڤی قوتابیانی کورد» (١٩١٢)و بە تایبەت «جەمعییەتی تەعالی کوردستان» (١٩٢٢-١٩١٨) درێژەی پێدرا.

سەرەڕای هەوڵی چەندین دەیەی مونەوەرانی کورد لە ئەستەمبوڵ لە ڕێگەی ڕۆژنامەو هەروەها دامەزراندنی چەندین ڕێخراوەی فیکریو سیاسی کە هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی قەومیو زاڵ بوونی گوتاری شوناس خوازیو گرنگتر لەوەی هاوکات بوو لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٨-١٩١٤) کە دەرفەت بۆ نەتەوەسازیو دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوە سازکرابوو، بەڵام هەوڵی مونەوەرانی کورد بۆ نەتەوەسازی بە ڕاگەیاندنی  کۆتایی خەلافەتو سەرکەوتنی کەمالیستەکان لە ساڵی(١٩٢١)و بە تایبەت ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیای نوێ لە ساڵی ( ١٩٢٣) کۆتایی پێهات.

بە کوتایی هاتنی خەونی نەتەوەسازی لە ئەستەمبوڵ، ولایەتی موسڵو بە تایبەت شاری سلێمانی بوو بە وێستگەی دووەمی هەوڵ بۆ نەتەوەسازی مونەوەرانو سیاسەتمەدارانی کورد، گەڕانەوەی مونەوەرانی سلێمانی نێشتەجێی ئەستەمبوڵ بۆ سلێمانیو شکستی عوسمانیو بڕیاری کۆبوونەوەی قاهرە لە ساڵی (١٩٢١) ئەو هیوایەی ژیاندەوە کە هێشتا دەرفەت بۆ نەتەوەسازی لە پێناو بوون بە دەوڵەت لە بەشێکی دیکەی کوردستان لە ئارادایە. کەواتە پاش کۆتایی هەوڵەکانی یەکەم ناوەندی مونەوەری کورد لە ئەستەمبوڵ، بە هۆی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتو بڕیاری زل هێزەکان بۆ دابەشکردنی عوسمانی، ڕێگە بۆ سەلماندنی نەتەوەبوونی کورد لە ولایەتی موسڵو ناوچە کوردنیشینەکانی موسڵ خۆشکرا بوو، سەرهەڵدانی شۆڕشی شیخ مەحموود، بڵاوکردنەوەی چەندین گۆڤاری وەك تێگەیشتنی ڕاستی (١٩١٨)، پێشکەوتن (١٩٢٠)، بانگی حەق (١٩٢٣)و هەروەها ڕێخراوەی ئیستقلالی کوردستان (١٩٢٠) لە پێناو ناساندنی کورد وەك نەتەوە بۆ دامەزرانی دەوڵەتی کوردی یان ئۆتۆنۆمیو سەلماندنی نەتەوەبوونی کورد دەکرێت وەك بەشێك لەم هەوڵانە تەماشا بکرێت.

هەوڵی ناوەندی  مونەوەرانو سیاسەتمەدارانی لیوای موسڵو بە واتاییەکی دروستتر ناوەندی سلێمانی  لە بڕیاری (٢٣) ئەپریل (١٩٢٣)ی ئینگلیز  کە لیوای سلێمانی  بە فەرمی وەك بەشێك لە عێراق ناساند، کۆتایی پێهات (ملك داول،١٣٨٣ : ٣٠١)و هەوڵی

دووەم وێستگەش بۆ نەتەوەسازی لە پێناو دامەزرانی دەوڵەتی کوردی  لە لایەن مونەوەرانو سیاسەتوانانەوە تووشی شکست بوو.

پێدەچێت جیا لە هەوڵی ئینگلیز، سێ هۆکار لە بەردەم پرۆژەی نەتەوەسازیو بەنەتەوەکردنی کورد لە سەردەستی مونەوەرانو سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمەی دوو ناوەندی ئەستەمبوڵو سلێمانی رۆڵی سەرەکییان هەبووە :

**١-١ ) یەکلانەبوونەوەی خودی مونەوەران و سیاسە تمەدارانی کورد :**

کورد لە ساڵی ١٩١٤ بۆ عوسمانی شەڕی کردو دروشمی سەربەخۆیی کورد، بەرەی سەرکەوتووی شەڕ  خستەیانە نێو زاری کوردانەوە.(لایان، ١٣٩٥: ٥٩)

زۆربەی مونەوەرانی کوردی نیشتەجێ ئەستەمبوڵ، هێشتا سۆزیان بۆ دەزگای خەلافەت هەبوو، خۆشیان وەك بەشێك لە دەزگای خەلافەت پێناسە دەکردو هەوڵی ئەوان لە پێناو چاکسازی بوو، نەك جیاسازیو نەتەوەسازی، بۆ نموونە رۆژنامەی «کوردستان» بەردەوام رووی لە خەلیفە بوو، کوردیشی بە جیا لە خەلیفەو خەلافەت پێناسە نەدەکردو تەنانەت رێخراوە کوردییەکان سەرەڕای هەندێ ئاماژە بۆ دامەزرانی دەسەڵاتی کوردی، ئەمانیش خۆیان یەك لا نەکردبووەو بە وتەی «ئەمیر کامران بەدرخان»: «زۆربەیان قاچێکیان لە لای عوسمانی بوو ئەوی دیکەیان لە نێو کوردستان، ئەوان بەس دەیانویست ببنە وەزیرو نەك شتی دیکە». (بزارسلان،١٣٩٨: ٢١٧)و تەنانەت لە دەستەی دامەزرێنەری رێخراوە تورکییەکانیش رۆڵی سەرەکییان هەبوو، لە هەقیقەتدا کوردبوون هێشتا  بۆ ئەوان وەك «پرس»ێکی لێ نەهاتبوو، تەنانەت بۆ زۆربەی کورد پرسی سەرەکی سەلماندنی موسەڵمانییەتیو یەکرێزیو پێوەندی لەگەڵ دەزگای خەلافەت بوو، لێرەوە رەنگە هەق بە «شەریف ماردینی» بێت کە لەو بڕوایەدا بوو کوردایەتی لە چوارچێوەیەکی مانایی  وەك «هاودڵی نەنووسراو» لە هەناوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا مانا دەکرا.(بزارسلان،١٣٩٨: ٢١١)

بە راگەیاندنی کۆتایی خەلافەتو دامەزرانی دەوڵەتی تورکیای نوێ لە سەر بنەمای نەتەوەی تورك، ئەو کاتە ئیتر ئەو پێوەندیە پچڕاو کورد هەستی بە جیاوازیو زەروەرتی سەلماندنی نەتەوەبوونی خۆی کرد کە ئیتر ئەو کاتە زۆردرەنگ بوو بۆیە بە ناچاری دەستی کرد بە خەباتی چەکداریو لەم ئاراستەیە، شۆڕشی کۆچگیری (١٩٢١)، راپەرینی شێخ سەعید (١٩٢٣)و هەروەها راپەڕینی بەیتی شەباب لە ساڵی (١٩٢٤)

دەکرێت لەم سونگەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت و لێرەوە دووبارە هەق بە «ئەمین زەکی» بوو کە پێوابوو «کەلیمەی جامعیەی عوسمانلی ئەعسابی قەومییەی هەموومانی تا دەرجەیەك خاوکردبووە». (زەکی بەگ،٢٠٠٦: ١)

## ١-٢): سەرقاڵ بوونی کاری سیاسی و گرنگی نەدان بە بواری مێژنووسی و فیکری:
## ‹کورد ئاگاداری میژووی خۆی نییە› (رۆژی کورد، ٢٠٠٥: ٤-١)

هەوڵی سەرەکی یەکەم مونەوەرانی کورد، نەتەوەسازی لە پێناو دامەزرانی یەکەم دەوڵەت-نەتەوەی کوردیو یان لانی کەم گەیشتن بە ئۆتونۆمی بوو، بۆ گەیشتن بەم ئاواتە، زۆرترین هەوڵی مونەوەرانی کوردی نیشتەجێ ئەستەمبوڵ لە بواری سیاسیدا بوو، لەم بوارەشدا بە هۆی ئەوەی مونەوەران هێشتا خۆیان یەك لا نەکردبووەو هەروەها لە بەر ئەوەی لە باتی کاری فەرهەنگیو فیکری زۆرتر سەرقاڵی کاری سیاسیو سیاسی کاری بوون دەرفەتیان بۆ تیوریزەکردنی پرسی نەتەوەسازیو بە واتاییەك بۆ سەلماندنی نەتەوە لە رێگەی مێژوونووسیو گوتاری مێژوونووسانە نەبوو، بۆیە قەت نەیانتوانی چینی شارنشین هاودەنگو هاورای خۆیان بکەنو بە واتاییەك جەماوەر راپەرێنن.

هەڵبەت لە بیر نەکرێت نەبوونی مێژوونوسیو گوتاری مێژوونوسانە لە لای یەکەم بەرەی مونەوەرانو سیاسەتمەدارانی کورد بە مانای کەڵك وەرنەگرتن لە مێژوو بۆ بەرهەمیهێنانی مانا نەبوو (بوز ارسلان،١٣٩٨: ٥١)، تەنانەت جار جاریش هەندێ ئاماژەیان بە گرنگی مێژوو ئەدا بۆ نموونە «عەبدوڵا جەودەت» لە ژمارەی یەکەمی رۆژنامەی «رۆژی کورد» لە (١٩١٣) بە وردی باس لە پێویستی مێژوو بۆ کوردو زیانی پەروایێز خستنی مێژوو لای کورد دەکاتو پێوایە: «ئەو نەتەوانەی بە باشی شارەزای مێژوو و داهاتووی خۆیان نین، ناتوانن ببنە خاوەن کیانی سەربەخۆو هەروەها ئەو نەتەوانەی هەست بەبوونی خۆیان ناکەنو دەبنە مۆڵکی کەسانی دیکە». (رۆژی کورد،٢٠٠٥: ٤-١)

بەڵام بە گشتی سەرەرای هەندێ ئاماژەی مونەوەرانو تەنانەت سیاسەتمەدارانی کوردی ئەو سەردەمە بە بایەخی مێژوو و کەڵك وەرگرتن لە سیمبوڵە مێژووییەکانو هاندانی خەڵکی کوردستان بۆ ئاگاداری لە رابردوو و گرنگیدان بە میژووی کوردستان، بەس بە بۆنەی ئەوە بوو کە مونەوەرانو سیاسەتمەداران خۆیان زۆرتر سەقاڵی کاری

سیاسی  کردبوو، بۆیەش دەرفەتیان بۆ بیرکردنەوە لە گوتاری مێژوونووسانە نەبوو. (بوز ارسلان ،١٣٩٨: ٥٢) بۆیە قەت نەیاتوانی لە مێژوو وەك ئایدیولۆژیای نەتەوەسازیو رێکخستنی خەڵکی کوردستان، کەڵکی پێویست وەربگرن.

## ١-٣ ) بنەمای تایفی و عەشیرەتی کۆمەڵگەی کوردی:

«نۆئل» دەڵێ: «کورد لەوە شپرزترو پەرشو بڵاوترە بتوانن لە ئایندەدا بگەنە رێکەوتن».(مك داول، ١٣٨٣: ٢٩٨)

بە گەڕانەوەی مونەوەرانی وەك «پیرمێرد»و «زەکی بەگ» بۆ کوردستانی «عێراق»و کاریگەری  کەش و هەوای فیکری ئەستەمبوڵو شکستی عوسمانی لە ساڵی (١٩١٨)و بۆشایی دەسەلاتی عوسمانیو هەروەها سەرهەڵدانی شێخ مەحموود، زەمینە بۆ نەتەوەسازی  هاتەئاراوەو بوونی  چەندین رۆژنامەو گۆڤاری وەك، بانگی کوردستان (١٩٢٢)، رۆژی کوردستان (١٩٢٢)، ئومیدی ئیستقلال( ١٩٢٣)و پێشکەوتنیش (١٩٢٠) ئەم دەرفەتەی بەهێز کردبوو، بەڵام لە بەر رێژەی بەرزی نەخویندەواری، کێشەی فەرهەنگیو بنەمای تایفیو عەشیرەتی کۆمەڵگەی کوردی ئەو دەرفەتەش ئەنجامی گونجاوی نەبوو، چونکە جیا لە دۆخی نەخوێندەواری  کۆمەڵگای کوردی «سۆزو هەستی یەکریزیو یەکییەتی زۆرتر بۆ تایفەو عەشیرەت بوو تا نەتەوەپەرەستیو نیشتمانپەروەری» (مك داول، ١٣٨٣: ٢٩٨ )، بە واتاییەکی دیکە بنەمای تایفیو عەشرەتی کۆمەڵگەی کوردی ئەو سەردەمە هۆکار بوو بۆ ئەوەی لە ساڵی (١٩٢٣) «ئەدمۆندز» لە راپورتێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوە ئینگلیز بنووسێت: «کێشەی کورد یەکێیتیو یەکدەنگی بۆ سەرۆکایەتی بوو ئەگەر زاخۆ، دهۆك، سلێمانی، کفریو خانەقین پێش ساڵی ١٩٢٣ یەکریز دەبوون نە بریتانیاو نە عێراقو نە هێچ وڵاتێکی دیکە نەیدەتوانی بەر بە سەربەخۆیی کورد بگرێت».(هاوس، ١٣٩٥: ٦٥)

بەم وەسفە دەکرێت بڵێین بنەمای تایفی کۆمەڵگەی کوردی، نەبوونی مونەوەرانو سیاسی کاری یەکەم بەرەی مونەوەرانی کورد، سێ بەربەستی سەرەکی بوون لە بەردەم هەوڵی نەتەوەسازی مونەوەرانی کوردا، بۆیە پاش سەرکەوتنی کەمالیستەکان لە تورکیاو واژووکردنی بڕیارنامەی لۆزان، هیوای نەتەوەسازی کۆتایی پێیهنراو لێرەوە پرسی نەتەوەسازی  لە دوو رەوتی شۆڕشی چەکداریو رەوتی مێژوونووسی ئیدامەی

پێدراو بە واتاییەك هەوڵی شکستخواردووی دەوڵەت نەتەوەیی کورد لە لایان مونەوەرانی کوردەوە لە بواری مێژوونووسی درێژەی پێدراو پێویست بوو ئیتر پرۆژەی بە نەتەوەبوون یان تەنانەت بە دەوڵەتبوونی کورد لە کتێبی مێژووییدا مسۆگەر بکرێت.( بوز ارسلان ،١٣٩٨: ٥٢)و هەر لەم ئاراستەیە نووسینی مێژووی «غونچەی بەهارستان» وەك سەرەتای گوتاری میژوونووسانەی کوردی لە سەر دەستی حوزنی موکریانی دەستی پێکرد.

## ٢ ) گوتاری مێژوونووسانە کوردی و ‹ غونچەی بەهارستان ›:

غونچەی بەهارستان لە ساڵی (١٩٢٥)و لە شاری « حەلەب» بڵاو کرایەوە . سەید حوسێن حوزنی حەسەنی یان حوزنی موکریانی نووسەری ئەم کتێبە لە ساڵی (١٨٩٣)و لە شاری مەهاباد لە دایك بوو (هەتاو، ١٩٥٤ : ١/١٣) لە سەردەمی منداڵی لای بابیو خاڵەکانی فێری خوێندنو نووسینی سەرەتایی دەبێتو پاش مەرگی باوکیو بە هۆی باری سەخڵەتی ژیانەوە لە تەمەنی دوانزە ساڵاندا ڕوو لە شارەکانی مەراغەو تەوریز دەکاتو لەوێوە دەچێت بۆ «یەریڤان»و دەبێت بە مامۆستای سەرماڵان، پاش ماوەیەك خاڵی دەچێت بە شوێنیدا بۆ ئەوەی بیگەڕێنتەوە بۆ مەهاباد بەڵام حوزنی ناگەڕێتەوەو پاش دوو ساڵ مانەوە لە یەریڤانی پایتەختی ئەرمەنستان روو لە تفلیّسی پایتەختی گورجیا دەکاتو پاش مانەوەیەکی کورت دەچێتە شاری بادکوبە.(هەتاو، ١٩٥٤: ١٧-١٦/ ٤)

حوزنی پاش مانەوەیەکی کورت لە بادکۆبەوە دەچێت بۆ ئەستەمبوڵو لەو شارە چوار ساڵ دەمینێتەوەو سەرقاڵی خوێندنی بەرهەمە مێژووییەکان دەبێتو لە رێگەی «مۆرچیتیو خۆشنووسی» ژیانی دابین دەکاتو هاوکات بە زمانی فارسی وتار بۆ دوو گۆڤاری «خاوەر» و «چیهرەنامە» دەنووسێت. (هەتاو، ١٩٥٤ : ٦/١٧)

حوزنی لە ئەستەمبوڵ شارەزای کاری رۆژنامەوانیو چاپخانە دەبێتو جیا لەوەش کەشو هەوای ئەو سەردەمەی ئەستەمبوڵ کاریگەری لە سەر بیرو هزرو روانینی دەبێتو پاش ماوەیەك ڕوودەکاتە شاری «حەلەب»و لە ساڵی (١٩١٢) هەوڵی کڕینی چاپخانەیەك لە ئاڵمان ئەداتو پاش سێ سال واتە لە ساڵی (١٩١٥) چاپخانەکە دەگاتە حەلەبو پێدەچێت ئەو کاتە حوزنی تەمەنی نزیکی (٣٣) ساڵ هەبێت. (زەنگەنە، ٢٠٠٢، ٢٥)

حوزنی لە شاری حەلەب یەکەمین بەرهەمی مێژوویی خۆی چاپ دەکاتو هەر ئەوە ساڵە واتە ساڵی (١٩٢٥) دێتە بەغداو ساڵی دواتر دەچێتە «ڕواندز»و ساڵی (١٩٣٢) ئیمتیازی رۆژنامە «زاری کرمانجی»و هەروەها لەساڵی (١٩٣٥) مۆڵەتی دووەم رۆژنامەی واتە رۆژنامەی «روناکی» لە هەولێر وەردەگرێتو پاش ماوەیەك بەهۆی دوژمنایەتی هەندێ کەسەوە دەگرێتەوە ڕواندزو لەو شارەش دوژمنایەتی بە بیانووی سەیر ژیانی بە تەواوەتی تاڵو پر لە ئازار دەکاتو بە ناچاری روو دەکاتە کەرکووك و هەولێرو دووبارە ڕواندزو تەنانەت لە ساڵی (١٩٤١) دەستبەسەر دەکرێت.(هەتاو، ١٩٥٥ : ١-١٩/٦)و دەرنجام بە ناچاری بۆ هەمیشە کوردستان بەجێ دەهێڵێتو روو لە بەغداد دەکاتو تا مەرگی لە ساڵی (١٩٤٧) لەوێ دەمێنیتەوە.(هەتاو، ١٩٥٥ :٨-٢٠/١)

حوزنی پاش نیشتەجێبوون لە کوردستانی عێراقو بە کاریگەری لە کەشو هەوای سیاسی ئەو سەردەمە گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە مێژوونووسی، ناوەندی وشیاری نەتەوەییەو لە رێگەی مێژوونووسیەوە دەکرێت بەربەستەکانی بە نەتەوەبوونی کورد بسڕێتەوە، بۆیە حوزنی سەرەڕای ژیانی تاڵو پڕ لە ئێشو ئازاری لە کاری مێژوونووسیو رۆژنامەوانی وەك دوو زەرورەتی سەرەکی نەتەوەسازی بەردەوام بوو.

حوزنی پرسی نەتەوەسازیو بە نەتەوەنیشاندانی کوردو گەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی بە وشیاری نەتەوەیی وەك ئەرك سەرەکی خۆی پێناسە کردبوو، بۆیە تا کاتی مردنی لە بەغداد سەرقاڵی ئەرکی رۆژنامەوانیو هێنانی دیاردەی مۆدێرنی وەك چاپخانەو وێنەگەریو لە سەرووی هەموویان مێژوونووسی بوو، هەقە ئەوەش بڵێین بە راستی ئەو پیاوە عاشقی کورد بوو بۆ کوردو لە پێناو کوردا بە داماوی سەری نایەوە. (مەزهەر،٢٠٠٢ : ١٨٩)

سۆزو عەشقی حوزنی بۆ کوردو هەروەها هەست بە زەرورەتی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردیو پاش شکستی پرۆژەی نەتەوەسازی مونەوەرانو سیاستەمەدارانی کوردی ئەستەموولو سلێمانی، حوزنی هاندا دەرفەتناسانە ئەم پرۆژەیە بگوازێتەوە بۆ بواری مێژوونووسیو بە نووسینی «غونچەی بەهارستان» گوتاری مێژوونووسانەی کوردی دەست پێبکات.

### ١-٢ ) غونچەی بەهارستان:

«تەئریخ حسیاتو نەجیبی ئینسان بڵند دەکات...ئینسان لە سەر ڕێگای تەرەقیو تەواوی بۆ مەنزڵی ئازادیو سەربەستی دەباتە پێشەوە».(حوزنی، ٢٠٠٧ : ٥٨)

غونچەی بەهارستان یەکەم کتێبی مێژووی کوردو کوردستانە کە بە زمانی کوردیو لە لایان حوزنی موکریانییەوە لەساڵی (١٩٢٥) بڵاوبووتەوە، غونچەی بەهارستان سەرەڕای هەندێ هەڵەی مێژوویی‌و گرفتی میتودی، کە تەرخان کراوە بۆ باسکردن لە مێژووی ڕەگەز، زمان، شارستانییەتو سەلماندنی کۆن بوونو میژوویی بوونی کورد، سەرەتای مێژوونووسی نەتەوە تەوەرو دابڕانە لە نەریتی پێشووی مێژوونووسی کە لە ڕاستیدا هەمان ڕووداونووسی‌و ستایشی بنەماڵە دەسەڵاتدارو میرەکانی کوردستان بوو کە بە زمانی فارسی نووسراوبوون. لە غونچەی بەهارستان مێژوو جیا لەوەی هونەرێکی «زۆر شەریفە» تەنیا «حیکایەتکردنو سەرگوزشتەو چیرۆك» نیە بەڵکو مێژوو لە ئەساسدا «خۆناسی‌و ئەویترناسی»یە. (موکریانی، ٢٠٠٧: ٥٧)و بە واتایەك ناوەندی شوناس سازی‌و پێناسەکردنی شوناسی نەتەوەییە.

بە پێچەوانەی سونەتی پێشووی مێژوونووسی واتە شەرعییەت بەخشینو ستایشی میرەکوردەکانو هەروەها گێڕانەوەی ڕووداوی سیاسی، کوردو شوناسی کوردی‌و ژیانەوەی رابردوو لە پێناو نەتەوەسازی دەبێتە ناوەندی سەرەکی غونچەی بەهارستان.

بەم وەسفە دەکرێت بڵێین بە ناوەندکردنی کوردو کوردستانو پەردەهەڵدانەوە لە رابردووی کوردستان بە مەبەستی بەمەزنو کۆنارا نیشاندانی کوردو نیشتمانی کوردان بۆ یەکەمجار لە غونچەی بەهارستانی حوزنی موکریانییەوە دێتە نێو ناوەندی گوتاری مێژوونووسی کوردی‌و دەبێتە سەرەتای دەسپێکردنی گوتاری میژوونووسانەی کوردی‌و بەم بۆنەوە دەکرێت غونچەی بەهارستان وەك سەرەتای گوتاری مێژوونووسانەی کوردی پێناسە بکرێت کە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم گوتارە دەکرێت.

### ١-٣ ) بە ئایینی کردنی خۆشەویستی نیشتمان:

لە گوتاری مێژوونووسانە کە نەتەوە-ناوەندە، گشتگیرکردنی پرسی نیشتمانو سۆزو خوشەویستی بۆ نیشتمان وەك سەرەتای نەتەوەسازی پێناسە دەکرێتو حوزنی لە غونچەی بەهارستان وەك بەرهەمێکی مێژوویی نەتەوە-تەوەر هەوڵ ئەدات مانای نیشتمانو وەتەن لە زێدەوە بگۆڕێت بۆ یانەی هاوبەشی هەموو کوردانو بە واتایەك

کوردستان ببێتە نیشتمانی هەموو کوردانو گرنگ تر لەوەی بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتیو ئایینی بە هێنانی حەدیسی «حب الوطن من الایمان» جیا لە بەخشینی شەرعییەت بە خۆشەویستی نیشتمانو بە پیرۆزکردنی، پێش بە بەرهەڵستی پیاوانی ئایینی لایەنگری گوتاری ئوممەتی ئیسلامیو هەروەها دەزگای خەلافەت دەگرێتو خۆشەویستی نیشتمان وەك ئەرکی ئایینی پێناسەدەکاتو لەمبارەوە دەنووسێت: «لازمە لە سەر هەموو میللەتی کوردو واجیبەو شەرتی ئیمانیانە مەحەبەتی کوردستانیان هەبیّو خۆشیان بویّو بزانێت (خاكو خۆڵو رەگی میللەتو شارو دێهاتو سنووری وەتەنی، تەئریخ) شەرتی باوەڕیی: هەموو رۆژێك چەند جاران دووبارە باوەڕی تازە بکاتەوە تاکوو ئیمانو دینی نەکەوێتە تەهلووکەوەو ئیمانو ئایینی ڕوو لە شکستەیی نەکا».(موکریانی، ٢٠٠٧: ٥٣)

لە گوتاری نیشتمان ناوەندی حوزنی بە یارمەتی حەدیسی «حب الوطن من الایمان» روانگەیەکی نویّ بۆ نیشتمانی کورد واتە کوردستان پێناسە دەکاتو لەو بڕوایەدایە بیر نەکردنەوە لە نیشتمان دەبێتە هۆی ئەوەی دینو ئایین بکەوێتە مەترسیەوەو ئەمە سەرەتای ڕوانگەیەکی نوێیە بۆ نیشتمان کە بە غونچەی بەهارستانەوە دەست پێدەکات کە لە بنچینەدا پیرۆزی بە نیشتمان دەبەخشرێتو نیشتمانپەروەریی وەك مەرجی ئیمان پێناسە دەکرێت.

### ٢-٣) یادکردنەوە و یادسرینەوە:

«کورد پیاوی وەك ڕۆستەم داستانو داراو بەهمەنو جاماسبو زەردشتیان پێگەیاند تا قیامەت لە تایفی دەهر مەدحیان دەکا.(موکریانی، ٢٠٠٧: ٥٤)

لە مێژوونووسی نەتەوە تەوەرو هەروەها مێژوونووسی ناسیۆنالیستی لە پێناو بەهێز کردنی وشیاری نەتەوەییو هاندانو ڕێکخستنی خەڵك بۆ یەکگرتنو یەکریزی، بەردەوام یاد لە سیمبوڵە نەتەوەییەکان دەکرێتەوەو تەنانەت بەردەوام سیمبوڵ سازی دەکرێتو هەروەها یادی هەندیّ سیمبۆلی هاوبەشو ئایینی پەراوێز دەخرێت، بەواتاییەکی دیکە تووشی یادسڕینەوە دەکرێت.

حوزنی موکریانی لە غونچەی بەهارستان دەست بە یادسرینەوەی سیمبوڵە ئاینییەکان دەکاتو پەراوێزیان دەخاتو بە پێچەوانە نەریتی پێشووی مێژوونووسی کە

فەزلوونو دەیسەمو سەلاحەدینی ئەیووبیو نادرو کەریم خانی زەند لە سەلاتینان هێنا وجوود.(موکریانی، ٢٠٠٧: ٩٥-٧٥)

لێرەوە یادسڕینەوەی کەسایەتیو ئیماژە ئاینییەکانو یادکردنەوەی کەسایەتیو ئیماژە کوردییەکان لەپێناو نەتەوەسازی دەبێت بە بەشێك لەگوتاری غونچەی بەهارستانو بە گشتی ڕەوتی مێژوونووسی حوزنی موکریانی.

**٣-٣) بە ئەزلی زانین و کۆنینەسازی میللەتی کورد:**

"کورد لە چەند دە هەزار ساڵانەوە تا ئیستا هەر کوردنو خۆیان بە کورد دەزانن وە لە عاداتو ژیانی قەومیەتیان دەرنەچوون". (موکریانی، ٢٠٠٧: ٦٢)

بە زاڵبوونی پرسی ناسیۆنالیزمو دیاردەی دەوڵەت-نەتەوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو بە تایبەت سەرەتای سەدەی بیستەم لە کوردستان، مانای «میللەت» وەك چەمکی ئایینیو نەریتیو بە مانای شوێنکەوتووانی ئاین بە کاریگەری لە گوتاری ڕۆژئاوایی بۆ مانایەکی نائایینیو بەربڵاوتر لە پێناو نەتەوەسازیدا بۆ مانای (nation) دەگۆڕێت.

لەگوتاری حوزنی موکریانیش وەك حاجی قادری کۆییو مونەوەرانو سیاسەتەمەدارانی کوردی ئەستەمبوڵ، جیا لەوەی چەمکی «میللەت» مانای نوێو نائایینی بەخۆوە دەگرێتو میللەت وەك نەتەوە (nation) پێناسە دەکات بەڵکوو کورد وەك میللەتێکی ئەزلی پێناسە دەکرێت.

لە گوتاری حوزنی میللەت دیاردەیەکی ئەزلییەو شتێکی نوێ نیەو بە واتاییەك لەو گوتارە میللەتی کورد تازە دروستکراوو ساختەکراو نییە، بەڵکو لە ئەزلەوە هەر بووەو کۆنو دێرینی بوونی کورد وەك میللەت شتێکی تازە نییەو تەنانەت لای حوزنی کاتێ «بەشەر بە تەوەحش لە کوێستانانو سەحرایاندا دەژیانو بە تاڵانو کوشتاری یەکو لە حاڵ بەدەوییاندا ڕایان دەبوارد، کورد بە جووتو چاندنو دانیشتن لە دێهاتدا بە سەریان دەبردو ڕوو لە بڵندیو پێشکەوتن عادەتیان گرتبووە».(موکریانی، ٢٠٠٧: ٥٤)

حوزنی پێوایە لە کۆنەوە تا ئیستە کورد هەر وەك میللەت بوونی بووەو تەنانەت «پێش لە عەرەباندا بە چەندین هەزار ساڵان لە تەمەددونێکی تەواودا بوون» (موکریانی، ٢٠٠٧: ٦١)

کەواتە بە میللەت بوونی کورد  لە گوتاری حوزنی شتێکی  ساختەکراو و بەرهەمی بیری مۆدێرن نییە، بەڵکو کورد لە سەرەتاوە تا ئیستە هەر میللەت بووەو ئەم روانگەیە بۆ یەکەمجار لە غونچەی بەهارستان دەنگدەداتەوە.

## ٤-٣ ) رابردووسازی و ستایشی کوردستانی کۆنارا :

« کورد حوکمداران‌و کۆمەئابادو جەمشیدو کەیانی‌و ساسانییان لە پێش ئیسلام پێگەیاندووە.(موکریانی، ٢٠٠٧: ٥٤)

حوزنی لە سەر شێوازی مێژوونووسانی نەتەوەتەوەری ئەو سەردەمەو لە پێناو نەتەوەسازیدا بیر لە ئایدیولۆژیای نەتەوەسازی دەکاتەوەو لەم پێناوەدا دەست بە «رابردووسازی»و بە واتاییەك ساختەکردنی هەندێ سیمبۆلی کوردی‌و ستایشی کوردستانی کۆناراو تا رادەیەك ساختەکراو دەکات.

دیارە هەست کردن بە مێژوویبوون، سەرەتای هەست  بە نەتەوەبوونەو  بە واتاییەك هەنگاوی سەرەکییە لە پێناو بەنەتەوەکردن‌و هەر لەم پێناوەدا حوزنی بۆ نیشاندان‌و سەلماندنی مێژوویی بوونی کورد، هەنگاوی سەرەکی هەڵدەگرێت.

لە گوتاری غونچەی بەهارستان، کورد خاوەن یەکەم شارستەنییەت، دامەزرێنەری یەکەم سیستەمی پاشاییەتی، ئازاترین قەوم، سەرچاوەی رەگەزی عیلام، فارس، بلووچ، ئەفغان‌و ئەرمەن‌و هەروەها کۆنترین قەومی دونیا پێناسە دەکرێت (موکریانی، ٢٠٠٧: ٨-٦٢) تەنانەت کورش دامەزرێنەری هەخامەنشییەکان وەك کورد نیشان دەدرێت «میللەتی کورش کە پایتەختیان کەرکووش ( کەرکووك) بوو تایفەی کوردن‌و تەقالیدو عادات‌و ڕەوشتیان بۆ ئەوە شاهیدە. (موکریانی، ٢٠٠٧: ٥-٧٤)و گرنگتر لەوەش لە رابردووسازی دەگاتە ئەو جێگەیە کە حوزنی دەنووسێت، لە سەرەتاوە تا هاتنی ئیسلام کورد هەر سەربەخۆ بووە «موئەریخانی رابردوو ئیپسات بوونی کەلیمەی کوردو میللەتی کوردو زوبان‌و کوردستان‌و حکوومەت‌و ئیستیقلالی کوردستان‌و ئیدارەو حوکمڕانیان بە هەموو جۆرێك دەکەن.(موکریانی، ٢٠٠٧: ٦٨)

پاش رابردووسازی، ستایشی کوردستانی کۆنارا کە  بە لای حوزنییەوە سەربەخۆ بووە. (موکریانی، ٢٠٠٧: ٧١)و هەروەها خەڵکی کە خاوەنی باشترین ژیان‌و رەوشت‌و

بەختەوەریی بووە، دەبێتە بەشێك لە گوتاری غونچەی بەهارستانو لەم پێوەندییەدا بۆ دۆزینەوەی هۆکاری دواکەوتوویی ئیستەی کۆمەڵگەی کوردی روو لە تورکو عەرەب دەکاتو وەك هۆکاری سەرەکی دارمانی سیاسیو ئەخلاقیو بە گشتی دواکەوتوویی ئیستەی کۆمەڵگەی کوردی پێناسەیان دەکات.

## ٥-٣) تورك دژی و عەرەب دژی و کورد پارێزی:

«..کورد ئەوەڵ کەسێکن قانوونو ئایینو قاعیدەیەکیان هێنابووە گۆڕێ. لەنێو تەواوی بەشەردا چاکترینی تەواو ئەدیانو ئاییئیان بۆ عەدلو بەدادترینی هەموو قانوونێکی ئینسان قەبوولی کردبوو و نزیکترینی عەقڵو ئینسافو تەبیعەت بوو کە خێڵو گەلو قەبایلی دیکە بەکاریان هێنابوو». (موکریانی، ٢٠٠٧: ٥٤)

حوزنی دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کورد وەك نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو و کۆناراو ئەزلی خاوەن شارستانییەتو ئازا بووە «تەئریخ بۆ ئەو گەواهیو شاهیدە میللەتی کوردی نەجیبو ڕەشیدو سەخیو زەکی، ئازاترینی ئەقوامی ئارییەو...زەویو ئەرازییان لانکی تەمەدوونو پێشکەوتنو بڵندییە بۆ قەباییلی دیکە». (موکریانی، ٢٠٠٧: ٥٤)و ئەگەرچی ئیستە دواکەتووە، دواکەوتوویی بەرهەمی هێرشی تورکو عەرەبو تەنانەت فەرهەنگی عەرەبەو لەمبارەوە دەنووسێت:« بێ موبالەغە تورك بە غەیرەز فەسادو تاڵانگەریو بەد ئەخلاقیو تەوەحوشو جەهلو بێ ئیدراکیان فێری کوردان نەکرد». (موکریانی، ٢٠٠٧: ٩١)

هەر لەمبارەوە ڕای وایە هەرچی شتی خراپە کەوا ئیستە لە نێو کورددا باوە بەرهەمی هاتنی عەرەبە. «کورد هەم دینو هەم تەقلیدو هەم خورافاتو ئەفسانەی جاهیلانی عەرەبیان بە تەواوی قبووڵ کردو لەو ئەفسانەو خرافاتانەدا ئیشتیهادیان کرد تەوسیعیان نیشان دا. بەڵکە بە بێ ترس دەڵێم عولەماو مەشایخی کوردان فەننانی ئەفسانەو درۆی خرافاتی نەزانانی عەرەبنو لە سەر ئوسولی نەسڵی ئەو درۆو ئەفسانە کتێبو حاشیەو تەئلیفاتکراوە..لاکین هەر وەکو بەحس کرا تا زەمانی دەرکەوتنی ئیسلام، کورد بە موستەقیل لە بن ئاڵای پادشای خۆیاندا دەژیان». (موکریانی، ٢٠٠٧: ٩٤)

بە ڕای حوزنی کاریگەری کلتووری عەرەب بۆتە هۆی پەرتەوازەیی کوردو لەمبارەوە دەنووسیت: «مولاحزە دەکرێت لە ئەوەڵ دەرکەوتنی ئیسلامەوە تا ئەمرۆ. عەلەماو

مونەوەروانی کوردستان بە بوغزو نیفاقو شیقاق وێرانی کوردستان دەکۆشن. وەتەنیان لە زوبانو عاداتو تەبایعو ژیانو ئاوەدانیو میللەتو قەومیییەتیان مەحرووم کردنو خستیانە ژێر لینگی ئەعداوەو لە ئەحوالو تەئریخی خۆیانو ئەجدادیان بێ خەبەرکردن. تەئلیفاتو نووسینو خدمەتانیان بە زوبان عاداتی غەیری خۆیان دەست پێکرد. بوونو ژیانو هەستی ئازادییان کردە فیدای هێندێك ئەشیای ناچیزەو مەوهومو خەیاڵی وەتەنو میللەتیان لە دەست دەرخست». (موکریانی، ٢٠٠٧: ٥٥)، هەروەها پیاوانی ئایینی کە زۆرتر خەمی ئایینو خەلافتیان هەبووە لای حوزنی هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردین «چوونکە ئەوان رۆژێك بۆ تەرەقیو پێشکەوتنو ئاوەدانیو ژیانو زانینی کوردەواری موتەفەکیر نەبوونو نەیانخستە بیرەوە». (موکریانی، ٢٠٠٧: ٩٠)

تورك دژیو عەرەب دژی وەك بەشێك لە گوتاری غونچەی بەهارستان لە پێناو دوو ئامانجو مەبەستی سەرەکی دایە یەکەم جیاکردنەوە کورد لە تورکو عەرەبو تەنانەت فارس «کورد هەر کوردە، نە نیسبەتی لە عەرەبو نە لە تورکو غەیرە دەدرێت. کورد لە چەند دەهەزار ساڵانەوە تا ئیستا هەر کوردنو خۆیان بە کورد دەزانن». (موکریانی، ٢٠٠٧: ٦٢)، دووەم خستنە ئەستووی هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی لە سەر شانی تورکو عەرەبو هەروەها هاندانی کورد بۆ گەڕانەوە بۆ رابردوو و رێزگرتن لە شوناسی نەتەوەیی خۆیانو لەم پێناوەدا واتە لە رێگەی گوتاری مێژوونووسانە دەیەوێت کورد وەك نەتەوەیەکی ئەزلیو جیاواز پێناسە بکاتو کۆمەڵگەی کوردی بۆ خۆشەویستی نیشتمانو هەستی نەتەوەیی هان بدات.

## ئەنجام:

غونچەی بەهارستان، یەکەم مێژووی کوردو کوردستانە کە بە زمانی کوردیو لە لایەن حوزنی موکریانییەوە لە ساڵی (١٩٢٥)و بە کاریگەری لە گوتاری نەوەی یەکەمی مونەوەرانی کوردی نیشتەجێ ئەستەمبوڵو شکستی هەوڵی نەتەوەسازی مونەوەرانو سیاسەتمەدارانی کوردی ئەو سەردەمە نووسراوە.

لە ڕوانگەی حوزنی موکریانییەوە، مێژوو تەنیا «حیکایەتو چیرۆك» نییە بەڵکوو «خۆناسیو ئەویترناسی»یە کە مرۆڤ «بۆ مەنزڵی ئازادیو سەربەستی» هان ئەدات (حوزنی، ٢٠٠٧ : ٥٨ )و بە واتایەك مێژوونووسی، ناوەندی خۆناسیو ئەویتر ناسیو رێگەی

گەیشتن بە ئازادیو سەربەستی کۆمەڵگەی کوردییەو غونچەی بەهارستانیش بەم ئامانجە نووسراوە.

غونچەی بەهارستان، سەرەتای دابڕانە لەو نەریتە مێژووییە کە مێژوونووسی بریتی بوو لە ناوچەگەرایی، ستایشو شەرعییەت بەخشی بە دەسەڵاتی سیاسی میرانی کوردو هەروەها نووسینەوەی ڕووداوی سیاسی بەزمانی فارسیو عەرەبیو پەراوێزخستنی خەڵكو رابردووی کوردستان.

غونچەی بەهارستان سەرەڕای هەندێ هەڵەی مێژووییو گرفتی میتودی، لە ڕێگەی بەناوەندکردنی کوردستانو هەروەها بە مەزنو کۆنارا نیشاندانی کوردو نیشتمانی کوردان، دەبێتە خاوەن گوتارێکی نوێ لە ڕەوتی مێژوونووسی کوردی.

بە ئایینی کردنی خۆشەویستی نیشتمان، رابردووسازی، عەرەب دژیو تورك دژی، ستایشی کوردستانی کۆناراو روانینی ئەزەلی بۆ کورد وەك نەتەوە، لە ریزی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی گوتاری «غونچەی بەهارستان»ی حوزنی موکریانییە کە دەکرێت وەك سەرەتای گوتاری مێژوونووسانەی کوردیو بە واتاییەك مێژوونووسی نەتەوە تەوەری کوردی پێناسە بکرێت.

## سەرچاوەکان:

### کوردی:


-ئەڵاکۆم، روهات (٢٠٠٥) کوردەکانی ئەستەمبۆڵی کۆن. وەرگێرانی ئەحمەد تاقانە، هەولێر، موکریانی.

-بدلیسی، شەرەفخان (٢٠٠٦) شەرەفنامە، وەرگێڕانی هەژار، هەولێر. ئاراس.

-بدلیسی، شەرەفخان (٢٠٠٧) شەرەفنامە، شەرەفخانی بدلیسی. مێژووی میرانی خانەدانی عوسمانیو پادشایانی ئێرانو توورانی هاوچەرخیان، بەرگی دووەم، وەرگێڕاوی سەلاحەدین ئاشتی، سلێمانی. ژین.

-حاجی قادر کۆیی (١٣٩٠) دیوانی حاجی قادر کۆیی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حەمید میرانو کەریم موستەفا شارەزا، لە سەر نووسینێکی نوێ بە پێی بۆچوونەکانی موحەمەدی مەلا کەریم، سنە، کوردستان.
-حوزنی موکریانی (٢٠٠٧) سەرجەم بەرهەمەکانی حوسێن حوزنی، بەرگی یەکەم، بە سەرپەرشتی کوردستان موکریانی، هەولێر، ئاراس.
-مەزهەر،کەمال (٢٠٠٢) حوزنی موکریانی ڕۆژنامەنووسو زاراوە مێژووییەکان، ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٩) ساڵی سێ یەم، هەولێر، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.
زەکی بەگ، ئەمین (٢٠٠٦) خولاسەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، سلێمانی، بنکەی ژین.
زەنگەنە، عەبدوڵڵا، (٢٠٠٢) ماڵی کوردی تاڵان بردی. ڕۆژنامەڤانی، ژمارە(٩) ساڵی سێ یەم، هەولێر، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

**ڕۆژنامەکان:**
-ڕۆژی کورد، (ئەستەمبوڵ ١٩١٣) ئامادەکردنو لێکۆڵینەوە: عەبدوڵا زەنگەنە، پێشەکی ئیسماعیل شوکور، سلێمانی، بنکەی ژین..٢٠٠٥
-ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٩) ساڵی سێ یەم، هەولێر، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.٢٠٠٢.
-کوردستان، (١٨٩٨-١٩٠٢) یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، کۆکردنەوەو پێشەکی، د.کەماڵ فوئاد، هەولێر. بنکەی ئەدەبییو ڕوناکبیریی گەلاوێژ.٢٠٠٠.
-هەتاو ( ١٩٥٤-١٩٦٠ ) بەرگی یەکەم سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح، عەبدوڵڵا زەنگەنە، پێشەکیو لێکۆڵینەوە د.کوردستان موکریانی، هەولێر. بنکەی ژینو چاپخانەی باز،٢٠١٠.

**فارسی:**
-انتخابی، نادر (١٣٩٠) ناسیونالیسمو تجدد در ایرانو ترکیه، تهران، نگارە أفتاب.
-انتخابی، نادر ( ١٣٩٢ ) دینو دولتو تجدد در ترکیە، تهران، هرمس.

-بزارسلان، حمید(١٣٩٨) گفتارهای در خاستگاه ناسیونالیسم کرد، عباس ولی، بزارسلانو..ترجمەی کراد روحی، تهران، چشمه.
-پورگشتال، هامر(١٣٦٧) تاریخ امپراتوری عثماني، ترجمه میرزا زکی، تهران.
-زرین جی شاو، استانفور (١٣٧٠) تاریخ امپراتوری عثمانيو ترکیه جدید.مشهد. استان قدس رچوی.
-رئیس نیا. رحیم (١٣٦٨) ایرانو عثماني، تبریز. ستوده.
-فرامکین، دیوید (١٣٩٦) صلحی که همه صلح ها را برباد داد، ترجمه حسن افشار، تهران، ماهی.
-فیلد هاوس، دیوید(١٣٧٠) لایان، والاس، کردها. عرب هاو انگلیسی ها، ترجمەی حسن افشار. تهران. مرکز.
-لایان، والاس(١٣٧٠) کردها. عرب ها و انگلیسی ها، پیشگفتار فیلد هاوس، دیوید ترجمەی حسن افشار. تهران. مرکز.
مك داول، دیوید (١٣٨٣) تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران، پانیژ.

**ئینگلیزی:**

-A.M.Hamilton(1937),**road through Kurdistan.** The narrative of an Engineer in Iraq, London,
Mardin(2000) **The Genesis of yong ottoman Thougt.**New York: -

Syracuse University press.

# هێگل ... مامۆستای "گیمنازیۆم-ئامادەیی"





ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

(١)

کاتێك ئێمە لێرە لەنێو ئەم توێژینەوەیەمان لەبارەی هێگل، بیر لەسەردەمو قۆناغی مامۆستایەتی نێو ژیانی هێگل دەکەینەوە، مەبەستمان قۆناغی مامۆستایەتی سەردەمی زانکۆ نییە، بەڵکو باسی قۆناغێکی زووتری نێو ژیانی هێگل دەکەین، ئەویش قۆناغی مامۆستایەتیە لەنێو قوتابخانەی ئامادەییدا، کاتێك هێگل مامۆستای ئامادەیی بووە، بیری لەچی کردۆتەوە؟ چۆن وانەی گوتوەتەوە؟ چۆن تەماشای پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەی ئامادەیی سەردەمی خۆی کردووە؟ چی لەبارەی پیداگۆجیاو پەروەردەوە دەڵێت؟ دەیەوێت قوتابییەکانی خۆی فێری چی بکات؟ یا پێشنیاری چ بابەتێکی فیکریو فەلسەفی دەکات بۆ ئەوەی بخرێتە نێو پرۆگرامی خوێندن؟ ئەم پرسیارانەو دەیەها پرسیاری تر بە خەیاڵی ئێمەو خوێنەراندا دێت، چونکە هێگل هەر

تەنیا مامۆستایەکی ئاسایی، بیریارێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو یەکێکە لە گەورەترین بیریارو فەلسەفەکاران لەسەر ئاستی جیهاندا.

(٢)

دوای ئەوەی هێگل خوێندنی خۆی تەواو دەکات، بۆ یەکەمجار وەکو مامۆستایەکی تایبەت لەلای بنەماڵەی فۆن شتایگەر لە بێرن، لە نێوان ساڵانی (١٧٩٣ ــ ١٧٩٦) دەست بەکار دەکات. دواتر کاتێك دەچێتە فرانکفۆرت، لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٧٩٧-١٨٠١) دەچێتە لای بنەماڵەیەکی تر بەناوی یۆهان گۆگۆلو لەوێش هەر وەکو مامۆستایەکی تایبەت وانە بەم بنەماڵەیە دەڵێتەوە. لەساڵی (١٨٠٨) دەبێتە مامۆستاو بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی پاشایەتی باڤاریا لە نۆرنبێرگ، وانە بە سێ پۆلی کۆتایی ئەم ئامادەییە دەڵێتەوە[1] تاوەکو لە ساڵی (١٨١٦) دەبێتە مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی هایدلبێرگ.

ئەوەی لێرە لەنێو ئەم توێژینەوەیەدا جێگای بایەخی ئێمەیە، تەنیا ئەو چەند ساڵە کەمەی ژیانی هێگلە وەکو مامۆستاو بەڕێوەبەر لە قوتابخانەی ئامادەیی- گیمنازیۆم Gymnasium- نۆرمبێرگ. هێگل لە سایەی هاوڕێیەتی لەگەڵ نایتهامیر کە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بوو لە میونشن، ئەم پۆستەی وەرگرت، بۆیە دەبینین هێگل لەساڵی (١٨١٢)دا، ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەل بۆ ئەم پیاوە لەبارەی شێوازو فۆرمو بابەتەکانی خوێندنی وانەی فەلسەفە لەنێو گیمنازیۆمدا دەنووسێت. بۆیە زیاتر جەخت لەسەر ئەم قۆناغەی ژیانو بیرکردنەوەی هێگل دەکەین، بەتایبەتیش ئیش لە بارەی پرسی خوێندنی دواناوەندی دەکەین لە ڕوانگەی هێگلەوە.

(٣)

ئەگەر بمانەوێت بۆ چرکەیەك وێنای کەسایەتی هێگلی مامۆستای ئامادەیی بکەین، کاتێك لەنێو پۆلدا سەرقاڵی کاری خۆیەتی، دەتوانین بیر لەم وێنەیە بکەینەوە"جار جارە، هێگل ئەو قوتابییە، یا ئەویتریان بانگ دەکاتو داوای لێدەکات ئەو شتانەی بۆ بخوێنێتەوە کە بۆیانی نووسیوەتەوە، لەلایەك بۆ ئەوەی لەکاتی وانەکەدا خەیاڵیان دوور نەڕوات، لەلایەکی تریش بۆ ئەوەی چاودێری ئەو شتانە بکات کە قوتابییەکانی نووسیویانەتەوە، ماوە ماوە داوای سەرلەنوێ نووسینەوەی ئەو خاڵانە دەکاتەوە.

لەسەرەتای هەموو وانەیەکیش، داوا لە یەکێك لە قوتابییەکانی دەکات بەکورتی وانەی ڕابردووی بۆ بخاتەوە ڕوو". [٢]

بیرکردنەوە لە دیمەنێکی لەم شێوەیە، خەیاڵمان بۆ ئەوە دەبات بیر لەوە بکەینەوە هێگل چ وانەیەکی بەو قوتابییانەی خۆی گوتۆتەوە؟ ئەوان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ مامۆستایەك کردووە، کە دواتر دەبێتە یەکێك لە گەورەترین فەلسەفەکارانی جیهان؟ ڕەفتاری لەناو پۆل چۆن بووە؟ ئەو کاتانەی سەرقاڵی وانەگوتنەوە بووە، بیری لەچی کردۆتەوە؟ ئایا لە ڕەوشی خۆی لەنێو گەنجانی ئامادەیی ڕازی بووە؟ یا بە ناچاری لەبەر بێ پارەیی‌و بێ ئیشی ئەم کارەی قبووڵکردووە؟ چونکە هێگل بەدوای ئەوە نەبوو ببێتە مامۆستای گیمنازیۆم، بەڵکو بەدوای ئەوە بوو ببێتە مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆ.

بیرکردنەوە لەم پرسیارو دیمەنانە ئەوەندەی سەنجڕاکێش‌و خەیاڵاوین، ئەوەندەش کارێکی ئەستەم‌و دەگمەنە، چونکە وەکو هێگل ئاماژەی پێدەدا، هەر کەسێك منداڵ‌و نەوەی سەردەمی خۆیەتی، ئێمە لەم سەردەمەی خۆماندا، ئەستەمە بتوانین وێنەیەکی ورد لە بارەی ئەو سەردەمە تێپەڕو ڕابردووەی هێگل بکێشین.

(٤)

لە میانەی تێڕامانمان لەو دەقە پیداگۆجییانەی کە هێگل لەکاتی وتارەکانی لەبارەی ڕەوشی خوێندن و پەروەردە لەنێو قوتابخانەی ئامادەیی ئاماژەی بۆ کردوون، دەبینین ئەو دەقانەی هێگل وەکو دەقی فەلسەفی‌و فیکری قووڵ نەیدەنووسین، بەڵکو وەکو ئەرکێکی سەرشانی، وەکو مامۆستایەکی ئامادەیی نووسیونی کە دەبێت ڕاپۆرتی ساڵانەی پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی یا لیژنەی سەرپەشتیاری خوێندنی وانەی فەلسەفە لە وەزارەتی پەروەردە بکات. ئەم دەقانە کە بەشێکی کەمیان لەنێو ئەرشیفی پەروەردەیی، یا لەنێو ئەرشیفی خۆیدا ماونەتەوە، بریتین لەچەند ڕاپۆرتێکی ئەدەبی‌و دارایی، ڕاپۆرت لەبارەی باسکردنی دامەزراوەکەو کێشەو کەم‌و کوورییەکانی کە دەبووایە بە شێوەیەکی ساڵانە پێشکەشیان بکات. لەپاڵ ئەو ڕاپۆرتانە، هەندێك ڕاپۆرتی تریش هەن هاوشان، یا دواتر پێشکەشی کردوون‌و تایبەت بوون بەشارەزایی‌و ڕاوێژی خۆی‌و بە ڕوانگەو ڕوانینی‌و ئەنجامی تێگەیشتن‌و شارەزایی خۆی بوون، بەرزی کردوونەتەوە بۆ دەسەڵاتدارانی فێرکردن، لەبارەی خوێندنی وانەی فەلسەفە لە قۆناغی ئامادەیی، لەنێوان ساڵانی (١٨٠٨-١٨١٦). ئەگەر ڕاپۆرتی یەکەمی ساڵانە کارێکی ناچاری بوو

بێت بۆ هێگل، بەڵام ڕاپۆرتی دووەم کارێکی خۆبەخشانە بوو، ئەنجامی هەستکردنی هێگل بوو بە بەرپرسیارێتی لە ئاست سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لە قۆناغی گیمنازیۆمدا.

(٥)

ئێمە لەنێو ئەم توێژینەوەیەمان، بە تایبەتی ئیش لەسەر ئەو سێ ڕاپۆرتە دەکەین کە هێگل لەبارەی خوێندنی وانەی فەلسەفە نووسیویەتیو بەرزی کردۆتەوە بۆ دەسەڵاتدارانو ئەو مێژووانەی خوارەوەی بەسەرەوەیە (١٨١٢/١٠/٢٣)، (١٨١٦/٨/٢)، (١٨٢٣/٢/٢٧). ئەوەش ئەو ماوەیەیەکە هێگل تێیدا بەڕێوەبەرو مامۆستای ئامادەیی بووە لە نۆرمبێرگ لە نێوان ساڵانی (١٨٠٨-١٨١٦). تاکە ڕاپۆرتێك کە لەنێوان ئەم سێیانەدا ڕێزپەڕە، ئەو ڕاپۆرتەیە کە لە ساڵی (١٨٢٣) یە، ئەو کاتە نووسیویەتی، مامۆستا بووە لە زانکۆی بەرلین.[٣]

گرنگی لێکۆڵینەوەیەکی لەم شێوەیە لەلای ئێمە، لە گرنگی ئەو ڕاپۆرتانەدایە کە هێگل لە بارەی خوێندنی وانەی فەلسەفە لە قوتابخانە ئامادەییەکان نووسیویەتی، ئەم ڕاپۆرتانە هەڵگری ڕوانینو بیرکردنەوەی هێگلن بۆ ئەم پرسە، هەڵگری بۆچوونو وێناکردنێکی ڕوونو ئاشکران بۆ پرنسیپەکانی خوێندنی فەلسەفی لەڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندن، میتۆدی گوتنەوەی وانەکان، مەرجو مەبەستو ئامانجەکانی ئەو جۆرە خوێندنە سەبارەت بە قوتابخانەی ئامادەییو قوتابیانی گەنجو هەرزەکار، کاریگەری ئەم جۆرە خوێندنە لەسەر دروستکردنی کەسایەتی قوتابیانو دروستکردنی باکگراوندی مەعریفیان، ... تاد.

ئێمە لەم توێژینەوەیەمان جەخت دەکەینە سەر ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتانەی هێگلو کە پشتیان پێ دەبەستین، دەمانەوێت لە تێبینییەکانی هێگل تێبگەین، ئەوەش لەمیانەی وەستانو جەختکردنەوە لەسەر هەندێك پرسی گرنگی وەکو: ناوەڕۆکی زانستە فەلسەفییە سەرەتاییەکان کە بۆ خوێندنی ئامادەیی ئامادەکراونو دەخوێنرێن، میتۆدی خوێندنی وانە فەلسەفییەکان لەنێو ئامادەییەکاندا، پێوەندی هێگلی فەلسەفەکارو مامۆستا بە خوێندنی فەرمیو کتێبی قوتابخانە ئامادەییەکان.

لەکۆتاییشدا، بەپێی گەواهیو قسەی هەندێك لە قوتابییەکانی خۆی، هەوڵدەدەین وێنەی هێگلی مامۆستای ئامادەیی بخەینە ڕوو، وێنای ئەو هێگلە بکەین کە لەنێو پۆل وەستاوەو وانەی فەلسەفەی لە گیمنازیۆم بەقوتابیانی ئامادەیی گوتۆتەوە.

(٦)

ئەو کاتەی هێگل لەم قوتابخانەیە دامەزرا، ژمارەی دانیشتووانی نۆرنبێرگ Nürnberg تەنیا (٢٥٠٠٠) کەس بوو. بەپێی قسەکانی لیدتیکە Liedtke هێگل بەم وەزیفەیە ڕازی نەبوو، چونکە دەترسا سەرقاڵبوونی بەمامۆستایەتیو کاری کارگێڕی قوتابخانەیەکی ئامادەیی، ببێتە هۆی ئەوەی لەژیانی پیشەیی خۆی وەکو فەلسەفەکارێك دووری بخاتەوە. ئەو کاتەی هێگل دامەزرێنرا، مووچەی مانگانەی (١٣٠٠) گولدێن Gulden بوو، لەکاتێکدا مامۆستایەکی ئاسایی مووچەکەی تەنیا (٣٠٠) گولدێن بوو.[٤]

یەکێك لەو کێشانەی هێگل زوو ڕوو بەڕووی بووەوە، کێشەی ئەوە بوو کە قوتابخانەکان بەشێکی زۆریان قوتابخانەی پریڤاتو تایبەت بوون، بەتایبەتیش قوتابخانەی سەرەتایی، بۆیە هەموو کەسێك نەیدەتوانی منداڵی خۆی ڕەوانەی قوتابخانە بکات، ئەوەش لەگەڵ سیستەمی خوێندنی زۆرەملێیی سەرەتایی نەدەگونجا، بۆیە هێگل داوای کرد سیستەمی خوێندنی قوتابخانەکان لەلایەن دەوڵەتەوە دەستیان بەسەردا بگیرێتو لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوەببرێن، تاوەکو سیستەمی خوێندنی زۆرەملێیی بێ کێشە جێبەجێ بکرێت.[٥]

(٧)

یەکەم شت کە لەنێو ئەو ڕاپۆرتانەی هێگل لە بارەی خوێندنی فەلسەفە سەرنجمان ڕادەکێشێت، ئەو مانا سەرەتاییەیە کە هێگل بەوانەی فەلسەفەی قوتابخانەی ئامادەیی دەدات، ڕۆڵەکەشی لەنێو ئەو چوارچێوەیەدا دەستنیشان دەکات. ئەو پێی وایە نابێت لە قوتابخانەیەکی ئامادەییدا، لەوە زیاتر چاوەڕوان بکرێت کە بۆی دانراوە، ئەویش بریتییە لەوەی قوتابی بۆ قۆناغی خوێندنی زانکۆیی ئامادە بکات. کەواتە، خوێندنی فەلسەفە

مۆرکی زانستی تەواوی خۆی وەرناگرێت، تەنیا لەنێو چوارچێوەی زانکۆدا نەبێت، نەوەکو لە دەرەوەی زانکۆ.(٦)

هێگل پێی وایە بەهای خوێندنی نووسینە فەلسەفییە کۆنەکان لەنێو قۆناغی ئامادەیی کارێکە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆرتر هەیە، تاوەکو بتوانرێت لەلایەك ئەو ماددانە هەڵبسەنگێنرێن کە دەخوێندرێن، لەلایەکی تریش تاوەکو ڕادەی گرنگی ماددەکانو شێوازی دروستکردنی پرنسیپو بنەمای فەلسەفی لەلای قوتابیانی پێ هەڵبسەنگێنرێت. لەم ڕوانگەیەوە بەپێی شیکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتانەی خۆی، هەندێك کات، پێی وابووە دەکرێت دەستبەرداری خوێندنی زانستە فەلسەفییە دەستپێکەکان بین، دەستبەرداری فەلسەفەی بەرایی بین، دەستبەرداری مامۆستاو خوێندنی فەلسەفە بین لەقوتابخانە ئامادەییەکان، چونکە دەکرێت مامۆستاکانی وانەی ئەدەبو زمان، ئەو نووسینە فەلسەفییە کۆنانە وەکو وانەکانی خۆیان بڵێنەوە، نەك مامۆستای تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت.

لەگەڵ ئەوەش، دیارە مەیلی فیلۆلۆژیا بەرەو قووڵبوونەوەو تایبەتمەندی فیلۆلۆژی بە تەنیا، هەڕەشە لە مۆرکی گشتی پێکهاتەی نێو قوتابخانەی ئامادەیی دەکات، بۆیە بەلاوەنانی خوێندنی فەلسەفە لەم لایەنەوە زەرەرێکی گەورە بەقوتابیان دەگەیەنێت، بۆیە پاراستنی فەلسەفەو خوێندنی وانەی فەلسەفە بەمانا سەرەتاییەکەیو مێژووەکەی لەنێو قوتابخانەی ئامادەیی، بریتییە لە پاراستنی توانای پێکهاتەی ڕۆشنبیری گشتیو بنچینەیی لەلای هەموو قوتابییەك، ئەوەش ئەو توانایەیە کە فیلۆلۆژیا وەکو زانستێکی دەستپێكو سەرەتایی، بەهۆی شۆڕبوونەوەی بەرەو تایبەتمەندێتی، ناتوانێت لە خۆی بگرێت.(٧)

## (٨)

یەکەم تێبینی کە هێگل لەبارەی وانەکانی خوێندنی فەلسەفە، لەنێو سیستەمو میتۆدی خوێندنی قوتابخانەی ئامادەیی تۆماری دەکات، بریتییە لە مۆرکی زنجیرەیی وانەکان، کە بەپێی ساڵەکانی مێژوو و ساڵانی خوێندن دابەشکراوە، ئەوەش لەلای هێگل کارێکی زۆر نایابو سەرکەوتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو سەرکەوتنە، ڕێگر نییە لەبەردەم هێگل بۆ ئەوەی کۆمەڵێك پێشنیاری ڕەخنەییو زانستی بخاتەڕوو، کە پێی وایە دەبێ بۆ سەرکەوتنی خوێندن پێڕەویان لێبکرێت. لێرەدا هێگل کاتێك ئەم تێبینییانە دەخاتە

ڕوو، هەمیشە بیری لەلای وانەکانی خۆیەتی لە توبینگن، بیری لەلای شێوازی گوتنەوەی وانەکانو چۆنییەتی وەرگرتنی پرنسیپەکانە لەلایەن قوتابییە هاوڕێکانی خۆیەوە، بۆیە بۆچوونەکانی زیاتر پشت بەو باکگراوندە فەلسەفییەو نیگا ڕەخنەییەی خۆی دەبەستن.

(٩)

بەپێی سیستەمی خوێندنی ئەو کاتی قوتابخانەی ئامادەیی ئەلمانی، لە سەرەتای وەرزی یەکەمو ساڵی یەکەمی خوێندن، تیۆری ئایینو مافو ئەرکەکان دەخوێنرێت. لەساڵی دووەم کۆسمۆلۆژیای سروشتیو نووسینە ڕەخنەییەکانی کانتو سایکۆلۆژیا دەخوێنرێت. لە ساڵی سێیەمیش ئینسکلۆپیدیای فەلسەفی، بەشێوە سەرەتاییەکەی دەخوێنرێت. ئەوەی لەلای ئێمە لێرەدا گرنگە، هەڵوەستەکردنە لەسەر پێوەندی هێگل بەو بەرنامەو میتۆدو سیستەمی خوێندنە، شێوازی تێگەیشتنی هێگل لەو پرۆگرامو میتۆدە، ئینجا شێوازی دابەشکردنی وانەکان بەسەر وەرزەکانی ساڵ، تاوەکو لە کۆتاییدا کاتێك قوتابی خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکات، بە تەواوی ئامادەکرابێت بۆ ئەوەی بچێتە نێو کەشو هەوای خوێندنی زانکۆیی.

هێگل ئەو پرۆگرامو بەرنامەیەی وەکو ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە قبووڵ نییە، بەڵکو وەکو پرەنسیپی میتۆدێك تەماشای دەکات کە ڕەچاوی سروشتی ناوەڕۆكو پێویستی دەستپێکردن لە شتە هەرە سادەو ئەبستراکتەکان بەرەو هەرە قووڵیە فراوانەکان دەکات. پێی وایە دەبێت خوێندنی فەلسەفە بە قۆناغو هێمنو لەسەرەخۆ بێت، لە شتە سادەکانەوە باڵابێت بەرەو قووڵبوونەوە لە زانستە فەلسەفییەکان، چونکە پێوەرەکانی دەستپێکردن لێرە، بریتییە لە سادەییو پشت بەستنو دەستنیشان کردنێك کە لە ئاستی تەمەنی قوتابییاندا بێت. ناوەڕۆك بەو ڕادەیە دەستپێکانە دەبێت کە پاڵپشتییەك لەنێو هەستی سروشتی قوتابییان بەدەست بێنێت. ئەوەش وا لە هێگل دەکات خوێندنی لۆژیك دوا بخاتو پێی وابێت قوتابی لەو قۆناغەدا هێشتا بایی ئەوەندە ئامادە نەکراوە بتوانێت مادەیەکی وەکو لۆژیك بخوێنێت، چونکە پێیوایە دوورترە لە واقیعی کردەی ڕاستەوخۆی ناوەوە.

(١١)

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین بەپێی ئەم پۆلێنکارییە بێت، هێگل پێی وایە ئەوەی لۆژیکییە ماددەیەکی ساناترە، چونکە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لەدەستنیشان کراوە سادەو ئەبستراکتەکان. لە کاتێکدا سایکۆلۆژییاکە زەحمەتترە، چونکە دەستنیشانکراوەو ناکرێت سادە بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی لەکۆتاییدا بە مانای هەژارخستنی قوتابی دێت بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە. پێشخستنی لۆژیك لەم ڕوانگەیەوە دێت کە پێی وایە پێویستە قوتابیان لە سەرەتای ژیانی گەنجێتییاندا فێری بنەما لۆژیکییەکان بکرێن، بۆیە لۆژیك وەکو شتێکی ئەبستراکت تەماشا ناکات، بەڵکو وەکو بنەماو ڕوحی بیریاری تەماشای دەکات و داوا دەکات بایەخی پێبدرێتو بخوێنرێت.

ناوەڕۆکی مادەو بابەتی سایکۆلۆژیا بۆ خوێندنی ئامادەیی، لەلای هێگل دەبێت بکرێتە دوو بەش: بەشی یەکەم وەسفی سەرهەڵدانی ڕوح بکاتو بریتی بێت لەفینۆمینۆلۆژیا لەهەر سێ بزاڤەکەیدا: وشیاری، وشیاری بەخود، گایست. بەشێکی تریش کە بریتییە لەهەستو نواندنو خەیاڵو یادەوەریو بیرکەوتنەوەو..تاد. لە بەشی یەکەمدا، واتا لەنێو فینۆمینۆلۆژیادا، وا چارەسەری ڕوح دەکات وەکو ئەوەی وشیارییەك بێتو مومارەسەی دەستنیشان کردنەکانی خۆی وەکو بابەت بکات، واتا وەکو ئەوەی ئاشنابوونو هەستکردن بن بە بابەتێك. لە بەشی دووەمدا چارەسەری چالاکییەکانی ڕوح بەسەر خۆیدا دەکات. بەو مانایەش بێت، ئەوا بەشی دووەمی سایکۆلۆژیا بە مانا هێگلییەکەی، تەنیا ئامادەسازییە بۆ خوێندنی لۆژیك.(١٠)

(١٢)

جیاوازی لە تێڕوانینی هێگل، لەسەر ئاستی وێناکردنی بۆ میتافیزیکاو پێوەندی بە لۆژیك، لێرەدا زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت. کایەی فەلسەفی پێشڤەچوونی گرنگو سەرنجڕاکێشی بەخۆیەوە بینیوە، بەشێوەیەك سروشتی مەعریفەی فەلسەفی گۆڕیوە، گرنگترین ئەو وەرچەرخانانەش، بەزاندنی خودی هێگلە بۆ چەمکی میتافیزیکا بە مانا تەقلیدییەکەیو یەکخستنی نێوان لۆژیكو میتافیزیکایە، بە شێوەیەك ئەگەر ئەستەمیش نەبێت، ئەوە زۆر زەحمەتە لە یەکتری جیا بکرێنەوە. لەو چوارچێوەیەشدا لەنێو ئەو بونیادە، کانت شوێنێکی تایبەت داگیر دەکاتو هێگلیش بە شێوەیەکی

ڕوونو ئاشکرا دان به بەهای ئەو بازنەیە دادەنێتو پێی وایە دەبێت ئەم شێوە بازنەییەی خوێندن وەکو خۆی بمێنێتەوەو دەستکاری نەکرێت.

ئەگەرچی لەمیانەی ئەو سێ بڕگەیەی هێگل ئەو باسەی تێدا دەخاتە ڕوو، بەهاکەی خۆی لەوە وەردەگرێت کە ئێمە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت چۆن هێگل ناوەڕۆکێکی دەستپێکانە بە بەشداری فەلسەفییانەی خۆی دەبەخشێت، چۆن ئەو سنوورانەش دیاری دەکات کە دەبێت لەسەر لێوارەکەی بووەستێت، ئینجا چۆن بە شێوەیەکی کاتیش لەسەر سنووری کانت دەوەستێت. هەمان تێبینیش لەسەر خوێندنی ئینسکلۆپیدیای زانستە فەلسەفییەکان لە خوێندنی قۆناغی سێیەم هەیە، واتا گرنگی ئەو چۆنییەتییەی کە هێگل لە ڕێگەیەوە ناوەڕۆکێکی دەستپێکانە بە ئینسکلۆپیدیا دەبەخشێتو خوێندنی ئەو وانەیە وا لێدەکات ئەو سنوورە نەبەزێنێت کە بۆی کێشاوەو دیاریکردووە.

ئینسکلۆپیدیای فەلسەفی بەوە لە ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی جیادەکرێتەوە کە مۆرکێکی زانستیو سیستماتیکی هەیەو پرنسیپە گشتییە سەرەکییەکانی فەلسەفەو بنەمای زانستە تایبەتییەکان لەخۆدەگرێت. بۆیە، بە بەراورد لەگەڵ ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی، خوێندنی لەڕووی بەدەستهێنانی زانیارییەوە بەسوودە، چونکە ئینسکلۆپیدیای فەلسەفی مۆرکێکی سیستماتیكو یەکگرتوو بە مەعریفە دەبەخشێت. بۆیە خوێندنی ئینسکلۆپیدیای فەلسەفی، لەڕوانگەی هێگل وا لەقوتابی دەکات لە ڕووی بیرکردنەوەو فەلسەفەوە، ببێتە خاوەنی مۆرکێکی سیستەماتیكو یەکگرتوو.

لەگەڵ ئەوەی خوێندن لەنێو قوتابخانەی ئامادەیی هەندێك کێشەی تایبەتی خۆی هەیە، وەکو ئەوەی زانستە سروشتییەکان هەیەتی، کێشەکەش لەلای ئەو قوتابییانە زۆرتر دەبێت کە سەرقاڵی پرسە مرۆڤایەتیو ڕوحییەکانن. خوێندنی فەلسەفەی سروشتی پێویستی بە "وزەو هێزێك هەیە کە لەنێو هەموو قوتابییەکدا نییە، مەگەر ئەوانە نەبێت کە خاوەنی ویستو هێزن"، هەروەها پێویستی بە شارەزاییەکی زۆریش هەیە لەبارەی فیزیای ئەزموونی.[١١]

هێگل دێت پەنجە دەخاتەسەر ئەم لایەنەو دەستنیشانی دەکات، چونکە پێی وایە لایەنەکانی تری ئینسکلۆپیدیا بە شێوەی چۆنایەتییەکی سنووردار چارەسەر کراون، بەشێوەیەك ئەوەندە بەسە لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێوەندییە نوێیەدا لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت.

ئەزموونی مامۆستایەتی، هێگلی وا لێکردووە هەست بەوە بکات کەموکورییەك لە ئاستی خوێندنی بەشێکی گرنگ لە فەلسەفەی ڕوح هەیە، ئەویش ئەو بەشەیە کە تایبەتە بە فەلسەفەی جوانی ــ ئیستاتیکا. لەلای هێگل ئەوە گرنگە قوتابییان نمایشی داستانە تراژیدیو کۆمیدییەکان ببینن‌و بەشداری لەنمایشکردنی شانۆگەرییە کۆنەکان‌و میتۆلۆژیا کۆنەکان بکەن، هەروەها دەقە شانۆییە هاوچەرخە ناودارو ناسراوەکانیش لەسەر تەختەی شانۆی قوتابخانەکانی خۆیان ببینن‌و بەشداری تێدا بکەن، چونکە ناسینی میتۆلۆژیاو داستانە کۆنەکان وایان لێدەکات بتوانن بچنە نێو چییەتی هونەرو مەبەستەکانی‌و بتوانن بکەونە سەر ڕێچکەی خوێندنەوەیەکی ڕەسەن بۆ دەقی شاعیرو داهێنەرە گەورەکانی سەدە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، چونکە ئەو جۆرە فێربوونە خۆشی‌و چێژیشی تێدایەو قوتابیانیش بە ئاسانی لێی بێزار نابن. هێگل پێی وایە پێویستە لەنێو سیستەمی خوێندنی ئامادەییدا، بایەخێکی زیاتر بە ئیستاتیکا بدرێت‌و گرنگی پێبدرێت.

بەپێی ئەم تێگەیشتنەمان لەبارەی بایەخدانی هێگل بە ئیستاتیکا، لەوە تێدەگەین کە هێگل پێی وایە نەبوونی ئەو جۆرە پرۆگرام‌و وانەیە لەنێو سیستەمی خوێندن، کەمو کورییەکی ڕاستەقینەو گەورەیە، بۆیە هێگل جەخت دەکاتە سەر کردنەوەی دەرگا بەسەر چێژی ئێستاتیکی وەکو یەکێك لەو دەروازانەی کە مرۆڤ بە بیریارو داهێنەرە کۆنەکان دەبەستێتەوە، وەك ئەوەی ئامرازێکە لە ئامرازەکانی خۆ ڕۆشنبیرکردن‌و دروستکردنی ڕوحی تاك لەنێو قوتابیاندا، ئینجا تێگەیشتنیشە لە بەهای هونەر بەگشتی.

بەڵام، لەکاتێکدا دەبینین هێگل پێی وایە نەخوێندنی وانەی ئیستاتیکا کەمو کورییەکی گرنگ‌و سەرەکییە، لەلایەکی ترەوە دەبینین باسی خوێندنی مێژووی فەلسەفە ناکات، بێ ئەوەی بە ئاشکراو ڕاشکاوی بیڵێت، دەڵێت پێویستە مێژووی فەلسەفە لەنێو پرۆگرامی خوێندنی ئامادەیی لابرێت، ئەگەرچی لەگەڵ دەستپێکیشدا دەگونجێت، بەڵام چونکە باسی لێوە ناکات‌و وەکو ئەوەی هەر نەبوو بێت، فەرامۆشی دەکات. باشە ئەدی ئەگەر مێژووی فەلسەفە بەشێکی گرنگ‌و سەرەکی نەبێت لەخوێندن‌و پرۆگرامی خوێندنی فەلسەفەدا، دەبێت لەکوێدا بخوێنرێت‌و جێگای بکرێتەوە؟ هێگل وەڵامی ئەم پرسیارە ناداتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە ئێمە بەشێك یا هۆکارێکی ئەم

فەرامۆشکردنەی خوێندنی مێژووی فەلسەفە لەلای خۆمان وێنابکەین‌و پێمان وابێت هێگل لە ڕوانگەیەکی ترەوە تەماشای ئەم پرسە دەکات.

(١٤)

ئێستا ڕوونە هێگل حەز بەوە ناکات فەلسەفە لە ڕووە مێژووییەکەیەوە بخوێندرێت‌و بخرێتە نێو پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانە، چونکە پێی وایە کارێکی لەم شێوەیە، نەك هەر تەنیا خزمەت بە پێگەیاندنی قوتابی لە ڕووی لۆژیکی‌و ئیستاتیك‌و ئەخلاقییەوە ناکات، بەڵکو ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی مامۆستاو قوتابییان بخاتە نێو گێژاوی گێڕانەوەو لێکدانەوەی ڕاو بۆچوونی ڕێبازە جیا جیاکانی مێژووی کۆن‌و نوێی فەلسەفەوە، بەو شێوەیە هێگل پێی وایە وێنە گشتییە فەلسەفییەکە ون دەبێت‌و فەلسەفە وا دەردەکەوێت کە بریتی بێت لە ڕاوبۆچوونی جیاوازو ناکۆك‌و ناتەبا، بەمەش وا دەبینرێت فەلسەفە خۆی بریتی بێت لەو مێژووە، نەوەکو ئەو مێژووە بەشێك بێت لە پرۆسەی پێگەیشتنی فەلسەفەو پێشکەوتنی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە.

هێگل لەوە دەترسێت خوێندنی مێژووی فەلسەفە لەم قۆناغە زووەی تەمەنی هەرزەکاری‌و گەنجیدا، فەلسەفە بکاتە داستان‌و چیرۆکی بەرئاگردان‌و لە ماناو ناوەڕۆکی خۆی بەتاڵی بکاتەوە، چونکە نەك هەر تەنیا قوتابیان، بەڵکو بەشێکی زۆری خەڵکی، لە ئێستاشدا ئەوەندەی حەز لە مێژووی فەلسەفە دەکەن، ئەوەندە حەز لە خودی بابەتی فەلسەفی ناکەن. کەواتە خوێندن‌و فێربوونی فەلسەفە، لەڕێگای خوێندنی مێژووی فەلسەفەوە نابێت، چونکە ئەم مێژووە دەبێتە چیرۆك، خەڵکی دێن چیرۆکی ژەهرخواردکردنی سوکرات دەخوێننەوەو وەکو ناوەڕۆك‌و جەوهەری فەلسەفەی سوکراتی تەماشای دەکەن، خەڵکی دێن ئەزموونی ئەفلاتون وەکو ڕاوێژکاری حاکمی سیراکۆزە دەخوێننەوەو وەکو بەرجەستەکردنی ئایدیای سەرەکی نێو کۆمارەکەی تەماشای دەکەن‌و هەست دەکەن دژکاری زۆر لەنێوان گوفتارو ڕەفتاری ئەفلاتوندا هەیە، خەڵکی دێن...تاد.

تەنیا لەو حاڵەتانە دەبێت مێژووی فەلسەفە بخوێنرێت، کاتێك لەنێو پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانەیی، وەکو هزرێکی تێڕامانکاری دەخرێتە ڕوو، کاتێك قوتابی لە ڕێگەی ئەم مێژووەوە فێری تێڕامانکاری دەبێت، پرنسیپ‌و بنەماکانی تێڕامانی لێوە

فێر دەبێت، ئەوەش کارێکە لەنێو قوتابخانەی ئامادەییدا جێگای نابێتەوەو بەرجەستەش نابێت، چونکە قوتابی ئامادەیی بۆ ئەوە ناخوێنێت تاوەکو ببێتە فەلسەفەکار، بەڵکو تەنیا ئەوانەی دەچنە نێو بواری بیرکردنەوەو خوێندنی فەلسەفی دەتوانن فێری سیستەمی تێڕامانکاری بن.

## لەبارەی میتۆدی وانەگوتنەوەوە.

(١٥)

لەو ڕاپۆرتانەی لە بارەی خوێندنی بابەتی فەلسەفە بۆ سەرەوەی خۆی نووسیویەتی، هێگل زۆر جەخت دەکاتەسەر هەڵەی لێك جیاکردنەوەی فەلسەفەو فەلسەفەکاری لە یەکتری، ئەو کارەش ناودەنێت نەخۆشی سەردەم، ئینجا پێی وایە پیداگۆجیا بەرپرسیارە لەو حاڵەتەو سیستەمو میتۆدی خوێندن ئەم جیاکارییەیان دروست کردووە. بە هەرحاڵ، هێگل خوێندنو فێربوونی فەلسەفەو پرۆسەی فەلسەفەکاری پێکەوە دەبەستێتەوەو پێی وایە نابێت لەیەکتری دابڕێنو هەر پرۆسەو میتۆدو سیستەمێك بابەتی فەلسەفەو پرۆسەی فەلسەفەکاری مرۆڤ لە یەکتری دابڕێنێت، هەڵەیەکی گەورە دەکات. بۆیە دەبینین هێگل لەنێو ڕاپۆرتی ڕۆژی (١٨١٢/٢/٢٣)دا بەم شێوەیە دەنووسێت:" بەگشتی جیاوازی لەنێوان سەمتی فەلسەفی لەگەڵ زانستە تایبەتەکانو خودی فەلسەفەکاریشدا دەکرێت. نابێت ئێمەش بەپێی نەخۆشی سەردەم، بە تایبەتیش پیداگۆجیا ناوەڕۆکی فەلسەفە بخوێنین بەو ڕادەیەی کە دەبێت فێری فەلسەفەکاری بین بەبێ ناوەڕۆکێکی فەلسەفی. ئەوەش مانای وایە ئێمە دەبێت گەشت بکەینو لەگەشتەکەشماندا بەبێ وەستان بەردەوام بین، کاتێك دەشگەینە شارێك یا وڵاتێك، بەتەنیا فێری ناسینی شارو ڕووبارو وڵاتو پیاوەکانو...تاد دەبین، ئێمە لەو گەشتەدا، جگە لەگەشت، فێریش دەبین، بە تەنیا فێریش نابین، بەڵکو گەشتیش دەکەین.

یەکەم: ئێمە کاتێك ناوەڕۆکی فەلسەفە دەزانین، بە تەنیا فێری فەلسەفەکاری نابین، بەڵکو بە شێوەیەکی کردەیی فەلسەفەکاری دەکەین، بۆیە مەبەستی فێربوونی گەشت، هەمان مەبەستی فێر بوونو ناسینی ئەو شارانەیە، واتا شارەزابوون لە ناوەڕۆکەکان.

چونکە فەلسەفەی ناسەمتی هزرێکی تێپەڕو پچڕ پچڕە. لە کاتێکدا گونجان لەگەڵ خود ئەو حاڵەتەیە کە تێیدا ڕوحی وێنەیی ناوەڕۆکی ماف پێکدێنێت.

سێیەم: فێربوون تاکە ڕێگایە بۆ ناسینی فەلسەفەیەکی دەوڵەمەند لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، بۆیە دەبێت فەلسەفەش وەکو هەر زانستێکی تر بخوێندرێت. ئەو بانگەشەیەی کە دەڵێت دەبێت لەپێناو بیرکردنەوەی خودیو بەرهەمی تایبەتی خۆمانەوە پەروەردەبین، ئەو ڕاستییەی شاردۆتەوە، وەك ئەوەیە کە: من بۆخۆم بیر نەکەمەوە کاتێك فێر دەبم جەوهەر چییەو هۆکار چییە یا هەر شتێکی تر، وەکو ئەوەی من بۆخۆم لەنێو هزری خۆمدا ئەو دەستنیشانکردنانە بەرهەم نەهێنم، وەکو ئەوەی فڕیدرابێتە نێو بیرکردنەوەم، وەکو چۆن بەردێك فڕێدەدرێت. لەوەش زیاتر، وەکو ئەوەی کاتێك من ڕاستی مەسەلەکان لەیەکتری جیا دەکەمەوەو بەڵگەی پێوەندییە لێکدراوەکانو گواستنەوەی دیالیکتیکیان دەزانم، ئەوە من خۆم نابمە خاوەنی ئەو لێك جیاکردنەوەیەو من خۆم بڕوا بەو ڕاستییانە ناکەم! وەکو ئەوەی کاتێك بەڵگەی فیتاگۆرسی دەزانم، ئەوە من خۆم فێری ئەو مەسەلەیە نابمو بڕوام پێی نییەو پێی ڕازی نابم.

بەو ڕادەیەی خوێندنی فەلسەفە چالاکییەکی کەسییە، بەو ڕادەیەش لێی فێر دەبین، فێری زانستێكو شتێك دەبین کە پێشتر هەیە. ئەو زانستە سامانێکە ناوەڕۆکێکی بەدەستهێنراو لەخۆ دەگرێت کە دامەزراوەو پێکهاتووە. ئەو سامانە بۆماوەییە لەبەر دەست دایەو دەبێت مرۆڤ فێری بێتو بە دەستی بێنێت. مامۆستا خاوەندارێتی ئەو سامانە دەکاتو پێشتر کاری تێدا کردووە، دواتر قوتابییانیش دەیکەنە بابەتی بیرکردنەوەی خۆیان. زانستە فەلسەفییەکان لەنێو بابەتەکانی خۆیاندا هزری گشتی حەقیقەت لەخۆ دەگرن، ئەوە بەرهەمی بیرمەندە گەورەکانە لەنێو هەموو سەردەمەکاندا. ئەو هزرە ڕاستەقینانە لەوە گەورەترن گەنجێکی نا ڕۆشنبیر بتوانێت بەرگەیان بگرێتو بەهزری خۆی بەرهەمیان بێنێت، بگرە ئەو هەموو کارە هزرییە مەزنە زۆر لەهەوڵو کۆششی گەنجێکی وا مەزنترە.

بیرکردنەوەی ئەسڵیو تایبەتی گەنجان لە بارەی بابەتە بنچینەییەکان، لەلایەك نا تەواوو بەتاڵە، لەلایەکی تریش بەشی زۆری هەر تەنیا ڕاو وەهمو نیوە بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوەیەکی ناڕۆشنو نادیاریکراو. لە میانەی فێربوونەوە ڕاستی جێگای وەهم دەگرێتەوە، تەنیا ئەو کاتە مرۆڤ دەتوانێت زانست پێشڤەبباتو ڕەسەنایەتییەکی ڕاستەقینە بەدەست بێنێت، کاتێك عەقڵ پڕ دەبێت لە هزر، بەڵام ئێمە لەنێو دامەزراوە

فێرکارییە گشتییەکاندا پێویستیمان بەوە نییە، بەتایبەتیش لەنێو قوتابخانەی ئامادەییدا، بەڵکو پێویستە لەسەر خوێندنی فەلسەفی بەشێوەیەکی سەرەکی جەخت بکاتە سەر فێربوونو بەلاوەنانی نەزانیو پڕکردنەوەی مێشکە بەتاڵەکان بە ناوەڕۆکی بە پێز. لەکۆتاییشدا، دەرکردنی ئەو ڕەسەنایەتییە سروشتییەی هزرە کە باسمانکرد، واتا مەبەستمان بیرو بۆچوونی تێپەڕو هەڕەمەکیو تایبەتمەندێتی ڕایە" (هێگل، ڕاپۆرتی ١٨١٢).[١٢]

(١٦)

بەپێی خوێندنەوەو تێگەیشتن لەم بڕگە درێژە خوازراوەمان بۆ ڕاپۆرتەکەی هێگل، کۆمەڵێك خاڵمان لە بارەی ئەو گۆڕانکارییانە بۆ ڕوون دەبنەوە کە هێگل پێی وایە پێویستە لەنێو سیستەمی خوێندن ئەنجام بدرێن. سەرەتا هێگل ڕەخنە لەسیستەمی پێداگۆجیو خوێندنی ئەڵمانی دەگرێت، ئەوجا بەنەخۆشی سەردەم ناوی دەبات، بەو مانایەی ئەو کات سیستەمی پیداگۆجیو خوێندنی ئەڵمانی هاتووە سەمتی فەلسەفیو زانستە تایبەتییەکانو فەلسەفەکاری لە یەکتری دابڕیوەو جیای کردۆتەوە. بەپێی سیستەمی خوێندنی ئەو کات، قوتابیانی فێری بنەماکانی بیرکردنەوەی فەلسەفیو فەلسەفەکاری دەبن، بەڵام نابنە خاوەنی ناوەڕۆکێکی فەلسەفی تۆکمە، ئەوەش لەلای هێگل بە مانای کێشەیەکی گەورەی پیداگۆجی دێتو تەماشا دەکرێت، بۆیە پێویستی بەپێداچوونەوەو ڕیفۆرم هەیە.

خوێندنو فێربوونی وانەو بابەتی فەلسەفە لەلای هێگل وەکو جۆرێك لەگەشت تەماشا دەکرێت، مرۆڤ گەشتێك دەست پێدەکات، بەڵام نابێت ئەم گەشتە وەستانی تێدا بێت، دەشێت کەمێك پشوو و حەسانەوەو شوێنگۆڕکێی تێدا بێت، بەڵام نابێت کۆتایی بێتو بوەستێت، بەڵکو پێویستە گەشتێکی بەردەوام بێت. لەم گەشتەدا مرۆڤ نابێت بەناسینی فەلسەفەکارێك، بە تێگەیشتن لە بیرکردنەوەو ئایدیاو فەلسەفەیەکی دیاریکراو، بە فێربوونو شارەزایی لەبارەی سەردەمو قۆناغێکی هزریو فەلسەفی، بوەستێتو بانگەشەی ئەوە بکات گوایە لێرەوە پێویستە گەشتەکەی کۆتایی بێنێت، چونکە هەموو جوگرافیاو شوێنێکی ناسیوە. ئەم گەشتە فەلسەفییەو شۆڕبوونەوەی بەنێو بابەتەکانی فەلسەفە، لەلای هێگل جگە لەوەی گەشتێکی هزرییەو گەشە بەڕوانین و

بیرکردنەوەمان دەدات، لە هەمان کاتیشدا هەمیشە شتی تازەی لێ فێردەبین. لێرەدا گەشتو فێربوون پرۆسەیەکی پێکەوە گرێدراون و بێکۆتایین.

(١٧)

ئینجا هێگل لە خاڵی یەکەمی تێبینییەکەی خۆیدا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کاتێك مرۆڤ لەبارەی ناوەڕۆكو بابەتەکانی فەلسەفە دەخوێنێتو شارەزایی بەدەست دێنێت، هەر تەنیا وەکو پرۆسەیەکی بیرياریو تیۆری فێری فەلسەفەکاری نابێت، بەڵکو ئەو کات مرۆڤ بەشێوەیەکی کردەیی فەلسەفەکاری دەکات، بیرکردنەوەی فەلسەفی پراکتیك دەکات. واتا فێربوونی فەلسەفەو خوێندنی، پێویستە لەکۆتاییدا فێری فەلسەفەکاریمان بکات، چونکە ئێمە شارەزاییمان لەبارەی ناوەڕۆکی فەلسەفە بەدەستهێناوە، فێربوونی ناوەڕۆکی فەلسەفە دەبێت بە ئامانجی فەلسەفەکاری بێت.

(١٨)

لە خاڵی دووەمدا هێگل ئاماژە بۆ ئەوە دەکات خوێندنی فەلسەفە بەو مانایە دێت کە مرۆڤ هزرە هەرە باڵاکان لە بارەی بابەتە سەرەکییەکانی فەلسەفە بخوێنێت، ئینجا ئاماژە بۆ چەمکی ڕاستەقینە-حەقیقەتو گشتگیری لایەنی ناوەڕۆکی ئەو بابەتانە دەکات کە هزرین، بۆیە گرنگە مرۆڤ بتوانێت لەنێو مێشکی خۆیدا، بایی ئەوەندە ئامادەکرابێت بتوانێت پێشوازی لەو بابەتانە بکات، بە پێچەوانەی خوێندنی هەندێك بابەتو وانە بەناوی فەلسەفە، کە لەڕاستیدا جگە لەوەی ناوەڕۆکێکی پتەویان نییە، هەروەها زێدەڕۆییان تێداکراوەو کۆمەڵێك تێڕامانی نا سیستەماتیکی لەخۆ دەگرنو تا ئەو کاتە باو بوونو دەخوێنرانو بەشێك بوون لەوانەی قوتابخانە ئامادەییەکان، ئەو بابەتانە لەلای هێگل بخوێنرێنو نەخوێنرێن، هەر بێ ئەنجام دەمێننەوە. زیانی خوێندنی ئەو بابەتانە زۆر لە سوودەکانی زیاترە، چونکە شتێك فێری قوتابی دەکرێتو بەناوو ناوەڕۆکی فەلسەفی پێی دەفرۆشرێت، کە پووچو بەتاڵو بێ ناوەڕۆكو نا سیستەماتیکین. بۆیە هێگل پێی وایە بەردەوام بوون لەسەر خوێندنی ئەو بابەتانەو بەردەوام بوون لەسەر ئەو سیستەمو پرۆگرامە پیداگۆجییە، مێشکی بەتاڵ بەرهەم دێنێت، مێشکێك بێ هیچ هزرو بیرکردنەوەیەك، هیچ شتێك فێرنەبوو بێتو نەزانێت.

ئینجا هێگل جەخت لەسەر ئایدیای پێشتری خۆی دەکاتەوە کە پێشنیاری کردبوو وانەو ناوەڕۆکی بابەتەکان گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، بۆیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە تیۆری ماف‌و ئەخلاق‌و ئایین، پێکەوە کایەیەك پێکدێنن‌و خاوەنی ناوەڕۆکێکی گرنگن‌و پێویستە بایەخیان پێبدرێت‌و لەنێو پرۆگرامی خوێندن شوێنیان بۆ بکرێتەوە. جەختکردنەوەی هێگل لەسەر ئەو سێ چەمکە، ئەنجامی ئایدیاو بۆچوونی خۆیەتی لەبارەی گرنگی خوێندنی ئەم بابەتانەو تێگەیشتن لێیان. خوێندنی تیۆری ماف مرۆڤ دەکاتە کەسێك بتوانێت شارەزایی لەبارەی مافەکان هەبێت. خوێندنی مادەو وانەی ئەخلاق مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی عاقڵ لەنێو کۆمەڵگەیەکی گەورەو تێکەڵاو پەروەردە دەکات. خوێندنی تیۆری ئایین مرۆڤ بە جیهانێکی گەورەی دەرەوەو ناوەوەی خۆی دەبەستێتەوە. لێرەوە هێگل پێی وایە ئەم سێ بابەتە پێکەوە کایەیەکی گرنگ پێکدێنن‌و دەبێت پێکەوە بخوێنرێن‌و جێگایان لەنێو پرۆگرامی خوێندندا بۆ بکرێتەوە.

ئینجا هیگل ئاماژە بۆ گرنگی‌و دەوڵەمەندی بابەتی لۆژیك دەکات، دژی ئەوە نییە لۆژیکی کانت لەنێو پرۆگرامی پەروەدەدا بێت، بەڵام بێ ئەوەی دەربیبڕێت، دەڵێت لۆژیکی ترانسێندنتالی کانت لە ئایدیا بنچینەییەکانی بوون، چییەتی، هێز، جەوهەرو هۆکارو هەندێك بابەتی تر دەکۆڵێتەوە، بەڵام چەمك‌و حوکم‌و پێوەرو کۆمەڵێك بابەتی تر لەنێو وانەی لۆژیکێکی تر دەخوێنرێت، ئەوانەش گرنگن، بەڵام دەبێت پێکەوە لەنێو یەك پرۆگرام‌و وانە لەبارەی لۆژیك کۆبکرێنەوەو جیانەکرێنەوە. بەو مانایەی پێدەچێت هیگڵ خۆی پێشنیاری وانەیەکی تازەو هەندێك بابەتی تازەی لۆژیکی کردبێت بۆ ئەوەی لەپاڵ وانەی لۆژیکی کانتدا بخوێنرێن‌و جێگایان بکرێتەوە.

هێگل دوای ئەوەی پێشنیاری بابەتی سایکۆلۆژیا دەکات، هەر بەوەندە دەوەستێت پشتگیری لە خوێندنی بابەتەکە بکات‌و زیاتری لەبارەیەوە ناڵێت. بەڵام، ئاماژە بۆ گرنگی خوێندنی وانەو بابەتێك دەکات، کە کایەیەکی گشتی لەخۆ دەگرێت، ئەویش وانەو بابەتی ئینسکلۆپیدیای فەلسەفییە.

لەکۆتایی ئەو خاڵەدا، هێگل ئاماژەیەکی گرنگ لە بارەی چەمکی ڕەها دەخاتە ڕوو. پێی وایە ناسین‌و زانینی ڕەها هەرگیز بەشێوەیەکی مومکین نابێت‌و دەستگیر ناکرێت، کەواتە دەبێت چی بکرێت؟ لەڕوانگەی هێگل مەعریفە لە بارەی ڕەها، ئەو کاتە مومکین دەبێت، کە مرۆڤ دەتوانێت مەعریفەیەکی هەمەکی لە بارەی سەرجەم ئاستە پێکهێنەرەکانی ئەو هەمەکییەتە بەدەست بێنێت. بەبێ بەدەست نەهێنانی ئەو

مەعریفە هەمەکییە، تێگەیشتنو مەعریفە لەبارەی چەمکی ڕەها، کامڵ نابێتو دەستگیر ناکرێت. هێگل جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە زانستەکان لەنێو حەقیقەتدا ناوەڕۆکی تایبەتی خۆیان بناسنو دەستگیریان بکەن، بەو مانایەی ئەم دەستگیرکردنە هاوشان دەبێت لەگەڵ ناوەڕۆکی خۆیان. لەنێو ڕەهایی خۆیشیاندا ناوەڕۆکی تایبەتی خۆیان بزانن‌و مەعریفەیان لەبارەیەوە هەبێت. لەلای هێگل، ئەو جۆرە زانستە بەش بەش‌و لاوەکییانە، بریتین لە پلەبەندیو ئاستەکانی ئەو هەمەکییەتە.

(١٩)

لە خاڵی سێیەمدا هێگل پێی وایە ناسینی فەلسەفەیەکی دەوڵەمەند لەڕووی ناوەڕۆك، تەنیا لەمیانەی فێربوونو خوێندنەوەی ئەو فەلسەفەیە دەبێت، بۆیە دیسان جەخت لەوە دەکاتەوە فەلسەفەش دەبێت وەکو زانستێکی تر، لەنێو پرۆگرامی خوێندنو سیستەمی خوێندن دابنرێتو بخوێنرێت. بەبێ خوێندن، هیچ فەلسەفەیەکی ناوەڕۆك دەوڵەمەند بە باشی ناناسرێتو دەرناکەوێت. ئینجا هێگل ئاماژە بۆ ئەوە دەکات خوێندنو خوێندنەوەی بابەتی فەلسەفی، چالاکییەکی کەسییانەیە، بەڵام مرۆڤ لەمیانەی ئەو چالاکییە کەسییانەی خۆیەوە فێردەبێت، وەکو چۆن بەهۆی گەشتەوە فێری شتی تازەو شارو وڵاتی تازە دەبینو خەڵکی تازە دەناسین. ئەو فێربوونە، فێربوونی زانستو بابەتێکە پێشتر خۆی هەیە، ناوەڕۆكو سامانێکی مرۆڤایەتییەو بەدەستهاتووە، بەهۆی ئەزموونی دوورودرێژی مرۆڤایەتی کەڵەکە بووە، دامەزراوەو پێکهاتووە، سامانێکە پشتاوپشت بۆمان ماوەتەوە، میراتێکی مرۆڤانەیە، مرۆڤ دەبێت فێری بێتو بە دەستی بێنێت.

بەڵام، ئەدی کێ خاوەنی ئەو سامانەیە؟ کێ دەتوانێت ئەو میراتە بەڕێوەببات؟ کێ دابەشی دەکات؟ لەلای هێگل مامۆستا ئەو کەسەیە بەهۆی پێگەو کاری لەنێو قوتابیان، خاوەندارێتی ئەو سامانە کەڵەکە بووە دەکاتو مافی بەکارهێنانی بەدەستهێناوە، چونکە پێشتر خۆی کاری تێدا کردووە، قوتابی بووە، خوێندوویەتی، ئینجا چۆتە قۆناغێکی باڵاترو شتی زیاتر فێربووە، بە شێوەیەك دەتوانێت ئەو میراتە فەلسەفییە گەورەو کەڵەکە بووە بەڕێوە ببات. پرۆسەی گواستنەوەی ئەو میراتە لە مامۆستاوە بۆ قوتابی، لەمیانەی پرۆسەی پیداگۆجیاو فێرکردنو خوێندنەوە بەڕێوە

دەچێت. مامۆستا قوتابیانی خۆی فێر دەکات ئەم سامانە گەورەیە بکەنە بابەتی بیرکردنەوەی خۆیان. ئەمە لەلای هێگل جەوهەرو ناوەڕۆکی خوێندنی بابەتی فەلسەفەیە لە قوتابخانەی ئامادەییدا.

(٢٠)

لەمیانەی شیکردنەوەی ڕەوشی گەنجان لەنێو سیستەمی خوێندنی ئامادەیی، هێگل پێی وایە ناوەڕۆکی زانستە فەلسەفییەکان کە هەڵگری حەقیقەتن، بەرهەمی بیرمەندە گەورەکانی نێو سەردەمەکانی مێژووی فەلسەفەیە. ئەو بەرهەمە زانستیو فەلسەفییانە، زۆر لەوە گەورەترو ئاڵۆزترن گەنجێکی قۆناغی ئامادەیی بتوانێت بەرگەیان بگرێتو لێیان تێبگاتو بەهۆی هزرو بیرکردنەوەی خۆی، بەرهەمیان بێنێت. لێرەدا هێگل بۆ وەسفکردنی ڕەوشو باری گەنجانی قۆناغی ئامادەیی وشەی "گەنجی نا ڕۆشنبیر" بەکاردێنێتو پێیوایە گەنج لەم قۆناغەدا کەسێکی نا ڕۆشنبیرەو هێشتا لەو بابەتانە تێناگات، ئەگەر تێیانیش بگات، ناتوانێت بەرگەیان بگرێت، چونکە هەموو ئەو بابەتو کارە هزرییە گەورانە، زۆر لە هەوڵو کۆششی گەنجانی وا گەورەترە کە هێشتا لە قۆناغی گیمنازیۆم دەخوێنن.

هێگل ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بیرکردنەوەی گەنجان لەبارەی بابەتە بنچینەییەکانی فەلسەفە، جگە لەوەی ناتەواوە، بەتاڵە، بەشێکی گەورەشی بریتییە لە ڕاو بۆچوونی کەسییانەی خۆیان، کە بۆچوونو وەهمو نیوە بیرکردنەوەن، نەك بیرکردنەوەی پێگەیشتووی کامڵو تەواو، بۆیە پێی وایە مادام بیرکردنەوەی گەنجان ئەوها بێت، نا ڕۆشنو نا دیاریکراویش دەبێت. ئەوە سیستەمی پەروەردەو فێربوون و خوێندنە دەتوانێت کارێکی وا بکات ڕاستی جێگای وەهمو ڕاو بۆچوون بگرێتەوە. تا ئەو کاتەی عەقڵی مرۆڤ پڕ نەبێت لە هزرو ئایدیاو بیرکردنەوە، ناتوانێت زانستەکان پێشڤەبباتو ڕەسەنایەتی ڕاستەقینە وەدەست بێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە قۆناغێکی درەنگ وەختە لەنێو ژیانی مرۆڤداو گەنجی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی ناتوانێت بەو شێوەیە لەو قۆناغەدا پێی بگات، بۆیە هێگل جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێمە لەنێو دامەزراوەی قوتابخانەی ئامادەییو سیستەمی فێرکردنی گشتی، پێویستیمان بەوە نییە قوتابی بگەیەنینە ئەو ئاستە بەرزە، بەڵکو ئامانجی خوێندنی بابەتی فەلسەفە لەنێو قوتابخانەی ئامادەیی، لەوە ئاسانترەو بریتییە لەوەی وا لە قوتابییانی گەنج بکرێت بەهۆی

خوێندنی فەلسەفەدا، فێری فێربوون بکرێن، وایان لێبکرێت حەزیان لەفێربوون بێتو ڕقیان لە نەزانی ببێتەوە، هەوڵ بدەن مێشکە بەتاڵەکانی خۆیان بە ناوەڕۆکی گرنگو بەپێز پڕ بکەنەوە.

(٢١)

هێگل پێی وایە بڵاوبوونەوەی ئەو ڕایەی جیاوازی دەخاتە نێوان فەلسەفەو فەلسەفەکاری، ڕایەکی مەترسیدارەو هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە بڵاوبوونەوەی ئەو ڕایە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندنی فەلسەفە ببێتە کارێکی ساختەو وەهم. بۆیە دەبینین هێگل دەڵێت:" کاری هەرە لەپێشی ئیمڕۆمان، بریتییە لەوەی سەر لەنوێ وا لە فەلسەفە بکەین ببێتەوە شتێکی ڕژد. بۆ ئەوەی بەدەستیشی بێنین هیچ زانستو هونەرو بەهرەیەك نییە، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەینو کۆشش بکەینو خۆمان ڕابێنینو فێر بکەین، چونکە دیارە لە ڕۆژگاری ئیمڕۆمان بۆچوونێکی وا بڵاوبۆتەوە گوایە فەلسەفەکاری بۆ هەموو کەسێکە کە خاوەنی عەقڵێکی سروشتی بێتو بتوانێت مەسەلەکان بپێوێتو چێژ لەفەلسەفە وەربگرێت، وەکو ئەوەی ئێمە خاوەندارێتی کردنی فەلسەفە لەنێو خوێندندا گۆشەگیر بکەین. بەو مانایەی هەر کاتێك فەلسەفە دەستپێکرد، ئەوە خوێندن کۆتایی دێت. ئێمە زۆرجار پێمان وایە فەلسەفە مەعریفەیەکی فۆرمالیستییەو بە تاڵە لە ناوەڕۆك، بۆیەش ئێمە نازانین ئاخۆ هەموو ناوەڕۆکێك لەنێو هەر زانستێك یا مەعریفەیەکدا مادام فەلسەفە بەرهەمی هێناوە، مافی ئەوەی هەیە ناوی "حەق"ی لێبنرێت. پێویستە زانستەکانی تریش ئەوەندەی دەیانەوێت بە دوای پێشکەوتنێکی بەڵگەداردا بگەڕێن، بەبێ ئەوەی پێویستییان بە فەلسەفە بێت. دواجار ئەوانیش بەبێ ئەو فەلسەفەیە، زانستی بێ ژیانو بێ عەقڵو بێ حەقیقەتن". (١٣)

ئەوەی لەنێو ئەم پەرەگرافەدا ئاماژەی بۆ کراوە، پرسێکی گرنگەو پێویستی بە بیرکردنەوەو شرۆڤەی زۆرتر هەیە لەسەر ئاستی جیهان، چونکە لە زۆر قۆناغدا، بۆچوونی گشتی وا بڵاودەبێتەوە گوایە فەلسەفە شتێکی جدییانە نییەو خەیاڵپڵاوی هەندێك بیریارو تیۆریستە. بۆچوونی وا کە پێی وایە ئەگەر مرۆڤ دوو کتێبی فەلسەفی خوێندەوەو لە ڕێبازێکی فەلسەفی شارەزا بوو، خاوەنی هەندێك ئایدیاو عەقڵێکی پێگەیشتوو بوو، یان توانی بڕیار لەبارەی هەندێك پرس بدات، چێژی لە خوێندنەوەو تێگەیشتن لە فەلسەفە بینی، مانای وایە بۆتە بیریارو فەلسەفەکار.

ئەم شێوە بۆچوون و بیرکردنەوەیە لەلای هێگل کارێکی مەترسیدارو بە هەڵەدا بردنی مرۆڤەکانە، بۆیە دەڵێت پێویستە کارێکی وا بکرێت، پێش هەموو شتێك، فەلسەفە بکرێتەوە بابەتێکی ڕژدو چیتر بە سادەیی‌و ساکاری تەماشا نەکرێت. لێرەوە هێگل پێی وایە نابێت موڵکدارێتی فەلسەفە بدرێتە دەستی ئەو قوتابییانەی فەلسەفە دەخوێنن، ڕەنگە ئەم بۆچوونەی هێگل تەنیا بۆ قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی ڕاست نەبێت، بەڵکو بۆ بەشێکی زۆری قوتابیانی خوێندنی بەشەکانی فەلسەفەی نێو زانکۆکانیش هەر ڕاست‌و دروست بێت. چونکە فەلسەفە لەنێو وانەو بابەتی سیستەم‌و پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەو زانکۆییدا قەتیس ناکرێت، لەنێو خوێندنیشدا وەدەست نایەت، ئەمە پرۆسەیەکی تەواو جیاوازو ئاڵۆزە.

مرۆڤ دەتوانێت فەلسەفە لەنێو قوتابخانەو زانکۆدا بخوێنێت، بەڵام ناتوانێت تەنیا بەهۆی ئەم خوێندنە ببێتە فەلسەفەکار، چونکە پرۆسەی فەلسەفەکاری، لەپرۆسەی خوێندن ئاڵۆزترو قورسترو دوور مەوداترە.

## (٢٢)

هێگل ئاماژە بۆ گوتەیەکی باوی ئەو کات دەکات ــ ڕەنگە ئێمڕۆش هێشتا هەر باو بێت ــ گوایە خەڵکێکی زۆر هەیە پێیان وایە فەلسەفە مەعریفەیەکی فۆرمالیستی بێ ناوەڕۆکە، گوایە مەعریفەیەکی فۆرمالیستییەو بێ ئەوەی ناوەڕۆکێکی بەسوودی هەبێت لەدەوری هەندێك فۆڕمی دیاریکراودا دەخوولێتەوە. هێگل ڕەخنە لەم بۆچوونە باوە دەگرێت کە زۆرجار لەنێو زۆر نەتەوەو گەلیشدا، لەشێوەی چەند نوکتەیەکی کۆمیدییەوە گوزارشتی لێ دەکرێت، بێ ئەوەی ئەو کەسانە وشیاربن بەوەی دەشێت هەموو ناوەڕۆکیك لەنێو هەموو زانست‌و مەعریفەیەك ناوی حەقی لێبنرێت، چونکە بەرهەمی فەلسەفەیەو فەلسەفە بەرهەمی هێناوە.

ئینجا هێگل وەکو جۆرێك لە بەرەنگاربوونەوەو ئاڵنگارییی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات با زانستەکانی تر هەوڵ بدەن بەدوای پێشکەوتنی بەڵگەداردا بگەڕێن‌و بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ لای فەلسەفەو پێویستییان بە فەلسەفە بێت، پێشکەوتنی پاساودراوی خۆیان بەرهەم بێنن. بەڵام، ئەدی لەو حاڵەتەدا چی ڕوودەدات؟ هێگل پێی وایە ئەو زانستانەش بەبێ ئەو فەلسەفەیە، زانستی بێ ژیان‌و بێ عەقڵ‌و بێ حەقیقەتن‌و

زانستێکی وەهاش ناتوانێت بەبێ باکگراوندو پاڵپشتی فەلسەفە بەردەوام بێت. ئا لێرەوە گرنگە جارێکی تر رژدبوون بە خوێندنو بابەتی فەلسەفە بدرێتەوە.

ئینجا هێگل کاتێك لەنێو ئەم راپۆرتەدا لە خستنەرووی تێبنییەکانی لە بارەی بابەتی خوێندنی وانەی فەلسەفە بەردەوام دەبێتو دەڵێت:" تەنیا لەرێگەی هەوڵو کۆشش بۆ تێگەیشتن لەچەمك، دەکرێت هزری راستەقینەو زانستی بەدەست بێت، تەنیا چەمك دەتوانێت گشتگیری مەعریفە بەرهەم بێنێت، گشتگیری مەعریفەش دەستنیشان نەکردنی سادەو هەژاری هەستی گشتی نییە، بەڵکو بریتییە لە مەعریفەیەکی رۆشنبیری تەواو، نەك مەعریفەیەکی گشتگیری ئاورتەی بەهرەکانی عەقڵ، کە بەهۆی تەمبەڵیو مەغرورییەوە بەدەست دێت، بەڵکو ئەو حەقیقەتەیە کە گەیشتۆتە پێگەیشتنی شێوەی رەسەنی خۆی، ئەوە حەقیقەتێکە توانای ئەوەی هەیە لەلای هەموو عەقڵێکی وشیارەوە بەدەست بێت ".(١٤)

لێرەدا ئێمە دەگەینە خاڵێکی گرنگ لە بیرکردنەوەی هێگل، ئەویش بیرکردنەوەیە لە دامەزراندنو داتاشینی چەمك لەپێناو بەدەستهێنانی ئایدیای راستەقینەو زانستی، چونکە هەموو ئایدیایەکی زانستیو راستەقینە، لەسەر بنەمای چەمك دامەزراوەو، چەمکەکانیش دەتوانن کارێکی وا بکەن گشتگیری مەعریفی بەرهەم بێت، لەروانگەی ئەمەشەوە، بەبێ هەبوونی چەمکە فەلسەفییەکان، هەموو هەوڵێکی فەلسەفییانە، دەبێتە جۆرێك لە تەمبەڵی هزری.

هەروەها کاتێك بەردەوام دەبێت، پێی وایە دەبێت توێژەرو لێکۆڵەری بواری فەلسەفی روو بەرووی خودی شتەکان ببێتەوە، ئەوەش کارێکە بەبێ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ ناوەرۆکی فەلسەفی ناشێت رووبدات. چونکە ئەوە خۆی فەلسەفەیە، مادام ئەویش بریتییە" لە هزرە عەقڵییە هەرە باڵاکانی پەیوەست بە بابەتە سەرەکییەکان، کەواتە راستەقینەو گشتییەکان لەخۆ دەگرێت، بۆیە گرنگیشە ئەو ناوەرۆكو هزرە لەنێو مێشکدا جێگای بۆ بکرێتەوە". (هێگل، راپۆرتی ساڵی ١٨١٢).(١٥)

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**


١) هیغل، فارس ساسین، مقال منشور علی الانترنت.
٢) فەلسەفەی هێگل، کۆمەڵێك نووسەر، وەرگێڕانی: رێبین رەسوڵ ئیسماعیل، بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٣٨٢.

٣) فەلسەفەی هێگل، کۆمەڵێك نووسەر، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٣٨٦.
٤) گولدێن جۆری پارەو دراوی سەردەمی ئەو کاتی هەرێمی باڤاریا بوو.
5) https://www.nordbayern.de/2.242/2.229/hegel-war-nurnbergs-bestbezahltester-lehrer-1.541753
٦) فەلسەفەی هێگل، کۆمەڵێك نووسەر، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٣٨٨.
٧) فەلسەفەی هێگل، کۆمەڵێك نووسەر، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٣٨٩.
٨) فەلسەفەی هێگل، کۆمەڵێك نووسەر، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٣٩١.
٩) فەلسەفەی هێگل، کۆمەڵێك نووسەر، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٣٩١.
١٠) فەلسەفەی هێگل، کۆمەڵێك نووسەر، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٣٩٢.
١١) فەلسەفەی هێگل، کۆمەڵێك نووسەر، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٣٩٤.
١٢) فەلسەفەی هێگل، کۆمەڵێك نووسەر، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٠٢.
**١٣) فەلسەفەی هێگل، کۆمەڵێك نووسەر، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٠٣.**
**١٤) فەلسەفەی هێگل، کۆمەڵێك نووسەر، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٠٤.**
**١٥) فەلسەفەی هێگل، کۆمەڵێك نووسەر، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٠٤.**

# دیاردەناسی و هێرمێنۆتیک(١)





پۆل ریکۆر
وەرگێڕانی لەفارسیەوە: مەسعود بابایی

بەشی یەکەم

### ١-ڕەخنەکاریی هێرمێنۆتیکیی ئایدیالیزمی هۆسرێلی

ئامانجی بەشی یەکەمی ئەم تاوتوێیە ئاگاداربوونە لەو تەوەرەو ئەمەش پەردەیەکی دابڕ نییە کە هێرمێنۆتیکێك لە هەر چەشنە دەربڕینێکی ئایدیالیستیی دیاردەناسی جیا دەکاتەوە. کەواتە ئاخۆ بەرینکرنەوەو پەرەدانی دۆخی دوو گەلاڵەی فەلسەفیی پێچەوانەی یەکدی کە تێیدا نابینرێت، چۆن دەبێت؟ بەم پەسنەوە، مەبەستی ئێمە

ئەمەیە" ئەم ئەگەرە بپارێزین کە دیاردەناسی بەم ناونیشانە یەکسەر ناخزێتە نێو فلاَن یان فیسار ڕاڤەوە، ئەگەرچی ڕاڤەکە هی خودی هۆسرێلیش بێت، بەلاَم ئەمە هەمان ئایدیالیزمی هۆسرێلییە کە بە بۆچوونی ئێمە لە بەرامبەر فەلسەفەی هێرمێنۆتیکیدا بەچۆکدا دێت.

## ٢ ـ تیۆرییە پوختکەرەکانی ئایدیالیزمی هوسرێلی

بەگوێرەی پێداویستەکانی باسەکە کە بەناچاری پوختکردنەوەو کورت کردنەوەی ئایدیالیزمی هۆسرێلیە، بابەتی پاشکۆکانی بیرۆکەکانم وەك بەلّگەو گەواهی نموونە هەلّبژاردووە. ئەم نموونەیە لەتەك ڕامانە دیکارتییەکان پێشکەوتووترین دەربڕینی ئەم ئایدیالیزمە پێکدەهێنێت. من چەند تیۆرییەکم لێی دەرهێناوە کە لە خوارەوە دەیانهێنمەوەو پاشان وەبەر ڕەخنەی ڕاڤەیان دەدەم.

أ- ئایدیالو ئەوپەڕی خوازراوی زانستیبوون کە دیاردەناسی بانگەشەکاریەتی، هاوپێناو لەتەك زانستەکان، گوزارە بەلّگەنەویستەکانی زانستو وەبەرخۆنانی بنچینەگەرایانەی ئەوانە نییە، واتە: پاساودانو شەنوکەوی دوایین نرخێنەر (مقوم)ەکەی سەر بە چەشنو جۆرێکی دیکەیە [٢].

ئەم تیۆرییە کە دەربڕی بانگەشەی بنەواشەییبوونو ئاقاری بونیادیی دیاردەناسییە، بە شێوازی دیالکتیکی دەرخراوەو سەلمێنراوە. ئەمە هەمان تیۆریی فەلسەفەیەکی بەربەرەکانێخوازە کە هەمیشە دوژمنێك لە بەرانبەر خۆی دادەنێ: ئێستە ئەم دوژمنە یان فەلسەفەی بەرهەستێتیە، یان ڕێبازی ڕەسەنایەتیی سروشت، یان فەلسەفەی ژیان، یان مرۆڤناسیەو ڕەوتی ئەم تیۆرییەش، کێشمەکێشو جیاییە کە ناتوانێ بێجگە لەبەلّگەهێنانەوەو قوتکردنەوە سۆنگە بێت" چونکە ئەی لە کوێ دەتوانی ئەوە بەرەنجام هەنجێنییە بکەیت؟ لە کوێ شێوازی توێژەرانە خۆبەخۆ لەمەڕ بانگەشەی بنەواشەییبوون کە تەنیا گەواهی بەرتەکدانی شتێکە کە دەتوانی بەرتەکی بدەیتەوە، دێتە ئاراوە؟ ڕێکەوەند (عبارت، عبارة)ی سۆنگە بەدەر لەخۆی (aus letzter Begründung) باشترین نموونەی چەشنەکی لەم بارەوەیە. ئەم ڕێکەوەندە هەم نەریتی ئەفلاتوونیی مژاری دژەگریمانێتیو دژەمەرجدارێتیو هەم نەریتی کانتی سەربەخۆییو خۆسەرپشکێتیی کردەی ڕەخنە وەبیر دەهێنێتەوە. هەروەها ئەمە نیشاندەری جۆرە درێژەو بەردەوامێتیی بان پرسیار (Rilckfrage)[٣]ە کە زانستەکان لەمەڕ خۆیان دەیپەژرێننو لەگەلّ

ئەوەشدا، ڕەوتی گەڕانەوە بۆ بونیادو بناخەکان بەشێوەیەکی ڕەها لەتەك هەر چەشنە بناخەدانانێکی نێوەکیی هەموو زانستێکدا ناهاوشێوەیە: بۆ هەر جۆرە زانستێك بنەماکانو بونیادەکان، "چەمککگەلی لێڵ، تەماویو گرێکوێرە، یان پامالْکەری کۆدەنگی ناکرێ هەبن"[٤]. مەبەستەکە ئەمە نییە کە "هەندێ ڕێگە نەبن کە ولاّمدەری ئەم بیرۆکە ناوێزەیە بن، بیرۆکەی بونیادو بناخە، سەرتر لە شتێکە کە هاوکێشیو هاوسەنگیو هاوپێوەندیی ڕێگەکان (لۆژیکی، دیکارتی، دەروونناسانە، ئاکامناسانە، مێژوویی‌و..تاد) دابین دەکات. "دەسپێکە ڕاستەقینەکان"، یان ئەگەر باشتر بێژین "ئەو ڕێگایانەی کە ڕوو لە دەسپێکن" لە ئارادان، کە پێشگریانی هەبوونی ئەم ڕێگایانە نەبوونی ڕەهای پێشگریانی پێشووترە. کە وایە گەلاّلەی پرسیارانێك لەمەڕ پاساودانی فلاّنە دەسپێکی بونیادی شتێکی بێ بەرهەمە. هۆی نێوەکیی بوارێك بۆ پەڕینەوە لێی‌و چوون بۆ مەسەلەی ئاخێزگەو چاوگە، لە ئارادا نییە. بەم مانایە پاساودان و شەنوکەو جۆرە سۆنگەیەکی خۆبەخۆیی (Selbst – Begrundung)ە.

ب- بونیادی بنەڕەتی بابەتێکە کە پێوەندیی بە ونبینی (شهود)یەوە هەیە. بونیادنان واتە بینین. لە ئاکامدا پاشکۆکانی بیرۆکەکان کارێکی گەلێ پێویست پشتڕاست دەکاتەوە کە توێژینەوەی شەشەم لە توێژینەوە لۆژیکییەکانی (هۆسرێل) ئەوەی درکاندووە، هەر هەمان کاری پێشبار کە بریتییە لە ئەنجامدانی تێرو تەسەل و تەواوی هەرچەشنە بەرهەڤدان (قیاس) یان هەڵچنینی بەڵگەهێنانەوە لە فەلسەفەدا.[٥]

چەمکی کلیلی، لەم دیدەوە هەمان چەمکی بیاڤی ئەزموون (Erfahrungsfeld)ە. نامۆیی دیاردەناسی بە تەواوەتی لێرەدایە: چاوگە یەکجێ "بەستێنەکی"یەو یەکەمین هەقیقەت یەکجێ "ئەزموونی". بەپێچەوانەی هەر چەشنە "پێکهاتەیەکی تیۆریك"، هەر جۆرە مەسەلەیەکی پێوەندیدار بە بنەواشەکانو هەڵماڵێنو ونبینی، دەبێت بە حاشاهەڵنەگرو وەدیهاتوو. من هەنوکە لە نامۆیی دوام. لە ڕاستیدا، ئایا جێی سەرسوڕمان نییە کە سەرەڕای (و لە سای) ڕەخنەی فەلسەفەی ڕەسەنایەتیی ئەزموون (ئەزموونباوەڕی)، بە مانای کتومتی ئەزموونی، تەنیا بەگوێرەی ئەزموون دەتوانی پێش ئەزموون بکەویت. هەر ئەم هاوڕەگەزێتی‌و هاوتایەتیی ئەزموون (Erfahrung)، بەم مانایەیە کە دیاردەناسی بۆ جێیەکی دیکە، بۆ جیهانێکی دیکە ناگوێزرێتەوە، بەڵکو بۆ هەمان شوێنی ئەزموونی سروشتی دەبرێت، بەو ناوەی گوایە ئاگای لە مانای خۆی نییە. ئیدی لەو دەمەدا، هەرچی زیاتر لەسەر تایبەتمەندیی پێشەنگانە، لەسەر گەڕانەوە

دیاردەناسی لێرەدا دەبێ بەرەنگاری جۆرە بەدحاڵیبوونێك ببێتەوە كە بە شێوەیەكی بەردەوام سەرلەنوێ لەدایك دەبێتەوەو خۆی دەیانورووژێنێ. لە ڕاستیدا قەڵەمڕەوی ئەزموونی دیاردەناسی" لەتەك ئەزموونی نائەسپاردەیی (غیرتحویلی) جۆرە هاوشێوەییەكی پێكهاتەیی هەیە. هۆی ئەم لێكچوونە، تەنیاو تەنیا لە باری بەرتەمایەتیەكەدا (حیث التفاتی-intentionality) جێ دەگرێ (برنێتانۆ ئەم باری بەرتەماییەی دۆزیبووەوە، بەلاّم گواستنەوەی پێنجەمین توێژینەوەی لۆژیكیی نەناسیبوو، واتە ئەو توێژینەوەیەی بەرتەماییە لەگەڵ زاراوەگەلێك كە هاوڕێژە لەتەك دیاردەناسیو مانایەكی هەرە تایبەتی هەیەو هەم كالاّ بەقەد بالاّی دەروونناسیی بەرتەمایەتی- التفاتی- قصدیت-دەیناسێنێت). وێڕای ئەمە ئەسپاردن لە سەر بنەمای جیایی لە پێگەی سروشتی، وەگەڕ دەكەوێت: كە وایە دیاردەناسیی بڵیندهەڵكشاوەكی پەنەوازی شێوەیەكە كە لێی واوەتر بچێو هەر بەو شێوەیەش بە بەردەوامی پاتەوپات ببێتەوە بەبێ ئەوەی لە شوێنێكدا بگیرسێتەوە، هەرچەند لە پێگەیەكی دیكەوە بێت. لە بەرەنجامدا جیاوازییەكانیان لە هێڵگەلی پەسنكەرانە نییە، بەڵكو لە نیشانەی بوونناسانە، لە هورمی بوونەكی (Seinsgseltung ـ اعتبار وجودی)یە. دەبێ هورم و نرخ، چەشنی كاروباری كەتوارەكی (als Reals) لەنێو ببرێن،[٧] بەكورتی دەبێ كەتوارگەرایی دەروونناسانە تێكەوە بپێچرێ. بەڵێ، خۆ دیارە ئەمە هەروا بە بێ چەرمەسەری نالوێ، ئەگەر بێتو كەسێك لەوە تێنەگات كە دەبێ جیهان، تەنو سروشت لەنێو بچن، واتە كارێكە كە دیاردەناسی بە شێوەیەك لە شێوەكان "دژەجیهانگەرایی" هەڵسوكەوت دەكات. مژارێك كە كۆدەنگی پێشێل دەكات ئەوەیە كە دەبێ نرخی ئەم لەنێوبردنە بدرێت تا جیهان وەك خۆی، كتومت، بەشێوەیەكی وەدیهاتوو لە پێشان دەربكەوێتەوەو تەن بەڕاستی وەك "هەبوو"و سروشت لە شێوەی "شتێك كە هەیە" وەك مزگێنییەك جاڕ بدرێت. كە وایە وەرچەرخانی نێوان منو جیهان، لە نێوان تەشك (نفس)و جەستە، لەنێوان ڕۆحو سروشت ڕوو نادات، بەڵكو لە ڕێگەی بابەتێكی وەدیهاتووی پێشین، هەبوو، بوون، ڕوو دەدات كە چیدی بابەتێكی بەڵگەنەویستی بڕواهێنان بە بوون (Senisglaube) بە شێوەیەكی لێڵو تاریك نییە، بەڵكو، لە شێوەی "ماناكان"، ماناگەلی وەدیهاتووی پێشین، واتاگەلی هەبوو، واتاكانی"هەیە"، وەردەگۆڕێت. بەم جۆرە لێبڕاوێتیی دیاردەناسانە ـ كە زەینییەتی بڵیندهەڵكشاوانەو منی ئەزموونی دووهەندە دەكاتەوە ـ هەر ئەو شتەیە كە باوەڕ بە بوون بۆ بابەتی

ئاوەزمەندانەی بابەتی ئاوەزەکی (عقلی) دەگۆڕێت کە پێوەندیی بە بوونەوە هەیە. بەمجۆرە، مژارێکی ئاوەزمەندامەندانە وەك جۆرە گرێدراوێکی فیکر، لە دەروونناسی لێکهەڵاوێر دەکرێت. تێگونجان، نێوەرۆك‌و کرۆکەمانا (Gehalt)ی ئەوانە هەر یەکە: دیاردەناسی، هەمان دەروونناسیی وەرگۆڕاوە. بنەواشەو بنەمای"هاوتەریبی"، یان بە گوتەیەکی باشتر"پەیکاڵ (تطابق)" لەنێوان ئەم‌و ئەودا هەر ئەمەیە. هەروەها بنچینەی ناکۆکییان هەر لێرەدایە: چونکە جۆرێك وەرچەرخان ـ وەرچەرخانی فەلسەفی ـ لێکیان دادەبڕێ.

هـ- توێژەکانی ژیری کە پشتڕاسکەرەوەی کردەی تێهزرینن، هاوپێناوە ڕەوشتییە تایبەتەکان بەرین دەکەنەوە و پوختەییان پێدەبەخشن: لەم دیدەوە، تێفکرینی کردەوەیی بێ بژیوان خۆبەخۆ بەرپرسیارە.

ئەم پایە ڕەوشتییە کە گوایە ڕێکەوەند (عبارت)ی بەرپرسایەتیی بەدەر لە "خود"ی (letzer selbsverantwortung)[٨] لە توێژینەوە بونیادییەکاندا کردووە بە باو، تەواوکەری کردەیەکی وەبەرخۆنان (اقدام)ێك نییە کە بەم ناونیشانە، هەر بە تەنێ بە ئیپستمۆلۆژی بەناوبانگ بێت: تاودانەوەیەك کە بەهۆیەوە تێفکرین خۆی لە چنگی دۆخی سروشتی ڕزگار دەکات، لە هەمان کاتدا ـ خۆ ئەگەر بتوانین بە هەمان حەزو ئارەزوو ـ پێوەندیدار بە ئیپستمۆلۆژی‌و ڕەوشتە. وەرچەرخانی فەلسەفی کردەیەکی لە ڕادەبەدەر سەربەخۆیە. لە بەرەنجامدا هەرچییەك بە شکۆی ڕەوشتی ناودێری دەکەین، بێ بژیوان، لە کردەی بونیادسازیدا وەشێراوە. بەم مانایەیە کە ئەم کردەیە تا ئاستێکی بەرز خۆبەخۆ بەرپرسیارە.

خودی خۆ ـ وەڕاستگەڕێنی، بونیادێکی فەلسەفی لە شێوەی بابەتی بەرپرسیار پێکدەهێنێت. ئەم بابەتە بەم ناونیشانەدا بابەتی فەلسەفاندنە.

### ٢. هێرمێنۆتیك دژی ئایدیالیزمی هۆسرێل

دەکرێ تیۆر بە تیۆری زانستی ڕاڤە، نەك تەنها لەبەرامبەر دیاردەناسی بەشێوەیەکی گشتی‌و بەم ناونیشانە، بەڵکو لە بەرامبەر ئایدیالیزمی هۆسرێل قوت بکەیتەوە. ئەم باشارە ڕێگەیەکی پێویستە بۆ ڕایەڵکردنی پێوەندییەکی ڕاستەقینەو دیالکتیکی نێوان ئەم و ئەو.

أ- ئەوپەڕی خوازراو (كمال مطلوب)ی زانستێتی كە جێی مەبەستی ئایدیالیزمی هۆسرێلە، وەك دوایین پاساوە، ئاستی بونیادیی دركپێكردنی خۆی لە هەلومەرجی بوونناسانەدا وەدەست دەهێنێت.

ب- ئەم هەلومەرجە بوونناسانەیە دەتوانێ جۆرە ئامانجگیریەكە دەرببڕێ. بەم وەسفەوە، ئەمە ئەو چەمكە نییە كە من وەك یەكەمین چەمك لە قەڵەمی دەدەم، چونكە لە شێوەی ڕێكەوەندانێكی نەرێیدا كۆمەڵە هەلومەرجێكی تەواو ئەرێنی دیاری دەكاتو وا باشترە بە دەساوێژی چەمكی بەسترانەوە دەرببڕدرێ. ئەم چەمكە بێ بژیوان هەلومەرجی هەرچەشنە پاساوو بونیادێك دیاری دەكات كە ناتوانێ سنوورەكەی ببەزێنێت، بەم مانایە ئەم هەلومەرجانە هەمیشە پاشەوپاش بۆ پێوەندییەك دەگەڕێنەوە كە لەگەڵیدا هاوپێناوە. ئایا دەتوانین بێژین كە ئەم پێوەندییە، پێوەندی لەتەك هاوپەیوەستو بابەتە؟ بە لێبڕاوێتییەوە نەخێر. ئەو شتەی هێرمێنۆتیك لە ئایدیالیزمی هۆسرێلدا لە سەرەتادا دەیخاتە بەرپرسیار، ئەمەیە كە دۆزینەوەی بێ كەوشەنو نەپساوەی باری بەرتەمایی لەو چەمكانەدا بە ئاخنیو دەزانێ كە بەرزاخی گرنگییەكەی -واتە بابەتو باركراو لاواز- دەكات. چەمكانێك كە دەرخەری زۆر پێویست پەیجۆری شتێكن كە دەبێتە هۆی یەكبوونی مانای بابەتو پێویستیی بونیادنانی ئەم یەكبوونە لە زەینییەتدا لێكەوتەی ئەو چەمكانەیە: یەكەمین ڕوونكاریی هێرمێنۆتیك دەیەوێت بڵێ گرێكوێرەی بەرهەستێتی پێش هەموو شتێك پەنەوازی پێوەندییەكی هەمەلایەنەیە كە بابەتی (بەگوێرەی زاراوە) سەربەخۆو باركراوی (بەگوێرەی زاراوە) نەیار لەخۆدەگرێت. من ئەم پێوەندییە هەمەلایەن یان گشتگرە لێرەدا بە پێوەبەندبوون ناو دەنێم. هەر ئەم پێشەنگایەتییە بوونناسانەیەی پێوەبەندبوون، دەستەبەری ئەمەیە كە مەسەلەی بونیاد چیدی ناتوانێ تەنیاو تەنیا لەتەك مەسەلەی دوایین پاساودا لێك نزیك بێت. بەڵێ، هوسرێل یەكەمین كەسێكە كە بە ئەپۆخە یان هەڵپەسێران، پێوەبەندنەبوونی نێوان كردەی بڵێندهەڵكشاوانەی بونیادو كاری نێوەكی تایبەتی هەر زانستێك بە مەبەستی بەرهەڤكردنی بونیادە تایبەتەكانی خۆی وەبیر خستووەتەوە. گەلێ سەرتر لەوەش ئەو سەرترە هەرە پێویستێتیی پاساوێك لێكهەڵاوێر دەكات كە پەژرێنەری ئەو دیاردەناسیی بڵێندهەڵكشاویەو نموونەی پێشتر ڕایەڵكراو (Mathesis universalis)ن. لەم دیدەوە، هەر بەو شێوەیەی كە دواتر باسی دەكەین، ئەو هەلومەرجە دیاردەناسی وەك هێرمێنۆتیك وەدەر دەخات. بەڵام هێرمێنۆتیك دەیەوێت بەشێوەیەكی ورد تیۆرییەكەی

هۆسرێل لەمەڕ پێوەندنەبوونی بونیادی بڵێندهەڵکشاوانەو بنەمای ئیپستمۆلۆژیك بکاتە بونیادی.

لە دیدی زانستی ڕاڤەوە، تا ئەو کاتەی کە ئەوپەڕی خوازراوی زانستیبوون بەم ناونیشانە پرسیارئاژن نەکرابێت مەسەلەی دوایین بونیاد دیسان هەر سەر بەو بیاڤەی هزری بەرهەستێتیسازییە. بونیادیگەریش مەسەلەکەیە لە هزری زانستیبوونەوە بە هەلومەرجی بوونناسانەی پێوەندبوون دەگاتو بەهۆیەوە کەسێك کە پرسیار دەکات، پشکێکی لەو شتەدا هەیە کە لەبارەیەوە پرسیار دەکات.

هەر ئەم پێوەندبوونەش دواتر وەك ئاکامێتیی ناسین هاتووتە تێگەیشتن. نەسازان، پاژێکی نەرێنییە کە دەقاودەق وەك وشەکەی، ئاکامێتی تێیدا هەڵترووشکاوە، بەم وەسفەشەوە (نەسازان) دەست لە پێوەندیی سەرلەبەری ئەرێنییانەی پێوەندبوون وەرنادات ـ کە ئەزموونی هێرمێنۆتیکی وەك خۆی لە ئارادایە ـ هەمان پێوەندبوونیش کە پێشتر دەرهەست لافی پێوە لێداوە، دەبێتە دوایین بنەماو بونیادی ئەم لافلێدانە. ئەم ناهاوسەنگییو تێکەڵو پێکەڵەیەش لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی پێوەندیی، پێوەندبوون وەك ئاکامێتی دەردەخات.

هایدگەر ئەم پێوەندبوونەی بە زاراوەی هەبوون ـ لە ـ جیهاندا دەربڕیوە. ئەم دوو چەمکەش هاوگوێرەی یەکن. ڕێکەوەندی "هەبوون ـ لە ـ جیهان"دا ئەگەرچی زیاتر پێشەنگایەتی سەرنج لە نیگاو ئەو تایبەتمەندیە ئاسۆییە دەدات کە پێوەی پابەندین. ئەم "هەبوون-لە-جیهان"دایەش کتومت پێشەنگی تێهزرینە. بەم پێشبارێتیەی گوتەزای بوونناسانەو دازاین -کە ئێمەین- گەواهیی گوتەزای بوونناسانەو دەروونناسانەی بابەتەکە بەرکاردەبێت. من بە پەیڕەوی لە گادامێر، سەرەڕای تێکپەستراویی چەمکی ئەم ڕێکەوەندەی "هەبوون —لە-جیهان"دا، چەمکی پێوەندبوونم بە لاوە باشترە کە دەستبەجێ نەسازان لەتەك پێوەندیی "بابەت —بارکراو" دەهێنێتە پێشەوەو پێشەکی دواتری چەمکی جیاییو مەودا بەرهەڤ دەکات کە لە دیدی لۆژیکی دیالکتیکییەوە لەگەڵیدا هاوڕێ و هاوپێناوە.

ب- بەگوێرەی دیدی هۆسرێل لەبەرامبەر هەرە پێویستێتیی گەڕانەوە بۆ ونبینی (شهود) هەرەپێویستیی هەبوونی بژیوانی ڕاڤە بۆ هەر چەشنە پەیردنێك سەرهەڵدەدات.

جێی دڕدۆنگی نییە کە ئەم بنەواشەیە لە ئیپستیمۆلۆژیی زانستە مێژووییەکان وەرگیراوە. بەم ناونیشانە، ئەم بنەواشەیە سەر بە بیاڤی ئیپستیمۆلۆژییەو شلایرماخێرو

دیلتای سنوورەکەیان دەستنیشان کردووە. بەم پەسنەشەوە، ئەگەر ڕاڤەی شتێك بەدەر لە چەمکی مێژوویی-ڕاڤەیی نەبێتو بە بارتەقای زانستە مرۆییەکانی ئەو چەمکە نەبێت ئەوا چەمکەکە، ناوچەییە. بەڵام بەکارهێنانی ڕاڤە لە زانستە مێژوویی ـ ڕاڤەییەکان تەنیا خاڵی دامەزرانی چەمکە هەمەکیو گشتییەکانی ڕاڤەیەکە کە خاوەنی ڕووبەرو بەرینایییەکە بارتەقای پەیبردنو هەروەها بە بارتەقای پێوەندبوونە. ئیدی بەم ناونیشانەوە لە تەرزناسیی باسوخواسو ڕاڤەو وشەناسی واوەتر دەچێو کاری ڕوونکردنەوە (explicitation) ـ(ڕاشکاوی) دیاری دەکات، کە لەگەڵ هەر چەشنە ئەزموونێکی هێرمێنۆتیکیدایە. لە "بوونو کات"دا ڕاڤە بەو جۆرەی هایدگەر ئاگادارمان دەکاتەوە، بەرفراوانکردنی پەیبردنە بە گوێرەی پێکهاتە ـ لە چوارچێوەی مانای "بەو شێوەیەی کە (Als)"دا[٩]. بەڵام بە وەها کردەیەك بژیوانی کردنی "بەو شێوەیەی کە"، نابێتە هۆی ڕوونکردنەوەی گۆڕانی پەیبردن بە شتێکی دیکە، بەڵکو ئەمە تەنها مایەی بوونبەیێتیی خۆبەخۆی خۆیەتی" (هەر لەجێی خۆیدا). ئەم پێوەندبوونە ڕاڤەی پەیبردن بەم بابەتە ڕوون دەکاتەوە کە ڕۆشنگەریو ڕوونکردنەوە هەمیشە پێشەنگی تێهزرینو پێشینەی لەسەر پێکەوەنرانی بارکراو لە سایەی بابەتی سەرترەوە هەیە. ئەم پێشینەیەی ڕوونکردنەوەو ڕۆشنگەری کە لە ڕێگەی "پێکهاتەی پێشبینیو چاوەڕوانی"یەك دەردەبڕدرێ کە هەرگیز ناهێڵێت ڕۆشنگەری بەبێ گریمانی پەژرانێك کە لە پێشان - خرابێتە ڕوو، ببێتە پێشەنگی بارکراوی خۆی لە شێوەی پێش خواست (Vorhabe) پێش ـ نیگا (Vor – sicht) پێش ـ تێگەیشتن (Vor – Griff) و پێش — هزر ( – Vor Meinung)[١٠]. من لێرەدا ئەم دەستەواژە ناودارەی هایدگەر ڕاڤە ناکەم. چونکە خاڵی گرنگ لێرەدا وەبیرهێنانەوەی ئەم بابەتەیە کە بە وەگەڕختنی پێکهاتەی "بەو شێوەیەی کە" بە بێ وەگەڕختنی "پێشبینی" نەلواوە. وێنای "مانا" شوێنکەوتەی مەرجی دوانیی بەو شێوەیەی کە (Als)ە: "مانا" بە وەدەستهێنانی دیدی پێشبارەکیو پێشبینی پێکهاتەکەی پەیدا کردووە، ئەمەش گەڵاڵەیەکی ئاسۆیی پەیدا دەکات کە لەسەر بنەمای هەموو شتێك بەم شێوەیە یان بەو شێوەیە درك دەکرێت.[١١] لەسەر ئەم ڕێڕەوە بیاڤی لێکدانەوەو ڕاڤە بە هەمان بارتەقای بیاڤی پەیبردن بەرینەو چەشنە گەڵاڵەیەکی مانا لە دۆخو پێگەیەکەیدا دەگرێتەوە.

هەمەکێتیی ڕاڤە بە چەندین شێوە دەردەکەوێت، ئاساییترینی ئەم دۆخانە هەمان بەندوباو و بەکارهێنانی "زمانە سروشتییەکان"ە لە هەڵکەوتی گفتوگۆدا. بەکارهێنانی

زمانە سروشتییەکان، بەپێچەوانەی "زمانە تەرخاوو ڕەخساوەکان" کە بەگوێرەی خواستەکانی لۆژیکی ماتماتیکی دروستکراونو هەموو زاراوەکان بەگوێرەی بنەماکەیان، لە شێوەی بنەواشەگەلی باوو ناسراو پێناسە کراونو ڕۆنراوی بایەخی فرەنیشانەیی وشەکانە. وشەی زمانە سروشتییەکانیش لە بیاڤی نیشانەناسیی خۆیاندا دەفرێتیی پەنگراوی ئەو مانایە دەگرنە خۆیان کە لەبەر بەکارهێنانی کردەکیدا ماناکەیان کۆتایی پێنایەت،، بەڵام پەنەوازی ئەوەیە کە سات بە سات لە پەنای بەستێندا پاڵفتە، دیاری و دەستچن بکرێت. ڕاڤە، بە مانایەکی ئێجگار بەراییتری ئەم وشەیە، هەر بەم بەکارهێنانەی هەڵبژاردنو بیرازی بەستێنی دەستەواژکانەوە بەندە. ڕاڤە پرۆسەیەکە کە لە ڕەوتی پرسیارو وەڵام، بەربێژەکان (مخاطبان) بە هاوبەشی بایەخی بەستێنی دەستەواژەکانی گفتوگۆی خۆیان دیاری دەکەن. کەوایە پێش ئەوەی هەر چەشنە زانستێك، هونەر (kunstlehre)ی سەرپشکیی باسوخواسو لێکدانەوەی وشەناسی لە شێوەی زانستێکدا قوت بکاتەوە، جۆرە پرۆسەیەکی خۆبەخۆ لە ڕاڤەدا هەیە کە سەر بە سەرەتاییترین پەیبردن بە هەڵکەوت و دۆخی دیاریکراوە.

گفتوگۆ، ڕۆنراوی جۆرێك لە پێوەندییەو سنوورەکەی لەوە فراوانترە کە بتوانێ تێکرای قەڵەمڕەوی ڕوونکردنەوەو پاساودان بگرێتە خۆی. گفتوگۆ ـ واتە سەرەنجامی پێوەندییەکی هێڵکوور ـ لە سنووری باشاری دوو کەسدا کە ڕووبەڕووی یەکدین، قەتیس ماوەتەوە. ئەو زنجیرەبەندیی مێژووییەش دەیگرێتە خۆی، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان سەیرترو تێکچڕژاوترە. پێوەندییەکی بەرهەستی کورت لەنێو زنجیرەبەندیی مێژووییدا، یان پێوەندیی نێوان دەرهەستی دووردرێژە بە بژیوانیی دامەزراوە هەمەجۆرەکانو دەورە کۆمەڵایەتییەکان لە پلەبەندییە بە کۆمەڵەکاندا (گرۆیەکان، چینەکان، نەتەوەکان، نەریتە فەرهەنگییەکانو...تاد) هەماهەنگ کراوە. ئەو شتەی کە ئەم پێوەندییە دوولایەنە دەرهەستیە دووردرێژانە دەگرێتە خۆی، جۆرە گواستنەوە یان نەریتێکی مێژووییە کە دەمودووانە بەشێکن لێی. لە بەرەنجامدا، ڕوونکردنەوەو ڕۆشنگەری بەشێوەیەکی سەمەرە گەلێ دوورتر لە گفتوگۆ پەرەدەستێنێ تا لەتەك بەرینترین زنجیرەبەندیی مێژوویی هاوبارتەقا ببێت.[١٢]

بژیوانێتیی دەق بۆ ئەم بەکارهێنانەی ڕۆشنگەری بۆ پێودانگی گواستنەوەی نەریتێکی مێژوویی دەگەڕێتەوە، واتە بۆ ڕێکەوەندێك کە بە ڕێنووس بنەجێ کراوەو هەروەها قەواڵەو بەڵگەنامەو بەرهەمەکانی یادەوەری کە لەگەڵ ڕێنووسو نووسیندا

پێوەندییەکی هاوبەشی بونیادییان هەیە. ئەم هەمبەرە هاوبەشە کە درێژە بە دەق دەدات، لەو ڕووەوەی کە دەقە، بە جۆرێکە مانا لە پێوەندی لەگەڵ مەبەستو نیازی نووسەر تێیدا هەڵتڕووشکاوەو بەهۆی هەڵکەوتی بەرایی ئاخێوو بە هاوڕێژەی مەبەستی یەکەمینی (ئاخێو) "سەرپشك" دەبێت. مەبەستو نیاز، هەڵکەوت، پاوەجێی (قوام)یش ڕەسەنی هەڵوێستی ژیان (Sitz-im- Leben) دەق پێکدەهێنن. توانستەکانی ڕاڤەی هەمەچەشنە، لەم دەمەدا لە ڕێگەی دەقێکەوە کە بەجۆرە لە هەڵوێستی ژیان دەربازی بووە، کراوەن. لەودیوەی فرەمانایی وشەکانیش لەگفتوگۆدا، جۆرە فرەمانایەکی دەقەکی (متنی، نصی، تێکستچواڵ) دەدۆزرێتەوە کە ئێمە بۆ خوێندنەوەی بە کۆمەڵ خولْك دەکات. ئەم قۆناخەی ڕاڤە بە مانا تکنیکییەکەی شیتەڵی دەقەکانە. بازنەی هێرمێنۆتیکی لەنێوان پەیبردنی کردەکیی خوێنەرو ئەو گوزارانەیە کە هەر بەو دەقە دەست پێدەکات. بونیادیترین مەرجی بازنەی ڕاڤەش لە پێکهاتەی پەیبردنی پێشین دایە کە پەیوەندیی بە هەرچەشنە ڕوونکردنەوەیەکی گرێدراو بە پەیبردنەوە هەیە کە لێی پێش کەوتووەو لەخۆی دەیگرێت.

لە چەند سیلەنیگاوە، پەرەگرتنی هەر جۆرە پەیبردنێك لە شێوەی ڕاڤەدا، لەگەڵ ڕاڤەی هۆسرێل لەمەڕ دوایین بونیادەوە دژیەکیی هەیە؟ هەر لە بنەڕەتەوە، هەرچییەك پێوەندی بە هەر جۆرە ڕاڤەیەکەوەیە بێت، ڕاڤەکار دەکات بە بژیوانێکی چڕوپڕ کە هەرگیزاو هەرگیز لە بەرایی تا کۆتایی جێی نابێتەوە. ئێمە بەشێوەیەکی لەنەکاو بە مل گفتوگۆیەکدا دەکەوین کە پێشتر دەستی پێکردووەو تێدەکۆشین تا لەو ئاراستەیەدا خۆمان بدۆزینەوە، بەشکم بەش بەحاڵی خۆمان بتوانین پشکێکی تێدا وەئەستۆی خۆمان بخەین. بەڵێ، ئەوپەڕی خوازراوی بونیادێکی نێوئاخندۆزییانە هەمان ئایدیالی ڕاڤەییە کە لە ساتێکی دیاریکراودا لە شێوەی خولیاو دیتە، خۆی دەنوێنێ. ئەم گریمانەیە، هەمان ئەو گریمانەیەی گادامێرە کە بە نێوەندگیری (بژیوانی)ی "تێروتەواو" ناوی دەبات. تەنیا نێوەندگیرێکی تێروتەواو دەتوانێ هاوگوێرەی نێواخندۆزی (ونبینی-شهود)یەك بێت کە هەم یەکەمینەو هەم دوایین. کە وایە دیاردەناسیی ئایدیالیستی، ناتوانێ داکۆکی لە بانگەشەی خۆی لەمەڕ سەرترین بونیاد بکات، مەگەر بانگەشەکانی هیگڵ لەمەڕ زانینی ڕەها بەشێوەیەك وەگەڕ بخاتەوەو بڵێت کە چیدی ئەمە تیۆریك نییە، بەڵکو نێواخندۆزییانەیە. کەوایە ئەمە خۆی گریمانەیەکی هێرمێنۆتیکی فەلسەفییە کە ڕاڤەی ڕەوتێکی کراوەیەو هیچ وەدیارکەوتنێك قەتیسو گەمارۆی نادات.

من لێرەشدا، پیت بە پیت، دەستەودامێنی فەلسەفەی هایدگەر نابم، بەڵکو بە ڕادەی تێکۆشانی خۆم درێژەی دەدەمێ. لە ڕەخنەگرتنی ئایدیۆلۆژییەکان، کە چ بە هەمان ڕادە یان ڕەنگە زیاتر، لە شرۆڤەی دەروونیدا کە بەڵگەکانی گومانێکنو لە پرسیارەکەی هایدگەر "بوون-لەوێ-دا" چیە؟ وەشێراوە، پەیجۆر دەکەم. ئەمڕۆکە ڕەخنەی ئایدیۆلۆژییەکان و دەروونشیکاری ئامرازێکمان پێدەدا تا ڕەخنەی بەرهەست بە ڕەخنەی دەرهەست پەرکاڵ بکەم. ڕەخنەی بەرناس (ئۆبژە)، لە دیدی هۆسرێلەوە، لەتەك پاوەجێ (قوام) ـ شمەك (Ding – Konstitution) ڕووبەری یەکسانیان هەیە. ئەم ڕەخنەیە هەر بەو شێوەی گوتوویانە، ڕۆنراو لەسەر تایبەتمەندیی گریمانو بۆچوونی دانانی "گەلاڵە بەراییەکان"ە. بەڵام هۆسرێل وای وێنا کردووە کە ماریفەتی تەشك ناتوانێ گریمانەکیو بۆچوونەکی بێت، چونکە لە "گەلاڵە بەراییەکان"و "سیما"وە سەرچاوە ناگرێت. بەڵێ، ماریفەتی تەشك دەتوانێ لەبەر گەلێ هۆ گریمانو بۆچوونێك بێت. بە ڕادەیەك کە ماریفەتی تەشك جۆرە گفتوگۆیەکی تەشکە لەگەڵ خۆییو لەو دەمودووەدا دەتوانێ بەگوێرەی لۆژیك ئاڵۆز بێت -لەبەر کێشمەکێش و دەستوەردانە نارەواکانی پێکهاتەکانی هەژموون لە پێوەندیگرتنەشیدا-ماریفەتی تەشك، وەك پێوەندییەکی بەناخەکیکراوو بە چاوپۆشین لەوەی کە هۆکارە جیاوازو تایبەتەکانی چین، دەتوانێ بە هەمان ڕادە کە ماریفەتی بەرناس (ئۆبژە) جێی دڕدۆنگییە، ئەویش گومانلێکراو بێت.

ئایا دەلوێ بگوترێ لە ڕێگەی دالەنگانی نێوەندگیرییەکانی ویژدان (یان ناخ  یان من) (ego meditans)ەوە، دیاردەناسی لە لادانەکانی ناسینی ئەزموونیی تەشك بەو شێوەیەی کە هەیە، هەڵدێت؟ وەها کارێك بە مانای فەرامۆشکردنی ئەم بابەتەیە کە ویژدان (یان ناخ یان من) هۆسرێل گوتەنی هەر هەمان "من تێدەهزرم"ی کانت نییە کە شوناسە کەسییەکەی کەمتر تەمومژاوییە، ئەگەر لە مانا داڕنراو بێت. ئەمە لەبەرئەوەیە کە "من" (ویژدان یان ناخ) دەتوانێو دەبێ بۆ بیاڤی پێوەندبوون دابلەنگێنرێو خۆ هەر وەهایشە ـ حاشاهەڵنەگرە بە مانایەکی دیکەی وشەی "پێوەندبوون" کە لەوە بەدواوە بە مانای پێوەندبوون بە جیهان نییە، بەڵکو پێوەندبوونە بە هەمان خودو دەبێ بەرهەستێتیی سروشتو بەرهەستێتیی جڤاتەکانو کۆمەڵگە مێژووییەکان لەسەر زەینییەتی دووسەرە نەك لەسەر ناسکار(سووژە ـ سۆبجێکت)ێکی دیارینەکراو ڕۆبنرێت. لەو دەمەدا، لادانەکانی پێوەندی، ڕاستەوخۆ بە تۆڕی نێوانزەینی گرێ دەدرێ کە تێیدا سروشتێکی هاوبەشو شوناسە مێژوویيو گشتییەکان دەکرێ

هاوشێوەی ئەو کەسیەتییە بڵیندپایانە بیچم بگرن کە لە پەرەگرافی پەنجاو هەشتی کتێبی ڕامانە دیکارتییەکان خراوەتە بەرباس، دەبێ لادانە بونیادییەکان لە ڕێگەی زاراوەی ویژدان (من)و خۆناسی، چەشنی ساویرگەلی وێناکان (اوهام تصورات) لە پاوەجێی (قوام)و بونیادی شتەکاندا وەبەر سەرنجی ڕژد بخەیت.

بە بۆچوونی من، تەنیا جۆرێك هێرمێنۆتیکی پێوەندی دەتوانێ ئەرکی ڕەخنەگرتنی ئایدیۆلۆژییەکان لە پەیبردنی تەشك بگرێتە ئەستۆ[١٤] ئەم کارەش بە دوو شێوەی تەواوکەری یەکدی دێتە بەرهەم. لە لایەکەوە، هێرمێنۆتیك دەتوانێ تایبەتمەندیی لەدەرۆستبەدەری دیاردەی ئایدیۆلۆژیکی نیشان بداتو ئەم کارە لەسەر بنەمای تێهزرینی خۆی لەمەڕ ڕۆڵی پێش-پەیبردن لە پەیبردن بە بابەتی پەروەردەییو فەرهەنگی بەشێوەیەکی گشتی ڕایی بکات. لێرەشدا ئەوەندە بەسە کە چەمکی پەیبردن لە قۆناخی یەکەمدا لەمەڕ شیتەڵی دەقەکان بەکار هاتووە، بۆ پلەی هەمەکیی پێشداوەرییانێك بەرز بکاتەوە کە لەتەك تەشکدا پێوەندییەکی مێژوویی هەمەگرەوەو پەرەگرتنی هاوبەشی هەیە. هەر بەو چەشنەی کە پەیبردنی چەوت جۆرە پێکهاتەیەکی بونیادیی شیتەڵو ڕاڤەیەو پێشداوەری پێکهاتەی بونیادیی پێوەندییە لەگەڵ ئەدگارە کۆمەڵایەتیو دامەزراوەکانی. لە لایەکی دیکەوە، هێرمێنۆتیك دەتوانێ هەرەپێویستیی ڕەخنەی ئایدیۆلۆژییەکان نیشان بدات، تەنانەت ئەگەر ئەم ڕەخنەو هەڵسەنگاندنە لەبەر هەمان پێکهاتەی پێش ـ پەیبەرانە هەرگیز هەمەلایەن نەبێت. ئەم جۆرە ڕەخنەیەش ڕۆنراوی توخمی مەودایە کە ئێمە هێشتا لێی نەدواوین، بەڵام سەر بە پێوەندیی دووسەرەی مێژووییانەی ئەو ناونیشانەیە.

هەر ئەم چەمکەی مەودا، هەموارکەری دیالکتیکیی چەمکی پێوەندبوونە، بەو مانایەی شێوەی پێوەندبوونی ئێمە بە نەریتی مێژووییەوە بۆ خۆی پێوەندبوونێکی مەرجدارە بەو پێوەندییە مەوداییەی لەنێوان دووریو نزیکیدا لە بەرزو نزمیدایە. ئەم بابەتەش بە مانای نزیککردنەوەی دوور (لە دیدی کاتەکی، جوگرافیایی، فەرهەنگی، ڕۆحی)یە. بژیوانێتیی دەق لەم بارەوە باشقەو مۆدێلی مەودایە کە تەنیاو تەنیا مایەی دووری لە خۆی نییە، هاوشێوەی ئەم نامۆبوونەی (Verfremdung) کە گادامێر لە سەرتاسەری بەرهەمەکانی خۆیدا بەرەنگاری دەبێتەوە[١٥]، بەڵکو بە مانای ڕاستییەکی داهێنەرانەیەو دەقیش بە شێوەیەکی هەرەباڵا، پاڵپشتی لە پێوەندیی دەساوێژی مەودا دەکات.

خۆ ئەگەر وەها بێت، کەواتە ڕاڤە بەبێ ئەوەی هەرگیز کۆتاییی پێ بهێنێت، مافی خۆیەتی کە خۆبەخۆ سەرنج لە تایبەتمەندیی لە دەرۆستنەهاتووی دیاردەی ئایدیۆلۆژیکیو ئەگەری دەستکردن بە ڕەخنەی ئایدیۆلۆژییەکان بدات. هێرمێنۆتیك دەتوانێ وەها کارێك بکات، چونکە بەپێچەوانەی ئایدیالیزمی دیاردەناسانە، بابەتی قسەکەی ئەو هەمیشە هێزو باندۆری مێژوویی هەیە. (ئەم خاڵەش وەك دەگوترێ هێمایەکە بۆ چەمکی بەناوبانگی Wirkungs geschichtiches Bewusstsein) گادامێر[١٦]. لەو سۆنگەوە کە مەوداو دووربوونێتی قۆناغێکە لە پێوەبەندبوون، دەتوانری ڕەخنەی ئایدیۆلۆژییەکان بە پاژی بەرهەستەکیو ڕوونکارانەی بەرینکردنەوەو ژیاندنەوەی پێوەندیو پەیبردنی خۆو ویژدان ئەژمار بکەیت. پەرەگرتنی پەیبردن، لە ڕێگەی شیتەڵو ڕاڤەی دەقەکانو هەمووارکردنی بەردەوامی بە ڕەخنەی ئایدیۆلۆژییەکان، بەڕاستی سەر بە پرۆسەی ڕاڤە (Auslegung)یە. ڕاڤەی دەقەکانو ڕەخنەی ئایدیۆلۆژییەکان دوو ڕێگەی هەرەدیارن کە بەگوێرەیان پەیبردن لە شێوەی ڕاڤەدا بەرین دەبنەوەو بەم جۆرە دەبێتە ئەو شتەی کە هەیە.

د- مێتۆدێکی بونیادیی دیکەی خستنەبەرباسی پێشبارێتیی دەرهەست، ئەمەیە کە تیۆریی دەق بکەینە تەوەری هێرمێنۆتیك. بە ڕادەیەك کە مانای دەقێك لە پێوەندی لەگەڵ باری بەرتەماییی نووسەرەکەی سەربەخۆ دەبێت، مەسەلەی بنەڕەتیش ئەمە نییە کە لە پشت دەقەوە مەبەستی ونبوو پەیدا بکەنەوە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە لەبەرامبەر دەقدا "جیهانێك" بەرین دەکاتەوە کە دەق دەیکاتەوە یان دەیدۆزێتەوە. بە گوتەیەکی دیکە، ئەرکی هێرمێنۆتیك جیاکردنەوەی"شت" لە دەقە (گادامێر)، نەك دەروونناسیی نووسەر. شمەك (یان بابەت)ی دەق پێوەندیی بە پێکهاتەی ئەو پێوەندییە هەیە کە وەك مانا لە گوزارەدا بۆ واتادارییەکەی دەگەڕێتەوە (فرێگە). هەر بەو شێوەیەی کە ئێمە لە گوزارەدا، ئیدی باوەڕ بە مانایەك ناکەین کە بابەتی ئایدیالیەتیە، بەڵکو بەدەر لەوەش لەمەڕ پاشخانەکەیشی پرسیارانێك لە خۆمان دەکەین، واتە لەمەڕ بانگەشەو بایەخی ئەو ڕاستییەی لە دەقدا هاتووە، ناتوانین بە پێکهاتەی ئاخنەخۆیەکی[**]، بە دەزگای نێوەکیی ئەو پێوەندبوونانە بەسندە بکەین کە بەروبووم و بەرهۆ(معلول)ی تێککردنەوەو دەستوەردانی ئەو یاسایانەیە کە دەق بەرئاوەڵایان دەکات. ئێمە وێڕای ئەمە دەمانەوێت جیهانێك تاوتوێو ڕۆشن بکەینەوە کە دەق دەیهێنێتە مەیدانەوە. بە باسکردنی ئەم بابەتە، لەوە بێئاگا نین کە گوتەزای دەقگەل کە ناوی وێژەی لێدەنێین ـ گرنگەو خەیاڵگەریی گێڕانەوەگەرانە، دراما، شیعر-وەك بڵێی گەڕانەوە بۆ جیهانی ڕۆژانە

پووچەڵ دەکاتەوەو پێیوایە زمان بەڵێنی ئەوپەڕی پلەوپایە بە خۆی دەدات، وەك بڵێی هەر بە جەختی ئەرك، بە گەڕانەوە بۆ قسەی ئاسایی خەڵاتی دەکات. بەڵام کتومت بە ڕادەیەك کە ئاخێوی خەیاڵی (ئاخێوی خەیاڵی ئەدەبی یان گوتەی خەیاڵی ئەدەبی) ئەم ئەرکە خەیاڵییەی گەڕانەوەی پلەی یەکەم "هەڵدەپەسێرێت"و گەڕانەوەی پلەی دووەم ئازاد دەکات، کە لەوێدا جیهان ئیدی وەك گشتکۆی شمەکانی سواندەنی(***) دەرناکەوێت، بەڵکو هاوشێوەی ئاسۆیەکە لە ژیانی ئێمەو بەرنامەی ئێمەداو بەکورتی چەشنی جیهانی ژیان (Lebenwelt)ە، لە چەشنی بوون ـ لە ـ جیهاندایە. هەر ئەم ڕەهەندی گەڕانەوەییەیە کە تەنیا بە بەرهەمی خەیاڵگەرانەو شیعر بە قۆناخی پوختەیی خۆی دەگات، ئەمەش ڕەهەندێکە کە مەسەلەی هێرمینۆتیکی بونیادی دەهێنێتە کایەوە. مەسەلەکەی دیکە پێناسەی هێرمینۆتیك نییە کە وەك پەیجۆرێك لەمەڕ نیازە دەروونناسانەکان لە دەقدا وەشێراون، بەڵکو ڕوونکردنەوەو ڕۆشنگەریی بوون ـ لە ـ جیهاندایە کە دەق نیشانی داوە. ئەو شتەی کە دەبێ لە دەقدا ڕاڤەی بکەیت، دۆزی جیهانە، گەڵاڵەی جیهانێکە کە دەتوانی تێیدا نیشتەجێ ببیو لەوێدا دەتوانی گونجاوترین کەرەستەکانی دابڕێژی. خۆ ئەگەر بنەواشەی مەودا کە پێشتر لێی دواین بخەینەوە بەر باس، دەتوانین بێژین کە دەقی خەیاڵی یان شاعیرانە بەوە قایل نابێت کە لەنێوان ماناو نیازی نووسەر مەودا دابنێت، بەڵکو وێڕای ئەمە، ئەم دەقە بۆ مەودا لە جیهان دەهاوێت کە لە زمانی ڕۆژانەدا بەڕۆشنی دەربڕدراوە. بەمجۆرە، جیهانی کەتوار بە دەساوێژی ئەو شتەی کە ڕەنگە بتوانین بە"بوونبەییێتیی خەیاڵی" ناودێری بکەینو چیەتییەکەی گۆڕاوە، ئەمەش گۆڕانی چیەتییەکە کە ئەدەبیات لە جیهانی کەتواردا دەیڕەخسێنێ.

کە وایە لە بەرامبەر ئایدیالیزمی هۆسرێل لەمەڕ ئەم هێرمینۆتیکەوە کە بابەتی دەق تەوەرەکەیەتی، پەرچەکردارەکە کامەیە؟

بابەتەکە هەر لە بنەڕەت ڕا وەهایە: دیاردەناسی هەروەك دیارە، زادەی دۆزینەوەی تایبەتمەندیی هەمەکیی باری بەرتەماو مەبەست بووەو شوێنکەوتەی ئەو شتە نییە کە خۆی هەوڵی بۆ داوە، واتە مانای ویژدان لە دەرەوەی خۆیدایە. بەم جۆرە تیۆریی ئایدیالیستیی تەدارەکدانی مانا لە ژێریدا، بنماکەکانی دەرهەستیی لێکەوتووەتەوە. سزای ئەم بنماکە، ئەو دژوارییانەیە کە پێشتر لەمەڕ "هاوتەریبی"ی نێوان دیاردەناسیو دەروونناسیدا باس کرا. ئەم ئاستەنگییانەش گەواهی ئەوەن کە دیاردەناسی هەمیشە لە مەترسیی وەرگۆڕان بۆ دەرهەستێتی بڵێندهەڵکشاوانەدایە. شێوەی بونیادیی ڕەواندنەوەی ئەم تەمتومانە هەمیشە بەرئارایەش، گۆڕانی تەوەری ڕاڤە دۆزی

دەرهەستیە بۆ تەوەری جیهان. ئەمەش نیازی دانەر دەکات بە شوێنکەوتەی مەسەلەی بابەتی دەق.

هـ- هێرمێنۆتیك لە هەمانکاتدا کە لەگەڵ تیۆریی ئایدیالیستیی بەرزترین پلەی بەرپرسایەتیی ویژدان (من)ی ناسکارو هۆکاری ڕامان نەیاری دەنوێنێ، بانگمان دەکات بۆ ئەوەی دەرهەستێتی بە دوایین گوتەزای تیۆریی پەیبردن ، نەك یەکەمین گوتەزای ئەژمار بکەین. دەرهەستێتی- ئەگەر وا بخوازێ کە دەورێکی سووکسارتر لە دەوری چاوگی بونیادی بگێڕێت ـ دەبێ وەك چاوگە و بنەواشە لەنێو بچێت.

لێرەدا دیسان، تیۆریی دەق چاوساخێکی باشە. ئەم تیۆرییە لە ڕاستیدا ئەوە نیشان دەدات کە کردەی دەرهەستێتی گەلێ جار ئەو شتە نییە کە دەست بە پەیبردن دەکاتو زیاتر ئەو شتەیە کە پەیبردن ڕایی دەکات. ئەم کردەی کۆتاییە دەلوێ لە شێوەی تەرخان بەخۆ (Zueignung) دەربیڕدرێ. ئەم کردەیە، بەو جۆرەی کە لە هێرمێنۆتیکی ڕۆمانتیکیدا دەبینرێت، بانگەشەی دەرهەستی سەرەکی ناکات کە گەلێ جار مانای دەقی لە خۆگرتووەو ناکرێ پێیەوە گرێ بدرێت. بەڵکو زیاتر وەڵامی بابەتو مژاری دەق دەداتەوە، کەوایە وەڵامی گوزارەکانی ئەو مانایە دەداتەوە کە لە دەقدا پەلیان هاویشتووە. کە وایە لایەنی ئەمبەر مەودایەکە لە هاوپێوەندیی دانەرو دۆخو پێگەو ئامانجو مەنزڵگەی سەرەکیی ئەوو سەربەخۆیی بە دەق دەبەخشێت. هەروەها لایەنی ئەوبەر مەودایەکی دیکەیە کە لەبەر بوون ـ لە جیهانێکی نوێدا، لە سایەی دەقێکەوە گەڵاڵە کراوە کە خۆی لە کۆتو بەندی درۆ ئاشکراکانی جیهانو کەتواری ڕۆژانەی قوتار دەکاتو بۆخۆشی وەڵامێکە بۆ ئەم مەودا دووفاقەیەی کە لە دیدی گرنگایەتیو هەروەها لەبارەی گەڕاندنەوەیدا بە بابەتی دەقەوە بەند دەبێت. هەر بەم ڕێچکەیەش بۆخۆی قۆناخێکە لە تیۆریی ڕاڤە، بەڵام دیسان هەرگیز لە ڕێی دەغەڵبازیو ساختەکارییەوە پێشباریێتیی دەرهەستیە کە چوار تیۆرییەکەی پێشوو دەپیووچێننەوە یان لێی ئاگادارمان دەکەنەوە، ناخەنە ڕوو.

ئەمەش بۆخۆی دەستەبەری گەڕانەوە بۆ سەرترین پلەی دەرهەستێتی نییە، وەك بڵێی گەواهیی ئەم شێوەیەی خوارەوەیە: ئەگەر دیسان ئەم بابەتە ڕاستە بێت کە هێرمێنۆتیك لە شێوەی درکی ویژداندا ڕادەپەڕێنرێ، دەبێ دەرهەستگەرایی ئەم گوزارەیە هەموار بکەیتو بێژیت کە خۆدرك کردن ـ پەیبردن هاوباشاری دەقە ـ لەم ئانو ساتەدا هەرچییەك هەنووکە تەرخان بە خۆیە، لە ڕوانگەیەکی نەرێنییەوە تەرخان بە خۆیە. تەرخانکردن، بەو مانایە دێت کە ئەو شتەی بێگانەیە، بیکەین بە هی خۆمان. ئەو شتەی کە تەرخانیش کراوە، کتومت بابەتی دەقەکەیە. بەڵام بابەتی دەق تەنیا

لەکاتێکدا دەبێتە تایبەت کە خۆم لە تەرخانی خۆم دابماڵم و لێگەڕێم ببم بە بابەتی دەق. ئیدی لەو دەمەدا من، واتە منی سەرپشك، خۆمم لەتەك خۆم، واتە بەردەستی دەق بەردیل (معاوضة) کردووە.(****)

وێڕای ئەمە، دەتوانی ئەم پرۆسەیە بە زاراوەی مەودا دەربڕی و لە جۆرێك مەودای خۆ لە خۆ بدوێی کە لە نێوئاخنی تەرخان بە خۆدا جێی گرتووە. ئەم مەودایە تێکڕای ستراتیژییەکانی بەدگومانی لە ڕەخنەی ئایدیۆلۆژییەکان لە کار دەخات، ئەمەش شتێکە لەوەوپێش گوتراوە و یەکێك لە فۆرمە سەرەکییەکانیەتی. مەوداش بە گەلێ شێوەو فۆرمی هەمەچەشنەو بە باشترین شێوە، قۆناخی قەیراناویی پەیبردن پێك دەهێنێت. ئەمەش سەرکیترین و بنەواشەییترین ئەدگاری مەودایەو دەبێتە هۆی هەرەسی بانگەشەی ویژدان (من) لەمەڕ دوایین چاوگە. ویژدان (من)یش دەبێ بۆ خۆی "بوونبەیێتییە خەیاڵییەکان" بگرێتە ئەستۆ کە بەهۆیانەوە ڕەنگە بتوانێ وەڵامی "بوونبەیێتییە خەیاڵییەکان" لەمەڕ کەتوارێك بداتەوە کە ویژەی خەیاڵگەرانەو شیعر زیاتر لە هەر ئەدگارێکی دیکەی دەربڕین، دەیڕەخسێنن. هەر بەهۆی ئەم شێوازەی وەڵامدانەوەیەشە کە هێرمێنۆتیك لە بەرامبەر ئایدیالیزمدا تا ئەوپەڕی بەرپرسایەتی سینگی دەردەپەڕێنێ.

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:

(1). Cel essai fait le point des changements de méthode impliqués par ma proper evolution depuis une phénoménologie éidétique, dans le Volontaire et L' involontaire (1950), jusqa'à De L' interprétiaon: Essai sur Freud (1965) et Le Conflit des Interpretaions (1970).

(2). Ce texte, publité une premiére fois dans Jahrbuch für *phän*, Forschung (1930) a été édité par Walter Biemel et publié par le regretté H. L. van Breda, directur des Archives Husserl á Louvain, dans *Husserliana* V, pp. 138 – 162 Nijhoff, La Haye (1962); trad. fr., post – *face á* mes *ldées* Directrices, par L., kelkel, Revue de *Métaphysique* et de *Morale*, 1957, n. 4, pp. 369 - 398. **(1).** Nachwort, ʿRe

(3). Husserliana, V, p. 139, 1, 27; tr. Fr., p. 373

(4). Husserliana, V, p. 160, 1. 25; tr. Fr., p. 396.

(5). Ibid., § 1 et 2.

(6). Husserliana, V, p. 142, 1, 7; tr. Fr., p. 378.

* لێرەدا مەبەستەکە ئەوەیە کە دوو شت بە وەکیەك بزانیت کە لێکچوونیان دەبێتە مایەی سەرلێشێوان. بەکوردی دەبێتە "پێکگرتن" واتە ئەمەیان بەو دەگری(پێتوایە ئەمەیان ئەوە و ئەوەیان ئەمەیە). لێرەدا وشەی "اشتباه" بە مانای هەڵە نەهاتووە، بەڵکو بە مانای "بەهاوشێوەزانین" هاتووە، واتە بە هەڵەداچوون هەیە، نەك هەڵەکردن.

(7). Le mot verliert revient trois fois: Husserliana V, p. 145, 1.4, 6, 9; tr. Fr., p. 379.

(8). Husserliana V, p. 139, 1. 7 tr. Fr., p. 372.

(9). M. Heidegger, Sein und Zeit § 32, p. 149; tr. Fr., p. 185.

(10). Ibid., p. 150; tr. Fr., p. 187.

(11). Ibid., p. 151; tr. Fr., p. 188.

(12). H. G. Gadamer. Waherheit und Methode. Pp. 250 suiv.

(13). Sein und Zeit, p. 115 – 16; tr. fr., p. 146 - 7.

(14). P. Ricoeur, 'Herméneutique Critique des idéologies' in Idéologie et Démythisation, éd. Castelli, Aubier, 1973.

(15). H. G. Gadamer., op. cit., 11. 80, 156, 159, 364 suiv.

(16). Ibid., p. 284.

* مەبەست پێکهاتەی خووگرتووی مانا ـ وشەیە کە مانا و پەیڤ هەندە ناخەکی بوونەتەوە کە لە باری دەروونییەوە کارتێکەرییەکەی هەر لەگەڵ بیستن یان بینیندا لە بێژەر ـ بەربێژدا دەردەکەوێت. ئەم پێکهاتەیە هەمان مانای خووگرتووە.

** هەرچییەك کە "لمس" بکرێت. لە چاوگی "سوین" وەرم گرتووە" بەم مانایە" سەری لە ئاسمان دەسوو"،" دەستی لیَ دەسوو".

* دیارە ئەم ڕستەیە بە زمانێکی ئەدەبیی ئاڵۆز دەربڕدراوە و لەبەر کایەکردن بە جێناوی خۆیی"خۆ"، کەمێك تێگەیشتن لە ڕستەکەی ئاڵۆز کردووە. بەکورتی ڕیکۆر دەیهەوێت باس لە دوورکەوتنەوە لە "خۆتەوەری" لە ڕەوتی ڕاڤەی دەقدا بکات. دیارە لە ڕستەی خوارووتردا، کاتێك باس لە "مەوداگرتن لە خۆ" دەکات مەبەستە ڕوونتر دەبێتەوە.

**سەرچاوە: پاول ریکور، پدیدارشناسی و هرمنوتیك، ترجمەی: سید زیائودین دهشیری، در: نامەی فلسفە، پرتال جامع علوم انسانی .**

# شۆڕش و گەڕەیدەیی
# ئارسەر ڕامبۆ و گەڕانی ڕۆمانسیەکانی سەدەی هەژدەو نۆزدە بەدووی بۆهمیەتدا



ئیسماعیل حەمەئەمین

ڕۆشنگەری منداڵانی خۆی دەخوات، ئەمە گوتەیەکی بەناوبانگە لە شۆڕشی فەڕەنسیداو ئەو ساتە گوترا کە شۆڕش یەك لەدوای یەك ڕۆڵەکانی خۆی دەخوارد، کاتێك (مارا) دەبێتە یەکەم کەس (ڕۆپسپێر) بە (چەقۆ قەنارە) کە بە گیلۆتین (Guillotin) ناسراوە، سەری دەچێتە نێو سەبەتەی نۆرمە تازەکانی ڕۆشنگەریەوە. لەدوای ئەوە، دیارە (ڕۆپسپیر)و چەندانی دیکە سەریان دەپەڕێنرێت، نەوەی نوێی کۆتایی سەدەی هەژدەو سەدەی نۆزدە لەنێو ئەم هەرایەداو لەنێو ئەم هەموو سەرەپەڕێندراوو خەونە نوێیانەدا بەدووی ماناکانی ژیاندا دەگەڕان. (ئارسەر ڕامبۆ) کە نەوەی دووهەمی

شۆڕشی فەڕەنسیە لەم فەوزایەدا لەبەردەم ڕۆحی سەدەیەکی نوێی پڕ خوێنو جەنگی ڕۆشنگەرە سیاسیەکانەوە خەونی بە نوسینی شیعرەوە دەبینی.

لەوانەیە ئا لەم ساتە وەختەدا دووفیگوری شیعریمان بێتەوە یاد، کەئەویش هەردوو شاعیری فەڕەنسین، یەکەمیان (ئارسەر ڕامبۆ ١٨٥٤-١٨٩١)، دووهەمیان (پاول ڤرلین ١٨٤٤-١٨٩٦ )، ئەم دووفیگورە بەڕای من نوێنەری گەڕان بوون بەدووی شوناسێکی ئیندیڤیدوالیدا. هەرچەندە هەردوو شاعیرەکە، بەتایبەت (ئارسەر ڕامبۆ) لەتەمەندا گەنجێکی هەرزەکاری داهێنەر بوو، بەڵام (پاول ڤێرلین) لە شاعیرە کامڵو ناودارەکان بوو. هەردووکیان بانگەشە بوون بۆ ژیانی (بۆهیمی)و گەڕیدەیی، بێگومان لەدژی مانەوە لە شوێنێکدا بوون کە ئەقڵیەتی گوندو ئۆرۆستوکراتیەتی فەڕەنسی چەسپاندبووی. لەشێوە ژیانی ڕامبۆییدا خەوتن لەکێڵگە تەڕو شێدارەکاندا دەبێتە نەریتی مرۆڤێك، کە چیتر وابەستە نییە بەگوندەکەیەوە، بەجڤاتەوە، بە شاری بچوكو بنەماڵەوە، بەخواو پاشاوە، بەڵکو وەك تاکێك لەنێو جیهاندا وابەستەیە بەسروشتی جیهانەوە، بەخۆیەوە، بە تەنهایی خۆیەوە. سەفەر لەشارێکەوە بۆ شارێکی دیکەو بەبێ مەبەست، بۆ گەڕیدەییو گەڕان بوو بەدووی مانای نوێ لە جیهاندا، ڕامبۆ لەم گەڕانەیدا بەنێو شارەکاندا، سەرەڕای ئازاری گەورەی بێپارەییو ئازاری دەروونی، جوانترین شاکاری شیعری پێشکەش بەجیهان کرد، گەڕەیدەییو بۆهیمیەت لەگەڵ ڕامبۆدا بوو بەڕیتوالێکی شیعری.

(ئارسەر ڕامبۆ) داهێنەرێکی گەورەی شیعری فەڕەنسی بوو، ژیانی شیعری ئەو لە چەند ساڵێکدا بەرهەمی هەبوو، بەڵام ئەم چەند ساڵە تەواوی دەموچاوی شیعر لە فەڕەنسادا دەگۆڕێت. گەر ڕەخنەگرەکان (ڕامبۆو مالارمێو پاول ڤرلین) بە داهێنەری (سومبولیزم) لەشیعردا کاتیگۆریزەو دەستنیشان بکەن، یان خانەبەندیان بکەن لەو قوتابخانەیەدا، ئەوا من پێموایە (شێوازی ژیانی) ئەوان وەك (شاعیرێك لەجیهاندا) یان وەك (نوسەرێك لە جیهاندا) خاڵێکی سەرنجڕاکێشانەیە. بۆ نموونە یەکێك لە سیفەتە دیارەکانی (ئارسەر ڕامبۆ) ئەوەبوو نەیدەتوانی بەشوێنێکی دیاریکراوەوە پابەند بێت. ئەم شاعیرە لە زەمەنێکی پڕ فەوزای سیاسیدا دەژیا، زەمەنێك ئەوروپا لەبەردەم خەونی نوێی خۆیدا بوو، لە دوای شۆڕشی فەڕەنسی لە( ١٧٨٩-١٧٩٩) لەبەردەم جەنگی نێوان نۆرمەکانی ڕۆشنگەریو نۆرمەکانی کڵێساو قەیسەرەکاندا بوو. ئەم جەنگە پەیوەندی بە بەخەونی نەوەی نوێ بە دنیایەکی دیکەی پڕ یەکسانیو برایەتیو دادپەروەریەوە هەبوو،

دیاره لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە (ئارسەر ڕامبۆ)و (پاوڵ ڤێرلین) کوڕی سەدەی نۆزدە بوون، ئەم سەدەیە بەدەست فەوزای سیاسیی و زۆرانبازیەکانی ناپلیۆن پۆناپارتەوە دەیناڵاندو ڕۆحێکی تازە لە ئەورووپادا لەدایکببوو، کە دەبوایە سیاسەتو ململانێیەکانی بەزۆرملێی ڕابکێشێتە نێو جیهانەوە. بەڵێ ئازیزان زۆرجار قۆناغێکی نوێی ژیان لەئارادایەو لە بەردەماندا خۆی ڕادەکێشیت، بەڵام جەستەیەکی قورسەو دەبێت لە نادیارەوە ڕایکێشینە نێو دیارو لەنێو خۆماندا ئامادەی بکەین. زۆرجار قۆناغە تازەکانی ژیانی خۆشمان بەقورسیی و هەنگاوی خاوەوە جێگە بەژیانی کۆنینە لەق دەکات، هەر بۆیە دەبێت ئێمە ڕۆحی سەدەیەکی نوێ، قۆناغێکی نوێ وەها بناسینەوە کە سەرەتا بێزارمان دەکات، چونکە شتە کۆنینەکان لەشوێنی خۆیان نامێنن، چیتر ڕۆژ لەو کەلەوە هەڵنایەت کە سەدەی ڕابوردوو لێوەی هەڵهاتووە. ئاوەها ڕۆحی قۆناغە نوێیەکانی ژیان خاوەنی خۆری خۆیەتی، خاوەنی هەناسەی خۆیەتی، خاوەنی جوڵەو ژیانی خۆیەتی.

کاری ڕۆشنبیر ئەوەیە ئەم سەدەیە بانگەشە پێبکاتو بیکاتە دیار، بەڵام لەگەڵیشیدا هەموو هێزەکانی دونیای کۆنیە تێکدەچێت، لەبەر ئەوەش سەدەی هەژدە ڕاستە سەدەی (پیرە لەسەرخۆکان) بوو، وەك (شتێڤان تسڤایك) ڕەخنەی لێدەگرێت، بەڵام بەپێچەوانەی ئەم ڕایە من پێموایە، ئەو فەوزایەی لە ئایدیای پیرە لەسەرخۆکانی وەك (ڕۆسۆو ڤۆلتێرو مۆنسیکیۆو کانتو هێگڵو بۆدلێرو هۆگۆ..تاد) درەوشایەوە، ڕۆمانسیەتی خولقاند، ڕۆمانسیەت وەك مژدەیەك بەمرۆڤیکی نوێی پڕ نیگەرانی. لە سەدەی نۆزدەوە شاعیرانو بیرمەندانی وەك (شیلەرو بایرۆنو گۆتەو شۆبنهاوەرو پۆشکینو ڕامبۆو ڤرلینو مالارمێ)و زۆری دیکە، لەنێوان ڕۆمانسیەتی شۆڕشگێڕانەو خەونەکانی ڕۆشنگەراندا بێ ئۆقرەییو نائارامی هەڵدەبژێرن. بەڵام لەم بێئۆقرەییەوە مرۆڤیکی نوێی بە گێروگازەکانیەوە لەدایك دەبێت، بەجۆریك کەچیتر وێنەی مرۆڤی سەدەکانی ناوەڕاست توانای گەڕانەوەی نییە بۆ نێو ژیان، ئاوەها دنیا بۆئەبەد ماڵئاوایی لەتارماییەکانی سەدەی ناوەڕاست دەکات، مرۆڤی نوێ بەنیگەرانی گەورەوە لەدایکدەبێت، ئەمجارەیان مرۆڤیك بێ پەناگەی خواوەندو بێ ئاینو بێ پاشاو بێ گوند، بە تەنها وەك بۆهیمیەك بەنێو کیشوەرەکاندا گەشتی خۆی دەستپێدەکات، ئەم بۆهیمیە، یان ئەم گەڕیدەیە، ڕۆحی ڕۆمانسیەتێکی نیگەرانەو بانگەشەی سەدەیەکی نوێ دەکات، کە سەدەی بیستە، ئەم سەدەیەش وەك هەمووان دەزانین پڕبوو لە خەونو داهێنانو جەنگی ترسناك.

دیارە نابێت ئەوە لەبیر بکەین وەك (شتێڤان تسڤایك) باسی لێوەدەکات، زۆربەی ئەم نوسەرو شاعیرانەی ناوەڕاستی سەدەی هەژدە، کە لەدوای شۆڕشی فەرەنسیەوە دێن‌و لەرۆحی سەدەی نۆزدەدا جێگیردەبن، لەنێوان فەوزای ئەم بەجیهێشتنی ڕۆحی سەدەی پیرو سەدەی نوێدا تووشی تاران‌و تراوماو نەخۆشی دەروونی دەبن. بۆ نموونە (پۆشکین) لەشەڕە دەمانچەیەکدا دەکوژرێت، (لۆرد بایرۆن) خەونی ڕزگارکردنی (یۆنان) لە ژێر دەست (تورکی عوسمانی) دەکاتە ئامانجی خۆی‌و بەگەنجی لەسەر دوورگەی (Mesolongion) دەمرێت. بێگومان ئەمەش دوای ئەوەی ئەم شاعیرە (لۆرد بایرۆن) بەخۆی‌و دووهەزارو پێنج سەد پیاوەوە دەگاتە یۆنان بۆ خەبات لەپێناو ڕزگارکردنی یۆناندا بکات.

بایرۆنی شاعیری گەنج لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێك، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، لەڕاکردنیەوە لەخێزانە هەرە دەوڵەمەندەکەی (بایرۆنەکان) بەدووی خەونێکدا دەگەڕێت‌و پارەو هێزو توانای خۆی بۆ خەونی ئازادی تەرخاندەکات. ئاوەها ئازیزانم ڕۆشنگەری فەوزایەکی گەورەی لە ڕۆحی نەوەی نوێدا دروست کردبوو، کە ئەمسەر تا ئەو سەری ئەورووپای لە دەست حوکمی ئۆرستۆکراتیەت‌و لە دواجاریشدا یۆنانی لە دەست (خیلافەتی عوسمانی) ئازادکرد. بەمشێوەیە شاعیرەکان کوڕی سەدەی خۆیان بوون، لەنێوان خەونی ڕۆشنگەرانەی (پیرە لەسەرخۆکان )و (گەنجە نائومێدەکان)دا شێوازی ژیانی بۆهیمی‌و گەڕیدەیی بەدووی ماناکانی ژیاندا، دەبێتە بازنەی ژیانی کولتوری سەدەی نۆزدە، کە مێرمنداڵێکی وەك (ئارسەر ڕامبۆ)ی تێدا گەورە بوو.

## شۆڕش شەمەندەفەرێکی شەکەت

شۆڕشەکان هەرگیز ناگەنە ئامانجی خۆیان، شۆڕش شەمەندەفەرێکە هەرگیز ناگاتە وێستگەی خۆی، بەڵکو تا پیردەبێت لە وێستگەی ترسنۆك‌و شێت‌و دزەکاندا دەگیرسێتەوە. لەواگۆنی شۆڕشدا، لەواگۆنی پێشەوەی شۆڕشدا خەوبینەرەکان دەبینین بەگەرم‌و گوڕیەکی گەورەوە لە دوا وێستگە دەڕوانن. لە واگۆنەکانی دیکەدا سیخوڕەکان، دەستبڕەکان، دزەکان، ترسنۆکەکان، سۆزانیە دزەکان، زمان لێدرەکان، ڕاپۆرت نوسەکان، کاسە لێسەکان، تەنیشت مەنجەڵەکان، بێدەنگ‌و کڕ لێی دانیشتوون، چاوەڕێی گەیشتنی شۆڕشن بەدوا وێستگەی سەرکەوتنی سیاسی‌و دەسەڵاتخوازی، لەهەمان کاتیشدا وەك کرمی مشەخۆر لەوە دەڕوانن، تا بزانن لەکوێدا شۆڕش پەکیدەکەوێت‌و خاودەبێتەوە، بۆ

ئەوەی ئەوان بەدزیەوە یەك لەدوای یەك دابەزنو بچنە بەرەی دژە شۆڕشەوە، یاخود کەی شۆڕش سەردەکەوێت بۆ ئەوەی ئەوان بەورووژم بەرەو فارگۆنی خەوبینەرو نوسەرو شۆڕشگێڕەکان بڕۆن. بەستایشو شێوازە ناشرینەکانیان جێگەیان پێ لێژبکەنو بەرهەمی سەرکەوتنی سیاسی بۆ خۆیان بقۆزنەوە، خۆیان بکەن بەڕابەری ئەبەدی گەشتی دوورودرێژی شۆڕشو خەوبینەرو نوسەرو شۆڕشگێڕەکانیش بەرەو خانەنشینبوونی ئەبەدی ڕاپێچبکەن. ئەمانە هەمیشە دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکان ترسنۆکانە بەری ڕەنجی شۆڕش بۆ خۆیان دەبەن. مێژووی شۆڕش هەرواوبووە، هەمیشە لەکاتی هەڵایسانیدا ژنو پیاوە ئازاکان پەروەردەی دەکەنو ترسنۆکەکان بەرەکەی دەخۆن. لەوەتەی مێژووی مرۆڤایەتی هەبووە شۆڕش ئەکتێك بووە بۆ خەونبینین، بەڵام هەرگیز ئەکتێك نەبووە بۆ بەدیهێنانی خەون.

لە دوای شۆڕشی فەڕەنسیدا، پیاوە بچوکەکەی شۆڕشی فەڕەنسی کە ناوی (ناپلیۆن پۆناپارت) بوو، شۆڕشی فەڕەنسی بۆ قازانجی خۆی بەکارهێنا، شۆڕشەکە دژی دەسەڵاتی پادشاهیو کلێسا بناغەی خۆی دامەزراندبوو، لە شۆڕشێکەوە کە (ژان ژاك ڕۆسۆ)و (ڤۆلتێر)و (کانت)و (مۆنتیسیکۆ)و چەندانی دیکە، بە ڕۆشنایی بیری خۆیان تێژبەندیان کردبوو. چەندەها ژنو پیاوی ئازا پەلاماری حوکمی تاریکی لویسی شازدەو پادشایەتیو بەگزادەیی ناشرینیان داو قەشەیان لە چەقی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی دەرکرد، کە تاوەکو ئەو کاتە پسولەی بەهەشتو پاکبوونەوەیان بە هەژاران دەفرۆشتەوە. شۆڕش سەردەکەوێت، بەڵام زۆر نابات ترسنۆکەکانی وەك (ماراو ڕۆپسپێر)و چەندانیتر، لەواگۆنەکانی پشتەوە دێنو شۆڕش بەئاراستەی گەورەکردنی هێزی خۆیان ئاراستە دەکەن. لەدوایدا تیرۆر بەرهەمدێننو سەری یەکتری دەپەڕێنن، (مارا) یەکەمجار سەری دەپەڕێنرێتو لەدواجاریشدا (ڕۆپسپێر). لەم نێوەندەشدا ئەو ئەفسەرە باڵا کورتە پڕ گرێ دەروونیەی کە ناوی (پۆناپارت)ە، دێتە سەر حوکمو لەپێچێکدا دەیەوێت شۆڕش بەرەو وێستگەی بەرژەوەندیەکانی خۆی ئاراستە بکات، خۆی دەکات بە قەیسەرو ڕۆشنگەران دەخاتە بەندیخانەو سەریان دەپەڕێنێتو لەدواجاریشدا بەدووی دانپێدانانەدا لەلایەن پاشاو میرەکانی ئەوروپاوە دەگەڕا. کەچی دوای دۆڕاندنی لە شەڕی (واتەرلۆ)، لەسەر دوورگەیەکی ئینگلیزیدا بەدوورخراوەیی دەمرێت... ئاوەها دۆزەخێك لە فەڕەنسا باڵ بەسەر ئاسمانیدا دەکێشیت، کە پڕیەتی لەنائومێدی، وەك لەوەو پێش ئاماژەمان بە قسەیەکی فەیلەسوفی ئەڵمانی (پێتەر سلۆتێردایك) دەربارەی ناپلیۆن دا، کە دەڵێت

بۆ ئەڵمانو قەیسەرانی ئەوروپا، (کۆمۆنەی پاریس)، وەك ئەکتێك بۆ بەرگریکردن لە نۆرمەکانی شۆڕشی فەرەنسیو لە دروشمەکانی (ئازادیو یەکسانیو برایەتی) لە شاری پاریس پێکدێت. بەمجۆرە (کۆمۆنەی پاریس) شاری پاریس دەکاتە شاری مەتەریزەکان، لە هەموو شوێنێك سەنگەر لێدەدرێتو مەتریز هەڵدەچنرێت. شۆڕشگێڕەکان حکومەتی خۆیان بەناوی (کۆمۆنەی پاریس) پێکدێنن‌و دیسانەوە دنیا پڕدەبێتەوە لە خەونبینین بەدوارۆژیکی یەکسان، دیسانەوە جادەکانی پاریس پڕ لە ڕۆشنگەریو کەفوکوڵ دەبێتەوە. هەرچەندە (ئارسەر رامبۆ) لەو تەمەنە هەرزەییەدا بەشدارە لە کۆمۆنەدا، بەڵام ئەم بەشداربوونەی ئەو، جگە لە گەڕانی ئەو بە دوای بەختەوەریو ئارامیدا، بە دوای شیعردا، هیچیتر نییە.

ئەم کۆمۆنەیە زۆر زوو سەرکوت دەکرێتو لەبەردەم هێزی گەورەی ئەڵمانە پرۆیسیەکانو جاشە فەرەنسیەکانیاندا خۆی ناگرێت. جادەکانی پاریس دیسانەوە خوێنی نوێیان لێ دەچۆڕیتەوە، دوای دوو مانگ ئەم کۆمۆنەیە، (کۆمۆنەی پاریس) دەڕووخێت، جادەکانی پاریس بە خوێنی شۆڕشگێڕانی کۆمۆنە سوور دەبن. ڕاستە خەونبینین بە ڕۆشنگەریەوە لە ڕووی سیاسیو دەسەڵاتەوە شکست دەخوات، بەڵام وەك خێوێك بە ئاسمانی ئەوروپادا دەسوڕێتەوەو ئەوروپای سەدەی ناوەڕاست تا ئەبەد بۆ ئەوروپایەکی دیکە، دەگۆڕێت.

بە ڕای من بەشداری (ئارسەر ڕامبۆ) لە کۆمۆنەی پاریس لە خولیایەکی گەورەی شیعرەوە بووە، نەك سیاسەتو شۆڕسگێڕی، هەرچەندە شۆڕسگێڕیی خۆی لەخۆیدا شاعیرێتیە لە فۆرمێکی دیکەدا. بەڵام بۆ ڕامبۆ شۆڕشگێڕیی مانای گەڕان بوو بەدووی مانایەکی نوێی بەختەوەری، بێگومان لەڕێگەی بۆهمیەتی، گەڕیدەیی ئەو بەدووی مانایەکی نوێ لە قەسیدەی شیعریدا. هەموو ئەمانە هەوڵدان بوون بۆ دەرچوون لەکلێشە گوندییەکانی شێوازی ژیان، ئەو دەیویست لەسەر زەویەك بێت دوور لەدایکیو مامۆستاو ڕاوێژکارو هاوڕێی (ئیزەمبارد Izambard) کە بڕوایان بە توانا شیعریەکانی ڕامبۆ هەبوو. ئاوەها (ئارسەر ڕامبۆ) ئەم هەرایە دەقۆزێتەوەو لەژێر پاساوی ئەوەی کە (شارڤێل) شاریکی بچوکەو ڕۆژنامەو دیوانەکانی (پاوڵ ڤرلین)ی پێناگات بەرەو پاریس سواری شەمەندەفەر دەبێت. لەوێ لەبەر ئەوەی تەمەنی منداڵەو بلیتی پێ نییە، دەستگیردەکرێت تاوەکو (ئیزەمبارد)ی مامۆستای بەهانایەوە دێتو دەیگەڕێنێتەوە بۆ شارە بچوکەکەی. سەیر لەوەدایە دیسانەوە هەوڵدەدات دوور لەو شارە بچوکە بژی، بۆیە

سەفەرێکی کورت بۆ بەلجیکا دەکات، بەنیازی ئەوەی لەوێ کاری ڕۆژنامەوانی بکات، بەڵام لەوێ لەبەر تەمەنی هەزرەیی لە هیچ شوێنێك وەرناگیرێت. هەرچەندە (ڕامبۆ) لە بواری نوسیندا بەتوانا بوو، بەڵام کۆنزەڤاتیزم لە تەمەنو خانەدانی تێدەگات، نەك لە تواناو بەهرەمەندی، ئاوەها سەرکەتوو نابێت لەوەی کاری لە ڕۆژنامەیەکدا دەستبکەوێتو بەدڵشکاوی بۆ شارڤێل دەگەڕێتەوە.

## قەسیدەکانی ژیانی بۆهیمی

(ڕامبۆی مێردمنداڵ) لەو ماوەیەدا جوانترین دیوانە شیعر لە دەفتەرەکانیدا دەنوسێت، هەرچەندە ئەم دوو دەفتەرە لەکاتی خۆیدا لەلایەن دەزگای چاپێکی بچوکەوە کە (دیمێنی Demeny) خاوەنێتی فەرامۆش دەکرێت، بەڵام کۆی دەفتەرەکانی نزیکەی بیست و دوو ٢٢ قەسیدەی شیعری لەخۆدەگرن. ئەم قەسیدانە لە ژیانی شیعری ڕامبۆدا جێگەی ئاماژەپێکردنن. بۆ نموونە لە قەسیدەی (لە کابارێیەکی سەوزدا) باس لە بۆهمیەتیو گەڕانی بێهودەیی خۆی لە نێوان شوێنو ناشوێندا دەکات. لەم قەسیدەیەدا ئەم گەنجە بەدەست پیاسەکردنو نائارامیەوە شەکەتو ماندووەو بەدوای سەقامگیریدا دەگەڕێتو بەردەوام بەدوای ئارامیدا دەگەڕیت، هەرچەندە نائارامی شێوازی ژیانێتی، بەلاّم لە دەستی ڕادەکات.

قەسیدەی (نوستووی نێو دۆڵەکە) Le Dormeur du val/ Der Schläfer im Tal لەم قەسیدەیەدا فیگوری نوستوو یان خەوینەر، ئەو فیگورە شیعرییە پڕ لەکەف و کوڵی شۆڕشگێڕانەیە، کە پڕێتی لە گەرموگوڕی بۆ دوارۆژ، بەڵام وەك گوتمان کەفوکوڵێکی بەسەرچووە، درۆزنانەیە، هەڵخەڵەتێنەرە بەدۆزەکانی دەسەڵات، ئەم شۆڕشگێڕییە گەرمە وەك هەموو ئەو گەرموگوڕییە وەهایە کە دواجار بەرەو تیرۆرو نائومێدی ڕێگەدەبڕێت. لە قەسیدەی (ژووری زستانە)دا ژوورێکە پڕە لە سمبولی ئیرۆتیکی، پڕێتی لەهیوا بەجەستەو چێژی ڕاستەقینەی جەستە، ڕاکردنێکی شیعریانەی ڕامبۆیە بەرەو سێکسوالێتی وەك ئارامیەکی، وەك جوگرافیایەکی ونبوو لە تیرۆرێك کە هەڕەشەی لە ژیان دەکرد. ئاوەها (ئارسەر ڕامبۆ) لەم قۆناغە شیرینەدا لەنێوان ئەزمونی خۆی بۆ گەڕان بەدووی شاری گەورەداو جیهێشتنی شوێنو کەشو هەوای سیاسی دوای شۆڕشی فەرەنسیو زۆرانبازیەکانی لەنێوان پاریسو شاری بچوكو بەلجیکادا، وەرزەکانی بەدووی خۆیدا ڕادەکێشا.

## هۆمۆسیکسوالیەتو نائارامی شیعری

له دوای قەسیدەی (نوستووی نێو دۆڵەکە) کە ئارسەر ڕامبۆی شاعیری گەنج لە دەفتەرەکانیدا ئەزمونیدەکاتو لەم قەسیدەیەدا ئارسەر ڕامبۆ بەگەرمو گوڕیەوە بەرگری لە شۆڕشی فەڕەنسیو نۆرمەکانی دەکاتو لێرەوە قۆناغێکی دیکە لەڕۆحی ئەم شاعیرەماندا دەستپێدەکات کە دەتوانم بە قۆناغی (دوای دۆڵەکە) ناوی بنێم، چونکە قۆناغی (دوای دۆڵەکە) گەڕانە بەدووی خود یان سوبێکتی ڕۆمانسیو بۆهیمیدا. لە ئەزموونی بەلجیکادا هێشتا ڕۆحی ئەم شاعیرەمان پڕێتی لە هاوارەکانی شۆڕش، لە تیرۆری شۆڕشو ئەو تیرۆرەی لەزاری پاڵەوانی قەسیدەی نوستوی نێو دۆڵەکەدا گوزارشتی پێ لەخۆی دەکرد، بەڵام قۆناغی دوای دۆڵەکە، قۆناغی بەجێهێشتنی فشەی شۆڕشگێڕەکانە بۆ گەڕان بەدووی کێشەکانی خود یان بڵێین سوبێکت لەگەڵ جیهاندا.

لە دوای (نوستووی نێو دۆڵەکە)و کۆمەڵە قەسیدەکەی دیکە، ئارسەر ڕامبۆ دەیەوێت لە هاتوهاواری شۆڕشگێڕە درۆزنەکان قوتاری بێتو دۆڵی شۆڕشگێڕەکان جێدێڵێت. ئەم بەجێهێشتنە دۆزینەوەی ڕەمزیەتە لە شیعردا لە فۆرمی گەڕان بەدووی شێوازە ژیانێکی نوێدا، کە ژیانی گەڕیدەییو بۆهیمیەتە، چونکە ڕۆحی شیعر لەو هاتو هاوارە درۆزنانەی شۆڕشگێڕەکان بێزار ببوو، کە جگە لە تیرۆرو خوێنو درۆ هیچیتری بە میراتی بۆ نەوەی دوای شۆڕش بەجێنەهێشتبوو.

ئارسەر ڕامبۆ هەوڵدەدات ئەمجارە وەك شاعیرێك بێباکانە بەلای گەرموگوڕی خەونی شۆڕشگێڕەکاندا تێپەڕبێت، چونکە دەیزانی چوونە ناو ئەم گێژاوە، مانای دوورکەوتنەوەیە لە خودی خۆت، لە ڕۆحی شیعر، دوورکەوتنەوەیە لەئازادیە گەورەکە کەئازادی سوبێکت یان ڕۆحە. ئاوەها ئازیزانم (ئارسەر ڕامبۆ) بەتەنیشت خەونی ڕۆشنگەراندا ڕێیکرد، بەڵام وەك بۆهمیەکی ئەبەدی، وەك گەڕیدەیەکی پڕ خەون، بەوێدا ڕۆیشت. لە دوایشدا کە دەبێتە هاوڕێی نێزیکی (پاوڵ ڤرلین )ی شاعیر، پێکەوە ژیانی گەڕان بەدووی نادیارو ناجێگیریو ناشوێن ئەزموون دەکەن.

دیارە دەبێت لێرەدا ئەوەش بڵێین کە (پاوڵ ڤرلین)ی شاعیر خاوەن پێگەی ئۆرستۆکراتی ڕۆشنبیرانەی خۆی بوو، بە تەمەن لە (ئارسەر ڕامبۆ) گەورەتر بوو، لە خێزانێکی دەوڵەمەند بوو، بەمانای وشە پیاوێکی ئۆرستۆکراتی بوو، بەڵام لەپێچێکدا هەموو ئەمانە لەبیردەکاتو دوای ڕامبۆ دەکەوێت. هەرچەندە گومانی ئەوە هەیە کە ڕامبۆی مێردمنداڵو پاول ڤرلین پێکەوە پەیوەندیەکی سێکسوالی هۆمۆیان هەبووبێت.

به جۆرێك كه ڤرلین  ئاشقی ڕامبۆ دەبێتو شار بەشار دوای دەكەوێتو خیزانەكەی لەپێناویدا بۆ بەجێدەهیلێت، بەڵام دیارە لەپلەی یەكەمدا ئەم شاعیرە سەرسام بوو بەو توانا گەورەیەی ئارسەر ڕامبۆی گەنج هەیبوو. گەڕانێك بوو هەردووكیان لەنێو شیعردا بەرەو جیهانی دەرەوەی خۆیان، گەڕانێك بوو بەنێو جەستەدا بۆ دۆزینەوەی چێژی دیكە لە دنیایەكدا كە هیچ چێژێكی وەك خۆی نەهێشتبووەوە. لەدوایدا، ئەم گەڕانەیان بەدووی بەختەوەری بەوە تێكدەچێت، كە ڤرلین هەوڵدەدات ئارسەر ڕامبۆ بەدەمانچە بكوژێتو ڕامبۆ بریندار دەبێت، ئەمەش بۆ ئەبەد هاوڕێیەتی ئەم دووانە دەترازێنێت. ئارسەر ڕامبۆ تەنها چەند ساڵێك دەنوسێت، چەند ساڵێك  خەوندەبینێت، لە هەژدە یان بە هەڵەدا نەچووبێتم  لە نۆزدە ساڵیەوە واز لە شیعر دێنێت.

ئاوەها ڕۆشنگەری (بۆهمییەت) بەرهەمدێنێت، كە بەڕای من جارێكیتر لە بزوتنەوەی ١٩٦٨ خوێندكارانی پاریسدا سەرهەڵدەداتەوە. لەساڵی ١٩٦٨دا  بزوتنەوەی هیپپیەكان دروستدەبێت كە گەنجان، نێرو مێینەكانی ئەوروپا، لەدژی سوستێمی كۆنەپارێزی دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە دژی جەنگی ڤێتنام  شارو شار دەگەڕێنو حەشیش كێشانو سێكسی ئازادو  خەوتن لەژێر ئاسمانی سافدا دەبێتە ژیانو دروشمیان. بێگومان نەك وەك ئەكتێكی بەڕەڵایی ئەخلاقی، بەڵكو وەك فۆرمێك لە فۆرمەكانی ئازادی ڕۆشنگەرانە. سەیرە، شۆڕشە مێژوویەكان دەوستنو دەمرن، بەڵام خێوەكانیان بەردەوام وێستگەی نوێ بۆ خۆیانو خەوبینەرەكانیان  دەدۆزنەوە.

ئەم دووشاعیرە (ئارسەر ڕامبۆو پاوڵ ڤرلین) دەبنە دامەزرێنەری سمبولیزمی شیعری، هەردووكیان دەبنە ڕەمزی قوتابخانەی سمبولیزم لە شیعردا. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین كە پەیدابوونی ئەم سمبولیزمە لە شیعردا، لەجیاتی ڕۆمانسیەتی شیعری، نیشانەكانی لەدایكبوونی مرۆڤی سەدەی نۆزدە بوون. هەستكردن بەمانەوە لەگوندێكی بچوكدا، هەستكردنن بەجێگیربوون لەناو كولتوری بچووكی ئەقڵیەتی گوند. ئەمەش هەڵدەگەڕێتەوە  بۆ خەیاڵی مرۆڤێكی تەنیا، كە لەم شار بۆ ئەو شار گەڕیدەیەو بانگەشەی ئیندیڤیدوالیەتی خۆی دەكات. وەك گوتمان هەڵاتن بوو لە تیرۆری دۆڵەكەوە بەرەو  گەڕان بەدووی ڕەمزەكانی ئازادی تاك، لە دۆڵەكەوە  بەرەو  شارە گەورەكانو بۆ هیمیەتو شیعرو ئازادی ڕاستەقینە.

(ئارسەر ڕامبۆ) چەند ساڵێك داهێنانی گەورەی كردو شوێن پەنجەی خۆی لەسەر كۆی شیعری فەرەنسی بەجێهێشت، (پاول ڤرلین) بوو بەرەمزیكی سومبولیزم لە شیعردا،

بێگومان هەردووکیان کاریگەر بوون بە شاعیری گەورە (بۆدلێر)و بە (ڤیکتۆر هۆگۆ)و نوسەرانی سەردەمی ڕۆشنگەریو دوای ڕۆشنگەری. بە مانای ڕۆمانسیەتیش هیوای گەورەی بە میللەتانی ئەوروپا بەخشی، بەوەی دەبێت لەژێر تاریکایی سەدەکان ئازاد دەبن. ئاوەها لە ڕۆشنگەریەوە بانگەشە بۆ بەجێهێشتنی خێزانە خانەدانو گەورەکان، ئارامگیری گوندیو ڕاکردن بەرەو شارەگەورەکان، بەرەو سروشتی مرۆڤ وەك تاکێك دوور لەخواوەند، وەك خۆی لەنێو جیهاندا پەیدادەبێت، لەهەمان کاتیشدا بانگەشەیەکە بۆ بەجێهێشتنی تیرۆری شۆڕشگێڕە ڕۆشنگەرەکانو دۆزینەوەی خود لە بۆهیمیەتدا.

## هاینەو خەونی بچوك

(هاینریخ هاینە)ی شاعیری ئەڵمانی یەکێك بوو لە ڕۆشنگەرە گەورەکان، بڕوای ئەو بە ڕۆشنگەری ئەوەندە توند بوو، بە جۆرێك کە بڕیار دەدات لە پاریس بژی. لەبەر ئەوەی پاریس ئەو زەمەنە لانکەی نۆرمەکانی ڕۆشنگەرە شۆڕشگێڕەکان بوو. (هاینە) ئەو پیاوە بوو تا مردن بۆ خەونە گەورەکانی مرۆڤ بە ئازادیو یەکسانیو دادپەروەری دڵسۆز بوو. لای (هاینریخ هاینە) ئەو نۆرمانە ئیلهامبەخشو سەرچاوەی ڕۆحی داهێنان بوون. (هاینە) خۆی بەخەونە گشتیە گەورەکانەوە پابەند کردبوو، بە پێچەوانەی (هاینە)، مێردمنداڵێکی داهێنەری وەك (ئارسەر ڕامبۆ) سەرچاوەی داهێنانی خۆی لە گەڕان بەدووی ڕۆحی خۆیدا دەبینیەوە، چیتر بەلایەوە گرنگ نەمابوو کێ ڕۆشنگەرەو کێهاش دژە ڕۆشنگەر، چونکە دەیزانی ئەمانە ڕۆحی ئەو هێور ناکەنەوە، لەبەر ئەوە بەڕای من قۆناغێکی دیکە لە دوای نەوەی یەکەمی شۆڕشی فەرەنسی دەستپێدەکات، ئەویش قۆناغی وازهێنانە لەخەونی گەورەی شۆڕشگێڕەکانو گەڕانە بەدووی خەونە سوبێکتیڤە بچوکەکان، کە پڕن لە ڕاستگۆیی.

جیاوازی (ڕامبۆو ڤرلین) لە شاعیری ئەڵمانی (هاینریخ هاینە) ئەوەیە، ئەوان وەك (هاینە) خەونی گەورەی سیاسیان نەبوو و دەگەڕێنەوە بۆ سوبێکتزمو لای ئەوان خود دەبێتە چەقی جیهان. (هاینە) لە ساڵی ١٨٥٦ لە پاریس دەمرێتو یەکێکە لەدوا شاعیرەکانی ڕۆمانسیەت، (هاینە) ئەو هیوابەخشەی کۆتایی سەدەی تاریکایی ئۆرستۆکراتو سەرەتای ڕیفۆرمی گەورە بوو لە ئەڵمانیاو ئەوروپادا کە بەرەو کۆمەڵگەی هاوڵاتیو یەکسانی دەڕۆیشت. بەڵام ئەوەی (ڕامبۆو ڤرلین) لە ڕۆمانسیەکان جیادەکاتەوە ئەوە بوو هیچیان ئەو خەمە قورسەیان هەڵنەگرتبوو، خەمی ئازادی

گشتی، خەمی ڕزگاربون لە ئۆرستوکرات، خەمی ڕیفۆرم لە خوێندن بۆ هەمووان، خەمی ماڵئاوایی لەکڵێسای ڕۆمانی..نەخێر، ئەم دوو شاعیرە (ڕامبۆ و ڤرلین) خەمیان پەرتکردنەوەی خودی خۆیان بوو لە گەڕیدەیی‌و بۆهمیەتدا. خۆ خەریك کردن بوو لەگەڵ خودی خۆیان، لەگەڵ جەستەی خۆیان. ئەشقیان بۆ خۆیان بوو، چونکە ئەوان تەنها دەیانویست خۆیان بن‌و دوور لە هەموو کلێشە باوەکانی دەستەجەمعی‌و مێگەلی سیاسی‌و کولتوری باو بژین. ئەوان جۆرێك شیعر بەرهەمدێنن کە چیتر خەمی گەورەی دەرەوەی مرۆڤ نییە، بەڵکو مرۆڤ خۆیەتی لەگەڵ خۆیدا.

سومبولیزم لە شیعرەکانی (ڤرلین‌و ڕامبۆ) ڕوونمای دیاری ئەمجۆرە ئەدەبەیە، ئەم جۆرە فیگورە شیعریە بەڕای من لەدایکبوونی مرۆڤیکی نوێی (شارییە). لە ژیان‌و ئەدەبی ئەوانەوە شارێك مرۆڤی تێدا ون بێت دێتە نێو هۆشمەندی شیعریەوە. ئیدی مرۆڤی شار بە تەواوەتی لە (ڕامبۆو ڤرلینەوە) لەدایك دەبێت. لێرەوە لە دوای ڕۆمانسیەتی ڕۆشنگەری، لەدوای ڕۆمانسیەتی شۆڕشگێڕی کە سەری هاوڕی ڕۆشنگەرەکانی خۆی دەپەڕاند، جۆریکی دیکەی شیعر دێتەنێو ئەدەبەوە، کە سمبولیزمەو دەبێتە ئاماژە بۆ لەدایکبوونی ئەو مرۆڤە نوێیەی کە ناوی مرۆڤی شاری تاك و تەنهایە. ئەم مرۆڤە وەك لەگوتارێکمدا ئاماژەم پێداوە، لەدیوانی شیعرەوە لەدایکدەبێت، لە وشەی نوسراوەوە لەدایك دەبێت‌و لە کەنار تەنهایشیدا دەمرێت.

**سەرچاوەکان:**

1.Stefan Zweig, Der Kampf mit dem Dämon, 1925, freebooks

2.Ulrich Greinger, Die Verzauberung der Welt, Rüdiger Safranski macht uns glanzvoll mit der Romantik und dem Romantischen . vertraut, Zeit 7 septmber 2007

3.Rüdiger Safranski, Romantik: Eine deutsche Affäre, Fischer Verlag 2009

# وتوێژ لەگەڵ نووسەری هیندی
# ئاروندانی رۆی





جۆزێف کۆنفاڤرۆ

و. جەمال پیرە

ئاروندانی رۆی، خانمە نووسەرو رۆماننووسو تێکۆشەرێکی چەپی هیندییە، ساڵی ١٩٦١ لە باوکێکی بەنگالی کە کارەکەی چاندنی چا بووەو دایکێکی کریستیانی خەڵکی ویلایەتی کیرالا لەدایکبووە. ئەندازیاریی بیناسازیی خوێندووەو چەندین کاری ئەنجامداوە، دواتریش خۆی بۆ نووسینو رۆژنامەگەرییو تێکۆشان لەپێناو ئازادیو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی تەرخانکردووە. ساڵی ١٩٩٦ یەکەمین رۆمانی خۆی بە ناونیشانی "خواوەندی شتە بچووکەکان" بڵاوکردەوە، کە بە گەرمی پێشوازیی لێکراو چەندین خەڵاتی بەدەستهێنا، لەوانەش خەلاتی بوکەر بۆ ئەدەبیات لە ساڵی ١٩٩٧.

ڕۆی خەباتگێڕێکی چەپە، پشتگیری لە سەربەخۆیی خەڵکی کشمیر کردووەو دەکات، لە کامپەینێکی میللیدا دژ بە دروستکردنی بەنداوی نارمادا بەشداریکردووە، کە نیو ملیۆن جووتیار لە زەوییەکانیان وەدەردەنێت، هەروەها پشتگیری لە تێکۆشانی چەکداریی شۆڕشگێڕە ماوییەکان (ناگزالییەکان) دەکات، کە لانیکەم لە ٨٢ هەرێمی نۆ لە ویلایەتەکانی هیندستان دژ بە دەسەڵاتی ویلایەتەکانو حکومەتی فیدراڵیە.

تێکۆشانی ڕۆی هەر بەتەنها لە هیندستاندا کورتنەبووەتەوە، بەڵکو دژی جەنگو داگیرکارییەکانی ئەمریکا بووە لە ئەفغانستانو عێراق، هەروەها ئەندام بووە لە دادگای نێودەوڵەتی تایبەت بە تاوانەکانی جەنگی ئەمریکا لە عێراق. لە کاتی پەلاماردانی لوبنان لەلایەن ئیسرائیلەوە لە ساڵی ٢٠٠٦ هاریکاری فەڵەستین بووە. لەگەڵ نوام چۆمسکیو هاوارد زین و جۆن بێرگەرو هارۆڵد پینتەر و ڕۆشنبیرانی دیکەی جیهانیدا یاداشتنامەیەکیان ئیمزاکردووە تێیدا ئیسرائیل بە ئەنجامدانی "تاوانی جەنگ" لە لوبنانو بە پەیڕەوکردنی "تیرۆری دەوڵەت" تۆمەتبار دەکەن. هاوشێوەی چالاکییە مەیدانییەکانی، لە میدیای بینراو و بیستراودا بەرهەمهێنەرێکی گەورەی نووسینو وانەو کۆڕو سیمینار بووە. زۆربەی نووسینو وتارەکانی بۆ ڕەخنەگرتن لە جیهانگەراییو سەرمایەداری نیو لیبرالیزم تەرخانکردووە. ڕۆی، هێزەکانی گلۆبالیزمی کۆمپانیاکان وەك جۆرێکی نوێی پادشاکان بەرجەستە دەکات، بەم شێوەیە وەسفیان دەکاتو دەڵێت:"هێزێکن، بەزەییان بەکەسدا نایەتەوەو بەچەك تەیارکراون. جۆرە پادشایەکن پێشتر جیهان پێیان ئاشنا نەبووە، شانشینو مەملەکەتەکەیان سەرمایەیەکی خاوە، جەگەکانیان لەپێناو بازاڕی تازەدەرکەوتوون، نوێژەکانیان قازانجکردنن، سنوورەکانیان بێسنوورنو چەکەکانیشیان ئەتۆمین".

ڕۆی، لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا زۆربەی کاتەکانی خۆی بۆ ئەوە تەرخانکردووە تا ڕێگری بکرێت لەوەی ڕاستڕەوەی شۆڤێنی پەرگیر لە هیندستان بگاتە دەسەڵات. نووسینو وتارو توێژینەوەکانی لە چەندین کۆبەرهەمدا بڵاوکردوونەتەوە، دیارترینیان "نرخی ژیان" (١٩٩٩)و "ڕێنیشاندەری مرۆڤی ئاسایی بۆ ئیمپڕاتۆرییەت" (٢٠٠٤)، لە ساڵی ٢٠١٠شدا داواکارییەکی ناگزالییەکانی قەبوڵکرد تا سەردانی ناوچە ئازادکراوەکانیان بکاتو کتێبی"ڕۆیشتن لەگەڵ هاوڕێیان"ی دەربارەی ئەو بزوتنەوە چەکدارییە نووسی، کە وەك خۆی دەڵێت لەلایەن "هەژارترین هەژارانی هیندستانەوە" بەڕێوەدەبرێت، لەلایەن جوتیارانی بێ خاكو زەوی، تیرەو قەبیلە پەراوێزخراوەکان، ئەوانەی کە لەسەر

خاکێکی دەوڵەمەند بە دارستان و کانزاکاندا دەژین. یەکێکی تر لە کتێبەکانی کە لە ٢٠١٤ دا بڵاوبووەتەوە بەناوی "سەرمایەداریی، حیکایەتی تارماییەکان"ە.
ئاروندات ڕۆی کە گۆڤاری "تایم"ی ئەمریکی ساڵی ٢٠١٤ ناوی لە ریزبەندی ١٠٠ لە کاریگەرترین کەسایەتییەکانی جیهاندا بڵاوکردووەتەوە، بەردەوامە لە تێکۆشانە جۆراوجۆرەکانی، ساڵی ٢٠١٧ دووەمین ڕۆمانی خۆی بە ناونیشانی "وەزارەتی زۆرترین خۆشبەختی" بڵاوکردەوە. لێرەدا وتوێژێکی بڵاودەکەینەوە کە لەلایەن "جۆزێف کۆنفاڤەر"ەوە ئامادەکراوەو لە ١٤ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٦ بڵاوکراوەتەوە.
ئاروندات ڕۆی، نووسەری ڕۆمانی "خواوەندی شتە بچووکەکان"، دوای بیست ساڵ ڕۆمانی دووەمی بە هەردوو زمانی ئینگلیزیو فەڕەنسی بڵاوکردەوە، کە دەچێتە چوارچێوەی خەباتەکەی دژ بە نەتەوەپەرستە هیندۆسییەکانو سەرمایەداری وەحشیگەر.
کتێبی یەکەم "سەرمایەداریی، حیکایەتی تارماییەکان" دەزگای گالیمار چاپی کردووە، میتافۆرێکە لە کۆمەڵێك وتار پێکدێتو جەختیانکردووەتە سەر بارگرژییەکانی کشمیرو ئەو شێوازو ڕێگایەی کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو دامەزراوەکانی چاکەکاری گرتوویانەتەبەر، هەروەها دەربارەی سکۆلەرشیپ یان گوتاری هاوڕا لەسەر فرەڕەنگیو هونەر، وەك ئامرازێك بۆ دەستگرتن بەسەر خاكو وێرانکردنی خەیاڵو وێناکردنەکان، لە هیندستان گەشەی ئابووری خێرا لەگەڵ ئەم حەقیقەتەدا دەگونجێنرێت" زیاتر لە ٨٠٪ی دانیشتوان لە ڕۆژێکدا بە کەمتر لە دۆلارێك دەژین".
لە ڕوبەڕوبوونەوەی ئەمەدا، ئاروندات ڕۆی باس لەو تێکۆشانە دەکات کە لەهەوڵی بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئارگیومێنتە داراییو ئایدیۆلۆژییەدایە. ئەگەر شیکردنەوەکە دەربارەی ئەوەی کە مرۆڤایەتی چاوەڕێی دەکات تەمومژاویی بێت، دوای ئەوە شێوازو ڕێگاکانی بیرکردنەوەی جیاواز لە ڕەگەوە هەڵتەکێنران، چونکە شێوازەکانی ژیانێکی دیاریکراویان هەڵوەشاندەوە، تاکو شێوازی دیکەی ئالتەرناتیڤ بسەپێنن، ئەوا ئاروندات ڕۆی هێشتا داوا دەکات ئەوەی کە ناویدەنێت "مافی خەوبینین لەناو ڕژێمێکدا کە سەرجەم تاکەکانی کردووە بە مردووی زیندوو، کردوونی بە بێهۆشکراو تا ڕاددەی پەراوێزبوون لە نێوان مەیلی زیاد بەکارهێنان و خۆشگوزەرانیدا..
کتێبی دووەم، بەناونیشانی "پێویستە چیمان خۆشبوێت؟" کە بەهاوبەشی لەگەڵ ئەکتەرو دەرهێنەر جۆن کۆزاك ئیمزای لەسەر کراوە، بەرهەمی دیدارێکە لەگەڵ ئیدوارد سنۆدنو دانیال ئالزبێرگ، پێش ئەوانەی "زەنگی ئاگادارکردنەوەکان"یان لێدەدا کە

لەبنچینەدا دزەکردنی "بەڵگەنامەکانی پنتاگۆن"بووە لە ماوەی جەنگی ڤێتنامدا. کتێبەکە بەتایبەت وردبوونەوەو بیرکردنەوەیە لە نیشتیمانپەروەری، هەروەك ئالزبێرگو سنۆدن دەڵێن ئەوان بەو پاڵنەرەوە رەفتاریان کردووە، هەرچی ئارونداتی رۆیە ئاماژە بە پێویستی دووبارە دەستنیشانکردنو رێکخستنی پێشبارییەکان دەکاتو دەڵێت: "دارستانی پاکیزە، زنجیرە چیاکان، یان دۆڵێك کە گرنگترین رووباری پێیدا تێپەڕبێت، بەمەش زیاتر لە هەر وڵاتێکی دیکە شایانی خۆشویستنە. من توانام هەیە لە پێناو دۆڵێکدا بگریم کە رووبارێك پێیدا تێپەڕدەبێت، ئەمەشم بەسەردا هاتووە. بەڵام گریان لەپێناو وڵات."

**پ: ساڵی ١٩٩٨ نووسیوتە"هیندستان هێزێکی گەورەیەو وەك هەر هێزێکی دیکەی زەبەلاح "بۆمبی ئەتۆمیو نایەکسانییەکی ئابڕوبەری هەیە"، لە کتێبی"کۆتایی ئەندێشە"دا راتگەیاندووە کە " ئەگەر نارەزایی دەربڕین دژ بە چاندنی بۆمبێکی ئەتۆمی لە سەرمدا بە ڕاست دژایەتیکردنی هیندۆسییەتو نیشتیمانپەروەریی بێت، ئەوا من جیادەبمەوە، چاوەڕێم، خۆم کۆمارێکی سەربەخۆی گوازراوە رادەگەیەنم"، دوای نزیکەی بیست ساڵ لە کوێی پەیوەندی خۆتدایت لەگەڵ هیندستاندا؟**

**رۆی:** لە هیندستان، گوتاری نەتەوەیی، ترسناك بووە، ئەمەش لەدوای تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکانەوە دەستیپێکردووە. هەموو ئەوانەی رەتیانکردووەتەوە وەك بۆنەیەکی نەتەوەیی ئاهەنگی بۆ بگێڕن، بە خیانەتکار تۆمەتبار کراون. جیاوازییەکە ئەوەیە ئەوانەی ئەم خەڵکەیان تۆمەتبارکردووە کە کەسانی دەگمەننو سرووتی هێزی گەورەی ئەتۆمییان نەپەرستووە، ئێستا لە لوتکەی دەسەڵاتدانو بەبڕواو باوەڕی راستڕەوە پەرگیرەکانیان پارێزراون. بێگومان، ناوچەکە لە حاڵەتی سوریا یان عێراقەوە دوورە، بەڵام ئەو حکومەتەیە کە نارێندرا مۆدی سەرۆکایەتی دەکات، ئەوەی کە لەگەڵ کشمیردا فوو لە پشکۆی ئاگری کێشەو قەیران دەکاتو گرژی دەخاتە نێوان پەیوەندییەکانی لەگەڵ پاکستان. ئەمە مایەی نیگەرانییە، چونکە ئێمە قسە دەربارەی دوو هێز دەکەین بۆمبی ئەتۆمییان هەیە.

ئایا لەلایەن نەتەوە پەرستە هیندۆسەکانەوە هەڕەشەت لێکراوە؟

حکومەت بەناوی رێگەپێدراوبوون لەلایەن جەماوەرەوە، تووڕەیی خۆی بەرامبەر بە دەنگەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەردەبڕێت. بەم شێوەیە رێکخراوەکانی ژنان لە "پارتی گەلی هیندی" بۆ داواکاریی دەستگیرکردنی من، لەبەردەم ماڵەکەی خۆمدا خۆپیشاندانیان

کۆمپانیا گەورەکان، وەك کۆمپانیای"تاتا" سەرجەم لایەنەکانی ژیان رووماڵ دەکات، لە ئەستێرەناسییەوە بگرە تا دەگاتە رۆژنامەگەریی، بەرەو فێرکردن، یان پێداویستییەکانی جوانکاریی! رژێم بە تەنها هەژارەکانی نابوود نەکردووە، بەڵکو بازرگانو جوتیارە بچووکەکانیشی پەراوێزخستووە، کە گرووپێکن تێیاندا بەرزترین رێژەی خۆکوشتن هەیە، هەموو ئەمانە لەکاتێکدان کە هیندستان ئابوورییەکی زۆر بە هێزی هەیە.

**پ: بە چ واتایەك دەکرێ بڵێین سەرمایەداریی"چیرۆکی تارماییەکانە" وەك خۆت وەسفتکردووە؟**

من دەگەڕێمەوە بۆ دەقێکی مارکس کە تێیدا سەرمایەداری هەڵدەسەنگێنێتو دەڵێت "ئامرازە بەهێزەکانی بەرهەمهێنانو ئاڵوگۆڕکردنی راگەیاندنو خستەبازاڕە، تا ئەو ئاستەن، وەك ئەو جادووگەرەن کە نەتوانێت کۆنترۆڵی ئەو هێزە دۆزەخییە بکات کە پشتی پێدەبەست". کارگەکان داخران، کارو کاسبی نەما، سەندیکاکان بوون بە سەراب، ئەو خەڵکەی چینی پرۆلیتارییان پێکدەهێنا لە دژی یەکتر هاندران تا بەربنە گیانی یەکتر، هیندۆسەکان دژی موسوڵمانان، پەراوێزخراوەکان دژ بە پەراوێزخراوەکان، ناوچەکان دژ بە ناوچەکان..تاد. بەڵام ئێستا سەرمایەداریی گۆڕاوە بۆ ئایینێك، کە هیچ لۆژیکێکی نەبێتو هیستریایەکی بە کۆمەڵی راگەیاندووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەزانین بەردەوامبوونی ژیان بەم شێوەیە، جیهانو مرۆڤایەتی بەرەو کۆتاییهاتنیان پەلکێش دەکات. ئێمە ئەوە دەزانین، بەڵام زانینو تێگەیشتن بۆ گۆڕینی رێڕەوەی بابەتەکان، بەس نین.

**پ: بۆچی لەسەر ئەو دوو فۆرمە کۆنە حوکمدەدەیت کە بواریان بە سەرمایەدارییدا قەیرانەکانی پێشووی تێپەڕێنێت، مەبەستم "جەنگو بازاڕکردنە"و گوزارشتکردنەکەت "زۆر بەسادەیی کارا نییە".؟ ئایا هێزی سەرمایەداریی لە وزەی داهێنانو خۆگونجانیدایە؟**

**رۆی:** بەڵێ، سەرمایەداری داهێنەرە. ئەوە بەسە ببینین تا چ ئاستێك داهێنەرە، دەبوو سەرمایەداریی لەسەر بنەمای کێبڕکێ بووایە، بەڵام کۆمۆنیزم لەسەر بنەمای یەکێتییو یەکگرتوویی بونیادەنرێت، ئەوەتا ئەوە سەرمایەدارانن یەکدەگرن، بەڵام کۆمۆنیستەکان بەشێوەیەکی خراپ دابەشبوونو ناتوانن لەنێوان خۆیاندا رێککەون.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئێمە لە دۆخێکداین، خێرایی مامەڵەکردنی پارەو سەرمایە، پێدراوەکانی بۆچوونو وێناکردنەکانی مرۆڤایەتییان گۆڕیوەو رۆحو گیانی بە شێوەیەکی وا گەندەڵ کردووین چیتر ناتوانین بەتەواوەتی لێی تێبگەینو ببین بە خاوەنی، ئێمەی رەگەزی مرۆیی روبەڕووی کێشەیەکی گەورە دەبینەوە.

**پ: لێدوانی زۆر توندت هەیە دژ بە کۆمەڵە چاکەکارەکانو رێکخراوە ناحکومییەکان، بۆچی؟**

**رۆی:** بەدڵنیاییەوە هەندێك لە رێکخراوە ناحکومییەکان کاری نایاب ئەنجامدەدەن، بەڵام "بەئەنجامگەیاندنی" هەموو شتێك، ئەوەی بەهۆی فەندی "چاکەکاریی" (خێرخوازیی) بەدەستدێت کە هەندێك کۆمپانیا پێشکەشی دەکەن، جێی گومانە. لەکاتێکدا حکومەتەکان لە فێرکردنو تەندروستیو زۆربەی ئەو بوارانەی وەك مافی یاساییو سروشتین پاشەکشە دەکەن، ئێستا پێویستە پەناببرێتە بەر چاکەکاریو چالاکییەکانی رێکخراوە ناحکومییەکان، ئەمانەش وەهمن.

کێشەیەکی دیکەی رێکخراوە ناحکومییەکان پەیوەندی بەو راستییەوە هەیە کە جیهان بە شێوازێکی دیاریکراو وەسفدەکەن، رێکخراوە ناحکومییەکانی ژنان بە نموونە وەرگرە، کە بۆ خەباتو تێکۆشان لە دژی شێواندنی رەگەزیو سێکسواڵی یان جۆرەها کلێشەسازی دیکەی stereotyping (دژی ژنان) گرنگن. بەڵام تێکۆشانی ژنان لە چاتیسگار دژی داگیرکاری زەوییەکانیان یان تێکۆشانی ژنان لە ئۆریسا دژ بە دروستکردنی بەنداوێك، بە تێکۆشانی ژنانەی وا دانانرێن شایانی فەندو پارەدارکردن بن. خەباتو تێکۆشانی ژنان دژ بە ئەجێندای ئیمپریالیزمو سەرمایەداری تەنها یەك جار نییە، تا وەك تێکۆشانێکی ژنانەی وا لەقەڵەمبدرێن شایانی پاڵپشتیکردن بێت. ئەو فەندو سپۆنسەرکردنەی رێکخراوە ناحکومییەکان دەیکەن خراپ نییە، بەڵام پێویستە لەوە بڕوانین کە فەند نەکراون بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی کە پارەدار دەکرێت.

دامەزراوەکانی وەك رۆکیفلەرو کارنیگی کە قازانجی فەلەکی بەدەستدەهێنن، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بە بەردەوام رێژەیەکی کەمی ئەو قازانجانەیان بۆ کاری خێرخوازیی تەرخان دەکردو بەمەش شاردنەوەی پرۆسەی داڕشتنی ئەو سیاسەتانەی کە بەکاریان دەهێنا مسۆگەر دەکرد. سەیری ئەو شێوازە بکەن کە دامەزراوە گەورەکانی وەك گیتس، فۆرد، کارنیگی، رۆکیفلەر بەهۆیەوە لە پیشەسازی فێرکردندا فەندی دەکەنو چۆن بیرۆکەی خودی پەروەردەیان گۆڕیوە.

**رۆی:** ئەمە لە ڕێگەی بزوتنەوەی مافە مەدەنییەکانەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەرکەوت، کاتێك کە دامەزراوەکانی فۆردو ڕۆکیفلەر بە سکۆلەرشیپو یارمەتی، یان وۆرکشۆپی مەشقو ڕاهێنان، فەندی دامەزراوە "میانەڕۆکانی" ڕەشپێستەکانیان کردو پێشتریش لە ئەفەریقای باشوردا دامەزراوە ئەمریکییەکان بڕیاریاندا فەندی "کۆنگرەی نیستیمانی ئەفریقا" لە پێناو ڕوبەڕوبەڕوبوونەوەی هەژموونی یەکێتیی سۆڤیەت لە ناو ئەو وڵاتەدا بکەن، ئەمەش وایکرد بتوانرێت بەسەر ڕێکخراوە هەرە ڕادیکاڵەکانی وەك "هۆشیاری ڕەش"و "بزوتنەوەی ستیڤ بیکۆ"دا زاڵبێت.

ئەو کاتەی کە نیلسۆن ماندێلا وەك یەکەم سەرۆك کۆماری ڕەشپێستی ئەفەریقای باشوور هەڵبژێردرا، بەتەواوەتی گوێرایەڵی کۆدەنگی واشنتۆن بوو، تا هەرچی پەیوەست بێت بە سۆسیالیزم لەناو پرۆگرامی "کۆنگرەی نیشتیمانی ئەفریقا"دا بسڕێتەوە. بگرە جەنەڕاڵی ئەندەنوسی سۆهارتۆی خەڵاتکرد، کە هەزاران کۆمۆنیستی لە ئەندەنوسیادا کوشتووەو میدالیای باشووری ئەفەریقای پێبەخشی. ئێستایش خەباتگێڕو تێکۆشەرانی ڕابردوو، فەرمانڕەوایەتی ئەفەریقای باشوور دەکەن، بە ئۆتۆمبێلی جۆری مارسیدس هاتوچۆ دەکەن، بەم حاڵە بێت، ئەمە بەسە بۆ پاراستنی ئەفسانەی ئازادی گەلانی ڕەشپێست.

لە هیندستان، ماوەی پەنجا ساڵ بەسەر کۆتاییهاتنی کۆڵۆنیالیزمو پشتبەستن بە نیولیبڕالی سەرمایەداریدا تێپەڕیوە، کە فۆرمێکە لە فۆرمەکانی کۆڵۆنیالیزمی دەستەبژێر بۆ وڵاتەکانیان. لە ئەفەریقا قۆناغی ڕاگوزەر لە نێوان هەردوو فۆرمەکەی کۆنترۆڵکردندا نەبووە. ناکرێ شۆڕش بە فەندی ڕێکخراوە ناحکومییەکان یان دامەزراوەکان بەرپابێت، مادام بەرژەوەندییان لە پاراستنی دیفاکتۆدا هەیە، کە بە ئاسانی لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەی ڕامکراو و ماڵی بوودا دەگونجێت.

**تۆ دژی ئەو سیاسەتانەش توندیت کە بەناوی مافەکانی مرۆڤەوە پەیڕەدەکرێن. بۆچی؟**

**رۆی:** گرنگە مرۆڤ لەسە ڕوونکردنەوەی ئەم پرسە سووربێت. من ناڵێم مافەکانی مرۆڤ سیاسەتێکی هەڵەیە، زۆرینەی هاوڕێ نزیکەکانم چالاکوانی بواری مافەکانی مرۆڤن. بەڵام دەڵێم ئەمە بە تەنها بەس نییە، پێویستە مافەکانی مرۆڤ لانیکەمی مافەکان پێکبهێنێت، ئەمە تاکە شتێکە هەقی خۆمانە داوای بکەین. سەرمایەداریی بیرۆکەی دادپەروەریی بە تەنها لەم مافانەدا کورتکردووەتەوە، لەکاتێکدا خەونی

یەکسانیی، بووە بە فۆرمێکی کوفر. لەگەڵ ئەمەشدا دەشێ مافەکانی مرۆڤ ببێت بە بەربەستێك لەبەردەم ئەندێشەی سیاسییماندا. بەهەمان شێوە، سەرنجی تەسك لەسەر ئەم بیرۆکەیەو بە تەنها گرنگیدان بە کردەوەکانی توندوتیژیی‌و کوشتارەکان‌و بە تاوانبارکردنی هەردوو لایەنی ململانێکە کۆتایی پێدێت، جا ماوییەکان بن یان حکومەتی هیندی، لە ویلایەتەکانی کشمیرو ئۆریساو چاتسیگار، بزوتنەوەکانی بەرەنگاریی هەوادارانی گاندی نین، بەڵکو چەکدارین، چونکە هیچ بژاردەیەکی دیکەی تێکۆشانیان نییە دژ بە دەستبەسەرداگرتنی دەرامەتەکانی ئەو ناوچانە. هەرچەندە داواکاریی ئەوان رەوایە، بەڵام پشتگیریی چینی ناوەندییان نییە، چونکە بەرەو "توندوتیژیی"دەگۆڕێن‌و دەڵێن لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا ناکۆکە.

**پ:مرۆڤ چۆن دەتوانێت بەرامبەر بەمە رەفتار بکات؟**

**رۆی:** ناکرێ بابەتەکە وا وێنا بکرێت، وەك ئەوەی هیچ شتێك لەم بوارەدا بەدینەهاتبێت. جەنگەکان ئەنجامدران، هەزاران توانیان رێگربن لە کاری کۆمپانیا گەورەکانی کانزاو سەرکەوتن. سەرکەوتنەکان بەدیهاتن، بەڵام ناگەن بە دەزگاکانی راگەیاندن‌و کەسیش بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ ناگێڕێت.

**پ:ئایا خۆت وەك کۆمۆنیستێك دەناسێنیت؟**

**رۆی:** نەخێر، بەڵام پێموایە چینە کۆمەڵایەتییەکان پێدراوی سەرەکیین بۆ تێگەیشتن لە ئەرکی ئاسایی جیهان‌و شیکردنەوەکەی. بیرنەکردنەوە لەسەر بنەمای چینەکان، وەك ئەوە وایە مرۆڤ بێ ئێسکە پەیکەر یان بێ ئێسقان بێت. بەڵام لەهەمان کاتدا پێموایە کورتکردنەوەی بیرکردنەوە تەنها لە چینەکان، هەروەك هەندێك کەسی کۆمۆنیست وا دەکەن، وەك ئەوە وایە مرۆڤ پەیکەرێکی گەورە بێت، بەبێ جەستە.

**پ: ئەم "ئەندێشە تازەیەی" کە دەربارەی دەنووسیت لە چی پێکدێت؟ ئایا دەکرێ وەسفی بکەیت؟**

**رۆی:** بەڵێ، دەتوانین وەسفی بکەین، بەڵام بە چەند گوزارشتێك نا، ئەمەیە کە لە رۆمانە نوێیەکەمدا هەوڵی بۆ دەدەم‌و منیش لە جێبەجێکردنیدا لەنێوان دوو کەوانەدام.

**پ: نووسیوته "بەڵکو ئێستا کاتی ئەوەبێت شەو بگەڕێنینەوە"، ئەم پرۆژەیە واتای چییە؟**

**رۆی:** ئەم گوزارشتە هێمایە بۆ باڵەخانەیەکی زەبەلاح لە لانینیلیا نزیك بۆمبای، خاوەنەکەی مۆکیش ئامبانییە کە یەکێکە لە هەرە دەوڵەمەندترین دەوڵەمەندەکانی هیندستان. باڵەخانەکە بەیەکێك لە گرانبەهاترین شوێنی نیشتەجێبوون دادەنرێتو لە ٢٧ نهۆم پێکهاتووەو سێ فرۆکەخانەی تایبەت بە دابەزینی هەلیکۆپتەرو شەش نهۆم گەراجی وەستانی ئۆتۆمبیلو ٦٠٠ خزمەتکاری هەیە. دراوسێکانی ئەم باڵەخانەیە سکاڵایان هەیەو دەڵێن ئەم وەحشییە بە رووناکییە کوێرەکانی، شەوی لێدزیوین. لەگەڵ ئەمەشدا، گەڕاندنەوەی شەو هاوکات داواکارییەکی کۆنی ژنانەیەو بەشێکە لە گەڕاندنەوەیەکی پێویست بۆ سەرجەم ئەو رەگەزانەی سروشت، کە توندوتیژییان لەسەر ئەنجامدەدرێت، جا هەوا بێت یان ئاو.

**پێتوایە پێشنیارەکەت سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی میرات، واقیعی بێت؟**

**رۆی:** میرات تەنها لە بوونی موڵکی دارایيو ماددی کورتناکرێتەوە، کاتێك لە هیندستان چاودێری بەربڵاوی سیستەمی ئۆستراسیزم دەکەین، (واتا سیستەمی دوورخستنەوەی خەڵك لەبەر جیاوازبوونیان- وەرگێڕ)، بۆت روونده‌بێتەوە کە میرات چەندە پرسێکە پەیوەستە بە هەیبەتو مافەکانەوە. ئەگەر بمانەوێت شتەکان بگۆڕین، گرنگە بیر لە رێگایەك بکرێتەوە تا سەڵەتو دەستکەوتەکان درێژە نەکێشن..

**پ: مەبەستت چییە لە "جەنگی ستایلی ژیان"، لەو کتێبەی کە تایبەتت کردووە بە چاوپێکەوتنەکەت لەگەڵ ئیدوارد سنۆدنو دانیال ئالزبێرگ، کە "زەنگلێدەری ئاگادارکردنەوەکان"و دوا بەرپرسی دزەکردنی "بەڵگەنامەکانی پنتاگۆن"ە لە ماوەی جەنگی ڤێتنامدا؟**

**رۆی:** ستایلی ژیانی ئەمریکی، بووە بە ستایلی ژیانی ئەوروپیو ستایلی ژیانی دەستەبژێری هیندی. سنۆدنو ئالزبێرگ لەسەر هەق بوون کە وەحشیگەرییەکەی جەنگی ڤێتنامیان پرۆتێستۆ کرد، بەهەمان شێوە ئەو چاودێرییەش پرۆتێستۆ دەکەن کە ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەی ئەمریکی ئەنجامی دەدات. بەڵام پێویستیمان بەوە دەبێت بزانین بۆچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە رابردوواو ئەمڕۆش ئەم جەنگانە دەکات. دیارترین هۆکار کۆنترۆڵکردنی دەرامەتەکانو حەزی سوودوەرگرتنە لێیان

بەزووترین کات. ئەمەش پێویستی بە موژدەی جۆرێکی دیاریکراوی ژیان لەسەر بنەمای ئیشتیهای بەکارهێنانی بێ سنوور و دەرچوو لە هەموو کۆت و پێوەندێکدا هەیە.
ئیدوارد بێرنای برازاکەی فرۆید، پێش هەموو ئەوانە دێت کە ڕێگاکانی فرۆشتنی کاڵای گۆڕیوە، ئەمەش بەهۆی سووربوون لەسەر پێویستی بۆ دەستگرتن بەسەر ئەم کاڵاو ئەو کاڵا نا، بەڵکو بە سەرکەوتن لە چەسپاندنی ئەو بڕوایەی کە پێیوایە ئەم بەرهەمە یاخود بەرهەمی دیکە لە کەسایەتیو خۆشبەختی تۆدا بەشدارە. ئەم ئەندێشەکردنەی بەکاربردنی بێ کۆتا، هەمان ئەو بیرۆکەیەی خۆشبەختییە کە بە خاوەنداریکردنی زیاتری شتەکاندا تێدەپەڕێت، هەروەها بڕوابوونە بەوەی شارستانییەتو سەرمایەداریی وەکو یەکن، هەموو ئەمانە پێویستیان بە چاوپێداخشاندنەوەو دووبارە پرسیارکردنەوە دەربارەی ئەوان هەیە، ئەگەر دەرفەتێکمان بوێت بۆ مانەوە لە ژیان. بەڵام من لەو باوەڕەدا نیم مرۆڤایەتی بیەوێت لە ژیاندا بمێنێتەوە.

**پ: لەو دیدارەی کە لەگەڵ ئیدوارد سنۆدن و دانیال ئالزبێرگ ئەنجامدراوە، هەستدەکەین تۆ هێشتا دوو دڵیت لە پاڵنەرە نیشتیمانییەکانی کارەکەیان. ئەوان دەڵێن ئەوەی کە پاڵنەر بووە بۆ کردەکە، باوەڕبوونیانە بە بیرۆکەیەك دەربارەی ئەمریکا، جەنگی ڤێتنام "خیانەتی لێکرد، یان ئەو چاودێرییەی کە ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی پەیڕەوی کرد. تۆ بۆ ماوەیەکی درێژە شۆڤینیستەکان ڕەتدەکەیتەوە، بەڵام ئەگەر ئەمە بووبێتە هۆی ژمارەیەك جەنگ، ئەوا مرۆڤ چاوەڕێی نەتەوەکانی نەکردووە تا لەپێناو ئەوەی لەنێو خۆیاندا هەیە بجەنگن؟**
**ڕۆی:** ناڵێم پێویستیمان بە بوونی وڵاتان یان نەتەوەکان نییە. بەڵام دەڵێم پێویست بەوە ناکات دەسەڵاتێکی ناواخنگیر وەك فەرەنسا یان هیندستان پاك بکەنەوە، لەبەر ئەوەی زۆر کەس پێیوایە وڵاتەکەی لەرووی کەلتووریی یان شارستانییەوە سەرکەوتنی بەرجەستە کردووە. ئەمە قسەیەکی بۆشو بەتاڵە، پێویستە تۆزێك ئارام بینەوە. **ئەی** چۆن شکستی نووسەرو هونەرمەندان لە پێشکەشکردنی خەیاڵێکی کەمتر تاوانکار لە خەیاڵی ڕاگەیاندن راڤە دەکەیت؟
هونەرمەندو نووسەران لە سەر ملکەچبوون بۆ پێداویستییەکانی بازاڕ ڕاهاتوون، تەنانەت وا دەردەکەون وەك ئەوەی ئەزموونەکان ئەنجامبدەن، چونکە ئەوەیان لێ چاوەڕێ دەکرێت، کە ئەزموونەکان لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراودا ئەنجامبدەن. کاتێك کە

ڕۆمانی "خواوەندی شتە بچووکەکان"م نووسی، پێشوازییەکەی ئەرێنی لێکراو هەستم کرد کە پێویستە دوای دوو ساڵ ڕۆمانێکی دیکەم بڵاوبکەمەوە، بەڵام ئەگەر بمویستایە ئەم حەزەم بێتەدی ئەوا نەمدەتوانی لە هیچ کام لەو تێکۆشانانەدا بم کە تێیاندا بەشداریم کردووەو نەشمدەتوانی ئەو توێژینەوەو وتارانەم بنووسم کە نووسیومن. ئەو کاتەی ڕۆمانێکی تازەم بەناوی "کۆتایی ئەندێشە" نووسی، ئەوانەی کە دڵیان بە یەکەمین ڕۆمانی من خۆشبوو بێزاربوونو ڕقیان لێم هەستا.

ئەندێشەی بەکارهێنانی بێکۆتایی دزەی کردووەتە ناو جیهانی هونەرییو ئێمەیش شایەدین لەسەر "بردنو سپیکردنەوەی کەلتووریی" هاوشێوەی "بردنو سپیکردنەوەی سەوز"(سەرپێچی کردنی ژینگەیی لەژێر ناوی ژینگەدۆستیدا-وەرگێڕ) کە بینیومانە. گەورەترین فێستیڤاڵی ئەدەبی لە جیهان ئەمڕۆکە لە جیابۆر لە هیندستان بەڕێوەدەچێت. خەڵك لەسەرتاسەری جیهانەوە ڕووی تێدەکەن، ڕۆشنبیرانو چاپو پەخشکاران دێنو تێیدا قسە لەسەر ئازادی ڕادەربڕینو ئازادی هونەر دەکرێت، ئەو کەسانەی کە سپۆنسەرو فەندی فێستیڤاڵەکە دەکەن دانیشتووانی دارستانەکان لەناودەبەنو پشتگیری لەو حکومەتە دەکەن کە پێیوایە ئەگەر بێتو هیندۆسی یان نەتەوەیی نەبیت ئەمە تاوانێکە لە تاوانەکان. کۆمپانیاکانی ئەستێرەناسی سپۆنسەری فێستیڤاڵەکانی سینەما یان ئەدەب دەکەن، تێیاندا خەڵکی باش بەشداری دەکەنو بەشێوازێکی زۆر جوان قسە لەسەر ئازادی ڕادەربڕین دەکەن، بەڵام سپۆنسەرەکان جیهان وێران دەکەن.

**پ: لەم حاڵەتەدا، چی پێویست دەبێت ئەنجامی بدەین؟ بەگوێرەی بۆچوونی تۆ لە کتێبەکەتدا، خۆشەویستی؟**

**ڕۆی:** پێویستی بەبیرکردنەوەیە. منیش زۆر بیردەکەمەوە، لەبەرئەوەی هێشتا ڕۆمانە تازەکەم دەربارەی ئەم بابەتە تەواو نەکردووە، بەڵام پێموایە ئێمە دەبێ ئەو بڕوایەی کە دەڵێت بوونەوەری مرۆیی پێویستە لە سەنتەری جیهاندا بێ، لە هەموو ئەو گێڕانەوانەی دژی ئەو بڕوایەن جیابکەینەوە.

*** گۆڤاری بدایات- ژمارە ١٦- ٢٠١٧**

# لێکدانەوەی کاریگەریی ڕەگەز
# لە سەر شیعرەکانی کەژاڵ ئەحمەد



کەژاڵ ئەحمەد

چنوور فەتحی

## پوختە

زۆربەی توێژەرانی بەشی زمانناسی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسیی زمانو ڕەخنەگرانی فیمینیست توێژینەوەیان لە بواری زمانی پێوەردا کردووەو گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازی لە نێوان زمانی ژنانو پیاواندا هەیە. لێرەدا ئەو پرسیارە گەڵاڵە دەکرێت کە

ئایا دەکرێ تەوەری ڕەگەز لە سەر زمانی ئەدەبیش کاریگەریی هەبێت؟ ئایا ئاستی دەنگ، وشەکان، ڕێزمان، جوانکارییەکانی نووسین، شێوەکانی خەیاڵ لەوانە وێکچواندنو خوازەو کینایە دەتوانن لە ژێر کاریگەریی دەرهەستێتی ژنانەی شاعیرەکاندا، هیمای ڕەگەزگەرایی بن؟ لێرەوە ئەم توێژینەوە هەوڵی داوە بە مەبەستی وەڵامدانەوەی وردی ئەم پرسیارانە کاریگەریی ڕەگەز لەسەر زمانی شیعریی شاعیری هاوچەرخی کورد، خاتوو کەژاڵ ئەحمەد لێکبداتەوە.

## پێشەکی

وەك دەزانین شیعرو شاعیر بوون لە ژیانی ئەدەبیی نەتەوەی کورددا گرنگییەکی زۆری هەبووە. شاعیرانمان لە هەر سەردەمێکدا هەوڵیان داوە پرسو بابەتی گرنگی کۆمەڵایەتی بە زمانێکی تایبەت بۆ خەڵکەکەیان باس بکەنو شیعرو بەرهەمیشیان بەردەوام لای هەموو نەوەکان سەرنج ڕاکێشەرو ئیلهامبەخش بووە. لە نێو ئەم شاعیرانەدا ژنانی شاعیریش بوونیان هەبووە کە بەداخەوە بونیادی کۆمەڵایەتیی پیاوتەوەری ئەدەبیاتو بەگشتی ژێرخانی کولتووریی کۆمەڵگای کوردیی، هەوڵیداوە زۆربەی زۆری ئەم بەهرە درەوشاوانە بۆ خۆی پاوان بکات. بەڵام لە ناویشیاندا هەمیشە کەسانێك سەریانهەڵداوە کە بوێرانە خۆیان لەو کۆتو بەندە نەبینراوو هەست پێنەکراوانە ڕزگار کردووەو توانیویانە بە شیعرەکانیان پێناسەدەری خۆیانو بوونو زمانی خۆیان بن.

نارەزایەتی دەربڕین بە ڕوانگەی زاڵمانەو هەڵاواردنێك کە ئەتمۆسفێری دەوری ژنی کوردی داگرتبوو، بێبەریکردنی لە مافە تاکەکەسیو کۆمەڵایەتییەکانی بەپێی بیرو باوەڕی نەریتیو پشتبەستو بە پیاوسالاری، بوو بە هەوێنێك بۆ هەوڵدان لە پانتاییە جیاجیاکاندا. شاعیرانی ژن لەم بوارەدا دەورێکی بنەڕەتییان گێڕاوە. ئەم بەرەیە هەموو توانای ئەدەبی، هونەریو هەستەوەرانەی خۆیان خستەبەرکار تاوەکوو بنەڕەتی "ڕوانینی پیاوانە" بۆ بابەتەکان، کە ئەدەبیاتیش یەك لەوان بوو، تێك بشکێنو سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی پیاوتەوەر تووشی گۆڕانێکی بنەڕەتیی بکەن، دەشتوانین بڵێین لەم ڕێگەشدا سەرکەوتنی باشیان بەدەستهێناوە. یەك لەو شاعیرە دیارانەی هەر لە سەرەتاوە زۆر وشیارانە مەبەستی بووە بەرەنگاری ئەو دۆخە درێژخایەنو سەپاوە ببێتەوەو سیمای ڕاستەقینەی ژن بناسێنیت، خاتو کەژاڵ ئەحمەدە. کەژاڵ شاعیرێکە ویستوویەتی دەنگی ژنان، زمانی ژنان، ئایدیاکانیانو هەروەها بەڵگاندنیان لەمەڕ ژیان

بخاته چوارچێوەی هزرو هەستو هونەرەکەیەوەو بە هۆنینەوەی گەلێك شیعری ڕاکێشەرو پڕخرۆشو هاوکات ئارامی بەخش، ساڵانێکی زۆر بەردەنگو خوێنەرەکانی ڕابگرێتو نەوە لە دوای نەوە بیانکاتە لایەنگرو تاسەباری کارەکانی. لێرەدا پێویستە بگوترێ ئامانج لە نووسینی ئەم وتارە زیاتر تیشك خستنە سەر زمانی شاعیرە لە شیعرەکانیدا. لە درێژەی وتارەکەدا ئاماژە بەوە دەکەین کە کەژاڵ چۆناو چۆن ڕازیمان دەکات بە بڕواهێنان بە زمانێکی تایبەتیی ژنانەو لە ناو ئەوەشدا زمانێکی تایبەتیی کە هەر تەنها خۆی خاوەنیەتی.

ئەم توێژینەوە لە سەر میتۆدی دیاریکردنی ئەو خاڵانە کاری کردووە کە کاریگەریی ڕەگەز لەسەر زمان دیاریی دەکەنو لە ڕاستیدا مەبەستی شیکردنەوەی ناوەڕۆك یان وەك باوە، ماناکردنەوەی شیعرەکان یان قۆناغبەندیی بەرهەمە شێعرییەکانی شاعیر نییە لە ڕوانگە جۆراوجۆرەکانەوە. هەوڵمداوە سەرەتا بە باسکردنێکی تێرو تەسەلی تیۆریك سەبارەت بەو ڕوانگەو بۆچوونانەی بە نیسبەت تەوەری سەرەکیی وتارەکەوە لە لقو زانستە جیاجیاکانی وەك زمانناسیی کۆمەڵایەتیو کۆمەڵناسیی زمانو ڕەخنەی ئەدەبیی فیمینیستی چوارچێوەیەکی تیۆریك بۆ توێژینەوەکە بەدەستەوە بدەمو دواتر بە هێنانەوەی نموونە لە بەرهەمەکانی شاعیر بکەوینەسەر ڕێگای وەڵامدانەوەی پرسیارەکانو سەلماندنی بوونی زمانی ڕەگەزگەرا لە شیعرەکانی خاتوو کەژاڵ ئەحمەددا.

**وشە سەرەکیەکان: زمانی ژنانە، شوناسی ژنانە، فیمینیزم، ڕەگەز**

## پرسیارەکانی توێژینەوە

١.ڕەگەز چۆن توانیویەتی کاریگەریی لە سەر شیعری کەژاڵ ئەحمەد دابنێت؟
٢.ئایا زمانی ژنانە لە شیعردا بوونی هەیەو چۆن دەتوانین پێی قایل بین؟
٣.ئەو چەمکانە چین ئەم شاعیرە بۆ گەیاندنیان کەڵکی لە زمانی تایبەت بە خۆیو ڕەگەزی خۆی وەرگرتووە؟

## سنوورەکانی توێژینەوە

بنەمای ئەم توێژینەوە بەرهەمە شیعرییەکانی کەژال ئەحمەدەو پێویستە لێرەدا ئاماژە بەو بابەتەش بکەم کە من وەك نووسەری ئەم توێژینەوە بە هۆی دووریو وەك دەگوترێ مەودای جوگرافیایی کە لەگەڵ باشووری کوردستان وەك شوێنگەی سەرەکیی چاپو بڵاوکردنەوەی کتێبو دیوانەکانی شاعیرە، دەستم بەزۆرێك لە دیوانەکان ڕانەگەیشتووەو وەك کتێب تەنها دوو کتێبی "بەندەری بەرمووودا" (چاپی دووهەم ساڵی ١٩٩٩)و "وتەکانی وتن" (لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی لاوانی میدیا ١٩٩٩)م لە بەردەستدا بووە. بەڵام دەبێ لێرەدا زۆر سپاسی خاتوو کەژاڵ خۆی بکەم کە بە دڵئاوەڵاییەوە چەند شیعرێکی بە ئاماژەدان بە ڕێکەوتو شوێنی نووسینیانەوە بۆ ناردوومو لەم ڕووەوە یارمەتیی زۆری داوم. هەروەها بڕێك لە شیعرەکانیشم لە سۆشیاڵ میدیاو نێت وەرگرتووە. ئەو کەسانەی کاری توێژینەوەیان کردووە زۆر باش دەزانن کە کارکردن لەسەر سەرچاوەی وەها پەرتو بڵاو ئەستەمتر دەبێتو بێگومان سەبووریی زیاتریشی دەوێ. هیوادارم توانیبێتم بە سەر سەختیی کارەکەدا زاڵ بووبێتمو ئەنجامی توێژینەوەکەشم نیشانەی سەبووریکردنی پێوە دیار بێت.

## پێشینەی توێژینەوە

لەوەتەی کەژاڵ ئەحمەد شیعر دەنووسێت و لە ناو دنیای شیعرو ئەدەبی کوردیدا وەك دەنگێکی تایبەت دەرکەوتووە، لەسەر شیعرەکانیشی دەنووسرێت. هەم لەبەر پڕجەماوەر بوونی شاعیرو هەمیش بەهۆی ئەو ژمارە زۆرە لە گۆڤارو ڕۆژنامەی جیاجیا کە هەرێمی کوردستان لەساڵانی ڕابردوودا بەخۆیەوە بینیونی، ژمارەی ئەو بابەتو وتارانەی دەستیان داوەتە لێکدانەوەو ناساندنی شاعیر خۆیو بەرهەمە شیعرییەکانی، پڕئەژمارن. بەڵام دەکرێ بڵێین توێژینەوەیەکی وەها کە لەگەڵ ئەوەی هەموو مەرجەکانی توێژینەوەیەکی زانستی بیگرێتەوەو هاوکات کاریگەریی ڕەگەز لە سەر زمان لە لقەکانی زمانناسیی کۆمەڵایەتیو کۆمەڵناسیو هەروەها ڕەخنەی ئەدەبیی فیمینیستیدا ڕەچاو بکاتو کاریگەریی نووسینی ژنانە لەسەر ئافراندنی بەرهەمی ئەدەبیی لێکبداتەوە، ئەنجام نەدراوەو یان من دیسانەوە بەهۆی ئەم دوورییەوە لێی بێ ئاگام کە هیوادارم گریمانەی دووهەممان ڕاست بێت. ئەوەی من گەڕابێتمو بینیبێتم دەتوانم بڵێم ئەو

توێژینەوەو یان باشتر بڵێین نووسینانەی تا ئێستا لە سەر بەرهەمە شیعرییەکانی شاعری مەبەست نووسراون، خاوەنو هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندین، کە بەپێی دەرفەتی نووسینەکەمان ئاماژە بە چەند خاڵێکیان دەدەم" زۆربەی زۆری وتارەکان بە شێوەی پیاهەڵدانو پێناسەکردنو کەمترڕەنگو بۆنی ڕەخنەو هەڵسەنگاندنیان پێوە دیارە" کەم تا زۆر هەموو ئەو وتارانەی من بینیومن جەختیان لە پێویستیی لێکدانەوەی سەربەخۆی شیعری ژنان کردۆتەوەو بەرهەمەکەی خۆیان بە هیوای هەڵگرتنی هەنگاوێك لەم ڕێگایەدا پێشکەش کردووە. سەرجەمی ئەم نووسینانە لە سەر ئەو باوەڕەن کە شیعرەکانی کەژاڵ لە ڕوانگەی نیشانەکانی میتۆدناسی، فۆڕمیو ناوەڕۆکەوە خاوەنی تایبەتمەندییەکی ناوازەن، بەڵام ئەو نموونانەی بە دەسنیشانکراویو ئێپیزۆدیك ناسێنراون زۆر کەمن. کۆمەڵێك دەستەوشەو زاراوەی وەك دەربڕینی ژنانە، لەحنی ژنانە، دەنگی ژنانە، هەستو سۆزی ژنانەو...تاد، کە هەموویان دەستەوشەی نابنەبڕو ناڕوونن، بە زۆریی لەم جۆرە نووسینانەدا بەرچاو دەکەوێت، بێ ئەوەی کە تەنانەت یەك پاڕامێتری دیاریکراو بۆ ئەوەی کە ئەم لەحن یان دەنگە چییە، بەدەستەوە بدەن. هەربۆیە ئەم توێژینەوەی بەردەستتان هەوڵیداوە بە دەستنیشان کردنی کۆمەڵێك نموونە لە خودی بەرهەمە شیعرییەکانی کەژاڵ ئەحمەد، هیوایەك بخولقێنێت، نەك بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان بەڵکوو بۆ بوون بە فاکتەرێك بۆ خستنەڕوو و دیاریکردنی ئەو بۆشاییانەو ئومێد خواستن بە بەردەوامیی ئەم شێوازە لە نوسینو توێژینەوە.

## چوارچێوەی تیۆریك

ژنان بە درێژایی مێژوو سەرەڕای ئەوەی کە نیوەی کۆمەڵگای مرۆییان پێکهێناوە، بەردەوام بەرەو ڕووی نیگای نەرێنیی پیاوان بوونەتەوەو لە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگاکاندا لە مافە مرۆییەکانیان بێبەریی کراون. بە تێپەڕبوونی کات ژنان پەی بە پێگەی نادادپەروەرانەی خۆیان لە کۆمەڵگا دەبەنو هەوڵی باشکردنی دۆخەکە دەدەن. لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، بۆ خەبات دژ بە بارودۆخی نالەباریان یەکدەگرنو لە قالبی "بزووتنەوەکانی ژنان"دا بەرگریی لە مافە مرۆییەکانی خۆیان دەکەن. ئەم بزووتنەوانە لە سەدەی بیستەمەوە بە ناوی فیمینیزم گەڵاڵە دەکرێن.

فیمینیستەکان لەڕێگەی خەباتو تێکۆشانیانەوە توانییان لە کۆمەڵێك بواری جیاجیای وەك پەروەردە، کارو پیشەی جۆراوجۆر، دانی حەقدەستی یەکسانو زۆر بابەتی

دیکەدا، حەققێك بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. تەنانەت گەیشتنە ئەو ئەنجامەش کە تەنها ڕزگاربوونی ژنان لە نایەکسانییەکان تەواو نییە، بەڵکو دەبێ ژنان لە دەستی پیاوان ڕزگاریان بێت.[1]

لەگەڵ پەرەی فیمینیزمو جێگیر بوونی ڕوانگە فیمینیستییەکان لە پانتاو بوارە جۆراوجۆرەکاندا، لێکدانەوەی جیاوازییەکانی ژنانو پیاوان لە بەکارهێنانی زمانیشدا، سەرنجی توێژەران، بەتایبەت توێژەرانی کۆمەڵناسیی زمانو زمانناسیی کۆمەڵایەتیی بۆ




لای خۆی ڕاکێشا. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ناکرێ زمان وەك دیاردەیەکی دەرهەستو ئۆبستراکت لێکبدرێتەوە، بەڵکوو دەبێ فاکتەرە دەرەکییەکانی کاریگەر لە سەر زمانیش ڕەچاو بکرێنو جەخت لە گرنگیی کاریگەریی بگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك چین ، نەژاد، ئایینو ڕەگەزو ...دەکەنەوە. بەم حاڵەشەوە، هەندێ لە توێژەران بە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان زمانی ژنانەو پیاوانەدا قایل نینو نایانەوێ ڕەگەز وەك فاکتەرێك لە لێکدانەوەی زمانو بە تایبەت زمانی ئەدەبیدا بخەنە بەر کار. سارا میلز لە سەر ئەو باوەڕەیە کە زۆربەی زۆری ئەو توێژینەوانەی لەسەر دەستی کەسانی فیمینیستی وەك دێبۆرا کامێرۆن سەبارەت بە ژنان ئەنجام دراوە، نیشانی دەدن کە ئەم توێژەرانەش لە سەر هەمان ڕێگەو ڕێچکەی زمانناسە پیاوەکان کاریان کردووەو هاوشێوەی ئەوان زمانی پیاوانیان بە ئەسڵ و پێوەری توێژینەوەکانی خۆیان زانیوەو زمانی ژنانیشیان وەك لادان لەم زمانە پێوەرە ناساندووە.[2] ئەو لای وایە ئەم جۆرە

خواسته بونیادو ناوەرۆکی بەرهەمی ئەدەبیی نووسەرانی ژن لە بەرچاو دەگرێت تاوەکوو لەم ڕێگەوە دەرگای ناسینی بزاوتی دەروونیی چالاکییە ئەدەبییە ژنانەکانی لێ بکرێتەوە.[٣] ئەم بەرەیە لایان وایە ئەدەبیاتی ژنانە لە ڕوانگەی تایبەتمەندیی زمانی، شێوازی دەربڕینو نووسین، شێوەکانی پێوەندیی نێوان توخمە ئاخاوتنییەکانو چۆنێتیی کەڵك وەرگرتن لە شێوەکانی خەیاڵ لەوانەش وێکچواندنو خوازە جیاوازە لە پیاوان. پرسی سەرەکیی بۆ ئەم تیۆرڤانانە دەستەبەرکردنی دەرفەتو ئیمکانی جۆراو جۆرە لە زماندا تا چیدی ناچار نەبن لە نووسیندا چوارچێوەکانی پیاوان ڕەچاوبکەن، یان زمانی پیاوانە بەسەریاندا زاڵ بێت. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە هێلێن سیسکۆ چەشنێك لە نووسینی ژنانە پێشنیار دەکات کە سەرچاوەکەی لە قۆناغی پێگەیشتن (پێوەندیی دایكو منداڵ) بەر لەوەی منداڵ بکەوێتە بەر کاریگەریی پیاوانی کۆمەڵگا- دەگەڕێتەوە بۆ دایك. لە لایەکی دیکەشەوە، لووس ئیریگاری، جۆرێك لە نووسینی ژنانە دەسنیشان دەکات تا بەردەوام خۆی لە مەترسیی دەسەڵاتو زاڵێتیی پیاوان ڕزگار بکاتو لە باتیی تاك ڕەهەندبوون، ڕەگی لە فرەڕەنگی، سەییال بوون ئیمکانو ئەگەرە ڕەنگاڵەکانی بونیادو کارکردی ئیرۆتیكو ئەزموونە سێکیسیەکانی ژناندا بێت.[٤] بەڵام ژوولیا کریستۆڤا لە چەندین ڕووەوە لە سیسکۆو ئیریگاری جیاوازە. سیسکۆو ئیریگاری "ژنانە" لەگەڵ ژنانی سروشتیو "پیاوانە" لەگەڵ پیاوانی سروشتی هاوشێوەسازیی دەکەن. بەڵام کریستۆڤا هەر چەشنە هاوشێوەسازییەکی لەم جۆرە ڕەتدەکاتەوەو زیاتر دەرکەوتەی ناخۆ وشیارانەی دایکانە سەرنجی ڕادەکێشێت. ئەو پرۆسسی پێش ئۆدیپی گەڵاڵە دەکات کە بەتاڵە لە سیستەمی دەلالەتو پێوەندیو بە "زمانی نیشانەناسی" ناوی دەنێتو لە سەر ئەو باوەڕەیە کە لەگەڵ گەشەی منداڵو ئاشنابوونی بە زمانی پیاوتەوەری کۆمەڵگا، ئەم زمانی نیشانەناسییە لەناو دەچێت.[٥]

جگە لە فیمینیستەکان، کە جەخت لە نووسینی ژنانەو کاریگەریی ڕەگەز لەسەر زمانی ئەو بەرهەمانەی ژنان خەلقیان کردووە، دەکەنەوە، دوو لقی زمانناسیی کۆمەڵایەتیو کۆمەڵناسیی زمان لەلایەکی دیکەوە پشتیان بە ڕەگەز وەك بگۆڕێك بەستووە کە کاریگەریی لە سەر زمان دادەنێت. ژان کالۆێ لای وایە کۆمەڵناسیی زمان کۆمەڵگا وەك بنەما وەردەگرێتو زمان وەك بابەتێك یاخود تەوەرێکی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو دەگرێتو زمانناسیی کۆمەڵایەتی زمانیش بە بنەما وەردەگرێتو هێزە کۆمەڵایەتییەکانیش وەك ئەو هێزانە دەبینێت کە کاریگەریی لە سەر زمان دادەنێن.[٦]

له سەر زمانی شیعریو بەرهەمەکانی خاتوو کەژاڵ ئەحمەدی شاعیری ناسراوی کورد لێك بدرێتەوە. دەتوانم بڵێم شێوازی کارەکەم بە شێوەیەك بووە کە سەرەتا بە خوێندنەوەی بەرهەمە بەردەستەکانەوە دەستم پێکردووەو دواتر بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئاخۆ ڕەگەز لە سەر ئافراندنیان کاریگەرییەکی هەبووە یان نا لە کارەکە بەردەوام بووم. ئەگەر وەڵامەکە ئەرێنییە شاعیر بە مەبەستی گەیاندنی چ جۆرە پەیامێك بە بەردەنگ ئەم شێوازەی بەکارهێناوە؟

لێرەدا وەك شێوازی سەرەکیی نووسینی توێژینەوەی لەم چەشنە دەچینە سەر دەستەبەندی کردنو لێکدانەوەی شیعرەکانی شاعیر لەو ڕوانگەو بوارانەوە کە دەسنیشانم کردوون"

**١.بەکارهێنانی زاراوەو وشەی پێوەندیدار بە جەستەو ژیانی بایۆلۆژیکیی ژنانەوە:**

لە شیعرەکانی کەژاڵ ئەحمەددا بە دەیان جار تووشی ئەو وشەو زاراوانە دەبین کە تایبەتن بە بوونو جەستەی ژنانەو دەتوانین بڵێین لە بنەڕەتدا گەر جەستەی ژنانە بەم شێوەیەی کە هەنووکە لە ڕوانینی گشتیدا وەك جەستەی ژنانە دەناسرێت، نەبوایە ئەم وشانەش بوونیان نەدەبوو. بۆ نموونە لە باربردن، لەبارچوون، کچ، کچێنی، مێیینەییو...تاد. واتا ژنانو جەستەی ژنان دەبێ بە پڕۆسسێکی دیاریکراودا تێپەڕن تاوەکوو ئەم ناونان و پێناسەکردنانەش بێنە دی. بۆ نموونە لە شیعری "لە مریەم بەڕەحمتر"دا دەبینین.

**نانی پێکەنینی گەرم کەڕوو لێیدا**
**وەك دووگیانیش بووم ئەی شاعیر**
**نە کۆرپەی شیعرم لە بارچوو**
**نە خۆم لە باری شیعر چووم.**

**یا لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:**
**کە مەسیحم خولقاندبێ**
**دەربەست نایەم ئەگەر چەقۆم لێ بکێشنو**
**گومان لە کچێنیم بکەن!!**
**لە ژووری سکی خاکمەوە لە بار دەبرێم!**

**له ساتی سەرجووقانمەوە**............................(بەندەری بەرمووردا، ل.٣١)

**تەنیایی مێیینە...**
**بۆ زمانی بەستەزمانی کوردیی هەرگیز**
**ناگیرێ‌و باس ناکرێ...**
**مێردمیت‌و**
**بە مانەوەم وەکوو کچ گومانم خولقاندووە لە پیاوەتیت**
**ئەمەیان بەهێزی منەو بێ هێزی تۆ...**

هەروەها کۆمەڵێك زاراوەو دەستەوشەی دیکەش هەن کە بەپێی گرێبستێکی تایبەتەوە وێڕای بکەرو بەرکارێکەوە دێنە بوونو بەدیهاتن لەوانە" مارەکردن، کردن بە دایك‌و..تاد. کە لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەمان چەند نموونەیەکیانم لە شیعرەکانی کەژاڵ خاندا دیاریی کردوون:

**ئەوانە ڕوویان کردە کوێ**
**کە شەقام‌و کۆڵان‌و نێو ماڵەکانی**
**ئەم دەڤەرەیان ئاوس کردبوو بە ژیان**
**ئاه... گوڵەباخ**
**یان:**
**دیرۆکی ئێمە بەردینە**
**بۆیە خەونەکانمان بە کوشتار ئاوسن...**

هەروەها شاعیر دیسانەوە بە کەڵك وەرگرتن لە دەستەوشەیەك کە تەنهاو تەنها تایبەتی ژنەو ئەویش "هێنان"ە کە لە زمانی کوردیدا بەگشتی بۆ مەبەستی داواکردن یان خواستنی کچ‌و هاوسەرگیری کردن‌و گواستنەوەی شوێنی ژیانی کچ بەکار دەبرێت، بە شێوەیەکی جوان تایبەتمەندییەکی ژنانەی زمانمان نیشان دەدات‌و سەربەرزانە شانازیی بە زمانی ڕەگەزگەریانەی خۆیەوە دەکات:

**مانگ لە پارچە کاغەزێکی سادەدا**

**ئەم دێڕە سادەیەی بۆ ماڵی ڕۆژ ناردبوو**
**"من ئەو هەموو ساڵە چاوەڕێی تۆم کردو ڕووم نەهات پێت بڵێم**
**بۆ نامهێنیت؟"...**

۲.**بەکارهێنانی وشەگەلی تایبەت بەو کارو چالاکییانەی بە ئەرکو کاری ژنانە ناسراون:** بۆ نموونە ڕستن، چنین، چێشت لێنان، خاوێنکردنەوەی ناو ماڵ و ...

**لە داوی ڕۆحم بۆ بەستەڵەکی ژوروو**
**کڵاو و جامانەم چنی**............................ (بەندەری بەرمودا، ل.۱۰)

لەم پارچە لە شیعری "دووربینەکانی درۆ یان دووربینەکانی وڵات"دا شاعیر باسی کەیبانوویەکی بلیمەتمان بۆ دەکات کە جگە لەوەی بە کەسێکی سزادەر شوبهێنراوەو دەیەوێ لە ڕێگەی ئەکتی کابانییەوە ئەمیش سزا بدات، باسی چەند کارو چالاکییەکی دیکەی ئەو ئاقارەشمان بۆ دەکات:

**دەستی سزای کەیبانوویەکی بلیمەت**
**لەگەڵ خۆڵدا بێژامیەوەو**
**لە سەر بەردی ڕەق کردمیو**
**لە تەنووری ئاگرێکی خۆشدا داینام...**

شاعیر ئەو کارانەی وەك کاری ژنانە دیاریی دەکرێن بە ڕێكو پێکی ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی دەرفەتو فەزایەکی دەست بکەوێت بۆ نووسینی قەسیدەکانی:

**بەیانیان هەورەبانەکە گسك ئەدەم**
**جلی کەوتووی تەنافە پچڕاوەکان کۆ دەکەمەوە**
**قاپ دەشۆمو ماڵ دەشۆمو خۆم دەشۆم**
**خەوی ماڵ لە کش و هوڕی کراسە پەمبە ئاودامانیەکەم ڕادەبی**
**نانی بەیانی دەخوات و دووبارە دەخەوێتەوە**
**منیش لە نێو جۆلانەدا ئەم قەسیدەیە دەنووسم...**

بەپێچەوانەی ئەم دێڕانەشەوە کە تێیدا شاعیر هەوڵ دەدات بەجێبەجێ کردنی ئەو کارانەی سیستەمی نادادپەروەری دابەشکاری ئاقارەکانی ژیان، دەرەوە بۆ پیاوو ماڵەوە بۆ ژن، کەشێکی گونجاو بخولقێنێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرکو هۆگریی سەرەکیی شوناسو ژیانی خۆی ڕایی بکات، چەند پارچە شیعرێکی دیکە دەبینینو ئەو هەستەت لا دروست دەکەن کە خواستێکی لە دڵەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کاروبارانە لە ئارادا نییە:

**هەندێك جار بە دەست لێنانی چێشتێکەوە**
**دەست دەکەم بە گریان**
**هەروەها ئەم ماڵە ئەشکەوتە**
**سپێدەش ڕێگای پێنەدام گسکی بدەم**
**پێی وتم ئاقڵ بە**
**لە زەمانو دنیایەکی ناخاوێندا**
**ماڵی خاوێنت بۆ چییە؟!**
**هەروەها لە "هەروەکوو بەڕەزا"دا"**
**ئەم پریسکی پێداهەڵدانانەم بۆ چین؟**
**کە هەروەکوو پەڵەی فاس**
**بەر هەر شوێنێکم بکەون عەدەمی دەکەن.**

وەك دەزانین ناوهێنانی فاست وەك خاوێنکەرەوەیەکی زۆر کاریگەرو بەهێز، کە لەلایەن ژنانەوە بەکار دەبرێتو زۆرجاریش گوێمان لێ بووە کە دەگوترێ چەند بۆ تەندرووستی مەترسیدارە، یەك لە نیشانەکانی دڵخواز نەبوونی ئەو کارانەیە لای شاعیر.

**٣.کەڵك وەرگرتن لە لەحنو ئەدای سەر بە ڕەگەزی ژنانە:**

لێرەداو لەسەر ئەم سەردێڕەمان دەتوانین بڵێین زۆرجار گەر شیعرێکمان بۆ بخوێننەوەو دوامان لێ بکەن تا بزانین ئاخۆ شاعیرەکەی ژنە یان پیاو، یەك لە یارمەتیدەرەکانمان بۆ وەڵامدانەوەو هەڵێنانی جوابی ڕاستو درووست وردبوونەوە لە لەحنی شیعرەکانە. هەندێجار جۆرێك لە بانگ کردن، نزا یاخود دەربڕینی سۆزو هەست کە لە بەرهەمێکی

شیعریدا هەیە، گومانت لا ناهێڵێت کە دەبێ شاعیرەکەی ژن بێت چون کەڵکی لەم شێوازە لە دەربڕین وەرگرتووە" بۆ نموونە شیعری:



**مەعز بۆ تاك... !**
**چاوی تۆ ئەگەر خۆر بوایە**
**ئەم دنیایەت لەسەرمان ڕەق دەکردەوەو**
**هەر بۆ تاکە ئەستێرەکەت**
**ئەستێرەو مانگی گەردوونت**
**دەهێنایە شەرارەی مەرگ**
**بۆ خاتری خاك... !**

هەروەها نموونەیەکی دیکە:
**جیاوازیمان لەوەدایە**
**کوێرم ناتوانم چاو لێك نێم**
**تا بە ژیانم ژیانت نەکڕمەوە**
**لە کونجوڕی قەناعەتدا هەڵناکورمێم**...............(بەندەری بەرمودا، ل.٧)

هەروەها:
**منت بمرم...!**
**لە بەر وێنەی خۆشەویستیێ**
**ئەم گەردوونە لە سەر سنگی تۆ**
**پێڵوی تەڕی لێك دەنێ**
**شیعر کوێر بێ...!**

زۆر ڕوونە کە ئەو جۆرە دەربڕینانە لای هەموو کوردێك بە دەربڕینێکی ژنانەو پڕ لە سۆزو هەست دەزانرێت، بە دەگمەن پیاوێك دەبینی بۆ دەربڕینی هاوخەمی، هاوسۆزی یان هەر شتێکی دیکە کەڵك لە دەستەوشەی "منت بمرم" وەربگرێ چونکە ئەم شێوە بەکارهێنانە بەکارهێنانێکی پڕاوپڕ ژنانەیەو ئەم خانمە شاعیرەش زۆر بە جوانی خستوویەتە ئەو شوێنەی دەبوو ئەو هەستەی تێدا بەیان بکات.

"شیعر کوێر بێ" لەوانەیە ئەمەمان وەك دەستەوشەیەکی ژنانە یان هەر زاراوەو لەحنێك کە لەزمانی کوردیدا کەڵکی لێوەردەگیرێت، نەبیستبێ، بەڵام ئەی خۆ "دایکت کوێر بێ"مان زۆر بیستووەو بێگومان بە بینینو خوێندنەوەی ئەم بەشە لە شیعرەکەش یەکسەر بیری ئەو هەستە پڕ لە سۆزە ژنانەیە دەکەوینەوە کە کەژاڵ خانم بە شیعرییەوە نووساندووەو ئەوەندەی دی پڕ سۆز و هەستی کردووە.

**٤.دایك بوون و دایکایەتی:**

"دایکایەتی" بە زۆریی بە مانای چاودێری کردنی منداڵ، جێبەجێکردنی خواستو پێداویستییە ماددی، سۆزداری، دەروونییەکانو هەستکردن بە بەرپرسیارێتیو هەروەها درووستکردنی ئەو پێوەندییانەی کە خواستەکانی منداڵ جێبەجێ دەکاتو "دایك" بە جۆرێك لە بوونی مرۆیی، پێویستیی بایۆلۆژیکی، یان ژنانەیی لە قەڵەم دەدرێت. لە ڕوانگەی دیتەرمەینیی بایۆلۆژیاوە، بوون بە دایك بە چارەنووسی سروشتیو حەتمیی ژنان دادەنرێت. لەم ڕووکردەدا غەریزەی دایکایەتی، هۆکاری ڕەفتاری دایکانەیەو ڕەگی لە سروشتو بایۆلۆژیای مرۆڤدایە.(١١)

ژمارەیەك لە بیریارانی فیمینیست تەنانەت جەختیان لە فاکتەرە زیندەوەرزانییەکان لە جیاوازیی دەوری باوکایەتیو دایکایەتیدا کردۆتەوە. ئالیش ڕێسی بەم بەڵگاندنەوە کە ژنان بەشێوەی زاتی دەرکێکی خێراو هەستیارییەکی زیاتریان بەرامبەر بە پێداویستییەکانی منداڵ هەیەو بە داکۆکی کردن لەوەی کە پەیوەستبوونی دایك بە منداڵەکەیەوە، ڕەهەندی زیندەوەرزانیو پێوەندیی باوك لەگەڵیاندا حاڵەتی کۆمەڵایەتی هەیە، دەگاتە ئەو ئەنجامە کە ژنان پێچەوانەی پیاوان پێوەندییەکی نزیکترو سروشتیتریان لەگەڵ پەروەردەکردنی منداڵاندا هەیە ...(١٢)

کەژاڵ خانم وەك شاعیری کۆمەڵێك دیوانو بەرهەمی شیعری، زۆر جاران وشەی دایکی بەکارهێناوەو تەفسیرو پێناسەی خۆشی بە نیسبەت ئەم وشەوە پێڕاگەیاندووین. لەوانەیە بتوانم بڵێم ئەوەی لە سەرەوە وەك چەند تەوەرێکی ناسراوو جێمتمانە، هەڵبەت لە ڕووی زانستییەوە، ئاراستەم کردوون، زۆر نزیك بێت لە شێوازی بیرکردنەوەی شاعیری بەڕێزمان لە سەر ئەم بابەتە. لە شیعرەکانی کەژاڵدا هیچ ئالنگارییەك، وەك ئەوەی ئێستا لە هەندێك لە تیۆرییە فیمینیستییەکاندا بەرامبەر بە دایکایەتیی بەرچاومان

دەکەوێت، بەدیناکەین. شاعیر زۆر سۆزدارانە باسی "دایك"و "دایکایەتی"و بەدایك بوون "مان بۆ دەکات:

**جیاوازیمان لەوەدایە**
**من وەکوو ئەو ناتوانم بتدەمە دەست خوایش**
**ئاخر خواوەند دایکایەتی نەبینیوەو**
**بۆت ناسووتێ‌و دەربەستی سك سووتان نایەت**
**دایکایەتی خەمێکی ئێجگار گەورەیە**
**من بووم بە دایك**
**بەر لەوەی ببم بە ژن!!**

یان نموونەیەکی دیکە:

**بزانیایە ناتوانێ بەرەحم بێ بۆت**
**لەگەڵ لەدایکبوونتدا**
**ئەموت: وەرە**
**بگەڕێرەوە ناو جەستەی پڕ لە ئارامیی دایکی خۆت.**

هەروەها لام وایە لووتکەی پێناسەیەکی سەر بە ڕەگەزی تایبەت کە شاعیر بۆ دایك‌و دایاکایەتی کردبێتی لە شیعری "دایکانە"دا دەبینین، بەم سەردێڕەشەوە:

**"کە بستێ خاك نەمایەوە شەهیدی تێدا بنێژرێ**
**ئەوسا دەبێ دایکان ببن بە گۆڕ بۆ تەرمی ڕۆڵەکانیان....**
**بە سەرسامی ئەڕوانمە شەهیدستانی زێدەکەم**
**نە خەوە نە خەون بینین!!**
**بە بەرچاوی ڕۆحمەوە تەرمی کوڕەکەم ئەخەنە بیری کەنعانی تابووت‌و**
**بە شانە ڕەقەڵەکانیان هەڵیدەگرن**
**ئادەمەکان کوڕتان نەمرێ!**
**ئەو عەزیزەم وا مەنێژن ڕێی تێناچێ**

**ئەمە جەورە**
**ئەگەر زەوی ئۆلکەی ڕەحم**
**سەرەتای ژیانو بوونی ڕۆڵەکەم بیٚ**
**لە پای چی بیسپێرم بە خاك؟!**
**ئەی بۆ گۆڕو گۆڕستانیشی لە جەستەی خۆمدا نەبیٚ؟!**
**بۆچی نابیٚ؟؟؟** ........................................(بەندەری بەرموودا، ل.١٦٠)

**٥.ناوبردن لە کەرستەی ژنانە:**

هەندیٚ کەرستەو کاڵا هەن کە زیاتر لە لایەن ژنانەوە بەکار دەبرێنو دیارە جێگەو پێگەیەکیش لە فەزای زەینیی ژناندا بۆ خۆ دیاریو تەرخان دەکەنو لێرەشەوە داخلٚ بە شیعری خانمانی شاعیر دەبن. کەژاڵ ئەحمەدیش چەند شوێنێکدا باسی ئەم کەرستانەی کردووە.

شیرینیی زمانی شاعیر لە شیعری "قۆپچە"دا جوان خۆ دەنوێنیٚ کاتێك دان بەوەدا دەنێت کە چاوەڕوانی ئەوەی لێکراوە تەنانەت باسی ئەو قۆپچەیەو بەسەرهاتەکەشی بخاتە شیعرێکەوە:



**لە ماچێکی بیٚگوناهدا**
**یەکەمین قۆپچەی کراسە پەمەییەکەم**
**لیٚ بوویەوە**
**لە کاتی دوورینەوەیدا**
**عەینەکە زەڕەبینەکەی کردە چاویو**
**دەرزییەکەی نێو دەستی**
**هەروەکوو پەنجەی**
**هەڕەشە لێراوەشاندم**
**وتی ئەمەشیان نەخەیتە شیعرێکەوە!**

یان نموونەیەکی دی:
**... ئێوارانیٚ**

**تۆ تەوقەکەی قژم دەدەی لە سمێڵت‌و**
**دەمخەیتە پێکەنین!**

هەروەها لە شیعری "بەرد باشترە"دا دەبینین:
**بەرد باشترە**
**ژیانی مردووانەی ئەو سەنگینترە**
**لە قسەی ئەو فەیلەسووفانەی قەدەرێ فریویانداین‌و**
**بە تەنیا بەجێیان هێشتین**
**حیکمەتیشی وەك قردێلەی خوێندکارێکی سەرەتایی دڵبەرو سادەیە...**

**٦.وێکچواندن**

وێکچواندن دۆزینەوەی وێکچوویی نێوان دوو شتەو هێزی خەیاڵکردنی شاعیریش بە ڕادەیەکی زۆر لە دۆزینەوەی پێوەندیی هاوشێوەیی نێوان دوو کەرستە یان دوو شتدا ئاشکرا دەبێت. دۆزینەوەی ئەم پێوەندییانە، جگە لە بەهرەو هێزی خەیاڵکردن، گرێدراوی ئەو ناوەرۆك‌و بابەتەیە شاعیر دەیەوێ لە نێوان ئەوداو ئەو توخمە سروشتی یان ناسروشتییەی پێوەندی‌و وێکچوویی لە نێوانیاندا بەدی بێنێت.(١٣) کەوابوو لە وێکچواندندایە کە وزەی داهێنەرێتیی شاعیر دەکەوێتە ڕوو، دەردەکەوێت تا چەند لە ئافراندنی وێنەکاندا نوێکاریی کردووە یان لاسایی کردۆتەوە. شاعیر لە دروستکردنی وێکچواندندا لە ژێر کاریگەریی هزرو ئەندێشەکان‌و دەورو پشت‌و ئەزموونی تاکەکەسی‌و هەستەکانی ناخی خۆیدایە. پێویستە بڵێین لە هەموو ئەم حاڵەتانەشدا جیاوازیی بەرچاو لە نێوان ژن‌و پیاودا بەدی دەکرێت. لەم ڕووەوە، ژنانی شاعیر لە بونیادی وێکچواندندا بە شێوەیەك وێنەسازیی دەکەن کە جیاوازە لە پیاوان. هەر بۆیە لێرەدا بە پێویست زانراوە چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی خاتوو کەژاڵ بێنیەوە کە بە ڕەنگی وێکچواندن خەملێنراون‌و هاوکات ئەو ڕەگەزەراییەشیان تێدایە کە مەبەستی سەرەکیی وتارەکەمانە.

شاعیر لەم شیعرەدا پیاوی بە کەلەشێر چواندووەو بانگی سپێدەی بە تەناف بەراورد کردووە کە حەقیقەت گوێی بۆ هەڵناخات:

**لە دەرەوەی مندا بۆ خۆی ئەقووقێنێ**

**کەڵەشێرە...**
**حەقیقەت گوێی بە تەنافی**
**سپێدەی بانگیا هەڵناخات**
**دەنگی نێرە...**
**منی مریشك چەند گاڵتەم بە کەڵەشێر دێت!!!**
**کە دڵداریم لەگەڵ ئەکەیت**
**دڵی ئەو دایکە ڕابگرە کە لە ناخما ڕاکشاوەو**
**تۆ وەك منداڵی دەبینیو**
**هەموو سۆزێ دەیخاتە حاڵەتی گریان**
**ئەو منداڵەیش مەڕەنجێنە کە هێشتا**
**هەر لە ناوما خەریکی بووك بووکێنێیەو**
**پێویستی بە نازی باوکە!**
**دە لەو کچە بزێوو خەملیوەش تێبگە**
**کە شەڕی هزرو دیالۆگ بە مێژووت دەفرۆشیو**
**لە دڵە تەڕ و بڕەکەی ئەو پیرێژنەش ببوورە**
**کە لە ناو منی سەد ساڵەی شێتۆکەدا**
**ئارەزووی چۆتە سەر کۆرپەو دایکایەتی.**

لەو ڕووەوە شاعیر ئەندێشەو سۆزو هەستو ئەزموونەکانی خۆی ، کە بە تەواویی تاکەکەسییە، لەقاڵبی شیعردا بەیان دەکاتو هەموو هەوڵیشی ئەوەیە ئەم ئەزموونە پڕاوپڕ تاکەکەسییانە بە پاراستنی چۆنێتیی تایبەتییانەوە بگوێزێتەوە بۆ خوێنەر، بۆیە وێکچواندن وەك یەك لە باشترین شێوازەکانی دەربڕینی ئەو توخمانەیە کە خۆی مەبەستیەتی. هەروەها لەبەر ئەوەی ڕەگەز یەکێکە لە گرنگترین حاڵەتەکانی شوناسی مرۆڤ و هەر تاکێك هەر لە سەرەتاوە دەست بە ناسینو دەرککردنی دەکاتو لە بونیادی زەینیدا جێگیر دەبێتو لەسەر بیروڕاو باوەڕی بەرهەستو هەستە قووڵە ناوەکییەکانی کاریگەریی دادەنێت، هەربۆیە نیشانەی ڕەگەزگەرایی لەو وێکچواندنانەدا دەبینین کە بە تایبەت شاعیرانی ژن بەکاریان هێناوە. وێکچواندنو وێنەسازییە شاعیرانەکان بەردەوام ڕەنگدانەوەی کارو چالاکیی تایبەتیو پلەو پێگەی کۆمەڵایەتییانە. هەروەك لەم نموونەی سەرەوەدا دەبینین دڵی شاعیر جارێك بە دایکێكو جارێك کچێکی منداڵو جارێك

کچێکی گەنجو لە کۆتاییدا بە پیرێژنێك چوێندراوە کە ئارەزووی دایکایەتی دەکات. لێرەدا دەبێ بڵێین وەك پێشتریش ئاماژەی پێکراوە جگە لە چالاکیی کۆمەڵایەتیو پرسو بابەتی کولتووریی زاڵ بە سەر کۆمەڵگادا کە کاریگەریی دیار لەسەر زمانی ئەدەبیی ژنانی شاعیر دادەنێتو دەبێتە هۆی جیاوازیی لە بەکارهێنانی وێکچواندنو خوازە لەنێوان ژنانو پیاوانی شاعیردا، ناوێکچوویی بایۆلۆژیکیو زیندەوەرزانیی نێوان ژنانو پیاوانیش یەکێکی ترە لەو فاکتەرانەی دەبێتە هۆی ئەوەی ژنانی شاعیر کەڵك لە جۆرێك لە بەراورد کردن وەربگرن کە هەڵگری ڕەهەندی ڕەگەزگەرایانەیە. بۆ نموونە ئەو حاڵەتانەی کە شاعیر بە ئیلهام وەرگرتن لە ئەندامی ژنانە، دووگیانی، منداڵبوونو سۆزی دایکایەتی لە شیعرەکانیدا بەکاریان دێنێت، بە تەواویی ژنانەیەو پیاوان لەم بارەوە هیچ ئەزموونێکیان نییە.

**چنگی پەریت بۆ زێدی دووگیانم نەهانی**
**لەو ساتەوە تا ئەم ساتە چیت پێ بوو؟!**

لێرەدا بەردەنگی شاعیر پیاوە کە چاوەڕێی لێ کراوە خێرێکی هەبێت بۆ نیشتمانێك کە بە ژنێکی دووگیان بەراورد کراوەو هیچی نەهانیوە...

لە کۆپلەیەکی شیعری "ئەگەر دەستی تۆم بەرکەوێت"دا دیسانەوە ئەو فەزا دەرهەستیەی لای ژنان بە ئاشناترو نزیکتر لە ژیانیان دادەنرێت، لە قاڵبی بەراوردکردندا دەبینین کە برژانگی خۆی بە گسکێك چوواندووە کە بۆ ڕامالێن یاخود کۆکردنەوەی گەڵای وەریوی حەوشەی ژیانی دڵدار لە شەوی یەلدادا بەکاردێت:

**ڕێم بدە، گەڵای وەریوی**
**حەوشەی ژیانت بە برژانگ کۆبکەمەوە**
**لە شەوی یەلدادا**
**بە دەستم یان بە گۆزەیەکی میهرەبانی وەك نیگام**
**ئاو بێنم بۆ ئینجانەکانی ماڵەکەت**
**کە مەلا بانگ دەدات.**
**خوازە**

ژێرخانی هەر خوازەیەك ڕستەیەکە وێکچواندنی تێدا کراوە، یان وەك دەگوترێ ڕستەیەکی بەراوردکارانەیە. خوازەو وێکچواندن وەك شوناسو چییەتی یەك شتن، بەڵام لە وێکچواندندا بانگەشەی وێکچوویی هەیەو لە خوازەدا بانگەشەی یەکسانیو یەکبوون.(١٤) وێکچواندن وێنەیەکی نزیکتر لە سروشتو ڕاستەوخۆتر لەخوازەیەو خوازە لە ڕاستیدا وێنەیەکە کە لە وێکچواندنەوە بەدیهاتووە. لە لایەکی دیکەشەوە چون لە خوازەدا لەگەڵ سڕینەوەی بنەمایەك لە بنەما سەرەکییەکانی وێکچواندن ڕووبەڕووین، خوازە شێوازێکی دەربڕینی دەرهەستترەو بەهۆی نائامادەیی ئەو مانایەی شاعیر مەبەستی بووە بیگەیەنێت، دەبێتە هۆی درووستبوونی چەشنێ تەمومژو شاراوەیی لە وێنەسازیدا. لە گەڕان بەدوای خوازەی بەکارهاتوو لە شیعرەکانی خاتوو کەژاڵدا گەلێك نیشانەی ڕەگەزگەرایانە بەدی دەکەین. لەم بەشەشدا هاوشێوەی وێکچواندن، خوازەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان پێوەندییان بە چالاکیی ژیانکردی ژنان یان جیاوازییەکانیان لەگەڵ پیاواندا هەیە.

شاعیر لەم شیعرەی خوارەوەدا دوو بەرە لە بەردمان پێ دەناسێنیت کە لە دوو ڕەگەزی جیا لەیەکدی پێکهاتوون. بەرەیەکیان وەك بەردی نێرو بەرەیەکیان وەك بەردی مێ:

**لە ڕاستیدا بەردی سەبرو بەردی ڕەجم و بەردی ئەلحەدو بەردەباز برادەرن**
**بەردی نیازو دەستاڕو یاپراخو حەمام**
**دەستەخوشکی یەکترین.**
**قەبارەی کارەسات**
**ژمارەی قوربانی**
**هەڵوەرینی برژانگی دایکایەتیمان**
**دەریای خوێن**
**بڵێی ئەمانە بەس نەبن بۆ ئەوەی بزانی**
**تۆ بە تەنیا هیچ ڕەوا نیت.**

لێرەدا شاعیر بە ناوهێنان لەو کەرستانەی لە ژیانی ڕۆژانەی ژناندا کاریان پێدەکرێو هەروەها باسی تەلاق، ئاماژە بە دابڕان لە منداڵیو وازهێنان لەو جیهانو فەزایە دەکات کە بۆی دیاریی کراوە:

**ئا ..بەردی "خۆڵ"**
**ماڵ و مەنجەڵەکانمان خاڵین**

**ئەمیان لە سۆز ئەویان لە نان**
**ئەز کە ئەقڵم بەمە شکا ئیدی کۆڵانم تەڵاق داو**
**بووم بە ژن.**

لەم پارچە شیعرەی "لە نیشتمانی تیرۆردا... جادەم لە پیاو خۆشتر دەوێت!"دا ئەو ساتەوەختەی بۆ هەڵوەرینی باڵەکانی فڕینی ژن دیاریی کردووە کە بە کۆڵانی ئەوینی پیاوێکی تاریكو خۆخوازو نەزاندا تێدەپەڕێت. واتا لێرەدا ئاشنابوونو عاشق بوون بە پیاوێك بەو تەوسیفانەوە کە بۆی کردووە، ڕێگە لە پێشکەوتنو گەشەو بەختەوەریی ژن دەگرێت:

**هەڵوەرینی باڵەکانی فڕینی ژن ئەو کاتەیە**
**کە بە کۆڵانی ئەوینی پیاوێکی تاریکی، نەرجسیی کوڕی جەهلدا ڕەتدەبێ...**

## ئەنجام

شاعیران لە ڕێگەی زمانی ئەدەبییەوە ئەندێشە، بیرو هزرو هەستەکانی خۆیان بە پاراستنی چۆنێتیی تایبەتیبانەوە بە بەردەنگ دەگەیەنن. بە هۆی بوونی جیاوازیی لە نیوان ئەندێشەو سۆزو هەستی ژنانو پیاوان، ئەم دوو گرووپە بە شێوەیەکی جیاوازو ناوێکچوو لە یەکدی شیعرەکانیان دەنووسنو کەڵك لە جوانکارییەکانی نووسین وەردەگرن. لە ڕاستیدا ئەزموونو هۆگرییە تاکەکەسییەکانی ژنان کە بەهۆی دەرهەستێتی بەدەستهاتوو لەڕێگەی کولتوورو کۆمەڵگاوە بیچمی گرتووە، دەبێتە ئامرازێك بۆ چەشنێ وێنەسازیی نوێو ڕەگەزگەرایانە. لەم ڕووەوە بەرهەمی شیعریی ژنان بە گشتیی جیاوازە لە پیاوان. تەنانەت ئەو وێکچواندنو بەراوردکاریو خوازانەی کە لە شیعرەکانیاندا خەڵقی دەکەن جیاوازە لەو ڕێگای پیاوان بۆ ئەم ڕەوتانە دەیگرنە بەر. لەبەر ئەوەی کە وتەزای ڕەگەزو گرنگیدان بە شوناسی ژنانە لە دەرهەستی شاعیرانی ژن بە گشتیو خاتوو کەژاڵ ئەحمەد بەتایبەتی، وەك شاعیرێك کە ئەم توێژینەوەی پێ تەرخان دراوە، جێگر بووەو سروشتییە کە کاریگەریی زۆریشیان لەسەر وێنەسازییەکان هەبێت. کەژاڵ خانم شاعیرێکە دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین شیعرەکانی بە ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەریی دەرهەستێتی ژنانەیدانو پێوەندییەکی قووڵو بەرچاو لە نێوان ئەو دیاردانەی دەیانکاتە هەوێنی شیعرەکانیو ئەزموونەکانی وەك ژن درووست دەکاتو لە ڕێگەی بەرهەمەکانیەوە بۆ دەربڕینی ناوەرۆکە دەرهەستیەکانی خۆی کەڵکیان لێ وەردەگرێت. بەدیهاتنی زمانی شیعریی ڕەگەزگەرا نیشانەی دەسەڵاتو

زاڵێتیی بیرو هزری شاعیره سەبارەت بەو زمانە تاوەکوو لەو ڕێگەوە بەردەنگەکانی بباتە نێو فەزای ئەزموونو بۆچوونە تاکەکەسییەکانی خۆیەوە. ئەمەش بابەتێکە کە لە شیعری کەژاڵدا زۆر بەرچاو دەکەوێتو هەوڵدراوە لەم توێژینەوەیەدا بە دەستەبەندی کردنێکی شیاوو بە ڕیزو ڕەوتێکی گونجاوەوە دیاریی بکرێت.

**سەرچاوەکان:**


١- ابوت، پاملا و کلر والس (١٣٨٧) جامعەشناسی زنان. ترجمە منیژه نجم عراقی، تهران: نی.

٢- دانون، جوزفین. نظري فمینیستی. ترجمە فرزانە راجی، تهران چشمە: ١٣٩٧

٣- پاینده، حسین (١٣٧٦) "نقد فمینیستی بر رۆیای یكساعته" مجلە ادبیات داستانی. شامره ٤٤.

٤- برامز، ام. اچ (١٣٨٥) "نقد ادبی فمینیستی". ترجمە سمانە (صبا)واصفی. چیستا. شامره ٣٢

٥- تانگ، رزمری (١٣٨٧) درێمدی جامع بر نظريهاي فمینیستی. ترجمە منیذة نجم عراقی. تهران :نی.

٦- ژان کالوه، لویی. درآمدي بر جامعەشانسی زبان. ترجمە معحمد جعفر پوینده. تهران: نقش جهان.

٧- مدرسی، یحیی. درآمدي بر جامعەشانسی زبان. تهران، مؤسسةي مطالعاتو تحقیقات فرهنگی.

٨- محمودبختیاری، بهروز و دیگران (١٣٩٠) "بازتاب اندیشە مردسالارانە در زبان فارسی: پژوهشی در جامعەشناسی زبان". فرهنگ و هنر.

٩- پاك نهاد جبروتی، مریم. (١٣٨١) فرادستی و فرودستی در زبان. تهران: گام نو.

١٠- فیاض، ابراهیم و زهره، رهبری (١٣٨٥) "صدای زنانە در ادبیات معاصر ایران". پژوهش زنان. دوره ٤.

١١- Chodorow, Nancy (1978), The Reproduction Of Mothering. Berkeley: University Of California Press

١٢- پورنامداریان، تقی. (١٣٨١) سفر در مە (تأملی در شعر احمد شاملو) تهران: نگاه.

١٣- شمیسا، سیروس. (١٣٧٥) بیان و معانی. تهران: فردوس.

## شنەی شێدار

عەبدولڕەحمان فەرهادی



**کە منداڵ بووم،**
**شەو لە سەربان**
**لە تەك دایکم بە ئاسمانەوە**
**مانگی داسولکەییم دەدی**
**دەگریام و دەمگوت:**
**زووکە دەی، من مانگە خڕەکەم دەوێ**
**دایکم بەوە کڕی دەکردمەوە:**
**کوڕم قیچێکی دی،**
**مانگ لەو منارەیەی مزگەوتێ**

ئاودیو دەبێ و خڕ دەردەکەوێ.
تا مانگ لەوێ ئاودیو دەبوو
من دەکەوتمە حەوت خەوێ.
ئێستایش،
پێروو و تەرازوو، دێن و دەچن
کاکێشانیش تژی دەبێ لە ئەستێرە
دەڕۆن و دێنەوە
هەموو شەو و هەیڤە شەوێ
مانگی داسولکەیی و خڕیش دەبینم،
کەچی چاوانم قەت ناچنە خەوێ.

***

هەر هەموویان درۆزن بوون
بەدەم نزا و پاڕانەوە
دەم پڕ لە وێرد و سەڵاوات
تا شاد بن بە (حدائق وأعنابا)
دڵ و ناخیان پڕ لە ئاوات
بە تەهلیلە و نووزانەوە
لە پەرستگە گەڕانەوە،
لەولاشەوە
لە کونی ژووریماڵەوە
دایکم ورد ورد
فرمێسکی لە چاوان دەڕشت،
بە تەنیا هەر ئەو ڕاستگۆ بوو
ئەوانیتر
دەست و دوعایان فیشاڵ و

دووڕوویی و پیسی و درۆ بوو.

***

ئەستێرەیەکی چاو کزی
ستەمدیدەی دەست خۆرەتاو
ئێوارەیێ، لە زەندۆڵێ
چەند تاڵە تیشکێکی سووری
لە شابسکی زەردەپەڕ سەند،
ئەوکی زەردەپەڕ پڕ بوو لە
نووزەو نووتەك و شەوی تار،
هەر هەمان شەو
ئەستێرە، خڕ تیشکەکانی
کردە سنجاقێکی سوور و
دای لە سینگ و بەرۆکی یار.

***

دوو ئەستێرەی دڵداری یەك
لە ئاسمانی شین یاخی بوون
لە ڕایەخی نێو زەمەندێ
وێڵ و تەریو
لە کازیوەیەکی ساردی هەتاو نەدیو
دەمیان خستە نێو دەمی یەك،
کە خۆر بە گزنگی وردی
سەرەتاتکێی لەگەڵ کردن،
لە ئەستێرەکانی دراوسێ کەشف بوون.
فەرمان دەرچوو

هەردوو تاوانبار بدرێن بە
دادگای ئاسمان.
بەر لەوەی کەلەپچەیان لە
مەچەك توندکەن
هەردووکیان لە بەینی خۆیان
بڕیاریان دا
خۆیان بکەن بە دوو شوهب،
لەگەڵ یەکەم پەلکێشانیان
هەر بە ئاسمانەوە سووتان.

***

تاشە بەردێکی بنار کێوێکم
ئەوەی دێ، پشتی خۆیم پێ دەکا
هەر لە پاڵ دەفی سینەی سووتماکم
هەناسەی ئۆخەی
پشووی ماندوویی
وزەی خۆرێکی گەرم و ڕووناکم.
پلووکە بەردی تەختی دامە نیم
هەرکەسێ ویستی
چۆنم هەڵگرێ و
لە کوێم دابنێ، کرێم.. دامێنم.
شەوەزەنگ دەزرێم
ژان و مەینەتی، دێم دەخەمە ژێر
هەوری دامێنم.

# لەنگستن هیوز (١٩٠٢- ١٩٦٧)
# دەنگێکی ڕەشی کۆمەڵگەیەکی سپی





ئا: و. لە ئینگلیزییەوە:

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

جەیمس مێرسەر لەنگستن هیوزی ڕۆماننووس‌و شانۆنامەنووس‌و چیرۆکنووس‌و وتارنووسی ڕەشپێستی ئەمریکی لە یەکی شوباتی ١٩٠٢ لە جۆبلن میزوری لەئەمریکا لەدایك بووە. هیوز بە منداڵی بەختەوەر نەبووەو لە خێزانێکی لەبەریەك هەڵوەشاوەو بەتایبەتی لەژێر چاودێری نەنکی ژیاوە. هیوز هەر لەقۆناغی ئامادەییەوە حەزی لە

شیعر بووەو لەژێر کاریگەری شاعیرانی ئەمریکی پاوڵ لۆرەنس دونبارو کارڵ ساندبێرگ بووە. ساڵی ١٩٢٣ بۆ ماوەی شەش مانگ هیوز گەشتێك بۆ خۆرئاوای ئەفریقاو ئەوروپا ئەکات. لە بیستەکانی سەدەی بیستەم لانگستۆن لە بەریتانیا لەگەڵ ڕەوەندی ڕەشپێستە ئاوارەکان تێکەڵ دەبێت. لە ساڵی ١٩٢٤ ئەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا بۆ ئەوەی لەگەڵ دایکی بژێت. لەواشنتۆن گەلێ کاری جیاجیا ئەکات. ساڵی ١٩٢٥ وەك بەردەست لەلای مێژوونووس کارتەر ودسۆن دائەمەزرێ. ساڵی دواتریش واتە ١٩٢٦ ئەچێتە زانکۆی لنکۆڵنو لە ساڵی ١٩٢٩ زانکۆ تەواو دەکاتو ئینجا ئەچێت بۆ نیویۆرك. پاشان گەشتی یەکێتی سۆڤییەت ئەکات بەمەبەستی دروستکردنی فلیمێك لەسەر ژیانو گوزەرانی ڕەشپێستەکانی ئەفریقا لە ئەمریکا. لە وڵاتی یەکێتی سۆڤییەت چاوی بە ڕۆبەرت ڕۆبنسۆن دەکەوێت کە نیشتەجێی ئەو وڵاتەیەو ناتوانێت بەجێیبێڵێ. لە تورکمانستانیش چاوی بە ڕۆماننووسی هەنگاری ئارسەر کۆستلەر دەکەوێت. هیوز لەئەنجامی بارودۆخی ژیانی ڕەشپێستەکانو چەوسانەوەیان لەلایەن سپیپێستەکانەوە نزیکایەتی لەگەڵ بیروباوەڕی کۆمۆنیزم پەیدا ئەکاتو دوای گەڕانەوەی لەو گەشتە لە ڕۆژنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا شیعرەکانی بڵاو دەکاتەوە. ساڵی ١٩٢١ وەختێ هیوز تەنها تەمەنی ١٩ساڵ بوو یەکەمین شیعری لە گۆڤاری (The Crises زی کرایسز) بڵاو کردەوەو ناوبانگی پێدەرکرد، دواتریش لە ساڵی ١٩٢٦ لە یەکەمین کۆشیعری خۆیدا بڵاوی دەکاتەوە. لەنگستن شانزە کۆمەڵە شیعرو یانزە ڕۆمانو کۆمەڵەچیرۆكو شەش کتێبی غەیرە ئەدەبیو دوانزە شانۆگەریو حەوت کتێبی بۆ منداڵان نووسیوەو نۆ جاریش خەڵاتکراوەو ڕێزی لێنراوە. تا دواجار لە ٢٢ ی ئایاری ١٩٦٧ لەنگستن لە تەمەنی ٦٥ ساڵی بە نەخۆشی شێرپەنجەی پرۆستات کۆچی دوایی دەکاتو تەرمەکەی دەسوتێنرێو خۆڵەمێشەکەشی دەخرێتە ژێر بناغەی باڵەخانەی"مەڵبەندی ئارسەر شۆمبێرگ بۆ گەڕان لەناو کلتووری ڕەشپێستەکان". کتێبخانەی یادەوەری لەنگستن هیوز لە زانکۆی لینکۆڵنو هەروەها لەبەشی جەیمس وێڵدن جۆنسن لە زانکۆی یەڵ ئەرشیفی کارەکانی لەنگستن هیوزی لەئامێز گرتووە.

## ڕەش پێست

من ڕەشپێستم
ڕەشم هەروەك تاریكەشەو
ڕەشم هەروەكو قوولآیی ئەفریقاكەم
ئێستاش كۆیلەم
قەیسەر پێی وتم بەردەرگاكەی پاك ڕابگرم
من جزمەكانی واشنگتۆنم بۆیاغ كرد
هەتا ئێستاش كرێكارم
هەرەمەكان لەژێر دەستەكانما ڕووان
چتمەنتۆشم بۆ باڵەخانەی ولۆرس دەگرتەوە.
تاكو ئێستاش گۆرانیبێژم
لەوسەری ئەفریقاوە هەتا جۆرجیا
گۆرانییە غەمبارەكانم بەشاندا داو
مۆسیقای زینجی ئەمریكیم لێ دەرهێنا.
من تاكو ئێستاش قوربانیم
بەلجیكییەكان لە كۆنگۆ دەستەكانیان بریم
تا هەنووكەش لە میسیسیپی هەڵ ئەواسرێم،
من ڕەشپێستم
ڕەشم هەروەك تاریكەشەو
ڕەشم هەروەكو قوولآیی ئەفریقاكەم

## گەلەكەم

شەو جوانە
ڕوخساری گەلەكەشم ئەوەندە جوان
ئەستێرەكانیش جوانن
چاوەكانی گەلەكەشم ئەوەندە جوان

جوانیش بۆخۆی خۆرەتاوە
جوانی ڕوحی گەلەکەمە



## دیموکراسی

دیموکراسی نە ئەمڕۆ دێ
ئە ئەمساڵ و نەهەرگیز
لەمیانی سازش و ترس.
منیش وەکو خەڵکانی تر
مافم هەیە لەسەر پێکانم بوەستمو
زەویم هەبێ.

ماندوو بووم لە گوێگرتنی خەڵك
با شتەکان ڕێی خۆیان بگرن
سبەینێ ڕۆژێکی نوێیە
وەختێ مردووم، پێویستیم بە ئازادی نییە
ناتوانم لەسەر نانی سبەینێ بژیم.
ئازادی تۆیەکی بەهێزە
لەپێویستییەکی مەزنەوە چێنراوە

منیش لێرە ئەژیم
وەکو تۆ ئازادیم ئەوێ.

## کچێکی هێمن

ئەمەویٚ بە شەوێکی بیٚ ئەستێرەت بچوێنم
گەر بۆ چاوانت نەبووایە
ئەمەویٚ بە خەوێکی بیٚ خەونت بچوێنم
گەر بۆ گۆرانییەکانت نەبووایە.

## گۆرانییەکان

دانیشتم و گۆرانییەکانی ئەو کیژەم
لە تاریکاییدا چڕی
گوتی لە وشەکانی هیچ حاڵی نابم
گوتم ئاخر گۆرانییەکە بیٚ وشەیە.

## ئاشتی

بە تەنیشت گۆڕەکانیاندا تێپەڕین
پیاوە مردووەکان لەوێدا بوون
گرنگ نییە کیٚ دۆڕاو و براوەیە
لە تاریکی
نەیاندەتوانی ببینن
کیٚ سەرکەوتنی بۆ خۆی چنیوەتەوە.

## بێداربوون

بەشیوەنکەرانم ئەڵێم
شین بگێڕن شینێکی سوور
لەوڵاتێکدا بکوژرێی
شتێك نییە مانای هەبێ.

## من بەردەوام خەون ئەبینم

خەونەکانم ئەبەم تا گوڵدانێکی برۆنزیان لێ دروست ئەکەم
لە چواردەوری فوارەیەکداو پەیکەرێکی جوانیشی لە ناوەڕاستدا بێ
بەخەونێکی دڵشکاوەوە لێت ئەپرسم
لەخەونەکانم تێئەگەی؟
هەندێجار ئەڵێی تێئەگەم و
هەندێجاریتریش ئەڵێی نا
گرنگ نییە چۆن وەڵامم ئەدەیتەوە
من بەردەوام خەون ئەبینم

## بێدەنگی

وێنەی بێدەنگیت ئەگرم
پێش ئەوەی بدوێی
پێویستیم بەگوێلێبوونی هیچ پەیڤێك نییە
لەبێدەنگیت
هەر دەنگێك کە بۆی دەگەڕێم
گوێم لێدەبێ.

## گۆرانی خۆشەویستی بۆ لوسیندە

خۆشەویستی هەڵووژەیەکی گەییوە
لەسەر دارێکی ئەرخەوانی ئەڕوێ
یەکجار لە ماوەی ئەفسوونیدا تامی بکەی
بۆ هەمیشە هی تۆ ئەبێ.
خۆشەویستی ئەستێرەیەکە گەش
دوور لەئاسمانەکانی خوارووە ئەگەشێتەوە
جوان لێی ورد بیەوە ئەبینی کە ئەسوتێت و
چاوەکانت دێنێتە ئێش. خۆشەویستی شاخێکە بەرز
سەرکەش لەنێو بای ئاسمانا
گەر بێ و هەناسەبڕاو نەبی
زۆر بەرز بۆی هەڵمەگەڕێ.

## دوژمن

گەلێ جوانە لەهەر دۆخێك
ڕۆژێ ڕووبەڕوو پێت بگەم
بەڕێی دۆزەخ بچینەخوار و
پڕ لەشانازی بێمەوە.

## خوداکان

خودا سەدەفییەکان
خودا دار حەیزەرانەکان
خوداکانی ئەڵماس و بەردی سەوز
کە لەسەر ڕەفی پەرستگاکان بەبێدەنگی دانیشتوون
وەختێ خەڵك ئەترسێ

بەڵام خودا سەدەفییەکان
خوداکانی دار حەیزەران
خوداکانی بەردی سەوز و ئەڵماس
خودای بێتامی دەسکەلان
کە خەڵك خۆی دروستی کردوون.

*....... *

خێرا باوەش بەخەونەکاندا بکە
گەر بێتو خەون بمرێ
ژیان وەکو باڵندەیەکی باڵشکاوی لێدێ
کە ناتوانێ بفرێ.

## هەروەها منیش

منیش گۆرانی ئەمریکا ئەبێژم
من برایەکی پێست قەترانیم
پێیان وتم لە مووبەقەکە نان بخۆم
وەختێ کۆمپانیا دێت
بەڵام من پێکەنیم
نانم باش خواردو بەهێزتر ڕسکام
سبەینێ کاتێ کۆمپانیا دێت
لەسەر مێزەکە نان ئەخۆم‌و
کەس ناوێرێ پێمبڵێ
نان لە مووبەقەکە بخۆ
بێ لەمانەش
ئەبینن کەچەند جوانم‌و

**چەندیش خەجاڵەت ئەکێشن**
**منیش بۆ خۆم ئەمەریکام.**

سەرچاوەکان :


- 1-Literature An introduction to reading and writing
  Fourth Edition
  Edgar V. Roberts and Henry E. Jacobs
  Printed in the USA page 956
- 2-http://www.poemhunter.com/poem/my-people/
- 3-http://en.wikipedia.org/wiki/Langston_Hughes
- 4-Reach out for your dreams

A collection of poems
Edited by Susan Polis Schutz
Third Print U.S.A. 1982


تێبینی : ئەم بابەتەم لە چەندین سەرچاوەی جیاجیاوە ئامادەکردووەو خۆم ناوو نیشانەکەی سەرەوەم بۆ داناوە.

# دیدار لەگەڵ پابلۆ نیرۆدا



سازدانی: ئێریك بۆكستڵ
و: لە فەرەنسییەوە بۆ ئینگلیزیی: پاتریك فرانك
لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

تێبینی : بەشێکی ئەم چاوپێکەوتنە بۆ یەکەمجار لە پڕۆگرامێکی یەك سەعاتیی ڕادیۆیی بەناوی (نیرۆدا شاعیری هەردوو کیشوەری ئەمریکا) بڵاو کرایەوەو ڕادیۆی کەنەدا لەساڵی ١٩٧١دا پەخشی کرد. چاوپێکەوتنەکە بە زمانی فەرەنسیی ئەنجام دراوە، ئەو زمانەی کە پابلۆ نیرۆدا باش دەسەڵاتی بەسەردا دەشکاو لە دەیەی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لە زانکۆی سانتیاگۆ خوێندبووی. لێرەدا بۆ یەکەمجار تەواوی چاوپێکەوتنەکە بڵاو دەکەینەوە.

**ئێریك بۆكستل: ئەوانەی شیعری تۆیان خوێندبێتەوە، لە یەکەم نیگادا سەرنجیان بەلای جیهانبینی کرێکارانەی شیعرەکانتدا ڕۆیشتووەو هەندێکیش پێیان وایە تۆ شاعیرێکی سیاسیت.**

**پابلۆ نیرۆدا:** من بەپێداگرییەوە پێت دەڵێم کە شاعیری سیاسیی نیم. من ڕێگە بەو پۆلینکردنە نادەم کە جەخت لەسەر ناسینی من وەك نوێنەرایەتی ئایدیۆلۆژیای پاگیریی شیعریی دەکات. ئومێدی من وەك نووسەرێك ئەگەر ئومێدێك هەبێ، ئەوەیە دەمەوێ دەربارەی هەموو ئەو شتانە بنووسم کە دەتوانم بیان بینمو دەستیان لێبدەمو بیانناسمو خۆشم بوێن یان ڕقم لێیان بێتەوە. بەڵام ئاڕاستەکردنی پەنجەی ئاماژە بۆ "جیهانی کرێکارانە"ی من، وام لێدەکەی بە ڕێگەیەکی نائاگاییو پەیگیرانە ببمە وتەبێژی نیگەرانییەکانی کۆمەڵانی کرێکاران یان یەکێتییە کرێکارییەکان، ئەمەش ئەسڵی مەبەستەکە نییە. من تەنها لە بەشێکی شیعرەکانم زایەڵەی نیگەرانییەکانی جیهانی هاوچەرخمو نیگەرانییەکانی جیهانی ئەمریکای لاتینم. بەڵام ئەوە ڕەت دەکەمەوە کە لە ژێر تایتڵی شاعیری سیاسیی پۆلینبەند بکرێم.

ئەو شاعیرانەی کە هەرگیز بۆیان نەکراوە لەگەڵ هەستی خەڵکەکانیاندا لە پەیوەندیدا بن، یانیش ئەوانەی کە هەردەم بێدەربەستو کەمتەرخەم بوونو شیعریان بۆ هاندانو ئامۆژگاری لە ڕێی گوشینی واقیعەوە نووسیوە، زیاتر شاعیری سیاسی سەردەمی ئێمەن. چونکە بەهۆی دوورەدەستی شیعرەکانیانەوە لە بزووتنەوەی مەدەنیانەی گشتیو گەشەی جیهان، هاتوون بەشدارییان لە ڕاگرتنی ئەو گەشەکردنە کردووە. ئەمەش بەو مانایەیە ئەو کەسانە- ئەو شاعیرانەی کە ئەم جۆرە لە شیعری سیاسیی دەنووسن- زیاتر شاعیر و نووسەری کۆنەپەرستن.

بەلای منەوە نووسین دەربارەی کرێکاران، نووسین دەربارەی کۆڕو کۆمەڵەکانیان (ئاپۆرەی خەڵك) بەرئەنجامی هەستەکانمە. ئەمەش هەر ڕەشکردنەوە نییەو هیچ پەیوەندیشی بەو ئایدیلۆژیایەوە نییە کە شیعرەکانم ئاڕاستە دەکات. من چۆن شارەزایم لەبارەی ئۆقیانووسو گوڵو ژیان هەیە، ئەوەهاش ئاگام لە سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەمریکای لاتینو جیهان هەیە. ئەوە سروشتییە ئەو دیمەنەی زۆرتر جوڵاوتر یان گەشەسەندووترو گەورەترە — کە سەرجەم مرۆڤایەتی پێوەی دەرگیرە- بەردەوام چاودێری

بەشێك لە شیعرەكانم بكات. بەڵام بە گشتی ئەگەر بەشی سیاسی لە شیعرەكانم (كارەكانم) دەربكەی، ئەو بەشەی كە كەسێك پێی دەڵێ سیاسیی یان كۆمەڵایەتی ناگاتە یەك لەسەر چوار یان لەسەر پێنجی كارەكانم. بۆیە هەمیشە ئەوە ڕەت دەكەمەوە كە پۆلینبەند بكرێم. ئەو پۆلینبەندییەی دەیەوێ پۆلینبەندێكی ناحەزانەو سەرپێیانەم بداتێ. من شاعیری مانگم. من شاعیری گوڵم، من شاعیری خۆشەویستیم. ئەمەش بەو مانایەیە كە من تێگەیشتن‌و تێڕوانینی كۆنم لە شیعردا هەیە، ئەمەش بەرپەرچدانەوەی ئەوەی نووسیومەو ئەوەی دەینووسم نییە. بەرپەرچدانەوەی ئەو شیعرانەی لێبڕاوانە بۆ گەشەی كۆمەڵگەو هەروەها بۆ پەرەسەندنی دەسەڵات و ئاشتی نووسیومن نییە.

**ئێریك بۆكستڵ : تۆ ئێستا ئەمەت وت كە شاعیری ئەستێرەو گوڵ‌و خۆشەویستیت. دەشێ كەسێك ئەمەی بۆ زیاد بكات شاعیری بەردو دارو ڕووبارو چیای ئەم كیشوەرە تازەیەی. زۆرجار بیر لە یەكەم گەڕیدەی ئەوروپی دەكەمەوە كە هەوڵیداوە ئەم جیهانە وەسف بكات. هێرناندۆ كۆرتێز[1] كە لە وڵاتی مەكسیكەوە نامە بۆ چارڵسی پێنجەم دەنووسێ، بە زەحمەت دەتوانێ وەسفی ئەوە بكات، كە دەیبینێ، لەبەر ئەوەی وشەی پێویستی نەدەزانی بۆ ئەو وەسفانە. ئەو گرفتەی كە بە جیهانی نوێ ناوزەد كراوە، چەند گرنگە؟**

**ئپابلۆ نیرۆدا:** لێمگەڕێ با بڵێم كە ئەوە كێشە نەبوو. ئەوە كاری ئێمە بوو. كاری شاعیری ئەمریكای لاتین بوو كە ناو لە سەرجەم خولقاوەكانی جیهان بنێ. لەو كاتەوەی كە ناو، وشە، یەكەم شت بوو كە بوونی هەبووبێ بێ زانیاری یان ناونانی شتە بنچینەییەكان. بۆیە ئێمە لەدۆخی ڕێكخستنی شاردنەوەو بەنهێنی كردنی مەتریاڵەكانین. ئەم زانیارییەش بۆ كیشوەرەكەی ئێمە بە تایبەتی لەم ساڵانەی دوایی، ئەو سەردەمەی كە دەستم بە نووسین كرد دوای دەیەی بیستەكان كە خوێندكارێكی زانكۆو شاعیرێكی لاو بووم، خۆی نواندو هاتە بەرباس. بێ هاوتاترین كلتووری سەرنجڕاكێش، كلتووری ئەوروپی‌و بە تایبەتی كلتووری فەرەنسیی بوو. هەرچەندە ئێمە نووسەرمان هەن، نووسەرگەلێكی بەهرەدار كە تەنها بە زمانی فەرەنسی نووسیویانە. نووسەرە ئیكوادۆرییەكان، ئەوانەی بەچاوێكی سووكەوە لە كیشوەرەكەی خۆیان دەڕوانی، نەیان دەزانی كە تەنها ئاراستەی خۆیان ناگۆڕن، بەڵكو زمانیشیان دەگۆڕن. جا وەك

دژەکردارێکیش بۆ ئەم هەڵوێستە جوانیناسییە کە هەڵوێستێکی چینایەتیش بوو، ئۆلیگاریشە گەورەکانی ئەمریکای لاتین وا خۆیان دەنواند کە نوێنەری کلتوورێکی بەرزنو دەیانویست بە کۆمەڵگەی پێشکەوتووی ئەورووپیو خەڵکەکەیەوە پەیوەست بن. لەو سەردەمەدا جۆرێکی تایبەتی هونەر لە پێناو هونەر لە ئەمریکای لاتین برەوی هەبووە (باڵا دەست بووە). ئەمە نە داهێنانی منەو نە هی ئەوانەشە کە لەو سەردەمەدا دەستیان بە نووسین کردووە، تا پاڵنەری بایەخی ئێمە بۆ وڵاتەکانمانو خەڵکەکانمان بن. ئێمە ئەم بیردۆزەیەمان دانەهێناوە. ئەم بیردۆزەیە هەر لە سەرەتاوە هەبووەو هەر لەگەڵ یەکەم شاعیرەوە هەبووە کە لە داگیرکەران یان گەڕیدەکان هاتۆتە دەرێ. ئێمە نموونەی ئەرسیلای[٢] شاعیرمان هەیە، بناغەدانەری شیعرە لە وڵاتەکەم کە ئیسپانییە. نوێنەری چارڵسی پێنجەم[٣] کە لەگەڵ یەکەم شەپۆلی داگیرکەران هاتو دراماترینو سەرنجڕاکێشترین شتی لەسەر شیللی و هیندییە سوورەکان نووسیوە کە بۆ ماوەی ٣٠٠ ساڵ بەرگرییان لە ئازادی خۆیان کردووە. ئەوە ئەرسیلا بوو کە لەڕاستیدا هەڵگری ڤایرۆسی سووربوونی ئێمە بوو. بەڵام لە سەدەی نۆزدە ئۆلیگاریشی دەوڵەمەندمان هەبوون کە کیشوەرەکەمانیان لەلایەن سەرمایەدارییەوە دەچەوساندەوە. ئەمەش ڕێی بۆ چینێکی ئەرستۆقراتی خۆشکرد تا لە چەوسانەوەی بەربڵاوی خەڵك بێتە دەرێو ئەمەش بووە هۆی جێکەوتەبوونی شێوازی ژیانێکی ئەورووپی. جا بەهۆی ملکەچبوونی ئەم کاریگەرییەو سەرسەختییەکەی کە تا ئەمڕۆش هۆشیاریانە یان ناهۆشیارانە گەلێ لە شاعیرەکان ویستویانە بن بە ناوداری جیهانییو لە ڕێگەی ڕۆشنبیری ئەورووپییەوە خۆیان بە ڕۆشنبیری یونیڤێرساڵی (جیهانیی) لێکهەڵپێکن. بەڵام ئێمە کەوتینە شوێن پێی هەڵگرتنی باو باپیرانمان. ئێمە دەبێ تێڕوانینمان بۆ ژیان سەبارەت بە دەستەنگیو ئازاری خەڵکەکانمان لەسەر ڕووپەرێکی جوگرافیاو سەرزەمینێکی فراوانو ڕووداوگەلێکی مێژوویی گەورەو دیاردەگەلێکی سروشتی مەزن لە ئەمریکای لاتیندا وەلا بنێین. ئەمەش شتێکی نوێ نییە. بەڵام بەو پێیەی سەر بە نەوەیەکی نوێینو ململانێی چینایەتیش تا دێ زیاترو زیاتر دەبێتە جێی بایەخ، ڕووبەڕووی خەباتی کەسی (شەخسی)و گۆشەگیریی کرێکاران بووینەتەوە. بەم کارەشمان ئەو پەیوەندییەمان بڕی کە ئێمەی بە ئۆلیگاریش دەبەستایەوە. بەدڵنیاییشەوە لەگەڵ ئەم شێوازە ئەورووپییەی کە بە ئاشکرا نەمردووە بیپارێزین چونکە لەوانەیە مرۆڤ باشو خراپی دۆخەکە لەناو یەك سەبەتەدا دانێت. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئێمە کەلەپوورێکی مەزنی ڕۆشنبیری

هەستپێکردنێکی لەناکاوی خۆم بە خۆم وەك نووسەرێك، دەستی پێکردووە. کانتۆ ژەنەراڵ لە واقیعدا تەماحی ئەوەی هەبوو لە هەموو شتێکدا خۆی فراوان بکاتەوەو لە هەموو دیاردەکانی کیشوەری ئەمریکا ورد بێتەوە. تەنانەت لە هەندێ بەشی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە باکووری ئەمریکا. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەوە گەشەی کەسێتیو شاعیری ئەمریکای لاتینە کە کیشوەرەکەی خۆی دەناسێو دەیەوێت بچێتە نێو ئەو شوێنانەی کە هێشتا پێی ئاشنا نییە. ئەوە ئەو شیعرەیە کە کۆتایی نەهاتووەو دەکرێ لەلایەن سەرجەم شاعیرانی ترەوە درێژەی پێ بدرێ. ئەمەش کارێکی داخراو نییە، بەڵکو کارێکی کراوەیە بە جۆرێك کە هەموو ڕەوتو داهێنانە تازەکانو هەموو کێشە نوێیەکانی ئەم کیشوەرە تازەیەی تیا ڕەنگ دەداتەوە.

**ئێریك بۆکستڵ: تۆ ئەم بەرەو مەعریفە کیشوەرییە چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

**پابلۆ نیرۆدا:** لەڕووی مێژووییەوە ئەم بەرەو مەعریفە کیشوەرییە لەگەڵ بایەخی گەشەی ئۆلیگاریشەکانو چینەکان بۆ بۆرژوازی گەورە لە ئەمریکای لاتین لە سەردەمی ڕۆبن داریۆ[٥] ڕێك دێتەوە. ئەوکات هەستێك هەبوو بەوەی مرۆڤ دەتوانێت ناوی شۆڕشی پێچەوانە لەو گۆمەڵگەیانە بنێت. گەر بمانەوێت وشەیەکی تر بەکار بێنین، ئەو وشەیەش (ئەنتی بۆلیڤیاری)یە. بۆلیڤار[٦] لەڕوانگەی سەرتاپای کیشوەرەوە بیری دەکردەوە. ئازادیخوازانی وەك سان مارتن[٧]و سوکری[٨]و ئۆهیگینز[٩] هەمیشە بیریان لە ئەمەریکای لاتین دەکردەوە وەك تاکە کیشوەرێکی مەزن، تەقریبەن وەك یەك وڵات چاویان لێدەکرد. بۆیە بزووتنەوە سەربەخۆخوازەکان تێکەڵی یەکتر دەبوون. بۆلیڤار لە ڤەنزوێلا لە دایك ببوو، کەچی خۆی لە پیرۆ دەبینییەوە. سان مارتن ئەرجەنتینی بوو تا ئەوسەری ئیکوادۆر نەوەستا. ئۆهینگز کە خەڵکی شیلی بوو ماشێنی ڕزگاریخوازی پیرۆیی سیماو شێوە پێدا. لەهەمان کاتیشدا هەستی ناسیونالیستیش زۆر بەهێز بوو بەڵام ئەو هەستانە قەڵبەزەیان دەکردە نێو نیشتمانپەروەرییەوە. بەڵام بۆرژوازی، بۆرژوازی گەورەی دروستبووی دوای سەربەخۆیی کیشوەری ئەمریکای لاتین، بە چالاکی دیاریکراوی خۆی، ڕۆڵی بەرچاوی خۆی لە گۆشەگیر کردنی وڵاتانی ئەمریکای لاتین بینی. ئەمەش پرۆسەیەکی زۆر درێژەو بەشێوەیەکی ڕوون بەستراوەتەوە بە دەرەبەگایەتیو لەوێشەوە دووبارە بەستراوەتەوە بە ئیمپریالیزم. ئینجا ئەمریکای لاتین

**ئێریك بۆکستلێ: جەنگی ئەهلی ئیسپانیا پێدەچێت پێکدادانێکی هاوشێوەی لەمجۆرە بێت.**

**پابلۆ نیرۆدا:** لەڕاستیدا جەنگی ئەهلی ئیسپانیا تێڕوانینێکی تازەی بە ئەدەب بەخشیو بەشێوەیەکی بەربڵاویش لە بەرهەمەکانی نووسەرانی ئەمریکای لاتین ڕەنگی دایەوە. ئەوە زۆر ڕوونە کە هیچ دیاردەیەك وەك جەنگی ئەهلی ئیسپانیا بۆ نووسەرانو خەڵکی ئەمریکای لاتین لە مێژووی هاوچەرخدا پڕ بایەخ نەبووە. ئەو جەنگی ئەهلییەش تێگەیشتنێکی فرەلایەنو فرە دەستەجەمعی سەبارەت بە کێشەکانمانو بۆچوونەکانمان فێرکردین. ئەمەش ساتی لێك نزیکبوونەوەی نووسەرانی ئەمریکای لاتینی وەبار هێنا. ئەوە ڕاستە کە ئێمە لەوێ بووین. ڤالیجۆ[11] و پاز[12] و من، ئەمەش ڕێگری لە جیاوازی بیروبۆچوونمانو بەرهەمی هەر یەکەمان نەدەکرد. بەهەرحاڵ پێموایە تۆ مافی خۆتە ئاماژەی پێبدەیو چونکە کاتێ ئەڵێم جەنگی ئەهلی لە ئیسپانیا بۆ یەکەمجار یەکدەستی نووسەرانی ئەمریکای لاتینی ڕوو بە دیاردەیەکی مێژوویی نواند، بەو مانایەیە کە کاریگەرییەکەی بە شێوەیەکی سروشتی لە گەشەو بەرەوپێشچوون لە کیشوەری ئەمریکای لاتین بەردەوام دەبێت.

**ئێریك بۆکستلێ : کەسانێك هەن دەربارەی ئەو جۆرە شیعرە دەدوێن و بە ماتریاڵیستو تەنانەت بە ماتریاڵیزمی مێژووییشی هاوتای دەکەن.**

**پابلۆ نیرۆدا:** پێموانییە شیعر لە ماتریاڵیزمی مێژووییەوە بهێنرێتە کایەوە. ئەمە بەو مانایەیە کە ماتریاڵیزمی مێژوویی توانایەکی زانسییو فەلسەفییەو سەرجەم دیاردەکان دەگرێتەوە. ئەگەر کەسێك ماتریاڵیزمی مێژوویی لە شیعرەکانمدا بدۆزێتەوە ئەوا ئەمە شتێکە لە دەرەوەی خۆم. من لە کارەکانی خۆمدا نە بە شوێن ماتریالیزمو نە ماددیی بوونمو نە بەدوای ڕوحانییەتی مێژووییەوەم. من تەنها ئەنووسمو بەس. تەنها شتێك کە پێویستیم بە نووسینیەتی ئیرادەی نووسینو کاغەزو قەڵەمی ڕەساسە. هەموو ئەو تێڕوانینانەی خەڵك دەربارەی شیعری من هەیانە، بۆ من شتگەلی دەرەکین. ئەگەر کەسێك پەیوەندییەکی فەلسەفی بدۆزێتەوە ئەوە بەرپرسیارێتی (کێشەی) من نییە. من دەرگا بەکراوەیی بەڕووی هەموو ئەمانە دەکەمەوە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەتوانم

بڵێم من کەسێکی ماتریالیستیم لەناو مانای شیعریدا. ئەمەش مانای وایە من لەسەر شتە هەستپێکراو بینراوەکان نەبیّ، ناتوانم قسە بکەم یان گۆرانی بڵێم یان بنوسم. ئەگەر خەڵك ئەمە بە ماتریاڵیزم دەزانن، ئەوا من ماتریالیستم.

**ئێریك بۆکستڵ: من لێرەدا وای بۆ دەچم تۆ لەبری هەڵاتن لە سادەگەریی لە ڕووی ژیانی ڕاستەقینەدا، بیر لەو گفتوگۆیانە دەکەیتەوە کە دەربارەی مرۆڤایەتین.**

**پابلۆ نیرۆدا:** من هیچ تیۆرییەکم سەبارەت بە مرۆڤ نییە. من تیۆرم سەبارەت بەو پێڵاوە هەیە کە نیازم وایە بیکڕم کاتیّ پێڵاوەکانم دەدڕێن یان کاتیّ جلەکانم کۆنو پەرپووت دەبن. بەڵام نازانم مرۆڤ چییە. من خۆم مرۆڤێکی زیندوومو ژیانیش بیرکردنەوە نییە لەوەی کە بەهێزی (مرۆڤ) بە چ مانایەك دێت؟ ڕەنگە ئەو شتە بیّ کە من بایەخی کەمتر پیّ دەدەم لە وەستایەکی فیتەر یان زانایەکی زەمینناسی بە ئەزموون کە مرۆڤیان زۆر بەلاوە گرنگە. بەڵام ئەم موناقەشە بێکۆتاییەی مرۆڤ چییە زۆر هەڵدەگری تا ئەو ئاستەی کە بەلامەوە گرنگ نییە. ئێمە دەزانین لە دایك بووینەو دەشمرین و..تاد. بەڵام لەنێو هەموو ئەمانەدا زۆر زەحمەتە یان زۆر ئاسانە شت بڵێین. من هیچ پەیوەندییەکم بەمەوە نییەو ناشزانم چی لە دەوروبەری دەگوزەریّ. ڕەنگە درك کردنێك زۆر جیاواز بێت لە ئایدیالیزمی فەلسەفی وەك باسکردنی شتە ئەبەدییەکان کە هیچ چارەسەرێکی نییە. بەشێوەیەکی گشتی من شاعیرێکی کردەییم. شیعریش پڕ بە مانای کردەیبوون، کردەییە. بۆ نا؟ بۆچی شیعری کردەیی وەك شیعری بێکەڵك چاولێدەکریّ. ئەمە بۆچی گرنگ نییە؟ ئەمە بۆچی خەون نییە؟ بەڵام هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی دژبەیەك لەنێوان ئەم هەستە جیاوازانە، ئەو شتەیە کە من تێی ناگەم. سەبارەت بەو ڕاکردنەش کە دەچێتەوە سەر سیستمێکی فەلسەفی تایبەت، یان دەچێتەوە سەر گفتوگۆیە بێکۆتاییەکانو زیادکردنی مۆرکێکی ئیستاتیکی بۆ بیانووەکان، کە لەوانەیە ئەمە پێویست بێت وەك ئایین، لەوانەیە کێشکردنی لوغزەکە ئەو کێشکردنە بیّ بەرەو دۆزەخ. بەڵام لەم جیهانەدا بێئەندازە سەرقاڵین تا ئەو ئاستەی ئەگەر نیشانی بدەین کە لێکۆڵینەوە بەدرێژایی چەندین سەدە بێکەڵك بووە، ئەی باشە بۆچی بەشێوەی ئەشکەنجەی ئەوانی تر بەردەوامی هەیە؟ من فەیلەسوفەکان جێدێڵم تا بە ئازادی

بەردەوام بن بۆ ئەوەی لە خۆیان بپرسن ئەو مرۆڤە کێیەو چییە؟ بەڵام لە من مەپرسە چونکە من بە تەواوی هیچ شتێك دەربارەی ئەو پرسیارە نازانم.

**ئێریك بۆکستلَ : حەز دەکەم بگەڕێینە دواوە بۆ ئەو جێیەی کە دەربارەی ناتەبایی زمانی شیعریی، لە نێوان کردەیی و نا کردەیی شیعریدا دەدوای.**

**پابلۆ نیرۆدا:** سەرەتا پێویستە بیربکەینەوە لەوەی کە جێیەك هەیە بۆ شیعری سادەو ڕاستەوخۆ، جێش هەیە بۆ ئەزموونو شیعری ئەزموونگەریو گۆڕانی زمانو هەورەها ئەو شاعیرو نووسەرانەش کە بەشێوەیەکی گشتی هەست بەوە دەکەن پێوانەکانی زمانو گوزارشت لە ساتەوەختێکی تایبەتدا بۆ بیروباوەڕو سنوورەکانی بیرەباوەڕیان بەس نییە. لەمەشەوە گۆرانی بەردەوامو قوتابخانەی بەردەوامو بزووتنەوە ئەدەبییەکان لەدایك دەبن. کەس ناتوانێ سیستەمی ئیستاتیکاو هونەرو گۆڕانی جلوبەرگ ڕەت بکاتەوە، بەڵام لێرەدا لە وەڵامی قوتابییەکدا ئەمەوێ بڵێم تەنانەت هەتا تۆزێك لە دژەکردار، تۆزێك لە دژە کاری نهیلیستیو وێرانکەریش بێت، هەندێ روحی دیاریکراو هەن تەنها بە شیعرەوە قەتیس نامێنن، بەڵکو بۆ سەرجەم هونەرەکانو بە تایبەتی هونەری وێنەکێشان پەل دەهاوێژن.

با لێرەوە دەربارەی شیعرو وێنەکێشان بدوێین. لەگەڵ گەشەی بۆرژوازیو دروستبوونی شارە گەورەکان، نووسەرانو شێوەکاران لە تێگەیشتنی خەڵکی ئاساییو زۆربەی زۆری خەڵك دووركەوتنەوە. ئەم دیاردەیەش لە سەرەتای ئەم سەدە پیشەسازییە گەورەیەی بۆرژوازییەوە دەرکەوت. ئێمە ئەم دیاردەیەمان نەدەبینینی. نەمان دەتوانی ڕوانینو لێکۆڵینەوە لەو ئاستەنگانەی کە هەن، ڕەت بکەینەوە. بەڵام ڕۆڵی شاعیرانێکی ڕۆمانتیکی وەك گۆتە[١٣]، شیللەر[١٤]، کیتس[١٥]، بایرۆن[١٦]، یان ڤیکتۆر هیگۆ[١٧] لەگەڵ دەستپێکی ئەم سەدەیەی گەشەی مەزنی پیشەسازی بۆرژوازیدا دیار نەمانو (ونبوون). شاعیران خۆیان بۆ بواری تایبەتمەند گۆڕی. ئەو مەعریفەو هەستو نەستانە هەڵاتن کە لە میانەی نووسینی ئاساییو خوازەوە ڕێیان بۆ دەکراوەو لە هونەری وێنەکێشاندا (شێوەکاریدا) خۆیان بەرجەستەکردەوە. لەو کاتەدا بەکردار شوێنێکیان بۆ هونەر چێکردبوو، بەو پێودانگەی شتێکی تایبەتە بە چینێکی تایبەتی چێنراو لە بۆرژوازی گەورە. بۆرژوازی بچووکیش لەڕێگەی روحێکی ڕێگری چینایەتییەوە ویستی

بەرێگای تایبەتی خۆی ئەو وانەیە لە بۆرژوازی گەورەوە وەربگرێت. بۆرژوازی بچووك نەیتوانی لەگەڵ کرێکاراندا ڕێ بکات، بەڵام لەگەڵ پارەدارە گەورەکاندا توانی بگونجێ.

سەرپاکی ئەم دیاردە ئابوورییە ڕەنگدانەوەی خۆی هەبوو. چۆن لەڕێگەی گۆڕینی مێژووی ئابووریو پەیوەندییە چینایەتییەکان خۆمان ڕابەرایەتی بکەین تا خۆمان بگەڕێنینەوە بۆ ئەو دۆخە تازەیەی شتەکان؟ چۆن بە سوود وەرگرتن لە هەموو میتۆدەکانی پرۆپاگەندە وەك شێوەکانی ئەبستراکت، خۆمان بگەڕێنینەوە سەر ئەو ڕێگەیەی کە دوور کەوتۆتەوە لێمانو..تاد. لەو ڕێگەیەی کە گەلێ کاری مەزنی هێنایە بەرهەم، کارگەلێك کە زۆر دوور بوون لە هەستی خەڵکی. ئەی کێ ڕاستە؟ خەڵك یان شێوەکارە ئەبستراکتەکان، یان زۆربەی شاعیرە سەرڕاستەکان، ڕاستن؟

من خۆم لەم کێشەیە بێبەری ناکەم. چونکە شیعرەکانم بۆ تێگەیشتن زۆر قورس بوون. بەڵام ئەتوانم شتێك بڵێم: شیعرەکانم گوزارشتن لە دڵسۆزییەکی ڕەها. ڕەنگە ئەمە حاڵی شاعیرانی تریش بێت. بەڵام وەك قوتابخانەی شێوەکاری، یان شانۆیی، یان فیلمسازی، یان شیعر، یان پەخشان، یان مۆسیقا خۆی بەتەواوەتی لە خەڵك جیا دەکاتەوە. ئەبینیم ئەمەش لەسەر ڕێیەکی هەڵەیە، ئەبینم لە کوێرە کۆڵانێکە کە زۆر بڕ ناکات. بەڵام لەلایەکی ترەوە من نە خۆم ڕەت دەکەمەوە — دیارە تەواو بێهوودەیە خود ڕەت بکرێتەوە— نە لێکۆڵینەوەی بەردەوامو نە فراوانترکردنەوەی تواناییەکانی گوزارشتکردنیش. بۆیە ئەمانە ئەو کێشانەن کە نە بە ڕەخنەو نە تەنانەت بە چاودێرییەکانمان (تێبینییەکانمان)و نە بە بەرهەمەکانمان نایگەینێ. بەڵکو لە میانەی پەیوەندی هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەیگەینێ. کاتێ چین خەبات دەکات، کاتێ هەلومەرجی ئینسان گەردوونیانە هەستێکی نوێ وەردەگرێ، نەك تەنها لە هەندێ وڵاتی تایبەت.-با روونتر بڵێین کاتێ ڕۆژئاوا دەبێتە سۆشیالیست- پاشان لەوانەیە فۆرمۆڵبەندییەکی جیاواز ببینین، یان ڕێڕەوی ڕۆژهەڵاتناسی کە ئەدەبی خەڵکیی بتوانێ بێتە مەیدان بێ ئەوەی ئەدەبێکی پۆپۆلیستی یان لێکۆڵینەوەیەکی هونەریی یان ئەزموونگەرایی بەبێ خودگەراییو ئیندیڤیژوالییەتی توندڕەوانە بێت، کە لە توانایدا بێت بەشدارییەکی بنچینەیی هونەرو هونەری هاوچەرخو هونەری داهاتووگەرایی، پێشکەش بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکات.

سەرچاوە :

Memorious issue 4
A Journal of new verse and Fiction
March 2005
http://www.memorious.org/?id=76

پەراوێز و ژێدەرەکان وەرگێڕی کوردی ئامادەی کردوون.

(١).هێرناندۆ کۆرتێز : ساڵی ١٤٨٥ لە ئیسپانیا لەدایکبووە. زانکۆی ساڵەمەنکا تەواو دەکات‌و بایەخ بە کاروباری سەربازی دەدات. پاشان دەبێت بە گەڕیدەو خولیای گەشتی دەبێ . ساڵی ١٥١١ دەچێتە کوباو ١٥١٨ دەچێتە مەکسیکۆ وەك فەرمەندەی سەربازی خزمەت دەکات. ساڵی ١٥٤٧ لە ئیسپانیا بۆ هەمیشە چاو لێك دەنێ.

(٢).ئەرسیلا : شاعیرو سەربازی ئیسپانی لە ساڵی ١٥٣٣ لە ئیسپانیان لە دایکبووەو ساڵی ١٥٩٤ کۆچی دوایی کردووە. بە داستانە شیعری لا ئەروکانا ناوبانگی پەیدا کردووە.

(٣).چارڵسی پێنجەم : (١٥٠٠-١٥٥٨) ئیمپراتۆری ڕۆمان و پاشای ئیسپانیا بووە.

(٤).کانتۆ ژەنەراڵ : دەیەمین کتێبی شیعری پابلۆ نیرۆدایە. یەکەمجار لە وڵاتی مەکسیك ساڵی ١٩٥٠ چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەم کۆشیعرە لە پانزە بەش پێکهاتووە و ٢٣١ شیعر لە خۆ دەگرێت.

(٥).ڕۆبن داریۆ : شاعیری نیکاراگوا ساڵی ١٨٦٧ لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩١٦ مردووە. نوێنەری ڕەوتی ئەدەبی نوێیە لە زمانی ئیسپانیدا. نازناوی شازادی شیعری ئیسپانیەو بە باوکی ڕۆحی شیعری ئیسپانی نوێ دادەنرێت.

(٦).بۆلیڤاری : ڕابەری سیاسی و سەربازی ڤەنزوێلا لە ساڵی ١٧٨٣ لە دایکبووەو لە ساڵی ١٨٣٠ مردووە.

(٧).سان مارتن : ژەنەراڵی ئەرجەنتینی و ڕزگاریخوازی ئەمریکای باشوور لە ساڵی ١٧٧٨ لە دایکبووەو لە ١٨٥٠ مردووە. یەکێك بووە لە سیاسییە ڕاستگۆکانی نێو مێژووی ئەمریکای باشوور.

(٨).سوکری: ئەنتۆنیۆ خۆسە سوکری ڕابەری سەربەخۆخوازی ڤەنزوێلا لە ساڵی ١٧٩٥ لە دایکبووەو لە ساڵی ١٨٣٠ مردووە.

(٩).ئۆهینگز: بەرناردۆ ئۆهینگز ڕیکیلمی لە ساڵی ١٧٧٨ لە دایك بووەو لە ساڵی ١٨٤٢ مردووە. یەکێك بووە لە ڕابەرە بەناوبانگەکانی خەباتی وڵاتی شیللی بۆ سەربەخۆیی.

(١٠).ماریاتیگی :خوسە کارلۆس ماریاتیگی ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسو فەیلەسوفی سیاسیو کۆمۆنیست پیرۆ ساڵی ١٨٩٤ لەدایکبووە و لە ١٩٣٠ مردووە.

(١١).ڤالیجۆ: سیزەر ئەبراهام ڤالیجۆ شاعیرو نووسەرو شانۆنامەنووسو ڕۆژنامەنووسی پیرۆیەو لەساڵی ١٨٩٢ لەدایکبووەو لەساڵی ١٩٣٨ مردووە. تا لە ژیاندا بوو تەنها سێ کتێبی شیعریی بڵاو کردەوە.

(١٢).پاز : ئۆکتاڤیۆ پاز شاعیری مەکسیکیو براوەی خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی ١٩١٤ لەدایکبووەو لە ساڵی ١٩٩٨ مردووە.

(١٣).گۆتە: جۆهان گۆتە شاعیر و نووسەری گەورەی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٧٤٩ لە داکبووەو لە ساڵی ١٨٣٢ مردووە.

(١٤).شیللەر: جۆهان کریستۆف فریدرك شیللەر شاعیرو فەیلەسوفو پزیشكو شانۆنامەنووسو مێژوونووسی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٧٥٩ لە دایکبووەو لە ساڵی ١٨٠٥ کۆچی دوایی کردووە.

(١٥).کیتس :جۆن کیتسی شاعیری ڕۆمانتیکی ئینگلیزی لە ساڵی ١٧٩٥ لەدایکبووەو لە ساڵی ١٨٢١ کۆچی دوایی کردووە.

(١٦).جۆرج گۆردن بایرۆن شاعیرو سیاسەتمەداری بەریتانیا لە ساڵی ١٧٨٨ لە دایکبووەو لە ساڵی ١٨٢٤ کۆچی دوایی کردووە.

(١٧).ڤیکتۆر هیگۆ :شاعیر و ڕۆماننووس و یەکێك لە بەناوبانگترین نووسەری فەرەنسی ساڵی ١٨٠٢ لەدایکبووەو لە ساڵی ١٨٨٥ کۆچی دوایی کردووە.

جەنگی ئەهلی ئیسپانیا: جەنگی ئەهلی ئیسپانیا تا ساڵی ١٩٣٩ درێژەی کێشا کە جەنگی نێوان کۆمارییەکانو ئەناکیستەکانو کۆمۆنیستەکان بوو دژ بە ناسیونالیستەکان. لەئەنجامدا ناسیونالیستەکان لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٩ سەرکەوتنو تا ساڵی ١٩٧٥ دەسەڵاتی ئیسپانیایان بەدەستەوە بوو. جەنگەکە دوو ساڵو هەشت مانگو دوو هەفتەو یەك ڕۆژ بەردەوام بوو. زیاتر لە یەك ملیۆن کەس بوون بە قوربانی ئەم جەنگە.

شازادە مۆناکۆ: بنەماڵەی دەسەڵاتی وڵاتی مۆناکۆیە کە وڵاتێکی بچووکە لە کیشوەری ئەوروپا و سێ لای فەرەنسایەو چوارەم لای دەریای سپی ناوەڕاستە. سیستەمی حکومڕانی پاشایەتییە.

# زۆربای ئێرانی...
# ناوێک پڕ بە پێستی ڕۆمانەکەی قادر عەبدوڵڵا



کەژاڵ ئەحمەد

دوو مانگ زیاتربوو دەرەوەی ماڵم نەبینی بوو، بەیانییەك بە پیاسە چووم بۆ جادەی مەولەویو بە پلیکانەکانی کتێبخانەی ڕەهەندا سەرکەوتم. هاوڕێی دێرینم کاك شەفیقی حاجی خدر نوسخەیەك لە کتێبی (زۆربای ئێرانی) بە دیاری بۆ ناردبووم، لە کاك ئارام سدیق-م وەرگرتو بە هەڵمزانی چەند کتێبێکی دیکەش هەڵبژێرم بۆ خوێندنەوە. ئەگەرچی لەمێژە لە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە سەرنجڕاکێشە بوومەتەوە. بەڵام ئەو تێبینیو هەستانەی لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا زۆریان بۆ دەهێناومو لە دەفتەرەکەی تەنیشتمدا تۆمارم دەکردن هەر لەو دەفتەرەدا لەگەڵ بۆچوونەکانم لەسەر چەندین کتێب کە لەساڵی ٢٠٢٠دا خوێندومنەتەوە، ماونەتەوەو بڵاوم نەکردوونەتەوە. هۆکاری بڵاونەکردنەوەکەیان ئەوەیە من قسەکردن سەبارەت بەو کتێبە نایابانەی

دەیانخوێنینەوە بە قسەکردن لەبارەی ئەو کەسەوەی کە خۆشماندەوێت دەچوێنم. وەك ئەوەیە باسی خۆشەویستەکەمان بۆ خەڵك بکەین کە ئەم ڕەفتارە شتێکە لە ناجوامێریی خوێنەر. وا بڕیارمدا ئەمە بکەم لەپێناوی دەرخستنی ڕاستییەکدا کە هێشتا سەبارەت بە وەرگێڕانە دڵگیرەکەی شەفیقی حاجی خدر بۆ (زۆربای ئێرانی) قادر عەبدوڵڵا باسنەکراوە.

لە ناونیشانی ڕۆمانەکەوە دەست پێدەکەم‌و دەڵێم هەر زمانێك خەسڵەتی خۆی هەیە. (ڕێڕەوی قاپقاپە زەردەکان) کە ناونیشانی ئەم ڕۆمانەیە لە چاپە هۆڵەندییەکەدا، لەوانەیە ڕیتمێکی کاریگەری بۆ دەروونی خوێنەرێکی هۆڵەندی هەبێت، بەڵام زۆربای ئێرانی بۆ هەر خوێنەرێکی کورد کەمەندکێشترە. لە ڕیتم‌و میوزیکی وشەش گرنگتر دۆزینەوەی ئەو لەیەکچوونە بەرێکەوتەی نێوان پاڵەوانەکانی هەردوو ڕۆمانی (زۆربای ئێرانی)و (زۆربای یۆنانی) دایە کە هەردوو ڕۆمانەکە شایەدی هاوڕێیەتی کەسێکی ڕۆشنبیرو کەسێکی نەخوێندەوارن کە ئیلهام لە چۆنێتی ژیانی یەکتر وەردەگرن. جیاوازیان لەوەدایە (سوڵتان)ی پاڵەوانی زۆربای ئێرانی ڕۆشنبیرو داهێنەرێکی بواری فیلمی سینەمایی‌و کاری میدیاییە، بەڵام پاڵەوانەکەی نیکۆس کازانتزاکی کوڕی کتێب‌و دنیای خوێندنەوەیە. پاڵەوانە نەخوێندەوارەکەی قادر عەبدوڵڵا (هۆشەنگی یەك دەست)ە کە زیاتر هێزی بازووە هەر ئەویشە چاوی سوڵتان دەکاتەوەو فێری ژیانی دەکات لەسەر زەوی نەك لە قوولەی قەڵایەکەوە هەر بە دووربین چاودێریی ژیان بکات، بە جەستەی ژن‌و بەکارهێنانی زەبرو زەنگ بۆ خۆپاراستن لە دوژمنی دەناسێنێت. خوێنەر تاکۆتایی ڕۆمانەکە ناتوانێت لەوە تێبگات بۆچی دایکی سوڵتان ئەو کوڕە بەناز پەروەردەیەی خۆی کە تا چۆتە قوتابخانەش دەرەوەی قەڵاکەیانی نەبینیووە بە دووربین نەبێت، بۆچی لە پشووی هاویندا دەیبات‌و تەسلیم بە هۆشەنگی یەك دەستی نەخوێندەوارو چەقۆکێشی دەکات کە خزمی خۆیەتی. لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا لەم حیکمەتی بەزۆر هێنانی سوڵتان بۆ ناو دنیای گەورەکان تێدەگەین‌و دەزانین کارێکی باشی کرد نەك لەبەرئەوەی ئیشێکی بۆ کوڕە هەرزەکارەکەی لە دوکانی ئایسکرێمی ئالاسکاکەی هۆشەنگی یەکدەست بۆ دۆزییەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی یەکەم ڕێگای بۆ کردەوە تا ببێت بەو پیاوە ئێرانییەی وێنەی زۆر کەم بێت لەبواری فیلمسازیداو لە بواری تۆمارکردنی گەلێك لە قۆناغە مێژووییەکانی وڵاتەکەیدا ڕۆڵی گەورەی هەبێت‌و لە هەندێ وەرچەرخانی سیاسی‌و هونەریشدا خۆی ڕۆڵی گێڕابێت. ئەم کتێبەی نوسەری هۆڵەندیی بە ئەسڵ ئێرانیی قادر

عەبدوڵڵا هێندە کاریگەریی لای خوێنەر بەجێدەهێڵێت یەك چرکە نەوەستێتو بڕوات بەدوای بەرهەمەکانی دیکەی ئەم نووسەرەدا بگەڕێت. بۆخۆم تەنانەت بەدوای دیدارەکانیشیدا گەڕامو یەکێکیانم زۆر پێ جوان بوو لە بەشی فارسیی BBC لە ساڵی ٢٠٠١٣دا بڵاوکراوەتەوە. لەوێدا پێشکەشکارەکە دەڵێت قادر عەبدوڵڵا خاوەنی ١٨ ڕۆمانە. تا ئەمڕۆ چەند ڕۆمانی نوسیووە ئەوەیان نازانم بەڵام دەستخۆشیو سوپاس بۆ شەفیقی حاجی خدر کە بەزمانێکی پاراوو شێوازێکی زۆر جوان خوێنەری کوردی بە نوسینەکانی نوسەرێکی گەورەو جیاواز لەوانی دیکەی ناساندووە. ئەگەرچی بێجگە لە زۆربای ئێرانی کاك شەفیق چەند ڕۆمانێکی ئەم نوسەرەی لە زمانی هۆڵەندییەوە وەرگێڕاوە وەك خانووەکەی مزگەتیۆ خەتی بزماریو لە مەککە. وەلێ وەك خوێنەرێکی تینووی داهێنان، چاوەڕوانی هیممەتی زیاترو شادبوون بە ڕۆمانی زۆرتری قادر عەبدوڵڵای ناوازە دەکەین. ژن لە زۆربای ئێرانیدا ئەو بوونەوەرە هەمە چەشنەن کە لە ڕۆژهەڵات یان ئەوەیە پیاوان هەولدەدەن ناتەواوییەکانیان بۆ بشارنەوە وەك چۆن سوڵتانی پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەیبینی باوکی قاپقاپی بۆ دایکە شەلەکەی دروست دەکرد بەجۆرێکی هێندە هونەریی کە هاتە قەڵاکەوە کەس هەست نەکات دەلەنگێت. یان ئەوەیە ژن لەم وڵاتانەی ڕۆژهەڵات وەك (ئەکرەم جون)ی کچی مامی سوڵتان یەکەم مامۆستای زمانی ئینگلیزییەوە خولی فێربوونیش بۆ کچانی ناوچەکەی دەکاتەوە کەچی دەفڕێندرێتو لە لایەن سێ کەسەوە دەستدرێژیی دەکرێتە سەر. دواتریش هۆشەنگی یەك دەست سێ کەسەکە دەکوژێتو لەگەڵ ئەکرەم جون دەچن بۆ ئەمریکا، ژن لەم ڕۆمانەدا بزووتنەوە چەپەکان وەك جاسوس دەیاننێرنو دەچنە ناو پێخەفی پاڵەوانی ڕۆمانەکەوە. ژنەکەی خومەینییە کە خورماو چا بۆ هاوسەرەکەیو یاسر عەرەفاتی سەرۆکی ئەوسای فەلەستین دەهێنێتو بەخێرهاتنی لێدەکات. گەلێك ژن لەم ڕۆمانەدا قاپقاپی ناڵ لە بندراوی دەستو دەستکاری سوڵتان لەپێدەکەن، بە ژنی مەلای گوندەکەیانو بە فەرەح دیبای هاوسەری شاو دواجاریش ئەو خانمە هۆڵەندیشەوە کە ناوی ئاورێلیایەو توانای قسەکردنی نییە، بەڵام زۆر ئیشکەرەو ژیان بەو کێلگەیە دەبەخشێت کە سوڵتان کۆتاییەکانی ژیانی تیا بەسەر دەبات. ژن لە زۆربای ئێرانی دا لەقۆناغی ئاوارەبوونی ئەم فیلمسازەدا لە هۆڵەندا ئەو خانمە گەنجەیە کە دراوسێی ماڵی سوڵتانی ڕاکردووە لە حوکمی مەلاکانی ئێرانو لەسەرو بەندی لە دەستدانی هەمووشتێکدا کامێرایەکی پێشکەوتووی بەدیاریی بۆ بەجێدەهێڵێت، بە هەستێکی پاکەوە کە ڕێگرە لەوەی خیانەت

له هاوسەرو دوومناڵەکەی بکات. سولتانیش بە هەمان هەست کە ڕێگە بەخۆی نادات پەیوەندیی لەگەڵ ژنێکی مێردداردا دروست بکات. ژنێکی بەخشندە دەبینین بەبێئەوەی هیچ لە پاداشتی باشییەکەیدا وەربگرێت. ئەو خانمە، فلیمسازێك بە کارەکەی خۆی شاد دەکاتەوە. ژنەکانی قادر عەبدوڵڵا هەمەچەشنو جیاوازنو هەریەکەیان سنبولی قۆناغو زەمانێکن، هەموویان بەهێزو بەرجەستەن. بێجگە لە ژن لەم ڕۆمانەدا ئاماژەدان بە شیعرو شاعیر زۆر جوان بەرکار کراوە ئەمەش ئەو وتەیەی نوسەر پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێت: شیعر بۆ ئێرانییەکان وەك مەی وایە بۆ فەرەنسییەکان، ئەوان پێی مەست دەبن.

ئینجا خۆ تێبینیو سەرنجەکانم زیاترن لەمەی دەیخوێننەوە بەڵام هەڵبژاردەیەکم لێ هەڵبژاردن، هیوادارم بەسود بێت بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بە جیهانی ئەم ڕۆمانەدا گەشتبکەن.

# سوڵتان لە نێوان قوللەی قەڵاو کامێرادا
# خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی زۆربای ئێرانی




عەلی مستەفا

**دەریچە:**

زۆربای ئێرانی کتێبێکی ترە لە وەرگێڕانی شەفیقی حاجی خدر، ئەو دەمێکە دەنووسێتو وەردەگێڕێت، لە نێو وەرگێڕانەکانیشیدا هەندێك جار دەست بۆ کتێبەکانی قادر عەبدوڵڵا دەباو وەریاندەگێڕێت. قادر عەبدوڵڵا بە هۆڵەندی دەنووسێتو بە ڕەگەز فارسە. لە نێو نووسینەکانی ئەم ڕۆماننووسەدا هەموو کات سەرنجت دەکەوێتە سەر کلتورو فەرهەنگە جوداکانی ئێران، تەنانەت جوگرافیاو دابو نەریتی کۆنی ئێرانیشت بەرچاو دەکەوێت. ئیتر ئەوە شانازییە هەر ئەدیبو نووسەرێك بتوانێت بارو تەواوی دیمەنەکانی نیشتمانو میللەتەکەی بگوازێتەوە نێو کلتورو نەریتە جوداکانی دنیاو لە ڕێگەی کتێبەکانییەوە ئاشنایەتی بخاتە نێو گەلی خۆیو گەلانی تر.

وەرگێڕ زمان پاراوانە ئاشنایەتی لە نێوان خوێندەواری کوردو ڕۆمانەکان دروست دەکات، گومان هەڵناگرێت کوردو فارس سەر بەیەك کۆمەڵە زمانی ڕۆژهەڵاتی ناوینن، بەڵام خۆ دوو زمانو دوو نەژادی جیاوازن، خاوەنی دابو فەرهەنگی سەربەخۆشن، لە نێو ئەم کۆ جیاوازییانەشدا زۆر شت هەیە گەلانی ئەم ناوچەیە هاوبەش دەکات، ئەمەش ڕوویەکی ئاساییە چونکە زۆر ئاهەنگو هەماهەنگی هەیە، کە دەبێتە هۆی دروست بوونی ئەم هاوبەشییانە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زۆر شت هەن کە نایان زانین، لەوانەشە پێویست نەبێت کە بیزانین، بەڵام ڕووداویش هەیە لە ڕێگەی سەربووردەکانو گێڕانەوەکانەوە دەبێتە داکەوتەیەکی ئەم زەمینەیەی کە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی لێیدەژینو تیایدا چەرمەسەری دەکێشین. ڕووداوو گێڕانەوەکانی نێو ئەم ڕۆمانە ئەگەر بۆ گەلانی ڕۆژئاوا وەك ئاشنایەتییەك گرنگ بێت، بۆ ئێمەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی تەنانەت خودی نەتەوەی فارس پتر لە ئاشنایەتی گرنگە، چونکە ئەم ڕۆمانە لا کردنەوەی کۆمەڵێك باسی گرنگە لە مێژووی ژیانی گەلانی ئێران، ئەم ڕۆمانە لە پێنج کتێب ناوکۆ کراوەتەوەو هەر کتێبەو باس لە سەردەمێکی دیاری کراو دەکات، هەموو ئەم گێڕانەوانە لە ژیانو سەردەمی چالاکییەکانی گەنجێك بەرجەستە کراون، واتە لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرەوە تەواوی هەژموونو باسەکان گۆ دەکرێن. ئەوەی من گەرەکمە  لەم ڕۆمانە لێیبدوێم، ئەو گۆشە هەستیارەیە کە سوڵتانی کوڕەمامی ئەکرەم جون، یان کوڕی ئەو ژنەی کە ئامۆزای هۆشەنگی یەك باسکە، کە دواجار بە هۆشەنگی باسك ئاسن لە ئەمریکا دەرکەوتەوە، لە ڕێگەی ئەو کوڕیژگەیەی لە قولەی قەڵایماڵباتەکەیەوە، لە ڕێگەی دووربینەکەیەوە تەماشای دنیای دەرەوەی دەکرد، باسی کۆ نیگاکانی ئەم ڕۆمانە بکەم، دەمەوێ هەستەوەری ئەم ڕۆمانە لە نیگای چاوەکانی سوڵتانەوە ببینمو قۆناغەکانی بە کەنگەشەی شیکارییەوە سواخ بدەم.

ئەم وەرگێڕانە بە زمانو وشەی کوردی دەوڵەمەندەو بەشێکی گرنگە لە پاراستنی فەرهەنگی کوردی، چونکە وەرگێڕ لەگەڵ کاری وەرگێڕانەکەیدا، پەراوێزی خستۆتە نێو کارەکەیەوە، بۆ هەر وشەیەکی کوردی ڕوونکردنەوەی داوە. لە پاڵ ئەمەشدا ئەم کتێبە دەبوایە کاری وردتری لە بارەی خاڵبەندیو هەڵەچنییەوە بۆ بکرایە، چونکە لە کاتی خوێندنەوەدا بەسەر کاری لەنگدا دەهاتیو پیچەك لە خوێندنەوەدا هەست بە لەنگی دەکەیت، بەڵام نەبۆتە هۆی لە دەستدانی پەیامی ڕاستەقینە.

## کتێبی یەکەم
## سوڵتانو قولەی قەڵا:

ئەم قۆناغە“ لە کتێبەکەدا بە سەردەمی ئەفسانە ناوی هاتووە، بەڵام خۆ دەکرێت سەردەمو ئاهەنگێکی زێڕێنیش بووبێت لە ژیانو ئەزموونی سوڵتاندا. ئەم دیاردەیە لە نێو گەلانی دنیا بە تایبەتی گەلانی ڕۆژهەڵات تا درەنگانێك باوبوو، دەبوایە منداڵە خانەدانەکان هەر لە ستونی پیرۆزی خۆیان بمێننەوەو لە ڕێساو نەزمی ماڵە گەورە دەرنەچن، ئیتر ئەوە پیرۆزییەك بووە بەر ماڵە گەورەو شکۆدارەکان براوە. ئەم دیاردەیە لە ڕۆژئاوا هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستو سەرهەڵدانی شۆڕشی ڕێنیسانسەوە، دوای لا کردنەوەی دەسەڵاتی کەنیسەو گەل پۆتی شکاو ئیتر بەملاوە کەس بەسەر کەسەوە خاوەن شکۆ نەبوو، هەموو لایەك دەبوایە هەوڵ بداتو تێبکۆشێت. بەڵام گەلانی ڕۆژهەڵات بەشێوەیەکی بەرچاو لە کۆتایی نیوەی یەکەم یاخود تێپەر بوونی سێ چارەگی سەدەی بیستەم بەسەر ئەم داکەوتەیەدا تێپەڕین و پۆتەڵاکی ئەم کەلتوورە بریندار کرا.

بۆ مرۆڤ زۆر گرنگە، لە هەر سەردەمو قۆناغێکی ژیان بتوانێت سوود لە سەردەمەکەو مێژووی سەردەمەکە ببینێت، تەنانەت ئەزموونکردنی دیاردەکانی ژیان لە هەر تافێك دابێت پێویستییەکی ڕادە نەویستە، چونکە مرۆڤ لەم کەنگەشانەوە سەر دەردەکاتو ئاشنایەتی بە چواردەوری خۆیدا درووست دەکات. سوڵتان کوڕی پیاوێکی بێدەنگو بێزمانەو سەر بە ماڵباتی قەڵایە، دایکیشی ژنێکی شەلەیە، کچی وەرزێرێکی گوندەکانی بنارە، دایکی لەگەڵ ئەوەی شەلە بوو، بەڵام جوانو شیك بووەو زمانی باشی لە دەم دابووە، واتە قسە زانو لێنەبڕای بووە، هەر ئەو سەرپەرشتی سوڵتانو کارەکانی کردووە. ماڵبات هیچ کات نەیانویستووە سوڵتان تێکەڵی منداڵانی گەڕەك بێتو ئاشنایەتی لەگەڵ دەورووبەر درووستبکات، ئەمەش کاریگەری ناخۆشو نامۆ بەسەر هەستو نەوای سوڵتانی منداڵ دروست دەکات، سوڵتان بۆ ئەوەی ئەم بۆشاییە دەروونییە پڕبکاتەوە، ڕۆژانە بەسەر قوللەی قەڵا هەڵدەگەڕێتو دەیەوێت لە ڕێگەی دووربینەکەیەوە تەماشای سروست بکاتو بزانێت لەم جیهانەدا چی هەیەو چی دەگوزەرێت، بەردەوام سەیری کێڵگەی زافەرانی ماڵباتی کۆشك دەکات، کە باوکی ڕۆژانە سەرپەرشتی دەکردو دواجار دایکی سوڵتانیشی هەر لەو کێڵگانە کردە هاوژینی خۆی. ئەم دووربینە دەبێتە خوو پێوەگرتنێکی ڕۆژانەو بەردەوام لە ڕێگەی دووربینی قوللەکەوە جیهانی دوورو نزیك، ئەوەندی بڕی دەکرد دەپشکنێ. ئەمەش بارێکی ئاسایی

نابێت هەر دەبێت بە شێوەیەك لە شێوەكان كاریگەری بخاتەسەر هەستو بیركردنەوەكانی سوڵتانی منداڵ، چونكە ئەم دیمەنو جەنجاڵییەی جیهان لەگەڵ هەڵكشانی تەمەنی سوڵتان گەورەترو فراژووتر دەبن، دواجار كۆنترۆل كردنی ئاسان نابێت، ئەمەش یاسای ژیانی هەر تاكێكە كاتێك ئازادیو خواستی لێزەوت بكرێت. (چیرۆكەكە دەگێڕمەوە، چیرۆكەكەی سوڵتان، فیلم دەرهێنەرێكی ئێرانی. چرۆكەكەش لە قەڵایەك دەستپێدەكا، قەڵایەك، كە لەتافی منداڵی تێیدا ژیاوە).. ل٢٦. ئیتر سوڵتان لە هەژموونی كۆنو سانسۆركردن دەربازی دەبێتو دواجار دەبێتە ناوێكی پڕشنگدار بە ئاسمانی سینەماو فیلمەوە، هەڵبەتە دووربینی قەلاَ دەبێتە ڕێخۆشكەرێكی جوانو دنیا بینییەكی تەواو بۆ ئەوەی ئەم جیهانەی تێیدا دەژیت، كە قەڵای ماڵباتو گەورەكانی رۆحانییە جێبهێڵێت. قەڵا تەنها جنو پاراستنی دابو نەریتی وەك ئامۆژگاری پێشكەش بە سوڵتانو دەورووبەر دەكرد، ژیانی قەڵا پەیوەست بوون بوو بەو ڕێكارانەی لە گەورەكانیان بۆیان دەردەچوو، هەمووشیان پیاوانی ئاینیو پەیوەست بوون بە كارە ڕۆحانییەكانیان. دەبایە هەر تاكێكی ئەم ماڵباتە خاوەنی جنێكی تایبەت بەخۆی بایە، بۆ ئەوەی شوونی ماڵبات وێرانو بزر نەبێت. بەڵام تا ژیان وەگەڕترو ئاشنایەتی زیاتر بێتە ناوەوە، دەستەو نەوەی نوێ چیتر بەم ئاوەزەوە بەردەوام بەدەوری قەڵاو جنۆكە و پیاوانی ئاینی ناخولێنەوە، بەڵكو ژیان لە ئاهەنگێكەوە بۆ ئاهەنگێكی ترو لە بارێكەوە بۆ بارێكی تر وەرچەرخان بەخۆیەوە دەبینێت، تەمەنی سوڵتان هەڵدەكشێت، ئیتر جینەكانی ناویشی هەستی گەرمی دەدەنێ، ئاخر تا ئێرە سوڵتان ئاشنایەتی لەگەڵ جەستەی خۆشیدا نییە، ئەمەش پووكاندنەوەی هەستە خۆشەكانی مرۆڤە لە گەیشتندا.

ئەوكاتەی سوڵتان جەستەی دەخشێت لە لەشو مەمكی كچێكی ناسیاوی ئامۆزاكەی هەست بە جیهانێكی تر دەكات، ئەمەش بۆ سوڵتان كەشف بوونی دۆخێكی ترە، یاخود هەستكردنە بەوەی ڕۆژێك دەبێت لەم قەڵایە بەدەر كەوێت. دوای ئەوەی كاغەزی بنێشتەكان كۆ دەكاتەوەو دەكەوێتە سەر خەیاڵی ئەوەی كامێراكە لە كۆمپانیای بنێشت فرۆشتن بباتەوە، پێنج هەزار كاغەزەكە مسۆگەر دەكاتو كامێراكە وەردەگرێت، ئیتر چی لەم كامێرایە بكات، خۆ نابێت هەر لە نێو قەڵا بمێنێتەوەو وێنەی جیهانی نائاشنای نەگرێت، دەبێت لەم قەپەنگە گەورەی قەڵا بەدەركەوێت، یەكەم وێنەو چەندیتریش بۆ تاقیكردنەوەی كامێراكە  وێنەی باپیرەی بوو لە كاتی نانخواردندا، كاتێك تەواو دەبێت ئەویتر دەداتە جنۆكەی خۆی كە لەبەرامبەری دانیشتووە.

سەرچڵی‌و ئینگلیزی زانییەکەی ئەکرەم جون هاوکارێکی تری سوڵتان بوون بۆ ئەوەی ئەم سەدەفە کۆنە پەرپووت بکەن‌و ئەفسانەی قەڵا تێکبشکێنن. خۆ گەر وانەبا نە ئەکرەم جون دەگەیشتە ئەمریکاو نە سوڵتانیش دەبووە فیلمسازێکی گەورەی ئێران‌و سی. ئێن. ئێن‌و بی. بی. سی نەیاندەناسی، دەبوایە ئەو لە قاوغی ئەفسانەدا چارشێوی لەسەر بایەو ئەویش شازادەیەکی چکۆڵ دەبوو بۆ کاری قەڵا، بەڵام جنۆکەی دووربین لە قوللەی قەڵا ئەم کۆتانەی تێکشکاندن. (ئەو کرێکارانە لەگەڵ گەردەی بەیانی، زوو لەخەو هەڵدەستان‌و لە ماڵەکانی خۆیان بۆ سەر ئیشوکاریان دەچوون، منداڵەکانیشیان تەواوی ڕۆژەکە هەر لە کوچەو کۆڵانەکان بوون، ئەمەو لە کاتێکدا ژنەکانیش لە خانووە بە قوڕەکان بە کاروباری ماڵەوەیان خەریك بوون. دیوارە بەرزەکانی قەڵاکە کتومت، سنورێك بوو لە نێوان ئەو منداڵانەو مندا، هیچ پەیوەندییەك لە نێوانی یەکدیدا لە ئارادا نەبوو، من هەر تەنیا لەسەر قوللەکەو بە دووربین ئەوانم دەبینی، لەویوە سەیری جیهانی دەرەوەی قەڵاکەم دەکرد).. لا٣٠. ئەم هەستە لای سوڵتان شەڕێکی نهێنییە لەگەڵ ویست‌و مەبەست، چونکە ناکرێت زەوق‌و جوانی منداڵ‌و تافەکانی تری تەمەنیش بخرێنە ژێر گوشاری داب‌و نەریتەوە، چونکە دواجار ئەم کردەیە ئاکام‌و دەرەنجامی لێدەکەوێتەوە، ئەوەیە سوڵتان دەبێتە سینەماکارو نەك هەر قەڵا، بەڵکو نیشتمانی زێدو ئازیزانیشی جێدەهێڵێت.

**کتێبی دووەم**

**سوڵتان و ستۆدیۆ:**

لە بەراییدا باسی دووربینی قوللەی قەڵامان کرد، ئەو دووربینەی سوڵتانی گەیاندە تێگەیشتن و بینینێکی تر، سوڵتانی لە تیلاوەتی جنۆکەو پاشخانە کۆنەکان دەرباز کردو گەیاندییە قولەی کۆشك‌و تەلاری شابانوو و دواجاریش مەلا جامانە ڕەشەکان. جیهانی ستۆدیۆی سوڵتان لە کامێراکەیەوە کەوتە گەشە، ئەو کاتانەی قەپەنگی قەڵا لە بار دەکات‌و لەسەر گازەرای پشت جێدەهێڵێت، ئەو کاتانەی ڕوو دەکاتە کۆڵان‌و شەقامەکانی شار ئاشنایەتی لەگەڵ هەموو ئەو ئارەزووانەی بە نهێنی‌و بە خەفە کراوەکان دروست دەکات. باڵای کچ‌و بینینی ژنی ڕووت لەدەم سەرشۆرك‌و حەوزی ئاوەوە، هەستی دەکەوێتە سەر ئەوەی کە ئەگەر کامێراکەی پێبایە ئەم شتە نامۆیەی دەخستە نێو کامێراکەیەوە. تەنانەت وێنە گرتنی ژنی هۆشەنگ لە ژێر چارشێوێکی ڕەش‌و ژورێکی تاریکدا، تەنانەت هەستکردن بە کۆمەڵێك دیمەن، ئاهەنگی حەزو

ئارەزووی دەگەیاندە ئاستێکی نێرانە. دواتر کردنەوەی سینەما لەلایەن کابرای ئەرمەنیو چوونی سوڵتان بۆ ئەوێ، خولیای گەورەو ئاسمانی فراوانتری دەبینی، زۆری حەز دەکرد وێنەی لەیلا، ژنی مەلای مزگەوتێ بچرکێنێو بیخاتە ئەزموونی کارەکانییەوە، ئاخر ئەو لەیلای خۆشویست بووەو دوا جاریش جووتێك قاپقاپەی زەردی بە دەستەکانی خۆی بۆ دروست کردنو لەبەر پێیەکانی دانان.

ناتاشای کریستیانو هاوڕێی ئەکرەم جون کاریگەری زۆری خستە سەر هۆشو دەروونی سوڵتان، چونکە ناتاشا بەسەرنجەوە دەردەکەوتو زۆپەکەی تا پشت چۆکانی دەهات، ڕانە سپیو تەڕەکانی دەردەخستن، دواجار کە ناتاشا دەبێتە ئەکتەری سینەماییو مەمکەکانی جوان دەردەکەوتنو لە کۆشکی شاهانەش لای شاو شابانوو بانگهێشت کرا، بووە هۆکارێکی تەواو تا سوڵتان لەم شارە تەسکەو لەم قاوغە تاریکە دەرکەوێتو بکەوێتە دوای خولیا جوانو گەشەکانی، هەرنا بتوانێت ناتاشا لەوێ لە کۆڕی سینەمایی ببینێتەوەو هێچنا هەر تەنها جارێك باوەشی پێدا بکاتو ماچی بکات. سوڵتان بۆ گەیشتن بەمانە، قۆناغەکانی خوێندن تێدەپەڕێنێتو لە زانکۆ وەردەگیرێت، لە بەشی سینەما، ئەمە سەرەتای دەربازبوونیەتی لە خێوی تاریکیو گەیشتنە بەو ئامانجەی لە منالێییەوە هەر لەڕێگەی دووربینی قوللەی قەڵاو کامێراکەیەوە خەونی پێوە دەبینی.

زانکۆ بۆ سوڵتان کردنەوەی دەرگایەك بوو بۆ زۆر شت، تەنانەت بۆ کێشەکانیش، سوڵتان لە ڕێگەی کاری سینەماییو کامێرامانییەوە لە پێگەی گەورە ڕووبەڕووی کێشەی گەورە بووەوە، ئەمەش سوڵتانی گەیاندە جیهانێکی تری تەماشا، چونکە لە دوای سینەماکاری گەورەی ئێران، یاخود فیلم سازی گەورەی ئێران (ئیبراهیم بووستان) سوڵتان دەبێتە دیارترین فیلمسازو ناوێکی درەوشاوە، چونکە ئەو چەند کارێکی جوانی فیلمی ساز کردبوو، دواتر لە کۆشكو تەواوی نیشتمان بینراو دەنگی دایەوە، ئەمە سەرتای کێشمەکێشمو ڕووبەڕووبوونەوەی چڕی جیهانی سینەمایە، چونکە تا خواست زۆرتر بێت ئاهەنگی کارکردنو بواردنی دیمەنەکان وەزەحمەت تر دەکەون، تەنانەت تەنیاییش تەنگی پێهەڵچنیبوو، چونکە جیهانی ژن دەبێتە ژوانێکی ئارام بۆ پیاو کاتێك ئارەزوو دەگاتە لووتکەی بیرکردنەوە لە ژن، دوای ئەم بیرکردنەوەیە بۆ باسو شتێکی تر بار وەردەگرێت. (هەینێ زۆر هەستم بە تەنیایی کرد، ئاخر بە تەنیا لە هۆدەکەم دەژیامو هێشتا هیچ ژنێکیش نەهاتبووە نێو ژیانم. هەرچەندە لە ستۆدیۆکەی ئەو هەمیشە دەورووبەرم پڕی کیژۆڵە بوون، بەڵام خۆ هەر تەنیا لە چاوی کامێراوە سەیرم دەکردنو پێیانەوە سەرسام بووم)..ل٢٤٧. هێشتان سوڵتان لە نێو ترسی تافی تەمەنەکانی پێشوو،

بینینه جوانو سەرنج ڕاکێشەکانی ئێستای دایە، ناتوانێت تەنانەت بۆ ئارەزووش لەم کابووسە دەربازی بێت. سوڵتان لە ستۆدیۆی ئیبراهیم بووستان ژوورێکی هەبوو، بەردەوام بەدوای هونەری جوانو کاری مەزن دەگەڕا، هەموو ئەم گۆڕانکارییە خێرایانە سوڵتانیان گەیاندە دۆخێك، کە ببێتە پێشەنگ لە سەر سینەمای ئێران. ئەمەش بارێکە مەرج نییە خۆشگوزەرانت بکات، بەڵکو زۆر جار هەنگاو هەڵێنانێکە بەرەو نادیاری، یان لێتەوە دیارەو ناچاری بچیتە نێو گرفتارییەکان. بۆیە ماندوو بوونو ئەزموونی قەڵاو تەنیایی باری ژیانییان قورس کردبوو، تەنانەت باری ئارەزووی بۆ ژن دەشاردەوەو شەرمی دەکرد بگاتە لوتکەی حەزو باوەشی ژن.

سوڵتان بەردەوام لە نێو خەیاڵو بیرکردنەوەی داهێنەرانەو زەینی نوێ دابوو، هەمیشە بیری لەوە دەکردەوە هەموو گۆشە هەستیارەکانی تافی تەمەن لە کتێبی یەکەمیدا، بکاتە مەشهەدی نێو فیلمەکانی، وای بیر دەکردەوە ئەگەر لەم قۆناغانەی ژیانیش نەیتوانیبێت بگاتە مەبەست، خۆ دەتوانێت لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە بگاتە جوانترین گێڕانەوەی مێژووی ڕووداوو گۆشە نهێنییەکانی ژیان. (لە فیلمەکەدا لێگەڕام کچە ئەکتەرەکەو کوڕەکە لە کۆڵانێکی تاریکی تەنگەبەری پشت مزگەوتێ ڕابکەن. کوڕە ئەکتەرەکە قاپقاپە زەردەکانی کردنە پێی کیژەکەو کچەکەش خێرا بە نێو کۆڵانەکان غاری دەدا، ئەمەش لەو کاتەی مەلای مێردی لە نێو مزگەوتێ، بۆ نوێژکەران خەریکی پێشنوێژ دابەستن بوو)..ل٢٥٣. ئەم گرتە فیلمە، ون نەکردنی ئەو یادەوەرییە جوانەیە، کە سوڵتان لە مزگەوت کاتێك باپیرەی دەگەینێتە مزگەوتو لایلای شۆخو شەنگی کچی مجێوری مزگەوت دەبینێتو لە یەکەم نیگایدا عاشقی دەبێت، بەڵام مەلای مزگەوت هەر زوو داخوازی دەکاتو دەیکاتە ژنی خۆی، بەڵام لەیلا تا درەنگانیش چاوی هەر لە دوای دوڵبەرەکەیەو خۆشی دەوێت، ئیتر ئەمە تا نەبووە فیلم هەر لە خەیاڵو گۆشەی بیرەوەرییەکانی سوڵتان مایەوە. ئیتر ئەم کارە جوانو هونەرییانە بوونە ئامرازی گەیشتن بە ماڵی شا، گەیشتن بەوەی سوڵتان وەك فیلمسازێکی گەورەی ئێران، دوای مردنی مامۆستاکەی ئیبراهیم بووستان، نان لەگەڵ شابانوو ژنی شای ئێران بخوات. دەبێتە خاوەنی بنیاتی فیلمی دیکۆمێنتاری لەسەر شای ئێران، لەو کاتەی بە ئامادەیی زۆرینەی سەرۆکانی دنیا تاجی زێڕینی سەرۆکایەتی لە ئاهەنگێکی شکۆداردا دەنێتە سەر.

**کتێبی سێیەم**

**شۆڕش یان سەردەمی عەمامە ڕەشەکان:**

دوای ئەوەی تەختی شاهەنشای ئێران، تەختی پەهلەوی دەروخێتو مەلاکان، عەمامە ڕەشەکان دێنو دەسەلاَت وەردەگرن، هەمدیس فیلمساز بۆ کۆماری مەلا ڕیشدارەکە (ئایەتوڵڵا خومەینی) بانگ دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەوەندە تەمەنەی ماویەتی بکرێتە فیلمێکی دیکۆمێنتاریو وەك ئەرشیفی پیاوێکی شکۆدار بمێنێتەوە. فیلمساز ئەم سەردەمەشی دیتو تەنانەت تەواوی جەنگی عێراقو ئێرانی لە نێو کاسێتە ڤیدیۆکاندا کۆ کردەوەو بۆ تەلەڤزیۆنی ڕدێنانی دەناردنەوە. ئیتر فیلمساز بریندار دەبێتو دەکەوێتە ژیانو ئەرکی ناخۆش، دوای ئەوەی تەقە لە شەقامی ماڵی ئایەتوڵڵا دەکرێتو ئەویش بەدەرەوەیە بە ئۆتۆمبیلەکەی پیاسە دەکات، بۆ ئەوەی سوڵتان درێژە بە کاری فیلمە دیکۆمێنتارییەکە بدات. دوای ئەوەی سوڵتان سەردەمی شا جێدەهێڵێتو دوای دە ساڵ بەندیخانە بە هۆی شۆڕشەوە ئازاد دەبێتو هەست بە سەربەستییەکەیتر دەکات، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی بڕیارو فرمانی نوێی حکومەتی نوێی تاران بکات. کاتێك دەگاتەوە ستۆدیۆکەیو دەیەوێت چالاکییەکانی دەستپێبکاتەوە، دوای ئەوەی لە بەرەکانی جەنگ بریندار دەبێتو لە خەستەخانە دەخەوێنرێت، دوای ماوەیەك لە ڕێگەی نوێنەری نووسینگەی ئایەتوڵڵاوە داوای لێدەکرێت کاری دیکۆمێنتاری بۆ ڕابەری شۆڕسی ئیسلامی ئێران بکات، سوڵتان ڕازی دەبێت. سوڵتان لە گەرمەی بیرکردنەوەو سەر گەرمکردنی بە سینەماو بەرهەمی نوێ هەمیشە تەنیاو تەنیا دەمایەوە، دواجار بیری لە فیلمێك کردەوە لەسەر گەریلاکانی نیشتمان، ئەگەر هەڵە نەبم حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی بوون، کە هەم دژی دیموکراتەکان بوون کاتێك پەهلەوی هاتە سەر تەختو هەمیش دژی مەلاکان بوون، بەڵام تا ئیستاش ئەم گەریلایانە نەیانتوانی ڕیفۆرم بکەنو بگەنە دەسەڵات، (کاتێك چوومەوە نێو ستۆدیۆکەمو دەرکەم لەسەر خۆم داخست، تا تیشکۆی هزر بیرم بخەمە سەر فیلمە نوێیەکەم، چەند ئەکتەرێکی گوڵبژێرم لێگرتن تا زیاتر باسی کارەکەیان بۆ بکەم. دوای ئەوەش چووینە دارستانی پارێزگاکەی باکوور تا ئەو شوێنەی فیلمەکەی لێدەگرین، بپشکنینو لێی بکۆڵینەوە، من هێشتان هەر لە ناو دارستانەکەدا بووم، کاتێ ئایەتوڵڵا خومەینی فەتوایەکی دا، سینەما حەرامە، سینەماکان شوێنی گوناحن)...ل٣٤٣. ئەم قۆناغەی فیلمساز زۆر سەخت دەبێت کاتێك تۆ نەتوانیت بە ئارەزووی خۆت فیلم بەرهەم

بهێنیت‌و خەم‌و دیمەن‌و ڕەهەندە جوداکان بخەیتە باری فیلمێکی دیکۆمێنتاری‌و ئەرشیفییەوە، بۆیە ئاسان نابێت، ئەگەر بتەوێت لە نێو سیستەم‌و دەسەڵاتی ئاینی توندو تاریکبینەوە بە باڵای هونەرو سینەمادا هەڵبگەڕێیت. ئیتر دەبێت بیر لە داهاتوو و ڕێگایەکیتر هەم بۆ هونەر هەم بۆ ژیان بکەیتەوە، چونکە دوای پەنجە ڕاداشتن بۆ ڕابەری سەربەعەمامە ڕەش، هەم زەمینەی هونەری، هەم ئاسایشی گیانی دەکەوێتە بارێکی ترسناک‌و ناچار دەبێت نیشتمان لە دوای خۆی بەجێبهێڵێت.

**کتێبی چوارەم**

**کێڵگەی غەریبی و نیشتمانێك لە دەرەوەی هەست:**

(دوای پێنج خولەك لە تەکسییەکە دابەزیم، خێرا خێرا بە دەوری گۆشەکەدا سووڕامەوە، تەکسییەکی دیکەم گرت‌و پێمگۆت: هەر ڕێك برۆ! ڕێك برۆ، ئەو ڕێگایەی دوای ئاوارەبوونێکی زۆرو لە ڕێگای پاکستانەوە منی گەیاندە ئەمستەردام)..لا٤٠٦.

دوای ئەوەی سوڵتان وەك فیلمسازێکی گەورەی ئێرانی ژیان‌و ئەزموونی سینمایی دەکەوێتە مەترسییەوەو ناچارە ڕابکات. دوای ئەوەی گەریلاکانی سەر بە ڕەوتی کۆمۆنیستی ئێرانی بە مەبەستی کوشتنی ڕابەری ئیسلامی ئێران تەقە لە خیابانی ئایەتوڵڵا دەکەن، گومان دەکەوێتە سەر سوڵتان، کە دەستی لە هاوکاری کردنی گەریلاکاندا هەبێت، چونکە بە ڕێنمایی سوڵتان ئایەتوڵڵا دەجوڵایەوە بۆ ئەوەی کاری فیلمی دیکۆمێنتاری ڕابەر تەواو بکرێت، ئانی تەقەکردنەکەش، فیلمساز ئاراستەی کردبوون کە ڕابەر بە سەیارەکەی بە خیابەنەکەدا بجولێتەوە.

دوای ئەوەی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەکەوێتە ژێر پرسیارو گومانی دەکەوێتە سەر، ناچار ڕوو دەکاتە ئەوروپاو دواجار لە کێڵگەیەکی ئەوروپا دەست بە ژیان دەکاتەوە، ئەم کێڵگەیە، نە نیشتمانەو نە ئاسوودەیی دەبەخشێت، بەڵام ئیتر ئەوە ژیانی پەناهەندەیی‌و ناچارییە، ئەگەر نا هیچ شوێنێك نابێتە نیشتمان‌و کاری هونەرییت بۆ نادات. ئەم قۆناغە دەبێتە سەردەمێکی نائارام‌و نادیار، چونکە هەمیشە لەنێو بیرکردنەوەکانیدایەو هیچ کارێکی بۆ ناڕەخسێت، نازانێت چۆن دەست بکاتەوە بە کاری هونەری‌و جارێکیتریش بۆ هونەر تێهەڵچێتەوە، ئیتر سوڵتان لە ناو تەمەندایەو ئاسان نابێت ئەگەر بیەوێت وەك تافی زوو سەرچڵی بکاتەوەو دەسەڵات لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە بلەرزێنێت، یان بەلای خۆیانەوە ڕابکێشێت. لەم قۆناغەدا لە بری مەرجان‌و لەیلاو

هۆشەنگو ئەکرەم جونو باپیریو مامو دواجار دایكو باوكیو...... لەگەڵ کەسانیترو ئاوەزێکیتر ئاهەنگی ژیان دەگوزەرێنێت، مایەنەماو ئاورێلیاو گورگو خێشو زەردەواڵەکان.... هەموو ئەمانە بوونە هاوڕەوتی نوێی ژیان، کە تا سنوورێك پارێزبەندی کۆمەڵایەتی پێوە دەبیندرا، ئەمەش لە ژیانی سولتاندا کارێکی نامۆیە، چونکە ئەو لەسەر زەمینی کۆمەڵایەتییەوە ڕایکردبوو و گەیشتبووە هۆڵەندا، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ژیان و بیرکردنەوەکانی. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە نیشتمانێکی غەریب، کە هەتا مردن بۆنی پەناهەندەییت لێنابڕێت، خۆی دیتەوە، ئەها نیشتمانی زێدو نیشتمانی غەریبی، یاخود نیشتمانی ناچاری چەندە لەیەکتر دوورن، هیچ کات نیشتمان لە ئاوارەییدا نابێتە ماڵ، نابێتە پەناگەو ڕەشماڵی نیشتمان، تامردن بۆنی غەریبی بەرتنادات‌و هەمیشە بە تاسەوە چاوت لە گۆشەی ڕۆژهەڵاتنە.

فیلمساز لەم سەردەمەیدا لە گۆشەی دەرفەتیتر خۆی دیتەوە، ئەویش ئەو کۆڕو سیمنارانە بوون کە لە ئەمریکا بۆی بەستران، ئەمەش تەنها ناساندنێکیتر بووەو باسکردن لەسەر فیلمەکانی گۆشەیەك بوو بۆ باسێك لەسەر نیشتمانی زێدو نیشتمانی غەریبی. هەر لەم سەفەرشدا غەریبی، ئەکرەم جونو هۆشەنگی پێئاشنا کردنەوە، ئەمەش دوای سەردەمێکی دوورو درێژ لە ژیان‌و هەڵکشانی تەمەندا.

**کتێبی پێنجەم**

**کۆتایی هاتنی توانا سینەماییەکان‌و چەشتنی ناسۆری:**

دەستپێکی ئەم قۆناغە، ڕەوتێکی نوێیە لە ژیانی سولتان‌و هێلانی ئاهەنگی ڕابردووە لە نێو شەنگی ئەو هێزانەی جێمان. (منیش هیلاك و کەنفت ببوم، نەمدەتوانی لەوە زیاتر لە ژووری مۆنتاژەکەمدا دابنیشم‌و کاربکەم. لە ماوەی ئەو ساڵانەی تێپەڕین، زۆر شت گۆڕان کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی ڕابردووەوە هەبوو. هەردووکیان محمد ڕەزا پەهلەوی‌و ئایەتوڵڵا خومەینی بوونە بەشێك لە مێژوو. ڕۆژگارە شکۆمەندییەکەی گەریلاکانیش لەسەرتاسەری دنیادا بەسەرچوو. مامم، باوك‌و دایکیشم کۆچی دواییان کردو قەڵاکەشمان لە لایەن سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامییەوە دەستی بەسەرداگیرا. ئەوێیان کردە بنکەیەکی سەربازی)...ل٤٧٨. دوای ئەوەی لە سەفەرەکانی ئەمریکاو پاریس بۆ گرتنی ڤیدیۆیی شابانوو گەڕایەوە هۆڵەندا، هەست بە نەزمێکیتری تەمەن دەکات، ئیتر ئازار شەنگی لێبڕی‌و شایی ژیانی کردە ناسۆری، فیلمساز لە باری دەروونی

ئالۆزدا دەکەوێتە دوریانی غەریبی، ئیتر کاتێك سەرنشینانی قەڵا دەمرن و بۆ دواجار ماڵئاوایی لە ژیان دەکەن، هیچ حەسرەتێك نامێنێتەوە بۆی دابنیشێت، چۆن پەهلەوی‌و خومەینی بوونە مێژوو، ئەویش لە تای ئەواندا بووە مێژوو و هیچ کرتەیەك نییە بۆ پچڕاندنی ئەم ڕایەڵە، چونکە فیلمە بەڵگەییەکانی فیلمساز بوون بە بەشێك لە ئەرشیفی ناوەندە ڕاگەیاندکارەکانی جیهانی. فیلمساز دوای ئەم هەموو ماندووبوونە ئیتر حەوسەڵەی نێو ستۆدیۆی نامێنێت، ئەمجارەیان بەسەر نووسینەکانیدا دەکەوێت‌و کەد کەد هێڵەکانی ژیان یاداشت دەکات‌و دەنووسێتەوە. ئەم قۆناغە هەستیارە، چونکە بەگەڕخستنی دوا قەتاری تەمەنە، یاداشتکردنی ئەزموونەکانە لە کەناری پیریدا، چرپینی دەنگی غەریبیە بۆ نیشتمان، بۆ زێدو یاران.

## لێ هەڵێنجانێکی زۆر کورت:

لە نێو ئەم ڕۆمانە ڕایەڵێك دەبینرێت، ئەم ڕایەڵە گەیاندنی جەمسەرەکانە بە یەکتری، بەستنەوەی هێزی سینەماو کاری هونەرییە لە نێو کایە سیاسییە جوداکانی ئێران. تۆخکردنەوەی عەقلیەتی پاوانخوازییە لە نێو دەسەڵاتە بەدوای یەکەکانی وڵات‌و قۆرخ کردنی ئاهەنگی ئازادی تاکە لە کەینوبەینی فەرمانڕەواییدا، دروستکردنی هێزی جادووبازە لە نێو کۆمەڵگەو نەخۆشخستنی جوانییە لە نێو کایەی مرۆڤایەتیدا.

ئەم ڕۆمانە کاری لەسەر زۆر بارو واری وڵات‌و میللەت کردووە، تەنانەت لە ژیان‌و پەیوەندییەکانی نێوان شارو گوند، کاری وەرزێری‌و شارستانیدا خۆی نەبواردووە. ئەمەش لە ڕێگەی کارەکتەرێکەوەیە کە لە کەسێکی گوندییەوە دەبێتە شارستانی‌و دواجار دەبێتە مێژووی فیلم و سینەما لە ئێران. ئەم ڕۆمانە ئاشنایەتییەکی فراوانت دەداتێ لە بە ئاگابوون بە کەلتوورو باری گەلانی ناوچەکە، ئیتر وەرگێڕانەکە پیویستییەکی سەردەمی‌و گرنگە، بۆیە پێم وایە دەکرێت لە ڕووی جیاوازترو لە ژێر تیۆریەی جیاوازەوە کاری توێژینەوەو هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

# لە دامێنی فەلسەفەدا:
# گۆڕانی دۆخی ناشیرینیی
# بۆ دۆخی جوانبەخشی



حەمە هاشم

هاودژیی لە نیگاکردنو بینینی تەنی بینراو لە دەورووبەرمان لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕدرێتو بەپێی ڕاددەی تێڕوانینو بینینی تەندرووستی کەسەکە لێك دەدرێتەوە، ئەم حاڵەتەش بە دۆخێکی (رێژەیی) هەژماردەکرێت بۆ بینینی جوانی کە لە

فەلسەفەی ئیستاتیکییدا جێگای بۆکراوەتەوەو خزاوەتە ناو ئاکارە گشتییەکانی فەلسەفەوە.

بیرۆکەی جیاوازبینین لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە بریتییە لە ڕێژەی کۆك نەبوونی کەسەکان لەسەر بڕیاردانیان بۆ جوانیو ناجوانیی لە تەنی بینراودا، ئەمەش بەپێی بۆچوونی هەندێ لە فەیلەسوفانی ئیستاتیکا بنەمایەکی تۆکمەی نییەو ئەو ڕێڕەوانەی کە هەڵسەنگاندنی جوانی شتەکان دەکات لەناو خودی بیرکردنەوەی کەسەکاندا نەشونما دەکاتو بەپێی تێپەڕبوونی کات چەشەی بینینو چێژ باڵا دەبێتو ئەو کۆك نەبوونە هاودژانەش دەگۆڕێن بۆ دۆخی تەندرووستی ئیستاتیکی لە بینیندا، کە ئەمە بۆخۆی لە هەندێ شوێندا ئاڵۆزییەکی فەلسەفیشە، چونکە هۆکارەکانی گەشەکردنی چەشەی جوانبینی هێشتا پۆلێنێکی تەواوی نییە، هەر هێندە نەبێت کە مرۆڤ لەرێگای خودخاوێنکردنەوە لە بیری توندڕەوی بۆ سرووشتو دەورووبەریو گەشەی تێڕوانینە فکرییەکانی بۆ ژیانو ئاستی ڕووناکبیری بۆ شتە کولتوورییەکان، هەروەها بینینی زۆری ئەو ماتریالانەی دەورووبەری کە ڕۆژانە بەریاندەکەوێو توانای ئەوەی کە ئەم تەنانە گونجانی ئیستاتیکییان بۆ لە دەرهەستی خۆیدا بخەملێنێ بۆ ئەوەی وەك کایەیەکی بەهێز بیبینێتو چێژی لێببینێت.

دەتوانین وای دابنێین کە ڕێژەی جوانبینی بەشێکە لەو ڕێژەییە فەلسەفیە گشتیەی مرۆڤ تێیدەگات، کە هەموو هەڵسەنگاندنە ڕەهاکانی حەقیقەتو ئاکار یەکلایی دەکاتەوە.

لەبەر ئەوەشە ئاکار (ئەخلاق)ی مرۆڤەکان ڕۆڵ لە گەشەی چەشە دەبینێت، بەپێی قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتیش ئەم دۆخە دەگۆڕێتو بەسەر تێکڕای زەوقی گشتی پەخش دەبێت، نموونەی ئەمانەش لە مێژوودا زۆرن، دەبینین لە کاتێکدا مرۆڤەکانی سەرەتایی پەیکەری (ڤینۆس فیلندرۆف) وەك سەرچاوەی جوانبەخشی دەبینینو کۆکن لەسەر ئەو تێڕوانینەیان، بەلاَم بۆ زەمەنی ئێستای گۆڕانکارییەکانی جیهان ئەگەر بنەما مەزنەکەی هەوڵی ئیستاتیکیو هونەریی ئەو مرۆڤانە لە پەیکەرەکەدا دەربهێنین جگە لە پەیکەری ژنێکی تێکسمڕاوی قەڵەو هیچی دیکە نابینین، بە بەراورد لەگەڵ زەوقی گشتی ئێستای مرۆڤ کە ڕەنگی داوەتەوە لە لەش ولاری باریكو ڕڕجوولە کە گشتگیردەبێت لەسەر زەوقی گشتی مرۆڤی (مۆدێرن) لە ژیاندا، بەڵگەش چێژبینینی مرۆڤە لە مۆدێلو ڕواڵەتی تەنکی بینراوەکانی میدیاو گەشەسەندنی تەکنەلۆژیایەك

بەناوی تەندرووستی جوانکاری بۆ مرۆڤ  کە مرۆڤگەلێکی بەو تەوژمەوە سەرقاڵکردووە کە پێی دەگوترێت (جوانی).

ڕێژەیی لە بینینی جوانییدا دەکەوێتە بۆتەی ئەو فەلسەفە ڕێژەییانەوە کە لەچەمکی گشتیدا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت وەك چەمکەکانی (ئاکارو ئەخلاق، حوکمدان، بانگەشەی نەریتی، ئیستاتیكو چێژ...تاد)و تێکڕایان دەکەونە خانەی (فەلسەفەی مەعریفییەوە) .

دایڤد هیوم، فەیلەسوفی سکۆتلەندی بایەخی زۆر دەدات بەم لایەنەو بیروڕای تایبەتی لەسەر ئەم بابەتە هەیە، نووسینی گشتگیری تەواوی هەیە لەسەر (گومانی رادیکاڵی) کە بەشێکە لە گومان لە بینینداو گومان لە تێکڕای ئەو شتانەی لە دەورووبەرماندا هەن، هەر ئەو گومان کردنەش ئەوە دەرەخسێنێ کە زەوقی گشتی بەرزیو نزمی زۆری تێدایە.

جوانبینین بەپێی زەوقی گشتی مرۆڤەکان لە هەندێ حاڵەتدا پەیوەندی بە جوگرافیاشەوە هەیە، لەبەر ئەوەی ڕادەی چێژوەرگرتن لە کەسێکی ژاپۆنی زۆر جیاوازە لە کەسێکی ئەمازیغی لە مەغریبو تونس، ئەمەش گرێدراوە بە جیاوازی کولتوورییەوە لەم ناوچانە کە تەوژمێکی گشتگیری کولتووریان هەیە بەها بە جوانی دەبەخشێت، هەموو ئەمانە کەشی گشتی زەوقی مرۆڤن بۆ بینین، بەڵام زەوقی تاك لە چێژوەرگرتندا ئەگەرچی پەروەردەی کولتووری ناوچەکەی خۆیەتی بەڵام ئاستەکانی ئەو چێژوەرگرتنەش خۆی بۆخۆی لە مومارەسەکردنو پەروەردەی درووستی چاو لە ڕوانینو سەیرکردنی شێوەکاندا دەستەبەر دەکات.

هەمووومان کۆکین لەسەر ئەوەی باخچەیەکی ڕازاوە جوانە، چونکە بەگوڵی جۆراوجۆرو درەختی شێوە جیاواز ڕێکخراوە، بەڵام ئەگەر ووردتر بڕوانین دەبینین بۆ هەرکەسێکمان لەناو باخچەکەدا گوڵێك یان درەختێك یان بەردێك....تاد، سەرنجی ڕادەکێشێتو جیاوازە لەو بینینەی کە هاوڕێکەی یان کەسێکی دیکە دەیبینێت.

بابەتێکی قوڵتر کە ڕامانمان دەخاتە سەرخۆی ئەوەیە چۆن ناشیرینی گشتی دەبێتە جوانی تایبەتی، واتا ئەو تەنو شێوانەی کە زۆربەی مرۆڤەکان پێیان ناشرینە بۆچی هەندێ کەس دەیانخەنە ناو دەرهەستی جوان وەرگرتنی خۆیانو چێژیان پێدەبەخشێت؟، ئایا ئەو گرووپە کەسە یان ئەو دەستەبژێرە چێژوەرگرە جیاوازییان چیە لەگەڵ زۆرینەدا؟، بێگوومان ئەمە کێشەیەکی فەلسەفیەو بەها بە بینینی تەندروستی تایبەت دەبەخشێت،

چونکە ئەو خەڵکانە توانایەکی بەهێزتریان هەیە لە گۆڕینی ناشیرینیی گشتیەوە بۆ جوانیی تایبەت، ئەمەش توانایەکی پەروەردەکراوی ئیستاتیکیەو ئەو کەسانە پیادەی دەکەنو زۆرینەشیان هونەرمەندەکانن، بەتایبەتی شێوەکارەکان.

دەمەوێت نموونەیەك بۆ روونترکردنی باسەکەو ئەم بابەتە بێنمەوە، کەسێك شوێنی بۆیاغکردنی ئۆتۆمبێلی هەیەو هەموو ئەو پارچانەی کە پێویستیان بە بۆیەکردنەوە هەیە لەسەر پارچە پلێتێکی کۆن دایاندەنێتو بۆیەیان دەکات، بۆیەکان رەنگاورەنگنو بۆ پارچەی جیاجیای ئۆتۆمبێلی هەمەجۆرن، بە مەزەندەی گشتیو خاوەن ئۆتۆمبێلو بۆیاخچیەکە ئەو پارچانە تازە دەکرێنەوەو جوانی بۆ رووکاری گشتی پارچەکانی دەگەرێتەوە، بێگومان ئەمە راستەو دەکەوێتە خانەی پرۆسەی رێکخستنەوەی دیزاینی گشتی شێوەی ئۆتۆمبێلەکە، بەلاّم شتێکی دیکە کە جێدەمێنێت ئەو پارچە پلێتەیە کە هەموو پارچەکانی لەسەر بۆیاغ دەکرێتو شێوەی تازەو نا مەئلوف پەیدادەکات بۆ بینین، بەهێڵی نا رێکخراوو رەنگی جۆراوجۆر کە جۆرێك لە هارمۆنیا درووست دەکەنو دەبنە تێمایەکی ئیستاتیکی بۆ بینین، درککردن بە بینینی ئەم جوانییە پەیوەندی بەو کردارە پەروەردەییەوە هەیە کە مرۆڤ خۆی دەتوانێت بۆخۆی لە روانینیدا کەڵەکەی بکات، جگە لەوەش فەلسەفەی بینینی ئەو ناشیرینییە گشتیەیە کە دەتوانین بیخەینە فەزای ئیستاتیکی تایبەت، کە رەنگە خاوەن کارەکە بەلایەوە نامۆو ناتەندرووست بێت، ئەمە نموونەیەکە لە گۆڕینی دەرهەستێتی تەنی ناشیرین بۆ تەنی جوانبەخش، لە زۆر نموونەی دیکەشدا ئەمە روون دەبێتەوە، رەنگە لەو لەگەنەی کە کرێکارێکی سپیکاری خانووبەرە لەناویدا جێگا دەستەکانی دیارن، لەو دیوارەی کە خۆشنووسێك هەزاران لافیتەی لەسەر قوماشەکان نووسیوەو کەمێکی لە سەر دیوارەکە چاپ بووە، دارتاشو ئاسنگەرێك بەهۆی گەرمیو سوتانی کەرەستەکانی دەستیان جۆرەها شێوەی ئیستاتیکی بە بەها دروست دەکەن کە خۆیان چێژی لێنابینن، وەلێ شێوەیەکی تایبەتی ئیستاتیکی دەبەخشن، وێرای ئەوەی کە چیرۆکی کارکردنو مانا بەخشینیشە بە هێزی مرۆڤو ماندووبوونەکانیان، کە ئەمە بابەتی باسەکەمان نیە، بەلاّم زۆرینەیان دەکەونە خانەی ئەبستراکتی دەربڕین خوازیو تابلۆی دانسقە کە خاوەنەکانیان بەبێ ئەوەی بڕوایان پێی هەبێ بەرهەمی دەهێننو هونەرمەندیش نین..

ئەو بابەتەش نزیکمان دەکاتەوە لە هونەرێك کە پێی دەوترێت (هونەری ڕەمەکی) واتا بە رێکەوتو بەبێ مەغزا شێوەکان لە دایك دەبنو بایەخی ئیستاتیکی بۆخۆیان لە

بینیندا درووست دەکەن، بەڵام مرۆڤە قوڵەکان ئەم دۆخە دەخەنە ناو هزرێکی مەبەستدارو بەهاو گرنگی تایبەتی پێدەبەخشن.

تێکڕای ئەم کەشانەی کە بەسەر دۆخی جوانییدا دێن، واتا سنووردارەکانی هونەر دەکەنەوەو دەیانخەنە ناو فەزایەکی ئازاد بۆ بیرکردنەوەی ئیستاتیکی بۆ شێوەو تەن، بەمەش ئیستاتیکا دەبێتە بابەتی سەرەوەی تێڕوانینەکانو شێوە وەك ماتریاڵ دەبێتە دەروازەی جوانبەخشی، هەروەك فەیلەسەفی ئەڵمانی (بۆم گارتن) لە کتێبەکەییدا بەناوی (ڕامانە فەلسەفییەکان) باس لەو پەیوەندییە ئیستاتیکیەی مرۆڤ دەکات کە لە کلاۆرۆژنەی بینینی شتەکاندا لە دەرهەستدا لێك دەدرێنەوەو ڕادەکانی جوانبەخشیو چێژمان پێدەگەیەنن.